No. 13, Wednesday 06.01.2010
ژمارە (١٣) چوارشەممە، ٢٠١٠/١/٦
(٣٦) لاپەڕە ، نرخی (١٠٠٠) دینارە

# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات



ڕیاڵ هەرا دەنێتەوە

34..

ئۆرهان پاموك:
هەموو ڕۆمانەکانم هاوبەشن لە
دەربڕینی نیگەرانی کلتورو نەریت

20..

جلوبەرگی قوتابخانە
دەبێتە تەنورەیەکی تەنك

19..



## نەوشیروان مستەفا وەڵامی تاڵەبانی دەداتەوە

# پێمناخۆشە پەیوەندییەکانمان گەیشتۆتە ئەم ئاستە



دوای (٤٠) ساڵ هاوڕێیەتی؛ سەنگەرگرتن لەیەکترا!

**دەستوور**

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی قسەکانی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی دایەوە کە لەمیانی دوایین پلینۆمی حیزبەکەیدا کردبوونی.

لەسەرەتای وەڵامدانەوەکەیدا، نەوشیروان مستەفا دەڵێت "پێمناخۆشە ئاستی پەیوەندی من لەگەڵ تاڵەبانیدا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی وتوێژ، پێمناخۆشە پاش (٤٠) ساڵ لەتەمەنی هاوڕێیەتیو هاوخەباتی، تەنها لەبەرئەوەی چیتر لەژێر چەتری یەک ڕێکخراودا پێکەوە کارناکەین، بە "زمانی تەخوین" قسە لەگەڵ یەک بکەین.

وتیشی "بڕوامانوایە ئەم سیاسەتە نابێتە هۆی بەدیهێنانی ئەو دروشمە سەرەکییانەی هەزاران ڕۆڵەی کورد خۆیان لەپێناویدا کردە قوربانی کە ئەویش "دروستبوونی وڵاتێکی دیموکراتو دادپەروەرو ئازادە کە کەرامەتی هەموو هاووڵاتیانی تیا پارێزراو بێت".

نەوشیروان مستەفا لەچەند تەوەرێکدا وەڵامی تاڵەبانی داوەتەوە کە بریتین لە ڕۆڵی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانو جێگری پێشووی یەکێتی لەکوشتنی هاووڵاتیان لەشارو لادێکانو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو هەڵوێستەکانی لەدوای ئەنفالەکانو ڕاپەڕینو فیدراڵییەتی پارێزگاکانو برایەتی کوردو عەرەبو دارشتنەوەی دەستوور.

لەکۆتاییی وەڵامەکەشیدا، نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی "کاکڵەی ڕاپۆرتەکەی تاڵەبانیو مەبەستی سەرەکی پلینۆمەکەی تاوانبارکردنی بزووتنەوەی گۆڕانە"، بەڕای چاودێران وەڵامدانەوەی جەلال تاڵەبانی لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە لەسەروبەندی نەبوونی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕەسمی لەنێوان گۆڕانو یەکێتیدا، بەتایبەتی لەو هەلومەرجە ئەمنییە دژوارەی لەماوەی ڕابووردوودا باڵی بەسەر سلێمانیدا کێشابوو، مەترسیدارە.

# فەرمانگەیەکی سلێمانی، ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق ناکاتە پشوو

**بیلال جەعفەر لەسلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدانوئەنفالکراوەکان لەسلێمانی بڕیاریداوە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق نەکاتە پشووی ڕەسمی، لەکاتێکدا لەسەرجەم دەزگاکانی عێراقدا پشووی ڕەسمیە، بەهۆی ئەوەی ئەو سوپایە بەتاوانبارو هۆکاری ئەو نەهامەتیانە دادەنرێت کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە.

خەبات عەبدوڵڵا، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان لەسلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند ئەمڕۆ کە ٦ی کانونەو یادی دامەزراندنی سوپای عێراقە لەبەڕێوەبەرایەتییەکەیاندا پشوی ڕەسمی جێبەجێناکرێت، سەرجەم کارمەندەکانیان وەک ڕۆژانیتر دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن.

ناوبراو وتی "پێمانوایە سوپای عێراق دامەزراوەیەکی تاوانبارە بەرامبەر بەگەلی کوردستانو بەرپرسی یەکەمە لەو کارەساتانەی لەڕابردودا بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، ڕۆژی سوپاش بۆ گەلی کورد، نەک جەژنی سوپای عێراق نییە، بەڵکو بیرهێنانەوەی داگیرکاریو کوشتنوماڵوێرانییە، پێویستیشە سەرجەم دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەوەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانیشەوە وەک ئێمە دەوامی ڕەسمی بکەن".

ڕۆژنامەی دەستوور لە
www.destur.net
بخوێنەرەوە



# بۆ هەر ئامادەنەبوونێك ٥٠٠ هەزار دینار لەپەرلەمانتاران دەبڕدرێت

**ڕابەر لەبەغداد**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بڕیاریدا هەر پەرلەمانتارێک بەبێ هۆ لەدانیشتنەکاندا ئامادەنەبێت بڕی ٥٠٠ هەزار لە موچەکەی ببڕرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئاماژەی بەوەکرد "ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، دوای ئەوە دێت، کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ پەرلەمانی عێراق بەهۆی ئامادەنەبوونی ژمارەی پێویستی پەرلەمانتارانەوە، نەیتوانی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی عێراق پەسەند بکات."

سەرچاوەکە وتیشی "بەبڕوای من ئەم سزادانە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پەرلەمانتاران نابێت، چونکە هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن پێویستی بەو بڕە پارەیە نییەو باشتروایە ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانانە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوبکرێتەوە، نەک سزای ماددی بدرێن".

## کورتە...

### هەڵبژاردن، شەڕی دراوسێکان گەرمتر دەکات

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، وڵاتانی دراوسێ لەڕێگەی پشتگیریکردنی هێزە سیاسییەکانەوە پێگەی خۆیان بەهێز دەکەن، مەترسی لاوازبوونی ڕۆڵی کورد لەپرۆسەی سیاسییدا دەکرێت. .. **لاپەڕە٤**

### نەفرەت لە ڕۆژی دامەزراندنی سوپا دەکرێت

ئەمڕۆ، ٨٩ ساڵ بەسەر تەمەنی سوپای عێراقدا تێپەڕدەبێتو لەماوەی ئەم تەمەنەشیدا لەچەندین جەنگی ناوخۆییو دەرەکیدا دەستی بەخوێن سورکراوە کە زۆرینەی خوێنی کورد بووە. .... **لاپەڕە٥**

### دەسەڵات دەیەوێت گۆڕان لەبەرچاوی خەڵک سووك بکات

شێرزاد حافز، ئەندامی پەرلەمانو سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پێیوایە شەڕی گەورەی ناو پەرلەمان یاسای بودجە دەبێتو ئاماژە بەوەشدەکات، کە دەسەڵات دەیەوێت گۆڕان لەبەرچاوی خەڵک سووک بکات... **لاپەڕە٧**

### زانکۆکان، قۆرخدەکرێن

کۆمەڵەی خوێنکارانو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەناو زانکۆکانی هەرێمدا بنکەی نوێنەرایەتیان هەیە بەبیانوی ئەوەی ئەوان نوێنەری سەرجەم ڕێکخراوە خوێندکاریو قوتابیەکانن، ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی تر ئەمە بەپێشێلکردنی مافەکانی خۆیان دەزانن و دەڵێن "نوێنەرایەتییان شەرعیەتی نەماوە". ... **لاپەڕە٢٧**

### حیزبەکان، بیناکانی حکومەت داگیردەکەن

زۆربەی فەرمانگەکانی قەزای شارەزوو لەبینای کرێدان لەکاتێکدا حیزبەکان چەند بینایەکی فەرمانگە حکومیەکانیان داگیرکردووەو تاوەکو ئێستا چۆڵیان نەکردووە. ... **لاپەڕە٢٩**

# هەرێم سووتەمەنی هەناردە دەکات‌و بەنزینیش بەپسوڵە دابەشدەکات

بیلال جەعفەر

بەرپرسێکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەڵێت بڕی ئەو سوتەمەنیەی لەپاڵێوگەکانی کەرکوکو بێجییەوە دێتە هەرێم بەشی پێداویستیەکانی خەڵک ناکات، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم سووتەمەنی هەناردەی دەرەوە دەکات.

جەمال عەلی ئەحمەد بەڕێوەبەری دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەستووری وت "ڕێژەی سوتەمەنی دیاریکراو کە لەهەردوو پاڵاوگەی بێجی‌و کەرکوکەوە دێت، بەشی پێویستی هاووڵاتیان ناکات‌و تائێستاش نەتوانراوە ئەو برە زیاد بکرێت بەتایبەت بەنزین کە لەئێستادا نرخەکەی زۆر بەرزەو زۆربەی شۆفێران ناتوانن بیکڕن".

عەبدوڵا محەمەد نوری ئەندامی لیژنەی پیشەسازی‌و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند، حکومەتی هەرێم ڕۆژانە چەندین بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات، بەڵام هیچ کاری بۆ ئەوە نەکردووە کێشەی کەمی سووتەمەنی لەسێ پارێزگاکەی هەرێمدا کەمبکاتەوە.

بەڕێوەبەری دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان، ڕونیکردەوە بۆ چارەسەرکردنی کەمی بەنزین‌و گاز، لەلایەن هەر سێ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنی سوتەمەنییەوە پسوڵە دروستکراوە، وتیشی "لەئێستادا زیاتر لە١٢٤٥٠٠ پسولەی وەرگرتنی سوتەمەنی بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی دروستکراوە".

ناوبراو، ئاماژەی بەوەکرد لەهەفتەیەکدا، ئۆتۆمبێلی تایبەت ٥٠ لیترو ئۆتۆمبێلی تاکسی ٤٥ لیتریان بۆ دیاریکراوەو نرخی لیترێک بەنزینیش ٥٠٠ دینار دەبێت.



حکومەت کێشەی دابینکردنی سووتەمەنی چارەسەرنەکردووە

# یەکێتی ٣٥ ملیۆن دینار بەسەرقافڵەکانی مەراسیمی عاشورا دەدات

فەرمان خێڵانی لە خانەقین

مەڵبەندی خانەقینی نزیکەی ٣٥ ملیۆن دینار دەداتە، ٣٥ سەرقافڵەی شیعەکانی خانەقین، بەمەبەستی بەشداریکردنی زۆرترین ڕێژەی شیعە لەمەراسیمی ماتەمینی ڕۆژی عاشورادا، یەکێک لەسەرقافڵەکانیش ئاماژە بەوەدەدات ئەو هاوکاریە پەیوەندی بە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە هەیە.

یەکێک لەسەر قافڵەکانی بەشداربوی مەراسیمی عاشورا لەخانەقین، بە دەستووری وت"یەکێتی بەبڕی ٣٥ ملیۆن دینار هاوکاری مادییان کردوین‌و بۆ هەر سەرقافڵەیەک ١ملیۆن دیناریان پێداوین، جگە لەهاوکاری ماددی حسێنیەی گەورە بۆ دروستکردنی چێشت‌و شەربەت‌و ئاو و چایی، هەروەها هەموو بەرپرسەکانیش لەگەڵمان بەشداربون‌و لەناو ئێمەدا بون، پێشموایە ئەم هاوکارییە بۆ مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردنەو دەیانەوێت دەنگ بەلیستەکەی ئەوان بدەین".

سەلاح کوێخا بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هەموو ساڵێک لەسەر ڕێنوێنی هەڤاڵان مام جەلال‌و مەلا بەختیار هاوکاری ماددی‌و مەعنەوی قافڵەی شیعەکان دەکەین، ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو مانگێک بەر لەڕۆژی عاشورا هەر سەرقافڵەیەک ملیۆنێک دینارمان پێداو‌و ڕێوشوێنی ئەمنی توندیشمان بۆ گرتنەبەرو ژیانی بەشداربوانی مەراسیمەکەمان پاراست".

بۆ مەراسیمی عاشورا سنوری شاری خانەقین کرا بوو بە ١٢ ناوچەوە، کە هەر ناوچەیەک ٣ قافڵە هەبووە تەنها یەک ناوچە نەبێت ٢ قافڵە بووە، کە ژمارەی قافڵەکان لە نێوان ٤٠ بۆ ٢٠٠ کەسدا دەبێت.



مەراسیمی عاشورا لە خانەقین

# زیندانیانی شەڕی ناوخۆ داوای جێبەجێکردنی بەڵێنەکان دەکەن

نەجات ئەحمەد

زیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆی یەکێتی‌و پارتی، داوا لەسەرۆکی حکومەت دەکەن، بەڵێنەکەی کاتی بانگەشەی هەڵبژارنەکانی پەرلەمانی کوردستان جێبەجێبکات‌و قەرەبویان بکاتەوە.

سەرچاوەیەک لەکۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆ، کە نەیویست ناوی بهێنرێت، بە دەستووری وت "دوو ڕۆژ پێش هەڵبژادنەکەی ڕۆژی ٢٥-٧ دکتۆر بەرهەم لەگەڵ ئێمەدا دانیشت‌و بەڵێنی قەرەبوی پێداین، کەچی تائێستا هیچ دەنگوباسێکی تری نەبووەو هیچ بڕیارێکی بۆ قەرەبوو نەداوە".

سەرچاوەکەی دەستوور، وتی"وەڵامنەدانەوەی سەرۆکی حکومەت، نیگەرانیەکی زۆر لای سەرجەم زیندانیانی شەڕی ناوخۆ دروستکردووە، بۆیە داوا لەدکتۆر بەرهەم ساڵح دەکەین، بەڵێنەکەی جێبەجێبکات".

# ٢٤ سکاڵای هاووڵاتیان ڕەوانەی دەستەی مافی گشتی دەکرێت

نەجات ئەحمەد

بەهۆی سکاڵای هاووڵاتیان کە زۆربەیان بۆ گەڕانەوەی مافی گشتین، ٢٤ سکاڵا ڕەوانەی دەستەی مافی گشتی دەکرێت، کە زۆربەیان لەسەر وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەکان‌و ژمێریارو فەرمانبەران تۆمارکراون.

دادوەر هیوا فەریق سەرۆکی دەستەی مافی گشتی لەوەزارەتی داد لەلێدوانێکدا بۆ دەستووری ڕاگەیاند: تا وەکو ئێستا ٢٤ سکاڵای هاووڵاتیان کە بۆ گەڕانەوەی مافی گشتین، ڕەوانەی دەستەکەیان کراوە.

دادوەر هیوا فەریق، ڕونیکردەوە ئەو سکاڵایانە لەسەر بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و ژمێریارو وەزیرو فەرمانبەرەکان تۆمارکراون، کە مافی گشتییان لایە. ناوبراو، ئاماژەی بەوەشکرد لەزۆربەی دادگاکانیش سکاڵای گشتی تۆماردەکرێن، "بۆیە تائێستا ئەو ژمارە کەمە تۆمارکراوە".

چەند مانگێکە، دەستەی مافی گشتی لەوەزارەتی دادی حکومەتی هەرێم پێکهێنراوە بۆ تۆمارکردنی سکاڵاو گەڕانەوەی مافی گشتی هاووڵاتیان.

# پۆلیسی خانەقین بانگەشە بۆ عاشورا دەکات

فەرمان خێڵانی لە خانەقین

پۆلیسی خانەقین، بانگەشە بۆ مەراسیمی عاشورا دەکات‌و بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو شارەش بەشتێکی ئاسایی وەسفی دەکات.

دوو ڕۆژ بەر لەمەراسیمی عاشورا، بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی خانەقین وێنەو شیعاری شیعەو ئیمام حسێنیان بەدیواری بینایەی بەڕێوەبەرایەتیەکەیاندا هەڵدەواسی‌و بە ئۆتۆمبێلەکانی فەرمانگەکە بەناو شاردا سرودی شیعەو گۆرانیان بەسەر ئیمام حسێندا لێدەدا.

سەلام عەبدوڵای ڕۆژنامەنوسی دانیشتوی خانەقینیش، ڕەخنەی لەم کارەی پۆلیسی خانەقین گرت، وتی "ئەو هەموو بانگەشەیەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی خانەقین بۆ مەراسیمی عاشورا کە مەراسیمێکی مەزهەبیە، جێگەی ڕەخنەی توندەو نەدەبوو بەسەریاندا تێپەڕێت".

عەمید ئازاد عیسا بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین، دەڵێت"ئەوەی کە باسی دەکەن شتێکی ئاساییە، لەبەرئەوەی زۆرێک لەپۆلیس‌و شۆفێرەکانمان شیعە مەزهەبن‌و ئەوانیش لەڕۆژی عاشورادا گۆرانی‌و سرودی مەزهەبییان خستووەتە سەر تەسجیلی ئۆتۆمبێلەکان، باوەڕناکەم کەس هەبێت لەخانەقین تەنانەت سونی مەزهەب‌و کاکەییەکانیش لەدەنگی بەرزی سرودو گۆرانی ئیمام حسێن‌و شیعە بێزاربن".



کارمەندێکی پۆلیس لە خانەقین

# لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر، ٢٣٢ کەس گیانیان لەدەستداوە

نەجات ئەحمەد

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتی شاری هەولێر، لەساڵی٢٠٠٩دا لەشاری هەولێرو دەوربەری، ٢٣٢ کەس گیانیان لەدەستداوە ٥٧١ کەسیش بەڕووداوی هاتووچۆ بریندداربون.

موحسین شەمزینی بەڕێوەبەری کارگێڕی لەنەخۆشخانەی فریاکەوتن، بە دەستووری ڕاگەیاند: هەر لەو نەخۆشخانەیەدا، ٤٣٦٥ نەشتەرگەری ئەنجامدراوەو زیاتر لە ٢٢٠,٠٠٠ کەس سەردانیان کردوین بۆ چارەسەرکردن، لەگەڵ ئەنجامدانی ١٣٢٢١١ تیشک‌و ٧٦١٤ سۆنەرو ١٦٧١٦ پشکنینیش کراوە".

www.arsivakurd.org

# پەرلەمان بڕیارەکەی وەزیری دادی ڕەتکردەوە

دوێن هاشم لەهەولێر

لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارەی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی ڕەتکردەوە کە داوای کردبوو ئەندامانی داواکاری گشتی وەک دادوەر مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت.

کاردۆ محەمەد ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند "لیژنەی یاسایی ئەو بڕیارەی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی بەناڕەوا زانیوەو ڕەتیکردووەتەوە" وتیشی "دەبێت لەمەودوا داواکارانی گشتی وەکو دادوەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت".

زیاتر لە ١٥٧ داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستاندا هەنو بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری عێراق، سەرجەم داواکارە گشتییەکان هەمان دەسەڵاتو مافو ئیمتیازاتی دادوەری گشتییان دەبێت.



پەرلەمانی کوردستان

# چوار مانگە یەکێتی زانایانی ئیسلامی بێ سەرۆکە

پ. دەستوور

دوای ئەوەی سەرۆکەکەیان لەماوەی ڕابردودا بەهۆی دواخستنی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی زانایانی ئیسلامی هەولێرو سلێمانی دەستی لەکارکێشایەوە، ماوەی چوار مانگە یەکێتی زانایانی ئیسلامی سلێمانی بێ سەرۆکە.

دکتۆر محەمەد گەزنەیی سەرۆکی دەست لەکارکێشاوەی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاشکراکرد، بڕیارە بەم نزیکانە کۆنگرەی یەکخستنەوەی هەردوو باڵی زانایانی ئیسلامی هەولێرو سلێمانی ئەنجامبدرێت.

گەزنەیی، وتی "لەبەرئەوەی یەکخستنەوەی زانایان لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدراو چەند کاتێک دواخرا، بۆیە وەک دروستکردنی فشار، پێش چوار مانگ بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەم داو لەوکاتەوە تائێستا ئەو یەکێتیە بێ سەرۆکە".

لەبارەی هۆکاری درەنگکەوتنی ئەم یەکخستنەوەیە، گەزنەیی وتی "ئێمە ویستمان بەر لەیەکگرتنەوەکە چاکسازییەکی باش لەڕێکخراوەکەدا بکەینو دواتر لەکۆنگرەدا ئەو یەکخستنەوەیە ڕابگەیەنرێت، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەمە نەکراوە".

هەردوو باڵی هەولێرو سلێمانی یەکێتی زانایانی ئیسلامی، نزیکەی پێنج هەزار مامۆستای ئاینییان لەخۆیان کۆکردۆتەوە، لەساڵانی نەوەدەکاندا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بووە بەدوولەتەوە، هەوڵەکانی یەکخستنەوەی کە زیاد لەساڵێکە دەستیپێکردووە تا ئێستا بێئەنجام بووە.

# شەش مانگە، کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری زانکۆی سلێمانی ڕاگری نییە

بیلال جەعفەر لەسلێمانی

نزیکەی شەش مانگە، کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری زانکۆی سلێمانی ڕاگری نییەو سەرۆکی زانکۆش ئاماژە بەوەدەدات دانانی کەسێک بۆ ئەو پۆستە لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە.

دوای ئەوەی دکتۆر ئاراس حسێن دارتاش ڕاگری کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری زانکۆی سلێمانی بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، تا ئێستا سەرۆکایەتی زانکۆ ڕاگرێکی بۆ ئەو کۆلێژە دەستنیشان نەکردووە.

دکتۆر عەلی سەعید سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا، دانانی کەسێک بۆ ڕاگری کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری زانکۆی سلێمانی، بەهەمانشێوەی بەڕێوەبەری گشتییەو لەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانیدا نییەو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاریدەکرێت.

دکتۆر عەلی سەعید، وتی "تاوەکو کەسێک دەبێتە ڕاگری کۆلێژەکە، دکتۆر ئاکۆ شوانی بەوەکالەت ڕاگری کۆلێژە، بەڵام تائێستا ئاشکرا نییە کێ دەبێتە ڕاگری کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری".

لەلایەکی دیکەوە دکتۆر نووری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بەدەستووری وت "هەرکاتێک وەزارەتی خوێندنی باڵا کەسێکی پێشنیارکراوی ناردە ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین".




زانکۆی سلێمانی

# کۆلێژی ئادابی خانەقین پێشوازیی لەلیژنەیەکی پەرلەمان نەکرد

فەرمان خێڵانی لەگەرمیان

ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی خانەقین پێشوازی لەلیژنەیەکی پەروەردەو خوێندنی باڵا ناکەن کە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەرەوشی خوێندنی باڵاو پرۆژەی بەزانکۆکردنی کۆلێژەکانی گەرمیان سەردانیان کردبوو.

سالار مەحمود، ئەندامی لیژنەکەی پەرلەمان بۆ گەرمیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوورو وتی "ئێمە چوینە کۆلێژی ئادابی خانەقین، بەڵام کەس لەناو کۆلێژەکەدا نەبوو، لەکاتێکدا ئەو ڕۆژە پشوو نەبوو، پێشتریش بەتەلەفۆن ئاگادارمان کردبونەوە کە سەردانیان دەکەین، کەچی بەداخەوە نەک پێشوازییان لێنەکردین، بەڵکو هەر چاویشمان پێیان نەکەوت".

دکتۆر فوئاد حسێن یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی ئادابی خانەقینیش دەڵێت "ئێمە ئەو ڕۆژە تا کاتژمێر ١:٣٠ی پاشنیوەڕۆ چاوەڕێی ئەو لیژنە بەڕێزەمان کرد، بەڵام هەر نەگەیشتن، بۆیە دواتر خوێندکارەکانمان ناردەوەو خۆمانو مامۆستایانمان برد بۆ مەڵبەند بۆ لای کاک مەلا بەختیار، بەڵام دواتر ڕاگر بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ لیژنەکە کردو مەسەلەکانیان تاوتوێ کردبوو".

ئەو ئەندامەی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، باسی لەوەشکرد سەردانی بەشە ناوخۆییەکانی کۆلێژی ناوبراویان کردووەو ڕۆیشتونەتە ناو کۆلێژەکەوەو بۆیان دەرکەوتووە کە کۆلێژەکانی گەرمیان هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ نەکراونو کەموکورتیان زۆرە.



ژمارەیەک لە خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقین

# عەلوەکەی دەربەندیخان دوادەکەوێت

## نادروستی لەنەخشەو دەرخستەو کەموکوڕی لەبودجەدا هەبووە

فەرمان خێڵانی لەدەربەندیخان

پرۆژەی دروستکردنی عەلوەی دەربەندیخان لەوادەی خۆیدا جێبەجێناکرێتو قائیمقامی قەزاکەش هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکە بۆ نادروستی لەنەخشەو دەرخستەو کەموکوڕی بودجە، دەگێڕێتەوە.

شێرکۆ حسێن قائیمقامی دەربەندیخان بۆ دەستووری ڕوونکردەوە: بودجەی پرۆژەکە کەمبووەو هەڵە لەنەخشەو دەرخستەکەیدا هەبووەو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەش، لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان ئیدارەی دەربەندیخانو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا پێکهێنراوەو چەند مانگێکمان پێویست بووە، بۆیە پرۆژەکە دواکەوتووە.

مامۆستا هۆشیار موشیر، نوێنەری قەزای دەربەندیخان لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەدەستووری وت "دەربەندیخان دوو پرۆژەی گرتوخانەی ژنانو منداڵانی هەبووە کە ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرابوو، لەهەمانکاتدا پرۆژەی عەلوەکە لەوشارەدا یەک ملیار دیناری بۆ تەرخانکرابوو، لەکاتێکدا ئەو بڕە پارەیە هیچکام لەو دوو پرۆژەیەی تەواونەدەکرد، بۆیە داوامانکردووە هەردوو پرۆژەکە بکەنە یەک پرۆژەو لەئێستادا تەنها عەلوەکە دروستدەکرێت".

# بۆ سکاڵایەك، پێنج هەزار دینار لەخوێندکاران وەردەگیرێت

کامەران کەریم لەشارەزوور

خوێندکارانی ئامادەیی سنووری پەروەردەی شارەزوور، گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆ هەر سکاڵایەک بڕی پێنج هەزار دیناریان لێوەردەگیرێت.

ڕێبین کەریم خوێندکاری ئامادەیی ئالانی کوڕان لەهەڵەبجەی تازە، باسی لەکێشەکە کردو بەدەستووری وت "لەسەر کەمی نمرەی وانەیەکم، سکاڵام کردو داوای پێداچوونەوەم کرد، بەڵام ئیدارەکەمان وتیان دەبێت پێنج هەزار دینار بدەیت، ئینجا مافی ئەوەت هەیە سەیری دەفتەری تاقیکردنەوەکەت بکەیت".

پەیام کەریم ساڵح کە خوێندکاری ئامادەیی زەڵمی کچانە لەهەڵەبجەی تازە، دەڵێت "بەئێمەشیان وتووە، هەر قوتابییەک کە ناڕەزایی لەسەر نمرەکانی هەبێت، دەبێت پێنج هەزار دینار بدات".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەپەروەردەی شارەزوور، ڕاستی هەواڵەکەی سەلماندو وتی "گەر لەکۆکردنەوەی نمرەدا هەڵەکرابێت، ئەو پارەیە لەقوتابیان وەرناگیرێت، بەڵام گەر لەپرسیارەکاندا هەڵە کرابێتو قوتابی مافی خۆی پێنەدرابێت، ئەوا پێنج هەزار دیناریان لێوەردەگیرێتو بۆ ئەو لیژنەیەی کە پسپۆڕنو بەپرسیارەکاندا دەچنەوە خەرجدەکرێت.



سوپای عێراق هەمیشە سەنگەری لە کورد گرتبوو

# نەفرەت لەڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق دەکرێت

## کورد نەیتوانیوە شوێنپێی خۆی لەنێو سوپای نوێدا بکاتەوە

پ. دەستوور

ئەمڕۆ، ٨٩ ساڵ بەسەر تەمەنی سوپای عێراقدا تێپەڕدەبێتو لەماوەی ئەم تەمەنەشیدا لەچەندین جەنگی ناوخۆییو دەرەکیدا دەستی بەخوێن سورکراوە کە زۆرینەی خوێنی کورد بووە.

هەندێک شەشی کانونی دووەم بەبۆنەیەکی نیشتمانی وەسفدەکەنو هەندێکیتر نەفرەت لەورۆژە دەکەن، پێیانوایە هەرکات ئەو سوپایە بەهێزبووبێت، ئەوا راستەوخۆ لەدژی کورد بەکارهێنراوە، بەرپرسانی کوردیش، ئاماژە بەبێهێزی پێگەو رۆڵی کورد دەکەن لەنێو ریزی ئەو سوپا نوێیەی کە لەدوای هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق پێکهێنراوە.

لیوا جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "کورد تائێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست لەنێو ریزی سوپای نوێی عێراقدا شوێنپێی خۆی بکاتەوەو بەگوێرەی سەنگو قورسایی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت."

یاوەر، هۆکاری کەمی رێژەی کورد لەسوپادا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، سەربازانی کورد لەناوچە دوورەدەستەکان دادەنرێن "زۆرکات رووبەڕووی هەڕەشەی تیرۆر بونەتەوە".

لەمانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٧دا، نوری مالیکی سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراق بڕیاری پێکهێنانی دوو فیرقەی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان دەرکرد، بەڵام تائێستا ئەو دوو فیرقە سەربازییە پێکنەهێنراونو ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەش، هۆکاری پێکنەهێنانی ئەو فیرقە سەربازیانەی بەکێشەی سیاسیو ئیداری بەستەوە، رایگەیاند "بەرپرسانی باڵای حکومەتی عێراقی دەڵێن، کێشەی نەبوونی بودجە، ئەو دوو فیرقە سەربازییەی دواخستووە."

بەوتەی شارەزایەکی بواری سەربازیش، هەر فیرقەیەکی سەربازی، ١٥ هەزار سەرباز لەخۆدەگرێتو ئەو رێژەیەش لەچوارچێوەی چەند لیوایەکی سەربازیو هەر لیوایەکیش لەچوارچێوەی چەند فەوجێکدا کۆدەکرێتەوە کە پێویستی بەنزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە.

بەگوێرەی دەستووری عێراق، دەبێت هەر نەتەوەیەک بەقەد سەنگو قورسایی خۆی پشکی لەنێو ریزی سوپای عێراقدا هەبێتو بەمپێیەش، دەبێت کورد (٢٠٪-٢٢٪)ی ئەو سوپایە پێکبهێنێت، بەڵام بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی بەرگری عێراق، لەئێستادا کورد لە (٢,٨٪)ی ئەو سوپایە پێکدەهێنێتو لەئاستی سەربازداو لەئاستی ئەفسەرانی پلەداریشدا (٢٪)ی ئەو سوپایە پێکدەهێنێت.

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، نکوڵی لەوە ناکەن کە بونی کورد لەنێو سوپادا لەئاستی پێویستدا نییە، دان بەوەشدا دەنێن کە پلانێکیان نییە بۆ بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە.

عادل بەرواری ئەندامی لیژنەی ئاسایشو بەرگری لەئەنجومەنی نوێنەران، وتی "ئەوە زیاتر پەیوەندیدارە بەسەرۆک وەزیرانو سەرۆکایەتی هەرێم، دەبێت ئەوان بەرنامەی پێویستی بۆ دابڕێژن، وەک لیستی هاوپەیمانیش تائێستا بڕیارێکی لەو جۆرەمان نەداوە، لەکاتێکدا لەجێگەی خۆیدایە کە بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچینو قسەی لەسەر بکەین".

بڕیارە لەماوەی داهاتوودا نوری مالیکی سەردانی هەرێم بکاتو بەوتەی کاوە مەحمودی وتەبێژی حکومەت، تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان کێشەی پێشمەرگە دەبێت.

کاوە بۆ دەستووری روونکردەوە: لەسەردانەکەی مالکیدا، بەوردی قسە لەسەر بودجەو قەبارەی پێشمەرگە دەکرێتو هەڵبەت دەبێت بەیاسا رێکبخرێت. ماوەیەکی زۆریشە حکومەتی عێراق بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ پڕچەککردنی سوپاکەیو کڕینی کەرەستەی جەنگیو فڕۆکەی سەربازی تەرخانکردووە، بەڵام تائێستا هێزی پێشمەرگە کە لەدەستوردا بەهێزەکانی پاراستنی هەرێم ناوی هاتووە بەتەنها فیشەکێکیش سودمەند نەبووە لەکڕینی ئەو چەکانە.

چاودێرانی سیاسیش بەگومانن لەبەهێزبونی ئەو سوپایەو ئاماژە بەوەدەکەن کە لەدروستبوونی سوپای عێراقەوە هەتا ٢٠٠٣، هەمیشە لولەی تفەنگەکانی ئەو سوپایە رووبەڕووی کورد بووەو هەمیشە چەکو جبەخانەکانیان لەسەرکوتکردنی کورددا بەتاڵکردۆتەوە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای زانکۆ بەپێویستی دەزانێت لەپاڵ پڕچەککردنو بەهێزکردنی سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگەش توانا سەربازییەکانی لەچەکو جبەخانەو هەموو ئاستێکی تەکنەلۆژیو لۆجستیو تەکنیکی پڕچەک بکرێت.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، هۆشداری دایە کورد کە بەشداری کارا لەنێو ریزی سوپای عێراقدا بکات، تا ئەوکاتەی مافەکانی کورد لەچوارچێوەی سیستمی فیدڕاڵیدا دەسەلمێنرێتو ناوەند دەستوور دەکاتە سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵاتداری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمدا، هەروەک هۆکاری درێژەکێشانی کێشەکانی پێشمەرگەشی بەستەوە بەوەی کە کورد لەماوەی رابردودا نەیتوانیوە سوپایەکی یەکگرتوو دروستبکات کەدووربێت لەدەستێوەردانی حیزبی.

پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت بەجدی تەداخول لەمەسەلەکەدا بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لەکۆبونەوەی ئەم هەفتەیەی لیژنەی پێشمەرگە بەوردی باس لەپێگەو رۆڵی کورد لەنێو سوپای عێراقدا کراوە.

فازیل بەشارەتی، ئەندامی لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی کوردستان، وتی "بۆ خۆم نەفرەت لەو رۆژە دەکەم کە ئەو سوپایەی تیا دامەزراوە، چونکە لەدژایەتیکردنی کورد نەبێت هیچ سودێکی بۆ کورد نەبووە". ناوبراو، رایگەیاند لەدانیشتنی دووشەممەی ئەم هەفتەیەی لیژنەکەیاندا، بەجدی باس لەپابەندنەبوونی حکومەتی عێراق کراوە لەسەر پێدانی پشکی کورد لەریزی سوپای عێراقدا.

# نەوتی عێراق بەقاچاغ لەکوردستانەوە دەبرێتە دەرەوە

## ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان بۆ دەستوور

سازدانی: بیلال جەعفەر

**ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم دەڵێت، نەوت بەتەنکەرو بەقاچاغ نەبراوەتە دەرەوەی هەرێم، بەڵام هەندێکجار نەوتو موشتەقاتەکانی بەڕێگەی یاسایی براوەتە دەرەوەو فرۆشراوە. هەورامی رەتیدەکاتەوە کێشەی سوتەمەنی هەبێت، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سوتەمەنی لەپارێزگاکانی هەرێم جەختی لێدەکەنەوە.**

..............................

**دەستوور:** ماوەیەکە کێشەی سوتەمەنی هاووڵاتیان سەریهەڵداوە، حکومەتی هەرێم چی کردووە بۆ زیادکردنی بڕی ئەو سووتەمەنییەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دابینکراوە بۆ پارێزگاکانی هەرێم؟

**ئاشتی هەورامی:** مانگی رابردوو تەندەرێکمان خستەڕوو بۆ کڕینی گازوایل بۆ وێستگەی کارەبا، لەئێستادا دەستپێکردووەو تەندەرەکە دەرچووە، لەهەمانکاتدا دوو پاڵاوگەمان هەیە گازوایلو کالسیۆم بەرهەمدەهێنێتو دابەشی دەکەین بۆ وێستگەکانی کارەبا، رۆژانە لەرێگەی ئەو پاڵاوتگانەوە نزیکەی (٢,٠٠٠,٠٠٠) لیترمان دابینکردووە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام زیاتر بۆ وێستگەکانی کارەبا بەکارهاتووە.

**دەستوور:** ئەگەر ئێوە ئەو بڕە سووتەمەنییەتان دابینکردووە، ئەی بۆچی هەرسێ بەڕێوەبەراتییەکانی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی پارێزگاکانی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان، داوای دابینکردنی بڕی سووتەمەنی پێویست دەکەن؟

**ئاشتی هەورامی:** ئەوە راست نییە، چونکە ئێمە سووتەمەنی ناوخۆی هەرێممان زیادکردووەو سووتەمەنی کەمتر هەناردە دەکەین.

**دەستوور:** لەزۆربەی راگەیاندنەکاندا دەوترا رۆژانە نەوتی هەرێم بەشێوەی قاچاغ دەبرێتە دەرەوەی هەرێم، ئایا ئێوە ناتوانن لەو نەوتە قاچاغە پێداویستی هەرێم دابینبکەنو رێگەیان لێبگرن؟

**ئاشتی هەورامی:** لەهەرێمی کوردستاندا هیچ تەنکەرێکی سووتەمەنی قاچاغ دەرناچێت، بەتایبەت نەوت، هیچکات بەقاچاغ نەبراوەتە دەرەوەو بەڕێگەی قاچاغ ناشبرێتە دەرەوەی هەرێم، بەڵام بەهۆی بێبازاڕی نەوت لەهەرێمدا، پێویستمان بەو نەوتە نییە بۆیە بەڕێگەی یاسایی دەینێرینە دەرەوە، بەڵام لەزۆر کاتدا لەڕێگەی عێراق خۆیەوە نەوت بەڕێگەی مۆڵەتپێدانو بێمۆڵەت دێتە کوردستانەوەو دەنێردرێتە دەرەوە، بەڵام ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، وەزارەتەکەشمان ئاگاداری نییەو دەسەڵاتیشمان نییە بەسەر ئەوانەی مۆڵەتیان پێدراوەو ئەوانەی بێمۆڵەت نەوت هەناردەی وڵاتانی دیکە دەکەن.

**دەستوور:** لیژنەی پیشەسازیو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان، داوای ئەوە دەکەن روونکردنەوە لەسەر کارەکانی وەزارەت بدەیت، ئایا ئامادەیت لەهەموو روویەکەوە روونکردنەوەیان پێبدەیت؟

**ئاشتی هەورامی:** سەرجەم زانیارییەکانمان لەسەر پرسەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم داوەتە پەرلەمان، بەڵام کێشەکان لای ئێمە نییە، چونکە وەزارەتەکەمان چوار ساڵە دروست کراوە، زیاتر لە شەش ساڵ لەمەو پێش ئەو نەوتە رەشە دەچووە ئێرانو تورکیاو وڵاتانی دیکە، هەروەها لەبارەی پشکەکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی پێشتر روونکردنەوە دراوەو دەرکەوت مەسەلەکە ناراستە، لەهەمانکاتدا لەسەر کاروبارەکانی وەزارەتو هەناردەو ناردنە دەرەوەی نەوت لەکوردستانەوە بۆ وڵاتانی دیکە، بەڵام هەموو کات ئامادەم بەشەفافانە روونکردنەوە بدەمە پەرلەمان لەهەر کاتێکدا بێت، چونکە پەیوەندیمان لەگەڵ لیژنەی پەرلەمان زۆر باشەو هیچ کێشەیەکمان نییە لەوەزارەت، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکان ئاڵۆزە پێویستە پەرلەمانو هاووڵاتیانی کوردستان تێبیگەن، چونکە زۆر کێشە هەیە کە دروستدەبێت پەیوەندی بەئێمەوە نییە، بۆ نمونە نزیکەی (٨٠) پاڵاوگەی بچوک هەیە لەکوردستان لەسلێمانییەوە تا زاخۆ، تەنها یەک پرۆژە لەو پاڵاوگە بچووکانە مۆڵەتیان لەوەزارەت وەرنەگرتووە، چەندین ساڵ پێش دروستبوونی وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێم دانراون.

**دەستوور:** هۆکار چییە تائێستا نەتوانراوە بەتەواوی هەردوو پاڵاوگەی تەقتەقو بازیان بخرێنەکار؟

**ئاشتی هەورامی:** ئێستا پاڵاوگەی بازیان دەستیکردووە بەکارکردنو رۆژانە (١٤ تا ١٥) هەزار بەرمیل دەپاڵێوێتو بەهەمانشێوە پاڵاوگەی تەقتەقو رۆژانە (١٨ بۆ ٢٠) هەزار بەرمیل دەپاڵێوێت، لەلایەکی دیکەوە پاڵاوگەی خەبات ماوەی دوو سێ مانگە ئیشدەکات، لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی رۆژانە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار بەرمیل بپاڵێوێت.

**دەستوور:** کەی دەست بەناردنە دەرەوەی دەکرێتەوە؟

**ئاشتی هەورامی:** ئەو بڕیاری خۆمان بوو لەگەڵ بەڵێندەرەکان، چونکە پارەیان وەرنەگرتبوو، حکومەتی عێراق نەوتەکەی دەبردو پارەی پێنەداون، لەبەرئەوەی بەرهەم (کولفە) یان هەبووە بۆیە وەستاوە، بیستوومە نوری مالیکی سەرۆکی وەزیرانی عێراق بەباشی زانیوە دابنیشینو کۆبینەوەو بەگفتوگۆ کێشەکان یەکلاییبکەینەوە، ئێمە پشتگیری ئەو بۆچوونەوەی مالیکی دەکەین، چونکە بۆ هەموو میللەتی عێراقەو هەموان دەتوانن سوود لەداهاتی نەوت وەربگرن، هەرکات پارەی بەڵێندەرو کۆمپانیاکان بدرێت، ئێمە ئامادەین دەست بەناردنە دەرەوەی نەوت بکەین.



ئاشتی هەورامی

# هەڵبژاردنی عێراق شەڕی دراوسێکانی گەرمتر دەکات

## وڵاتانی دراوسێی عێراق کۆمەکی هێزە سیاسییە دۆستەکانیان دەکەن، تا لەئایندەدا بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن

نەجات ئەحمەد

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، وڵاتانی دراوسێ لەڕێگەی پشتگیریکردنی هێزە سیاسییەکانەوە پێگەی خۆیان بەهێز دەکەن، مەترسی لاوازبوونی ڕۆڵی کورد لەپرۆسەی سیاسییدا دەکرێت.

بڕیارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە٣/٧ی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت کە ململانێی بەهێز لەنێوان کوتلە سیاسییەکاندا هەیە، بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتو بەڕێوەبردنی وڵات.

### هەڵبژاردنی عێراق، شەڕی وڵاتانی دراوسێی

چاودێرانی سیاسی دەڵێن، وڵاتانی دراوسێی عێراق بەشێوەیەکی چڕ دەستوەردەدەنە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکە، لیستە ڕکابەرەکان پەیوەندی نهێنیو ژێربەژێریان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە.

مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیو سیاسەتمەداری عێراق دەڵێت، هێزی سیاسی هەیە پەیوەندی لەگەڵ ئێران هەیە، هەیانە پەیوەندی لەگەڵ سوریا هەشە لەگەڵ سعودیەو ئوردن پەیوەندی هەیە، جگە لەوڵاتانی تری عەرەبی، "لەو وڵاتانەوە هاوکاریو کۆمەک دەکرێن".

مەحمود عوسمان وتی "ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بەو وڵاتانەوە هەیە دیارن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمجارە هەڵبژاردن بەلیستی کراوەیە، لەوانەیە ئەو کاریگەریانە کەمتر بێتەوە، بەڵام کاریگەریش دەبێت بەتایبەتی لەو ڕوانگەیەی کە ئەوکەسانە کۆمەکی باش دەکرێن تا ڕیکلامو چالاکی بۆخۆیانو لیستەکانیان بکەن". چاودێران دەڵێن کاریگەری وڵاتانی دراوسێو ململانێکانیان



هەڵبژاردنی عێراق؛ دەرفەتێک بۆ ململانێی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان

هەندێکجار پرۆسەی سیاسی لەعێراق لەشکستخواردن نزیککردووەتەوە، هەر دەوڵەتەو دەیەوێت ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لەبەرژەوەندی ئەو دابێت.

عەلی کەریم بەرپرسی ڕێکخراوی ئەنیستیتۆی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، جەختدەکاتەوە، دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، دەستوەردەدەنە کاروباری سیاسی کوردستانو عێراق. "بەدڵنیاییەوە وڵاتان بەپلەی جۆراوجۆر هەموو قورسایی خۆیان بەکاردەهێنن تا نوێنەرو دۆستەکانی خۆیان دەرچن، بۆ نمونە ئێران زۆر بەپێداگیری کار لەسەر ئەوە دەکات، هەموو ئەو دۆستە ئیتلافە شیعیانەی خۆیان دەربچنو ئەو هەوڵانە شکست پێبێنن کە دژایەتی ئەو لایانانە دەکەن کە ئێران هاوکاریان دەکات" عەلی کەریم وتی.

فایەق گوڵپی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەری، وتی "ئەو هێزە سیاسیانەی کە لەعێراقدا هەن لەسەر بنەمای نەتەوەییو مەزهەبی، دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر دەکەن، ئەوانیش هەوڵی ئەوەدەدەن ئەو لایەنانە سەربخەن کە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزن".

### پێگەی کورد لە هەڵبژاردندا

پرۆسەی سیاسی عێراق کە لەسەر بنەمای تەوافوق بەڕێوەدەبرێت، کورد پشکێکی بەرچاوی هەیە، بەڵام هەڕەشەی هێزە سیاسییەکانی عێراق بۆ کۆتاییهێنان بەتەوافوقو هاوپشکی پێگەی کورد دەخاتە مەترسییەوە.

فایەق گوڵپی ئاماژە بەوەدەدات بەهێزیی پێگەی کورد پەیوەستە بەبوونی یەکێتیەکی نەتەوەیی لەنێوان حیزبە کوردییەکاندا.

هەندێک لەچاودێران پێیانوایە وڵاتانی دراوسێ هەڕەشەیەکی بەردەوامن لەسەر پێگەو ڕۆڵی کورد لەبەغداد، دەڵێن ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە پیلان دەگێڕن تا پێگەی کورد لەعێراق لاوازبکەن.

عەلی کەریم وتی "کێشەی گەورەی کورد ئەوەیە کە بەشێک لەدەوڵەتانی هەرێمیی نەک هەر پشتیوانی لێناکەن، بەڵکو دژایەتیەکی توندی دەکەن، چونکە کێشەی کوردستانی عێراق پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی بەوانیشەوە هەیە".

### ئەمریکاو کوردو عێراق

لەماوەی پێشوودا سەرکردەکانی کورد ئاشکرایانکرد لەبەرامبەر گەرەنتی ئەمریکا بۆ مانەوەی ڕۆڵی کورد لەعێراقدا، سازشیان لەکەمکردنەوەی پێگەی کورد کردووە لەپەرلەمانی داهاتووی عێراق.

لەکاتی زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق لە١٧٥ کورسییەوە بۆ ٣٢٥ کورسی، بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کەمترین کورسی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دانرا، لەکاتێکدا ژینگەی سیاسیو ئابوریو ئەمنی هەرێم لەهەموو پارێزگاکانیتر لەبارترە بۆ گەشەکردنی دانیشتوان.

لەبەرامبەر ئەو سازشەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامەیەکی دەرکرد کەپشتگیری پرۆسەی سیاسی لەعێراق کردو پاڵپشتی خۆی بۆ مادەی ١٤٠ ڕاگەیاند. بەڵام چاودێرانی سیاسی دەڵێن، ئەو بەیاننامەیە هیچ سەنگێکی سیاسیو دیبلۆماسی لەناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا نییەو گەرەنتی دەستەبەری هیچ مافێک بۆ کورد ناکات. مەحمود عوسمان دەڵێت تا ئێستا ئەوە ڕوون نیە کە پەیوەندی کوردو ئەمریکا لەچ ئاستێکدایە، وتی "بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق سیاسەتێکی گشتیە، ئەوەی بەچاویش لەپەیوەندی کوردو ئەمریکا دەبیندرێت شتێکی گشتییەو بڕواناکەم هیچ گرنگیەکی تێدابێت بۆ کورد".

عەلی کەریم دەڵێت مەرج نییە ئەوەی کورد لەئەمریکای داوادەکات بۆی جێبەجێبکات، "دۆستایەتی کوردو ئەمریکا بابەت ئەوە نییە کە شتی نووسراو هەبێت، بابەتەکە ئەوەیە کە ئەمریکا بەڕاستی دۆستی کوردە، بەڵام مەرج نییە کە هەموو شتێک بۆ کورد بکات، لەسیاسەتیشدا بەڵێن نییە تەنیا پرۆتۆکۆڵی نووسراو هەیە". فایەق گوڵپی وتی "ئەمریکا بەڕەسمی لەشوێنێکدا باسی کوردو چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی نەکردوە، بەڵام ڕێگەش نادات کە کورد جینۆساید بکرێتەوە، ئەگەر ئەو بەرنامەیەی کە لەعێراقو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەتی جێبەجێبکات، گەلی کورد سودی لێوەردەگرێت، چونکە بەرنامەکە پەیڕەوکردنی یاساو مافی مرۆڤو دیموکراتی لەخۆ دەگرێت، کەواتە ئێمە لەشتە گشتییەکان سود وەردەگرین، بەڵام پەیوەندی ڕاستەوخۆو بەهێزمان نییە، چونکە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە قەناعەت بەئەمریکا بکات کە هەڵوێستێکی سیاسی فەرمی بۆ کورد هەبێت، ئەمە جگەلەوەی ئێرانو دەوڵەتە عەرەبییەکانو تورکیا ڕێگرن لەوە".

---

# ڕێککەوتننامەی جەزائیر ئەگەرێك بۆ دووبارەبوونەوەی مێژوو

ئا: دەستوور

ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە لەساڵی (١٩٧٥)دا لەنێوان دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی عێراقو ئێراندا ئیمزاکراوە، لەئێستادا مشتومڕێکی زۆری لێکەوتووەتەوە بەتایبەت دوای داگیرکردنی بیرە نەوتی فەککە لەسنوری پارێزگای میسان لەلایەن ئێرانەوە، ژمارەیەک لەپارلەمانتارانی عێراق ئەو ڕێککەوتننامەیە بەناهاوسەنگو نادادپەروەرانە وەسفدەکەنو پێیانوایە عێراق لەو ڕێککەوتننامەیەدا زۆرترین زیانی لێکەوتووە.

جەبار دەهش ئەلتائی ئەندامی کوتلەی فەزیلە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: لەهەموو ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشووی عێراقو پێشتریشدا ئیمزاکراون، ستەمێکی زۆر لەعێراق کراوە، بەتایبەت لەڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥)دا کە فشارێکی زۆری تیادابوو بۆسەر عێراقو بەوهۆیەوە شەڕو ململانێ لەباکووری عێراق بەرپابوو.

ئاماژەی بەوەشکرد، پێویستە پێداچوونەوە بەخاڵەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا بکرێت.

وتیشی "لەئێستادا چەند لیژنەیەک لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراقو ئێران لەنوێنەرانی وەزارەتەکانی دەرەوەو بەرگریو ناوخۆو ئاسایشی نیشتمانی هەردوو وڵات پێکهێنراوە بۆ دیاریکردنی سنوری هەردوو وڵات".

هاوکات ژمارەیەکیتر لەئەندام پەرلەمانەکانی عێراقی سەر بەقەوارە سیاسییە جیاوازەکان پشتبەستن بەڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان عێراقو ئێران بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو وڵاتو داوادەکەن چاو بەو ڕێککەوتننامەیەدا بخشێنرێتەوە.

حەیدەر عەبادی کە یەکێکە لەسەرکردەکانی حیزبی دەعوە لەو بارەیەوە وتی: ئێرانییەکان پێداگری دەکەن لەوەی کە ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەبێت بکرێتە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو وڵات.

ئاماژەی بەوەشکرد کە عێراق پێیوایە کێشە هەیە لەو ڕێککەوتننامەیەدا، لەبەرئەوەی ئیمزاکردنی لەبارودۆخێکی نائاساییدابووە بۆیە پێویستە چاو بەناوەڕۆکەکەیدا بخشێنرێتەوە.

هاوکات حەمید مەجید موسا ئەو ڕێککەوتننامە بەپەیمانی گوێڕایەڵیو سازشکردن وەسفدەکاتو تەئکیدیش لەپێویستی پێداچوونەوە بۆ بڕگەکانی دەکات بەجۆرێک کە ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکانو زامنی بەرژەوەندی هەردوو وڵات بکات.

عەبدولکەریم یەعقوبیش کە یەکێکە لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر حیزبی فەزیلە تەئکیدی لەوەکردەوە، ئەو ڕێککەوتننامەیە پێویستە لەڕێی بڕیارێکی سیاسیو لەلایەن حکومەتەوە یاخود دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار یان پەرلەمانی عێراقەوە یەکلاییبکرێتەوە.

پەرلەمانتار مەحمود عوسمان لەلیستی هاوپەیمانی داوادەکات ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵبوەشێنرێتەوە لەبەرئەوەی ئامانج لەئیمزاکردنی لێدانی جوڵانەوەی گەلی کورد بوو.

> مەحمود عوسمان: پێویستە ڕێککەوتننامەی جەزائیر هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە ئامانج لێی لێدانی جوڵانەوەی گەلی کورد بووە

پێشتر چەند سەرچاوەیەک لەوەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایانگەیاند: بەم نزیکانە کاری لیژنەی هاوبەشی نێوان عێراقو ئێران بۆ تاوتوێکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو وڵات دەستپێدەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، سەلیم جبوری ئەندامی بەرەی تەوافق لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆ سەوا، جەختیکردەوە لەسەر پێویستی دیاریکردنی سنوری نێوان عێراقو ئێران بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥) یاخود بەپێی ڕێککەوتننامەی نوێی نێوان هەردوو وڵات. جبوری وتیشی "کێشەکانی نێوان عێراقو ئێران تەنها بەدیاریکردنی تەواوەتی سنورەکانی هەردوو وڵات چارەسەردەکرێت".

چاوەڕوانیش دەکرێت لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لیژنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات کە لایەنی عێراقی لەبید عەباوی بریکاری وەزارەتی دەرەوە سەرۆکایەتی دەکات، کۆبوونەوەکانیان دەستپێبکەن بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دیاریکردنی سنورەکانی هەردوو وڵات کە بەمدواییانە کێشەو ئاڵۆزی زۆری لێکەوتووەتەوە.

### ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە

ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە لە (٦)ی ئازاری ساڵی (١٩٧٥) دا لەنێوان سەدام حسێن جێگری سەرۆکی کۆماری ئەوکاتەی عێراقو محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێراندا ئیمزاکرا، ئامانجە ئاشکراکانی تایبەتبوو بەیەکلاییکردنەوەی کێشە سنورییەکانی نێوان هەردوو وڵات، خاڵی یەکەمی ڕێککەوتنەکە تایبەتبوو بەچارەسەرکردنی کێشەی سنوری وشکانی نێوان عێراقو ئێران لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنەکانی پێشووتر، خاڵی دووەمیش تایبەتبوو بەدابەشکردنی (شەتولعەرب) بەشێوەیەک کە لەبەرژەوەندی هەردوو وڵاتدا بێت.

لەخاڵی سێیەمیشدا ئاماژە بەوەکرابوو کە پێویستە ئەو دوو وڵاتە دەست لەکاروباری ناوخۆیی یەکتر وەرنەدەن کە ئەمە یەکێکبوو لەخاڵە جەوهەرییەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەو ئامانج لێی دەستبەردانی حکومەتی ئێرانبوو لەهاوکاریکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەو سەردەمەدا کە دواتر بەهۆی پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی سەدام لەو ڕێککەوتنە جەنگێکی هەشت ساڵە لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەرپابوو.

# شێرزاد حافز بۆ دەستوور: دەسەڵات دەیەوێت گۆڕان لەبەرچاوی خەڵك سووك بكات

## "یەکێتی لەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستاندا زۆر بچووکبووەتەوەو ئێستا تووشی شۆک بووەو نازانێت چیبکات"

سازدانی کامیل عومەر

**لەدیمانەیەکی تایبەت بە دەستووردا، شێرزاد حافز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پێیوایە شەڕی گەورەی ناو پەرلەمان یاسای بودجە دەبێتو ئاماژە بەوەشدەکات، کە لیستی دەسەڵات نایەوێت، تا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، هیچ پرۆژەیاسایەک پەسەندبکرێت، هەروەک باسی لەوەشکرد: سەرکردایەتی کورد نایەوێت ئیش بەئەنجومەنی پارێزگاکان بکات.**

..........................

**دەستوور:** رات چیە بەرامبەر بەئەدای پەرلەمان بەگشتیو فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی، لەکاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە تەرحێکی جیاوازی هەبێت؟

**شێرزاد حافز:** لەو ماوە کەمەی کە لەپەرلەماندا بوم، ئەوەندەی تێگەیشتوم، دەسەڵات نایەوێت لەئێستادا پەرلەمان، ببێتە پەرلەمانێکی چالاکو کارا، تاوەکو کارەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەرنەکەون تا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق. لەکاتێکدا کۆمەڵێک پرۆژەی باشمان پێشکەشکردووەو تەنانەت هەندێکیان لەلیژنەکان تەواوکراون، بەڵام ئەوان دەیشارنەوەو نایخەنە کارنامەی کۆبونەوەو دانیشتنەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەدای ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت ئەدای گۆڕان دەرنەکەوێتو لەبەرچاوی خەڵک سوکو لاوازی بکەن.

**دەستوور:** باس لەوەدەکرێت، کە هەژمونی دەسەڵاتو حکومەت بەسەر کارەکانی پەرلەمانەوە دیارەو دەیەوێت پەرلەمان بەدڵی ئەو بجوڵێتەوە؟

**شێرزاد حافز:** پێموایە هەر لەئێستادا وانەبووەو لەخولەکانی پێشوتری پەرلەمانیشدا، حکومەتو دەسەڵات هەژمونی بەسەر ئەدای پەرلەمانەوە هەبووە، باشترینو نزیکترین نمونەی ئێستا، هەوڵدانی حکومەتە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەکاتێکدا پێشتر ساڵێکیان دواخستووەو دەیانەوێت ساڵێکی تری دوابخەن، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی حزبیەو دەترسن لەوەی کە جارێکی تر وەکو هەڵبژاردنی ٧/٢٥یان لێبێتەوەو گەر لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عیراقیشدا هەمان ئەنجامیان هەبێت، ئەوا هەڵبژاردن ناکەن تا لەدەسەڵاتدا بن، ئەمەش نمونەیەکی ئاشکرای هەژمونی حکومەتە بەسەر پەرلەمانەوە.

**دەستوور:** ئەو گرژیو ململانێ سیاسیانەی هێزە سیاسیەکان لەدەرەوەی پەرلەمان، تا چەند رەنگدانەوەی لەسەر فراکسیۆنەکانو کارەکانی پەرلەمان هەبووە؟

**شێرزاد حافز:** وەکو سەرۆکی پەرلەمان، تائێستا زۆر بێلایەنانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنو فراکسیۆنەکانی تر کردووە، بەڵام وەکو فراکسیۆنەکەیان کارنامەو پلانی خۆیان هەیە، تا ئێستاش زۆر دەرنەکەوتووە، بەڵام دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقو گفتوگۆی پرۆژە یاساکان، بارودۆخی پەرلەمان زۆر دەگۆڕێتو پێموانیە وەکو ئێستا بمێنێتەوە.

**دەستوور:** ژمارەیەکی زۆر پرۆژە یاسا پێشکەش بەپەرلەمان کراوە، بەڵام تا چوار مانگی کارکردنی نەیتوانی پرۆژە یاسایەکیش پەسەند بکات، پێتوایە لەم خولەیشدا پەرلەمان فریای ئەو هەموو پرۆژە یاسایە بکەوێت کە کەڵەکە بووە؟

**شێرزاد حافز:** ئەوە درەنگو زوو کەوتووە، ئەگینا ئەو پرۆژە یاسایانە هەر گفتوگۆ دەکرێنو پەسەند دەکرێن، بەڵام تا دوای هەڵبژاردن لیستی دەسەڵات نایەوێت هیچ شتێک بکرێتو یەک پرۆژە یاسا ناخەنە بەردەم پەرلەمان، تەنانەت ئەو پرۆژە یاسایانەی کە خۆیان پێشکەشیان کردووە، جا بۆ ئەوەی، ئەوەی ئێمە نەکەن ئەوەی خۆشیان ناکەن.

**دەستوور:** پێشبینی دەکرا لەدوای هەڵبژاردنی ٧/٢٥، بارودۆخەکە هێور بوایەتەوە، بەڵام بەپێچەوانە بارگرژییەکی زۆر لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆندا هەیە، تۆ رات چیە؟

**شێرزاد حافز:** لەکوردستاندا ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە نەبووە، گەر هەشبوبێت زۆر لاواز بووە، ئەوان ئەزمونیان لەگەڵ ئۆپۆزیسۆندا نیە، بەتایبەتی یەکێتی لەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستاندا زۆر بچوک بووەتەوەو وایلێکردووە، کە ئێستا توشی شۆک بووەو نازانێت چی بکاتو پەلاماری هەمو شتێک دەدات، ئەوەتا لەپەرلەمان پەلاماری گۆڕان دەداتو نایەوێت پرۆژەیاساکانی پەسەندبکرێن، لەلایەکی ترەوە وەکو بەعس خەڵک لەراگەیاندنەکانیەوە پیشاندەدا کە رەنگە دوو کەسیان گۆڕان بن، هەزاریان تێوە دەئاڵێنیو دەڵێت ئەمانە گۆڕانو گەڕاونەتەوە، کە ئەوە تەمسیلێکی ناڕاستەو هەندێ خەڵک پیشاندەدەن کە خەڵکی ئەو شوێنە نین.

**دەستوور:** لەسەر رووداوەکانی ناوچەی سلێمانی، داوای کۆبونەوەی نا ئاسایی پەرلەمانتان کرد، بەڵام ئەو کۆبونەوەیە بەڕێوەنەچوو، ئێوە بێدەنگیتان لێکرد؟

**شێرزاد حافز:** وەکو لیژنەی ناوخۆ، سەردانی وەزیری ناوخۆمان کردو داوای بەدواداچونی ئەو روداوانەمان کرد، ئەویش زۆری پێناخۆش بوو، سەری سوڕما لەوەی کە ئاگاداری ئەو روداوانە نیەو داوایشی کرد، کە بەبەڵگەوە شکات بکرێت دواتر لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەدواداچونی بۆ بکەن.

**دەستوور:** دۆسیەی ئەو کەسانە گەیشتە کوێ کە لەسەر دەنگدانیان بە ئێوە، رووبەڕووی سزای ئیداری بوونەتەوە، ئایا سەرۆکی هەرێم دەستی دەسیتان پێناکات؟

**شێرزاد حافز:** تا ئێستا چاوەڕێی وەڵامەکەی سەرۆکی هەرێمینو گوایا ئەو دۆسیەیە لەلای سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمە کە ئێستا لەسەفەردایەو کاک مەسعودیش وتویەتی نابێ دەستی دەستی پێبکرێت، ئێمە گەشبینین بەهەوڵی چارەسەری سەرۆکی هەرێمو بەڵێنیشیداوە کە چارەسەری بکات. کە ئەوە رێوشوێنی یاسایەو گەر ئەنجامەکەیمان بە دڵ نەبوو، هەڵوێستمان دەبێتو هەروا دانانیشین.

**دەستوور:** ئێوە وەکو لیستی گۆڕان داوای لامەرکەزیەتی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەن، ئەو پرۆژەیاسایە چی بەسەرهات؟

**شێرزاد حافز:** لەسەرەتاوە، کە خۆم سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بوم، پێموابووە کە سەرکردایەتی کورد نایەوێت ئیش بەئەنجومەنی پارێزگاکان لەکوردستاندا بکاتو دیموکراتیەتیان بۆ عیراق دەوێتو بۆ خۆمان دیکتاتۆریەت، مەرکەزیەتیان بۆ خۆمان دەوێتو لامەرکەزیەت بۆ عیراق، بیانوەکەشیان ئەوەیە پارێزگاکان فیدراڵیەتی هەرێمیان لەدەستبداتو سەر بە ناوەند بن، کە پێچەوانەکەی راستەو ئێمە دەمانەوێت پارێزگاکان سەر بەهەرێم بن، بەڵام دەسەڵاتێکی لامەرکەزییان هەبێت، ئیتر سەر بە وەزارەتی ناوخۆ یان وەزارەتێکی تایبەتیان هەبێت ئەوە کێشە نیە. ئێمە یاسای ژمارە ٧١ی پۆل بریمەر کە تایبەتە بەئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ کوردستان بەباش دەزانینو هیچ کێشەیەکی نیەو هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان نیەو ئێمە لەپەرلەماندا داکۆکی لەسەر دەکەینو داوای هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە دەکەین.

**دەستوور:** لەگفتۆگۆکانی ناو پەرلەماندا، تا چەند دەنگی زۆرینەو کەمینە زیان بەپرۆژەیاساکان دەگەیەنێت؟ گفتوگۆتان لەسەر ئەوە نەکردووە کە بەتەوافوق پرۆژەیاساکان تێپەڕێنن؟

**شێرزاد حافز:** لەسەرەتاوە باسمکرد، کە ئەوان نایانەوێت هیچ پرۆژەیەکی گۆڕان سەربگرێت، گۆڕان بڵێ ماست سپیە ئەوان دەڵێن رەشە، کە ئەوە کاری پەرلەمان نیەو ئێستا ئێمەو ئەوان نوێنەری هەموو خەڵکینو بۆ خزمەتی خەڵک هاتوین، ئێمە بەشتی باشی ئەوان ناڵێین خراپ، بۆ نمونە ئێمەو ئەوان دوو پرۆژەیاسامان پێشکەشکردبوو لەسەر بودجەی حزبەکانو لەهەردوکیان پرۆژەیاسایەکمان لێدەرکرد، گەر هەموو کارەکانمان وابکەین خراپ نیە، بەڵام پێموایە ئەوان لەهەموو کارەکاندا لەگەڵماندا نین، نزیکترین نمونە رەتکردنەوەی داوایەکی ئۆپۆزیسیۆن بوو بۆ کەمکردنەوەی پشوی پەرلەمان.

**دەستوور:** پێتوایە، لەداهاتوی پەرلەماندا یاسایەک شەڕی گەورەی نێوان فراکسیۆنەکان گەرمدەکات؟

**شێرزاد حافز:** یاسای بودجە، شەڕە گەورەکەی لەسەر دروستدەبێت، لەبەرئەوەی تائێستا بودجە لەتاریکیدا بووەو بۆ ئەوان ئاسان نیە بکەوێتە سەر زاری خەڵکو بەرچاوی خەڵکو شەفاف بێت، ئێمە وردەکارییەکەی بەخەڵک دەڵێینو ناتوانرێ لەخەڵک بشاردرێتەوە.

**دەستوور:** تا چەند گەشبینن بە کارەکانی داهاتوی پەرلەمان؟ پێتوایە ببێتە پەرلەمانێکی کاراو زیندو؟

**شێرزاد حافز:** لەم چوار ساڵەدا، لیستی کوردستانی باڵادەستن لەناو پەرلەماندا هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت بەدەنگدانی زۆرینە سەریدەخەن، بەڵام ئەوان دەیانەوێت هەڵبژاردنەکان بڕوات، ئیتر دوای ئەوە ئەدای گۆڕان دەردەکەوێت یا نا، زۆر کێشەیان نیەو چەندین رێگای تر هەیە، کە خۆیان پیشان خەڵک بدەنەوە، ئەگەر لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا سەرکەوتوبن بەرەو باشی دەڕواتو گەر خراپ بوون، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکەن، لەبەرئەوە ئەدای پەرلەمان گەر وابڕوا زۆر دڵخۆشکەر نیەو لەئاست خواستی ئێمەدا نیە.



شێرزاد حافز

> ياسای بودجە، شەڕە گەورەکەی لەسەر دروستدەبێت، لەبەرئەوەی تائێستا بودجە لەتاریکیدا بووە

> سەرکردایەتی کورد دیموکراتیەتیان بۆ عیراق دەوێتو بۆ خۆمان دیکتاتۆریەت، لامەرکەزیەتیان بۆ عیراق دەوێتو بۆ خۆمان مەرکەزیەت

> تا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، لیستی دەسەڵات نایەوێت هیچ شتێک بکرێتو یەک پرۆژە یاسا ناخاتە بەردەم پەرلەمان

www.arsivakurd.org

# "ئەنجومەنی ناوەند چاودێریی هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی دەکات"

## فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت هەفتەی داهاتوو ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی سەرۆکو جێگر بۆ ئەنجومەنەکەیان هەڵدەبژێرنو دواتریش کارنامەو میکانیزمی کارکردنیان دیاریدەکەن. فوئاد مەعسوم ئاماژە بەوە دەکات ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی چاودێریکردنی هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی هەیە.**

........................

**دەستوور:** ئەنجومەنی ناوەند یەکەم کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا، ئایا بۆچی سەرۆکی ئەنجومەنەکەو جێگرەکەی دیاری نەکران؟

**فوئاد مەعسوم:** ئەندامانی ئەنجومەنەکە لەناو خۆیاندا رێککەوتوونو بڕیاریانداوە کە چەند ئەندامێکی ئەنجومەنەکە بەرنامەیەکی کار بۆ خۆیان دابنێن، لەم هەفتەیە یان سەرەتای هەفتەی داهاتوو کۆدەبنەوە تا لەسەر ئەو بەرنامەی کارە رێکبکەونو دواتریش سەرۆکی ئەنجومەنەکەو لیژنەکانی خۆیان دیاریبکەن.

**دەستوور:** سەرۆکو جێگری ئەنجومەنەکە لەسەر چ بنەمایەک دیاریدەکرێن؟ بارەگای سەرەکی ئەنجومەنەکە لەکوێ دەبێت؟ ئایا لەشارو شارۆچکەکان ئۆفیسیان دەبێت؟

**فوئاد مەعسوم:** سەرۆکو جێگری ئەنجومەنەکە بەپێی بەرنامە، کاری خۆیان دیاریدەکەنو بارەگای سەرەکی ئەنجومەنەکەش ئەگەری زۆرە بەشێوەیەکی کاتی لەناو بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بێت، تا دواتر بۆخۆیان شوێنێک دیاریدەکەن، لەبەرئەوەی ئەنجومەنەکە شتێکی مەرکەزیە لەشاروشارۆچکەکان ئۆفیسی نابێت.

**دەستوور:** بەشێک لەوانەی کراونەتە ئەندامی ئەنجومەنو ناوەکانیان لەراگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە کەسانی بەتەمەنو پێشتر ئەرکی تریان هەبووە، تیایاندایە سەرکەوتوو نەبووە، ئێوە لەسەر چ بنەمایەک ئەندامانی ئەنجومەنتان دیاریکرووە؟


فوئاد مەعسوم

**فوئاد مەعسوم:** ئەوانەی بەئەندامی ئەنجومەن دەسنیشانکراون، پێشتر بەشێکیان ئەندامی سەرکردایەتی بوون، شارەزای باشیشیان هەیە تا سودیان لێوەربگیرێت، بەشێکی تریشیان لەبواری خۆیاندا شارەزاییان هەیە، بەشێکیشیان کەسانی گەنجن، دیارە دانانیشیان لەسەر ئەو بنەمایە بووە.

**دەستوور:** بڕیاربوو ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی لەئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتیو کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی دیار پێکبهێنرێتو رۆڵی پەرلەمانی حیزب ببینێت، بەڵام ئێستا پێکهاتەی ئەنجومەنەکە بەوشێوەیە نییە؟

**فوئاد مەعسوم:** پێکهاتەی ئەنجومەنەکە بەپێی پەیڕەوە، بەڵام وابەباش زانرا کە ئەو ئەندامانەی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئێستا ئیشیان نییە ئەوانەیشی تێدابن، چونکە ئەزمونیان هەیەو لەسەرەتای دروستبوونی یەکێتییەوە بەشداربوون، بێگومان ئەوانەش بیروبۆچونی خۆیان هەیەو مەسەلەکە دەوڵەمەندتر دەکەن، ئەگینا ئەوە نەبووە گۆڕانێک بوبێت، بەڵکو نزیکەی ٧٠ بۆ ٨٠

> ئەندامەکانی ئەنجومەنی ناوەند لە کۆنگرەدا دەگۆڕدرێن

کەس دەستنیشانکراون، هەرچەندە کەسانێکی زۆرتریش داوایانکردبوو کەسانیتری شایستە هەبوون، بەڵام بوار نەبوو، ئێستا ئەو ئەندامانە کارەکانی خۆیان دەکەن تا کۆنگرە، چونکە کاتی کۆنگرە هیچ کەسێک لەپۆستی خۆیدا نامێنێتو لەکۆنگرە ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند دیاریدەکرێن.

ئومێدەوارین ئەو ئەنجومەنە لەکۆنگرە بەشێوەیەکی روونتر دەسەڵاتی زیاتری پێبدرێت، دیارە ئەوەش بەپێی پەیڕەو گۆڕانی تێدادەبێتو هەر لەکۆنگرەدا پێداچوونەوە بەکارەکانی دەکرێت.

**دەستوور:** دەسەڵاتی ئەنجومەنە چەندە؟ میکانیزمەکانی کارکردنی ئەنجومەنەکە چۆندەبێت؟

**فوئاد مەعسوم:** ئەو دەسەڵاتانە لەپەیڕەودا دیاریکراون کە چاودێری هەموو ئۆرگانەکان دەکەن، لەهەر شوێنێک شتێک ببینن کە لادان بێت دەستنیشانی دەکەن، خۆشیان خاوەنی بڕیارن، هەر ئەندامێک بۆ هەر مەکتەبێک دابنرێت، دەبێت بەڕەزامەندیو لەرێگای ئەوانەوەبێتو هەموو دەسەڵاتەکانیان تا کۆنگرە بەردەوام دەبێت.

میکانیزمی کارکردنشیان رووبەڕووی خۆیان کراوەتەوەو خۆیان دایدەنێن، بەڵام چۆن ئەوە رووبەڕووی خۆیانکراوەتەوە، ئێستا سەرقاڵی بەرنامەی کاری خۆیانن، ئەو بەرنامەی کارەش دەبێتە بنەمایەک بۆ ئیشوکاریان.

**دەستوور:** لەمەسەلە هەستیارەکاندا دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوە لای کێیە، مەکتەبی سیاسی، یان کۆمیتەی سەرکردایەتی، یان ئەنجومەنی ناوەند؟

**فوئاد مەعسوم:** یەکلاییکردنەوەی کێشەکان دیارە بەگفتوگۆیە، ئێستا دەزگایەکیتر زیادیکردوە، دەبێت ئەویش بەشداربێت لەوجۆرە بابەتانەو بڕیارلێدانیان.

**دەستوور:** زەرورەتی دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە چی بوو؟ کام کەلێن هەبوو کە بەمەکتەبی سیاسی پڕنەکراوەتەوەو ئەنجومەنەکە دەتوانێت پڕیبکاتەوە؟

**فوئاد مەعسوم:** ئێمە هیچ ناتەواویەکمان نییە، تائەنجومەنەکە پڕی بکاتەوە، مەسەلەکە ئەوە نییە گەیشتبینە حاڵەتێک کە ململانێ هەبێتو پێویستمان پێیبێت، نا شەرعییەت هەر هەیە، دەنگی نیساب بەزیادەوە بوونی هەیە.

**دەستوور:** دروستکردنی ئەنجومەنی ناوەند لەکاتێکدایە کە هەندێک کەس باس لەوەدەکەن یەکێتی بەدەست قەبەیی دەزگاکانیەوە دەناڵێنێت، دامەزراندنی ئەنجومەنێک بە ٨٠ ئەندامەوە ئەو قەبەییە زیاتر ناکات؟

**فوئاد مەعسوم:** نەخێر مەسەلەکە بەوشێوەیە نییە، ئێستا هەرکەسێک بۆ هەر مەکتەبێک دابنرێت دەبێت رەزامەندی ئەو ئەندامانەی لەسەربێت.

**دەستوور:** کۆمەڵێک لەئەندامانی ئەنجومەنەکە نەک پێگەی سیاسی بەهێزیان نییە، بەڵکو زۆریش نەناسراون لەناو خەڵکو کادیرانی یەکێتیشدا، ئایا ئەمانە لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتییەوە دیاریکراون، یان بەپێی رێکەوتن بووە؟

**فوئاد مەعسوم:** نا کەسیان بەرێکەوتن نەبووە، خۆی لەڕاستیدا دەسەڵاتی سکرتێری گشتییە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەکەی دا بەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی کە هاوکاری بکەن بۆ دەستنیشانکردنەکە، بەوشێوەیە بووە، لەکاتی د ە ستنیشا نکر د نە کە شد ا کۆمەڵێک لێکدانەوە کراوە بۆئەوەی ناوچەیەک بێبەش نەبێتو ناوچەیەکیش ئەندامی زۆری بەربکەوێت، هەروەها رۆڵ، مێژوو، پاکی کەسەکەو چەند شتێکی تریش دەوریان هەبووە لەدیاریکردنی کەسەکاندا، ئەمەش ئەزمونێکی نوێیە، تا کۆنگرەش کاردەکەنو شتی زیاتر دەردەکەوێت.

**دەستوور:** دەوترێت لەدیاریکردنی ناوی ئەندامانی ئەنجومەندا مەسەلەی رازیکردنی باڵەکانی ناو یەکێتیو پاراستنی هاوسەنگی جەمسەرەکان لەبەرچاوگیراوە؟

**فوئاد مەعسوم:** ئەوانەی دانراون هیچی تێدا نییە لەوانەی کە تورەنو زویرن، ئەوانە هەمووی خەڵکی دڵسۆزی یەکێتین، یەکێتیی یەکێتییان دەوێت. لەهەمانکاتدا خاوەن بیروبۆچونی خۆیانن، دەنا مەسەلە رازیکردن نییە، چونکە ئەگەر مەسەلەکە بکەیت بەڕازیکردن، ئەوکاتە ئەو بێنیتو ئەو بێنی، هەمیشە هەموو رۆژێک کێشەی دەبێت، ئەوکاتە هەر خەریکی خۆیان دەبن.

**دەستوور:** بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی بڕیارە بەو ئەنجومەنە بدرێت، مەبەست لێی لێپێچینەوەیە لەئیشوکارەکانی ناو یەکێتی، هەروەها دانانی خەڵک بۆ مەکتەبەکان، بەڵام کاتێک ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتییەوە دیاریکرابن، ئایا دەسەڵاتی لێپێچینەوەیان لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی دەبێت؟

**فوئاد مەعسوم:** ئەو دەزگایە بەپێی بڕیاری کۆنگرە دامەزراوە، ئەوەش بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە تا چ رادەیەک چالاک دەبنو بەدوای کەموکوڕییەکاندا دەچن، دەنگ بەرزدەکەنەوە، موناقەشە دەکەن، ئەنجومەنەکەش پەیوەندی راستەوخۆیان بەسکرتێری گشتییەوە دەبێت.

**دەستوور:** مووچەو ئیمتیازاتی ئەندامانی ئەنجومەنەکە چۆن دەبێت، لەکاتێکدا ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رایگەیاندبوو ئەو ئەندامانە هەموویان مووچەیان هەیەو هیچ ئیمتیازاتێکیان نابێت؟

**فوئاد مەعسوم:** بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی بۆ ئەندامی ئەنجومەن دیاریکراون موچەی خۆیان هەیە، ئەوانەشی موچەیان نەبێت دیارە موچەیەکیان بۆ دیاریدەکرێت.

**دەستوور:** وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەپێکهاتەی ئەنجومەنەکە رازیت؟ پێتوایە میکانیزمی دیاریکردنی ئەندامەکانی گونجاو بووە؟ واتە ئەو پێکهاتەیەی کە تۆ چاوەڕوانت دەکردو بڕیاربوو ببیت بەسەرۆکی ئەنجومەنەکە، ئایا لەداهاتوودا دەبیت بەسەرۆکی ئەو ئەنجومەنە؟

**فوئاد مەعسوم:** تارادەیەکی زۆر لێی رازیم، من بڕیاری خۆمداوە کە لەکۆنگرەدا خۆم بۆ هیچ ئۆرگانێکی یەکێتی هەڵنابژێرمو دەبمە ئەندامێکی سادەو کار بۆ یەکێتی دەکەم.

> لەکۆنگرەدا خۆم بۆ هیچ ئۆرگانێکی یەکێتی هەڵنابژێرمو دەبمە ئەندامێکی سادەو کار بۆ یەکێتی دەکەم

> ئەو دەزگایە بەپێی بڕیاری کۆنگرە دامەزراوە، ئەوەش بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە تا چ رادەیەک چالاک دەبنو بەدوای کەموکوڕییەکاندا دەچن، دەنگ بەرزدەکەنەوە، موناقەشە دەکەن

www.arsivakurd.org

# پەرلەمانتارانی عێراق ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نابن

پ.دەستوور

بۆ تەگەرەخستنە بەردەم چەندین پرۆژەیاسای گرنگ کە ئێستا لەپەرلەمانی عێراقدایە، رۆژانە ژمارەیەکی بەرچاو لەپەرلەمانتاران ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نابنو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە رێژەی یاسایی بۆ دانیشتنەکان بەدەست نەیەتو ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئاماژە بەوەدەکات کە ئامادەنەبونی ئەو ژمارە زۆرەی پەرلەمانتاران بەشێکی سیاسیو بەشێکی شەخسیە.

د. مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بەدەستووری راگەیاند: رۆژانە ژمارەیەکی بەرچاو لەئەندامانی سەرجەم کوتلەکان ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نابنو رێژەی یاسایی بەدەست نایەت بۆ پەسەندکردنی چەندین یاسای گرنگ کە ئێستا لەبەردەستی پەرلەماندایەو دانیشتنی دوێنێ بەم هۆیەوە شکستی هێنا.

وتیشی "بۆ ئەو مەبەستە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی کوتلەکان کۆبونەتەوەو بڕیاریانداوە کە رۆژانی دووشەممەو سێ شەممەو چوارشەممە داهاتوو دانیشتنەکانی پەرلەمان بەردەوام بێتو سەرۆکی کوتلەکانیش لەرێگەی خۆیانەوە داوا لەئەندامانی کوتلەکانیان بکەن کە بەشداری لەدانیشتنەکاندا بکەن".

عوسمان، راشیگەیاند: بەشێک لەهۆکاری ئامادەنەبونی پەرلەمانتاران سیاسیەو دەیانەوێت لەمپەر لەبەردەم پەسەندکردنی چەند پرۆژەیاسایەکی گرنگدا دروست بکەنو بەشێکی شەخسیەو هەندێک بەهۆی ئەوەی کە هەڵنەبژێراوەتەوە بۆ خولی داهاتوو، ئامادەی دانیشتنەکان نابێت.



مەحمود عوسمان

# ساری کەهیە: هەولێر لیوایەکی هێزی پێشمەرگەی لەدەوروبەری ئاڵتون کۆپریو دوبز جێگیرکردوە

پ.دەستوور

سەرۆکی حیزبی تورکمان ئیلی دەڵێت: هەولێر لیوایەکی هێزی پێشمەرگەی لەناوچەکانی باکوری پارێزگای کەرکوک جێگیرکردوە.

لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (تورکمان ئیلی)، ریاز ساری کەهیە سەرۆکی حیزبی تورکمان ئیلی رایگەیاند: "ئیدارەی هەولێر لیوایەکی هێزی پێشمەرگەی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان لەناوچەکانی باکوری پارێزگای کەرکوک، بەتایبەتی لەدەوروبەری هەردوو قەزای ئاڵتون کۆپریو دوبز جێگیرکردوە".

هەرلەمیانی چاوپێکەوتنەکەیدا، سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی ئاماژەی بەوەکرد "نیوەی ژمارەی کارمەندانی دەزگا ئەمنیەکانی شاری کەرکوک کە نزیکەی بیست هەزار کەس دەبن، بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستن بەحیزبە کوردییەکانەوەو دوانزدە هەزاریان سەر بەدەزگای ئاسایشن، جگە لەچەندین کارمەندی تر کە سەر بەدەزگای پۆلیسن".

بەپێی قسەکانی کەهیە ئەرکی ئەم هێزانە خۆی لەپاراستنی سەرو ماڵی بەشێک لەهاوولاتیانی شارەکە دەبینێتەوەو خۆیان بەبەرپرسیار نازانن لەبەرقەرارکردنی ئاشتیو ئۆقرەیی لەسەرانسەری شاری کەرکوک. وتیشی: "هەموومان بینیمان لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا کردەوەکانی رفاندنو کوشتنی هاوولاتیان پەرەی سەندووەو یەکێکیش لەو دیاردانەی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەدی دەکرێت، کردنە ئامانجی ئەو تورکمانانەیە کە لەدەزگا ئەمنیەکاندا کاردەکەن، لەو چوارچێوەیەشدا ژمارەیەک کەسی ناسراوی تورکمان کە لەدەزگای پۆلیس کاریانکردووە کوژراون، ئەگەر بەووردیش لەم دیاردەیە بڕوانین هەست بەوەدەکەین ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی کەدژ بەکارمەندانی پۆلیس ئەنجامدەدرێن لەشاری کەرکوک جیاوازە لەکۆی ناوچەکانی تری عێراق". بەوتەی کەهیە "مەبەست لەئەنجامدانی ئەو کردەوانە خولقاندنی کەشێکی پڕ لەترسو دڵەڕاوکێیە لەناو تورکمانەکانی کەرکوکو دوورخستنەوەی لاوەکانێتی لەپەیوەندیکردن بەدەزگاکانی پۆلیسەوە".



ریاز ساری کەهیە

# عێراق داوای قەرەبوو دەکات

دەستوور

عێراق داوا لەئیسرائیل دەکات، لەبەرامبەر بۆردومانکردنی کورە ئەتۆمییەکەی تەموز قەرەبووی بکاتەوە.

محەمەد ناجی محەمەد ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئاشکرایکرد "نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەزارەتی دەرەوەی راسپاردووە، کە داوا لەنەتەوە یەکگرتووەکانو ئەنجومەنی ئاسایش بکات، داوا لەئیسرائیل بکرێت کە قەرەبوی عێراق بکاتەوە بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (٤٨٧) لەساڵی ١٩٨١ی تایبەت بەبۆردومانکردنی وێستگەی ئەتۆمی تەمووز".

رونیشیکردەوە، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو، مالیکی وەزارەتی دەرەوەی راسپاردووە، کار بۆئەوە بکات ئەو یاسایەی ئەنجومەنی ئاسایش بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە مافی ئەوەی پێدەدات داوای قەرەبوکردنەوە بکات بەو پێیەی ئەو دامەزراوەیە پەیوەندی نییە بەرژێمی پێشووەوە بەڵکو پەیوەندی هەیە بەبواری گەشەپێدانو پێشخستنی عێراقەوە.

ئەنجومەنی ئاسایش سەرەڕای ئەوەی بەتوندی لەو کاتەدا ئیدانەی بۆردومانەکەی کردووە، لەبڕیارەکەشیدا مافی ئەوەی داوە بەعێراق کە داوای قەرەبوی پێویست بکات لەپای ئەو زیانانەی بەهۆی بۆردومانەکەوە، پێیگەیشتووە.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەش کردوە، وەزارەتی دەرەوە لەرێگەی داوایەکی رەسمیەوە کە پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشیو نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەنی کردوە بۆ خەمڵاندنی زیانەکان کە لەپای بۆردومانەکەی ٧ حوزەیرانی ١٩٨١ بەر عێراق کەوتووە.

# پەرلەمانتارێکی فەزیلە: پێویستە دەستکاری رێککەوتننامەی جەزائیر بکرێت

دەستوور

ئەندامێکی کوتلەی فەزیلە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: لەسەرجەم رێککەوتننامەکانی سەردەمی رژێمی پێشووی عێراقدا، ستەمێکی زۆر لەعێراق کراوەو پێویستە دەستکاری ناوەرۆکەکانیان بکرێت.

لەلێدوانێکیدا جەبار دەهش ئەلتائی ئەندامی کوتلەی فەزیلە وتی: هەموو ئەو رێککەوتننامانەی لەسەردەمی دەسەڵاتی رژێمی پێشووی عێراقو پێشتریشدا ئیمزاکراون، ستەمیان لەعێراق کردوە، بەتایبەت رێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥) کە رژێمی ئەوکاتە لەژێر فشاری جەنگی باکووری عێراق ئیمزای کردوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "لەئێستادا چەند لیژنەیەک لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراقو ئێران لەوەزارەتەکانی دەرەوەو بەرگریو ناوخۆو ئاسایشی نیشتمانی هەردوو وڵات پێکهێنراوە بۆ دیاریکردنی سنوری هەردوو وڵات".

لەلایەکی دیکەوە، سەلیم جبوری ئەندامی بەرەی تەوافوق لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکیدا بۆ رادیۆ سەوا، جەختیکردەوە لەسەر پێویستیی دیاریکردنی سنوری نێوان عێراقو ئێران بەگوێرەی رێککەوتننامەی جەزائێری ساڵی (١٩٧٥) یاخود بەپێی هەر رێککەوتننامەیەکی تری نێوان هەردوو وڵات.

جێی ئاماژەیە، چاوەڕوان دەکرێت لەچەند رۆژی داهاتوودا لیژنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات کۆبوونەوەکانیان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دیاریکردنی سنورەکانی هەردوو وڵات دەستپێبکەنەوە.

# رێگە بە چواردە قەوارەی سیاسی نادرێت بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکات

دەستوور

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق رایگەیاند: دادگای ئیتیحادی چواردە قەوارەی سیاسی لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بێبەشکردوە.

لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا حەیدەری وتی "سەرۆکی ئەو قەوارانە مادەی حەوتی دەستوری عێراق دەیانگرێتەوەو رێگەیان پێنادرێت بەشداریی لەپرۆسەی سیاسیدا بکەن"، وتیشی: "دۆسیەی ئەو قەوارانە رەوانەی لیژنەیەکی تایبەتمەندی کۆمسیۆن کراوە، بۆئەوەی دوابڕیاری لەسەر بدات"، بەپێی ماددەی حەوت لەدەستووری عێراق هەر قەوارەیەکی سیاسی کە بنەمای رەگەزپەرستی یاخود تیرۆر یان تەکفیرو پاکتاوکردنی رەگەزی پەیڕەو دەکات، یان خەڵکیان بۆ هاندەداتو پروپاگەندە بۆئەوکارانە دەکاتو بەحەلاڵیان لەقەڵەمدەدات، مافی بەشداریکردنی لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا لێدەسەنرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ رەنگە ئەو رێوشوێنە پتر لەچواردە قەوارەی سیاسی بگرێتەوە.

باس لەوەشدەکەن کە رەنگە هێزو لایەنە کوردییەکان ئەو مادەیە بقۆزنەوە بۆئەوەی رێگە بەنەیارە دێرینەکانیان لەشارەکانی موسڵو کەرکوک نەدرێت تا بەشداریی لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتووی عیراق بکەن، کە بڕیارە رۆژی ٧ ئاداری ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.

# نەدیم جابری: کێبڕکێی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەنێوان حەوت هاوپەیمانێتیدایە

دەستوور

نەدیم جابری سکرتێری گشتی رەوتی نیشتمانی داهاتوو بەئاژانسی رۆژنامەوانی سەربەخۆی رایگەیاند کێبڕکێی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەنێوان حەوت ئیئتیلافی سەرەکی بەشداربووی هەڵبژاردنەکاندا دەبێت، کە ئەوانیش بریتین لەلیستەکانی (یەکێتی عیراقو هەردوو ئیئتیلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاساو بەرەی تەوافوقو هاوپەیمانی کوردستانیو هاوپەیمانی ئەیاد عەلاویو ساڵح موتلەگ)دا.

جابری تەئکیدی لەوەش کردەوە ئەم قەوارانە کۆنترۆڵی پەرلەمانی داهاتوو دەکەنو رەنگە هەندێک لەلیستە سەربەخۆکانو چەند قەوارەیەکی تر هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ تا ژمارەیەکی دیاریکراو لەکورسیەکانی پەرلەمانی داهاتوو بەدەستبهێنن، ئەوەشی بەدوورزانی کە رێژەیەکی زۆر لەکورسیەکان بەدەستبهێنن. تا ئێستا کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی چواردە ئیئتیلافو سەدو شەش قەوارەی سیاسی تۆمارکردووە بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.

www.arsivakurd.org

فەیسەڵ عەلی

## گاپی نیشتەجێبوونو ئەسڵی نەخۆشییەکە

لە هەموو دەوڵەتانی دنیا کەرتی نیشتەجێبون بەیەکێک لەکەرتە هەرە گرنگەکانی ئابوری دەژمێردرێت، ئەو گرنگیەیشی پەیوەستە بە پێویستییەکی بنەڕەتیی‌و بەردوامی پێداویستییەکانی هاوڵاتیانەوە، قەبارەی ئەو پێویستییە بەگەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان گەشە دەکات، تاوای لێهاتوە بووەتە یەکێک لەدیاردە دیارەکانی ئەم سەردەمە، ئەم کەرتە گرنگییەکەی زیاتر دەبی کاتێک وەک (صمام امان)ی ئابوری کاردەکاتو لە سوڕە ئابورییەکاندا هەڵبەزو دابەزینی ئابوری سوکتر دەکات، لەکاتی بوژانەوەی ئابورییدا بەبەراورد بەکەرتە ئابورییەکانی تری ئابوری بەشێوەیەکی تا رادەیەک لەسەرخۆ گەشە دەکات.

بۆ ئەوەی کەرتی نیشتەجێبون لە ئابورییدا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، دەبێ بەشدارییەکی مەعقولی لەپێکهێنانی کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا هەبێت، ئەمەش دەخوازێ کە کەرتی نیشتەجێبون لەسایەی سستمێکی تەواوکارو پەرەسەندووی هاندانو دسپلیندا بێت کە زەمینەی کارکردنێکی زۆر باشی بۆ رەخساندبێت بۆ ئەوەی لێوەی بتوانێت گاپی نێوان ئاستی خواستو خستنەڕووی گشتی لانیکەم کەم بکاتەوە، بەڵام لەراستیدا ئەم کەرتە گرنگە هێشتا دواکەوتوەو نەیتوانیوە وەک پێویست ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، چونکە پیویستی بەسیستمێکی تەواوکارە لەئیجرائاتی رێکخستنو پەرەپێدان.

ئەوەی بە وردی لەدواکەوتنی کەرتی نیشتەجێبون ورد بێتەوە، بۆی دەردەکەوێت لانیکەم لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆ یەک هۆکاری بنەڕەتی، ئەویش پێدانی زەوییە وەک هاوکاریو یارمەتیو بووەتە ئامرازێکی زۆر ئاسانی دەوڵەمەندبون، واتا بە بێ پلانو بەرنامە زەوی دابەش دەکرێت، ئەمەش روبەرێکی فراوانی زەوی بەهەدەر بردوەو بەبێ ئەوەی دابەشکردنی ئەو زەویانە توانیبێتی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لەخانوبەرە پڕبکاتەوەو قەبارەی کێشەی نیشتەجێبون لەهەرێمی کوردستان وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا کەم بکاتەوە، دەرئەنجامی ئەو بێ بەرنامەو بێ پلانییە، زەوی لەشارو قەزاکانو بگرە ناحیەکانیشدا بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە، نەک تەنیا بۆ نیشتەجێبون بەڵکو بۆ ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەک نەخۆشخانەو قوتابخانەو خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئەنجامدەرانی ئەم کێشەیە ئاسەوارە کەڵەکەبوەکانی ئەم گرفتە گەورەیەیان بە تێپەڕبونی کات هەست پێ نەدەکرد، ئەو لاسەنگیی و شێواویە لەپاڵ سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی سالانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردو کە نیشتەجێبونی وەک کەرتێکی پڕ لەکێشە بۆ بەجێهێشتبوین، کێشەی نیشتەجێبونی زۆر ئاڵۆزکردوە بەجۆرێک کە نرخی زەوی بۆ نیشتەجێبون لە (٣٠٪ بۆ ٤٠٪) نرخی بیناکردنی خانو پێکدەهێنێت لەکاتێکدا لەدەوڵەتانی تری دنیا ئەو نرخی تێچونەی بیناکردن لە (١٠٪ بۆ ١٥٪)ی تێناپەڕێت.

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، بەتایبەتی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبون سلفەی عەقاری دەدا بەهاوڵاتیان بۆ خانو دروستکردن، ئەمەش بیناکردنی خانوبەرەی خستە دەست هەلە تاکەکەسییەکانەوە کە بەبێ مواسەفاتو کوالیتی دروست دەکرانو سیمای گشتی شارو قەزاکانی زیاتر دەشێواند، بەڵام دواتر حکومەت لەگەڵ سلفەی عەقاردا، سندوقی نیشتەجێبونی دامەزراند کە فاکتەرێکی تری هاندانی هاووڵاتیان بون بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی خانوی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هێشتا کێشەکە هەر گەورەیەو ئەو هەوڵانەی حکومەت هێشتا نەیانتوانیوە وەک پێویست ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین گەڕەک لەشارو قەزاو ناحیەکاندا دروست بونو چاوەڕێی گەیشتنی خزمەتگوزارینو بەدەست چەندین کێشەی گەورە دەناڵێنن کە حکومەتیش لەماوەی نزیکدا ئەگەر بەم میکانیزمەی ئێستا درێژە بەکارەکانی بدات ناتوانێ لانیکەمی پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم بکات.

گرفتی گەورەی کەرتی نیشتەجێبون لەهەرێمی کوردستان نەبونی داتاو زانیارییە سەبارەت بەقەبارەی راستەقینەی ئەو کەرتەو پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لەخانو بەرە، هەروەها قاعدیەکی زانیاری سەبارەت بەرێکخستنی پێدانی زەوی نییە، لەبەر ئەوە رەوشی نیشتەجێبون دەخوازێ هەڵوەستەیەکی واقعیانەو جدی بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی دابەشکردنی زەوی بەخشین بەدارشتنی سیاسەتێکی نوێ کە زامنی ئامانجو مەبەستەکانی پێدانی زەوی بپێکێو ئەوانەی وەریدەگرن بتوانن زەویەکانیان بە خانو بکەن،نەک بۆ جامبازیکردنو بەرزکردنەوەی نرخی زەوی بەکاری بهێنن، لەلایەکی تریشەوە، چەندین روبەری فراوانی زەوی لەشوێنی زۆرباشی شارەکان تەرخان کراون بۆ یەکەی نیشتەجێبون کە بەهیچ جۆرێک کاریگەری لەسەر چارەسەری گرفتی نیشتەجێبون نابێ چونکە لەبنەڕەتدا بۆ ئەو کەسانە بینا کراوەو دەکرێ کە کێشەی نیشتەجێبونیان هەر نییە، لەبەرئەوە لەم قۆناغەی ئێستادا دەبێ حکومەت ئەولەویەتەکانی لە کەرتی نیشتەجێبون دیاریبکاتو لەسەر ئەو بنەمایە هەنگاوەکانی بهاوێژێت.

> نرخی زەوی بۆ نیشتەجێبون لە(٣٠٪ بۆ ٤٠٪) نرخی بیناکردنی خانو پێکدەهێنێت لەکاتێکدا لەدەوڵەتانی تری دنیا ئەو نرخی تێچونەی بیناکردن لە(١٠٪ بۆ ١٥٪)ی تێناپەڕێت.

# سامی ئەتروشی: پێناچێت پەرلەمانی عێراق هەتا کۆتایی ئەم مانگە بودجە پەسەندبکات



سامی ئەتروشی



پەرلەمانی عێراق

ئا: شاهۆ خواڕەحم

هەرچەندە بودجەی گشتی عێراق لەئەنجومەنی نوێنەراندا کێشەو گرفتێکی ئەوتۆی لەبەردەمدا نەماوە، بەڵام هەندێک لەلایەنەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە پەسەندکردنی ئەو بودجەیە دوابکەوێت، بۆئەوەی لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکارنەهێنرێت، سەرباری ئەو هەوڵانەش لیژنەی دارایی لەپەرلەمان چەند تێبینییەکی لەسەر پرۆژە یاساکە هەیەو تائێستاش یەکلاینەبووەتەوە.

لەوبارەیەوە سامی ئەتروشی ئەندامی لیژنەی دارایی لەلێدوانێکیدا بە دەستووری وت: "کێشەکانی دواکەوتنی بودجەی عێراق زۆرتر سیاسییە نەک تەکنیکی، ئەو تێبینیانەشی کە لەسەر پرۆژەکە هەیە لەرێگەی راپۆرتی لیژنەی داراییەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، ئەوەی کە لەئێستادا بووەتە کێشە لەبەردەم پەسەندکردنی بودجە، دەستێوەردانی سیاسی لەپشتەوەیەو ئامانجی سەرەکیش لەو دەستێوەردانە ئەوەیە کە هەندێک لایەن مەترسی ئەوەیان هەیە بەشێک لەبودجە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن حکومەتەوە بەکاربهێنرێت".

پێشتر وەزارەتی دارایی عێراق رایگەیاند "بودجەی ئەمساڵ دەگاتە نزیکەی ٨٧تریلیۆن دینارو بڕی ٦٣ تریلیۆنی بۆ بودجەی بەکاربردنەو ٢٤ تریلیۆنیشی بۆ سەرمایەگوزارییە".

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، ئەو لایەنانەی نایانەوێت بودجەکە لەپێش هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، لەرێی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارەکانیانەوەلەدانیشتنەکانی پەرلەمان هەوڵ دەدەن پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت. هەروەک باس لەوەدەکەن کە لەئێستادا پەرلەمان بەگفتوگۆکردن لەبارەی پرۆژەیاسای ئاکاری هەڵبژاردنەوە سەرقاڵ کراوە کە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە رەوانەی پەرلەمان کراوە، ئەمەش بۆئەوەیە کە حکومەتەکەی مالکی نەتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێت.

سەبارەت بەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن بودجەی پێشمەرگەو سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق بووەتە یەکێک لەکێشەکانی بەردەم پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراق، سامی ئەتروشی وتی:" ئەو مەسەلەیە تەنها لەراگەیاندنەکانەوە بیستوومەو هیچ راستییەکی تیادا نییە، هیچ ئەندامێکی لیژنەی دارایی باسی ئەو مەسەلەیەی نەکردووە".

ئاماژەی بەوەشکرد، بودجەی پێشمەرگە هەروەک ساڵانی پێشوو ماوەتەوەو گۆڕانکاری تیادا نەکراوە، لەو بڕگەیەدا باسی ئەوە نەکراوە کە بودجەی پێشمەرگە لەبودجەی گشتی عێراقدا چەندە، تەنها باسی ئەوەکراوە کە سەرۆک وەزیرانی عێراقو هەرێمی کوردستان رێکدەکەون لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەی پێشمەرگەو دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

دەربارەی بڕگەی چواری ماددەی (١٧) لەپرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق کە حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق بۆ یاساکەی زیادکردووەو باس لەوە دەکات کە ئەو پارێزگایانەی رێگرن لەهەناردەکردنی نەوت پێویستە لەبودجەکەیان کەمبکرێتەوە، ئەندامەکەی لیژنەی دارایی دەڵێت:"بودجەکە لەئەنجومەنی وەزیرانەوە رەوانەی پەرلەمان کراوەو ئەو بڕگەیەشی بۆ زیادکراوە، لیژنەکان بۆیان نییە لەخوێندنەوەی یەکەمو دووەمدا ئەو بڕگەیە لاببەن، بەڵام ئێستا وەکو ئەندامانی کورد لەلیژنەی دارایی داوامانکردووە کە ئەو بڕگەیە لاببرێت، لەگەڵ کوتلە سیاسییەکانی دیکەی‌ناوپەرلەمانیش گفتوگۆمان کردووە، بەتایبەتی ئەو لایەنە شیعەو سونانەی کە لەگەڵ کورددا هاوڕان، مەبدەئییەن ئەوانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو بڕگەیە رەتبکرێتەوە،چونکە ئەگەر بەتەوافوقی سیاسی نەبێت کورد بەتەنها ناتوانێت ئەو بڕگەیە رەتبکاتەوە، لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر ئەو تەوافوقە سیاسیە دروست نەبوو، ئەوکاتە کورد دەتوانێت بایکۆتی دانیشتنەکە بکات یان لەسەرۆکایەتی کۆمار ڤیتۆ بکرێت، بەبڕوای ئێمە بودجە پەسەند ناکرێت هەتاوەکو ئەو بڕگەیە لانەبرێت". ئاشکراشیکرد، نوێنەرانی کورد پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە ئەو بڕگەیە، بەڵام لەچوارچێوەی یاسای نەوتو غازدا دابنرێت.

لەبارەی پشکی هەرێم لەبودجەی گشتی عێراق، سامی ئەتروشی رایگەیاند: "لەو رووەوە هیچ کێشەیەک نییە، لەیاساکەدا (١٧٪) بۆ هەرێمی کوردستان جێگیرکراوەو هیچ بڕگەیەکی لەگەڵدا نییەو پەیوەست کراوە بەسەرژمێریی گشتییەوە، پاش ئەوەی کە سەرژمێری ئەنجامدرا هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو داتایە بودجەی بۆ دابیندەکرێت، ئەوەی کە کێشەی لەسەر هەبوو دوو بڕگە بوو یەکێکیان بڕینی (٢٦٣) ملیار دینار بوو کە تایبەت بوو بەگەشەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەم بڕە پارەیە دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ وەزیری دارایی عێراقو سەردانی وەزیر بۆ هەولێر خرایەوە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان. دووەمیشیان بڕینی (٣٠٠) ملیار دینار بوو لەلایەن وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق کە چەند پرۆژەیەکی لەکوردستان جێبەجێکردبوو، ئەم گرفتەش دوای تاوتوێکردنی لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق توانرا چارەسەر بکرێتو ئەو بڕە پارەیەش بۆ ناو بودجەی هەرێم بگەڕێندرێتەوە".

سامی ئەتروشی پێیوایە هەرچەندە حکومەت فشارێکی زۆر دەکات بۆئەوەی بودجە لەم هەفتەیە یان لەهەفتەی داهاتوودا پەسەند بکرێت، بەڵام پێناچێت پەرلەمان بتوانێت هەتاوەکو کۆتایی مانگی کانوونی دووەم بودجەی گشتی عێراق پەسەند بکات.

# ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازیو وزەی پەرلەمان: حکومەت هیچی نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی سووتەمەنی

بیلال جەعفەر

پەرلەمانی کوردستان داوادەکات بەشە سووتەمەنی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە زیاد بکرێت.

ناسک تۆفیق بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازیووزەوسەرچاوە سروشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان بەدەستووری راگەیاند: "لەلایەن لیژنەکەیانەوە راپۆرتێکیان‌ئاڕاستەی‌سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بۆئەوەی ئەو بڕە سووتەمەنییەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە رەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، زیاد بکرێت". وتیشی: "لەساڵی (٢٠٠٧) وە بەبڕیارێکی حکومەتی ناوەند هێنانی سوتەمەنی لەدەرەوە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان راگیراوەو تەنها شارەکانی بەغداو ناوەڕاستو باشور مافی ئەوەیان هەیە سووتەمەنییان بۆ رەوانە بکرێت".

ئەندامەکەی پەرلەمان باسی لەوەشکرد، "هەرچەندە بریکاری وەزارەتی نەوتو جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوتو غاز لەپەرلەمانی عێراق کوردن، بەڵام تائێستا کاریان بۆ زیادکردنی بڕە سووتەمەنی هەرێم نەکردووەو نەیانتوانیوە فشارێک بخەنە سەر حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی ئامارێکی دروست بنێرێت بۆ حکومەتی ناوەندو کار بەئاماری دانیشتوانی ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) نەکرێت".

ئاماژەی بەوەشدا کە هیچ پاساوێک نییە بۆئەوەی هێنانی سووتەمەنی لەدەرەوە بۆ شارەکانی هەرێم قەدەغە بێتو بۆ شارەکانی باشورو ناوەراستی عێراق ئاسایی.

لەلایەکی دیکەوە عەبدوڵا محەمەد نوری ئەندامی لیژنەی پیشەسازیو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان بە دەستووری وت: "هەرچەندە حکومەتی هەرێم رۆژانە چەندین بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکاتو خاوەنی نەوتە، بەڵام هیچکات کاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی سووتەمەنی لەسێ پارێزگاکەی هەرێمدا نەکردووە".

ناسک تۆفیق ئاماژەی بەوەکرد، لەئێستادا حکومەتی هەرێم تەنها دەتوانێت لەپاڵاوتگەی بێجییەوە سووتەمەنی هاوردە بکاتو ئەو بڕە سووتەمەنییەی بڕیاریشی لەسەر دراوە، بەڕێژەی پێویست ناگاتە هەرێمو گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، چونکە بەپێی دووایین خەمڵاندن، رێژەی ئەو سووتەمەنییەی لە بێجییەوە دەگاتە سێ پارێزگاکانی هەرێم، نیوەی پێویستی هاووڵاتیان پڕدەکاتەوە.

# فراکسیۆنی ئاشتیو دیموکراسی جێگەی فراکسیۆنەکەی دەتەپەی گرتەوە

## دەتەپە هەروا بەئاسانی دەستبەرداری مافەکانی نابێتو هانا بۆ ئەورووپا دەبات



ژمارەیەک پەرلەمانتاری دەتەپەی قەدەغەکراو

لۆگۆی پارتە نوێیەکە

ئا: محەمەد عەلی کەمال

پارلەمانتارانی دەتەپەی قەدەغەکراو لەنێو فراکسیۆنێکی پەرلەمانی نوێدا خۆیان رێکخستەوەو تا کۆنگرەی داهاتووی پارتەکەشیان لەمانگی شوباتی داهاتوودا سەرۆکێکی کاتییان بۆ فراکسیۆنەکە هەڵبژارد.

لەدوای داخستنی دەتەپەوە لەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە لە١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوودا، ماوەیەک دەنگۆی ئەوە لەئارادابوو کە پەرلەمانتارانی سەر بەپارتەکە دەست لەکارەکانیان دەکێشنەوەو واز لەخەباتی سیاسی لەنێو بینای پەرلەماندا دەهێنن، بەڵام دواتر سەرکردایەتی پارتەکەو لەسەر وتەکانی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی دەستگیرکراوی پەکەکە، دەتەپە بڕیاریدا پەرلەمانتارەکانی لەخەباتی پەرلەمانی بەردەوام بن

هەرچەندە ژمارەی پەرلەمانتارەکانی لە٢١وە بەهۆی بڕیارەکەی دادگاوە بۆ ١٩ پەرلەمانتار کەمبووەتەوە، دوای ئەوەی هەریەک لە ئەحمەد تورکو ئایسەل توغلۆک مافی پارلەمانتارییان لێسەنرایەوە.

بۆ درێژەدان بە کاری پارلەمانتاری بە شێوەیەکی رێکخراو پارلەمانتارانی دەتەپە پێویست بوو لە چوارچێوەی فراکسیۆنێکدا خۆیان رێکبخەن، کە دواتر بە بڕیارێکی سەرکردایەتی پارتە قەدەغەکراوەکە، دەتەپە چووە ناو پارتی ئاشتیو دیموکراسییەوە (بەدەپە)و بەم جۆرەش دەتوانن فراکسیۆنێکی پارلەمانی کە لانیکەم لە بیست پارلەمانتار پێک بێت دروست بکەن.

لەو چوارچێوەیەشدا نوری یامان پارلەمانتاری شاری موش بەهۆی ئەوەی تەمەنی لەهەموو ئەندامەکانی دیکەی فراسیۆنەکە زیاترە دەبێتە سەرۆکی فراکسیۆنەکە واتە شوێنی ئەحمەد تورک دەگرێتەوەو، ماوەی سەرۆکایەتییەکەشی تا رۆژی بەستنی کۆنگرەی بەدەپەیە لە ١ی شوباتی داهاتوودا .کە پێشتر فراکسیۆنەکەی بەدەپە لەلایەن دەمیر چەلیکەوە سەرپەرشتی دەکرا بەردەوام دەبێت. هەریەک لە سەلاحەدین دەمیرتاشو گیولتەن کشاناک وەک پێشتر سەرۆکی گروپەکانی نێو فراکسیۆنەکە دەبن.

دەستنیشانکردنی سەرۆکی فراکسیۆنەکە لەمیانی کۆبوونەوەیەکدا هات لەنێو هۆڵی تایبەت بەپارتەکە لەپەرلەمان. لە وتەیەکیشیدا دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە دەمیر چەلیک سەرۆکی پێشوی فراکسیۆنەکە رایگەیاند: هیوادارین ساڵی ٢٠١٠ ببێتە ساڵێکی گرنگو چەسپاندنی ئاشتیو دیموکراسیو برایەتی لە تورکیا. وتیشی: پەرلەمانتارانی نێو فراکسیۆنەکە لەسەر کارەکانی پێشوویان لەچوارچێوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا بەرەوام دەبن.

دواتر نوری یامان سەرۆکی نوێی فراکسیۆنەکە لەلێدوانێکدا رایگەیاند: "ئەمانەوێ پێتان رابگەیەنین کە وەک پارتی ئاشتیو دیموکراسی لە٩٠یەمین ساڵی کارو چالاکییەکانی پەرلەماندا لەو جێگەیەوە بەردەوام دەبین بەهەموو تواناو هێزی خۆمانەوە لەسەر کارکردن بۆ ئاشتیو برایەتی بۆ گەلانی تورکیا کە تیایدا وەستابووین.

وتیشی: "لە رۆژی یەکی شوباتی داهاتوودا بەدەپە کۆنگرەی خۆی دەبەستێتو تیایدا کەسانی نێو سیستمی سەرۆکایەتی کە پێکدێن لەسەرۆکێکی گشتیو چەند هاوسەرۆکێک هەڵدەبژێرێنو پێویستە هەمومان چاوەڕوانی ئەو رۆژە بکەین

**بڕیاری داخستنی پارتەکەیان دەبەنە دادگای مافەکانی مرۆڤ لەئەورووپا**

دوای داخستنی پارتەکەیان لەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە دەتەپەییەکان ئەو بڕیارە دەبەنە دادگای مافەکانی مرۆڤ لەئەورووپا بۆ لێکۆڵینەوە لەرەوایەتی داخستنی پارتەکەیان، بە تایبەت کە دوای داخستنی پارتی (دەئەپە) ئەو دادگایە تورکیای ناچارکردبوو (٦٦٩)هەزار یۆرۆ وەک قەرەبوو بدات بەو پارتە. لەو چوارچێوەیەدا بڕیارە لەماوەی ئەم مانگەدا سەردانی دەتەپەییەکان بۆ ئەو دادگایە بەمەبەستی گەیاندنی دۆسیەی پارتەکەیان دەست پێبکات.

دادگایمافەکانیمرۆڤلەئەورووپا پێشتر تورکیای بەقەرەبووکردنەوەی هەریەک لەپارتەکانی (هەئەپە)و (دەئەپە)و (ئۆزدەئەپە) ناچارکرد، سکاڵای پارتی (هادەپ)یش تا ئێستا لەو دادگایە بەردەوامەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. جگە لەوەش قەرەبووی ئەو ١٣ کەسەی کردەوە کە هەریەک لە ئەحمەد تورکو لەیلا زاناو سەدات یورتداشو سەلیم ساداکی تێدابوو بەهۆی بڕیاری قەدەغەکردنیانەوە لەسیاسەتو قەرەبوەکەش لەلایەن تورکیاوە درا کە بڕەکەی (٦٦٩) هەزارو (٥٠٠) یۆرۆ بوو.

**دەتەپە (٢٠٠٥ — ٢٠٠٩)**

پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە) لە٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥دا لەلایەن هەریەک لە ئەحمەد تورکو ئایسەل توغلۆک یەکەمین هاوسەرۆکانی پارتەکە دامەزراو بووە ٤٩ هەمین پارت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەو دەمەی تورکیا.

بۆ یەکەمین جاریش لەمێژووی پارتەکانی تورکیادا ئایسەل توغلۆک بەهۆی گرنگی بوونی ژنەوە لەپێگە سیاسییەکاندا رایگەیاند: لە پەیڕەوی پارتەکەماندا هاتووە کە دەبێت لەسەدا چلی ئەندامانی لەڕەگەزی مێینە بن. لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٦دا یەکەم کۆنگرەی خۆی بەستو ئەحمەد تورک بوەوە بە سەرۆکی پارتەکە. لە ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا سکاڵا لەدژی دەتەپەو بەمەبەستی داخستنی تۆمارکرا. لەکۆنگرەی دووەمی پارتەکەدا لە٢٠ی تەموزری ٢٠٠٨دا ئەحمەد تورک بۆ جاری دووەم بەسەرۆک هەڵبژێردرایەوە. لەهەڵبژاردنەکانی ئازاری ساڵی رابردوودا دەتەپە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناو سەرۆکایەتی شارەوانی ٩٨ شارو شارۆچکەی گرتە دەست، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤دا ئەو ژمارەیە تەنها ٣٥بوو.

بەو جۆرەش پار ساڵ رێگەی لەسەرکەوتنی ئاکەپە لە باکووری کوردستان گرتو لە سەرانسەری تورکیاشدا رێژەی دەنگەکانی لەسەدا ٥,٤ بوو. لەنیسانی ٢٠٠٩وە هەڵمەتەکانی حکومەت بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەو ئەندامانی دەتەپە دەستیپێکردو دوای راگەیاندنی بڵاوکردنەوەی نەخشە رێگایەک لەلایەن عەبدوڵا ئۆجالانەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەباکوور، ئەردۆگان بۆ یەکەمین جار لەگەڵ ئەحمەد تورک کۆبۆوە.

پارتەکە دوایین کۆنگرەی لە٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩دا بەستو ئەحمەد تورکو ئەمینە ئاینا بوونەوە هاوسەرۆک. لەو دەمەشدا لەکۆی هەشتا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی ٥٤یان لەزیندانەکانی دەوڵەتدا بوون. بەبڕیاری دادگای دەستوری تورکیاو لە١١ی ١٢ی ٢٠٠٩دا دەتەپە داخراو ٣٧ لەسەرکردەکانیشی کە ئەحمەد تورکو ئایسەل توغلۆک لەنێویاندانو پارلەمانتارن بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری سیاسییان لێ قەدەغە کراوە.

# "مووسەوی هیوادارە کە بتوانێت لێکترازانو ئینشقاقی زیاتر لەناو ریزەکانی دەوڵەتدا دروستبکات"

ئا: هیوای سەلیمی

چەند رۆژ دوای رووداوە خوێناوییەکەی رۆژی عاشورا، میرحسێنی مووسەوی یەکێک لەرێبەرانی بزووتنەوەی سەوز بێدەنگی شکاندولەراگەیەندراوێکداوێڕای نیگەرانی لەهەمبەر بارودۆخی ئێرانو رەخنە لەشێوازەکانی هەڵسووکەوتی دەسەڵات لەبەرامبەر خۆپیشاندەران، ٥ مادەی وەک رێگەچارەکانی تێپەڕکردنی قەیرانە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی پێشنیار کرد. راگەیاندنی ژمارە ١٧ی مووسەوی هەڵوێستو کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتووەو هەر لایەنێک لەسۆنگەی ئایدۆلۆژیو بیرکردنەوەی خۆیەوە، راگەیاندنەکەی مووسەوی تاوتوێ دەکات.

**رێگەچارە پێشنیارکراوەکانی مووسەوی**

میرحسێن مووسەوی لەسەرەتای راگەیەندراوەکەیدا باس لەخۆرسکبوونی خۆپیشاندانەکان دەکاتو دەڵێ کە ئێمە بۆ رۆژی عاشورا بانگهێشتی خەڵک بۆ خۆپیشاندانمان نەکرد، بەڵام نارازیان بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداریان لەم خۆپیشاندانەکاندا کرد. مووسەوی دەستبردن بۆ توندوتیژی لەلایەن خۆپیشاندەرانی بۆچەشنی رەفتارەکانی دەسەڵات گێڕایەوەو دەوڵەتی وەک سەرچاوەی توندوتیژییەکان ناوزەدکرد. مووسەوی روو لەدەسەڵات رادەگەیەنێ کە هەڕەشەو سەرکوت، خەڵک بێدەنگ ناکاتو دەربارەی گرتن یا کوشتنی خۆشی دەڵێ:" خوێنی من سوورتر لەخوێنی شەهیدانی دیکە نییەو ترسێکم لەمبارەوە نییە". دواتر داوای بەفەرمی ناسینی قەیرانەکان دەکاتو رادەگەیێنێ کە تا قەیران بەرەسمی نەناسرێ، رێگەچارەیەک بۆ چارەسەرکردن نادۆزرێتەوە. میرحسێنی مووسەوی ٥ خاڵ وەک رێگەچارەی دەربازبوون لەقەیرانەکان پێشنیار دەکاتو ئەم خاڵانە بریتین لە: قەبوڵکردنی بەرپرسیاریەتییەکانی دەوڵەت، نووسینەوەی یاسای زارەکی هەڵبژاردن، ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی، ئازادی چاپەمەنیو ئازادی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان.

**کاردانەوەکان جۆراوجۆرن**

هەڕەشەو باسکردن لەدادگاییکردنی مووسەویو کەڕوبی بەدرێژایی ئەم چەند هەفتە، قسەی ئەوەڵو ئاخری لایەنگرانی ئەحمەدینەژادو سەرجەمی بەرپرسانی دەسەڵات بووە. ئەگەرچی زۆرینەی باڵی کۆنسێرڤاتی سەر بەدەسەڵات باس لەدادگاییکردنی مووسەویو رێبەرانی ریفۆرمیست دەکەن، کەچی لەکاردانەوە بەپێشنیارەکانی مووسەوی بەشێک لەمیانەڕەوەکانی سەر بەو باڵە باس لەپاشەکشەی مووسەویوزەرورەتی بەهەندوەرگرتنی پێشنیارەکانی مووسەوی دەکەن. موحسین رەزایی ئەندامی کۆمەڵەی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکان، لەیەکەم کاردانەوە بەپێشنیارەکانی مووسەوی نامەیەکی سەرئاوەڵای روو لەخامنەیی بڵاوکردەوەو ئەم هەنگاوەی مووسەویی بەپاشەکشە ناوزەدکرد. لەبەرامبەردا کۆمەڵێکی دیکەی وەک ئەحمەد خاتەمی وتارخوێنی نوێژی هەینی تاران، ئەم راگەیەندراوەی مووسەوی بەبێبایەخ وەسفکردو تەنیا رێگەچارەی چارەسەرکردنی بۆ تۆبەکردنی رێبەرانی ریفۆرمیست گەڕاندەوە. ئەگەرچی بەشێک لەئەندامانی بزووتنەوەی سەوزیش ئەم هەنگاوەی مووسەوی بەپاشەکشە ناودێردەکەن، بەڵام لەبەرامبەردا زۆرینەی ریفۆرمیستەکان ئەم راگەیەندراوەیمووسەویبەئۆلتیماتۆم وەسف دەکەن. عەباس عەبدی رۆژنامەنووسی ناسراوی سەر بەباڵی ریفۆرمیست، پێیوایە کە مووسەوی تۆپی یارییەکەی خستووەتە زەوی لایەنی بەرامبەرو هەر کاردانەوەیەکی دەسەڵات بەم پێشنیارانە بەقازانجی بزووتنەوەی سەوز دەشکێتەوە. حسێنی شەریعەتمەداری چاودێری سیاسی لەوتووێژێک لەگەڵ ماڵپەڕی دوێچەوێلەی ئەڵمانی دەڵێ:" لەوبڕوایەدام کە ئەگەر خامنەیی ئەم پێشنیازانەی مووسەوی قەبوڵ نەکات، بزووتنەوەی خەڵک هێندە رادیکاڵ بێتەوە کە خامنەیی ناچار دەبێت ملکەچی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چەشنی سیستمی سیاسی لەئێراندا بێت". دەبارەی راگەیەندراوەکەی مووسەوی، ئەبووبەکر مودەڕەسی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران باس لەئامانجەکانی مووسەوی لەم پێشنیارانە دەکاتو لەمبارەوە بەدەستوور دەڵێ:" خاڵی یەکەمی راگەیندراوەکەی مووسەوی بەچەشنێک پاشەکشە لەدروشمو خواستە سەرەتاییەکانی باڵی ریفۆرمیستو تەنانەت خەڵکی سەرشەقامە کە لەسەرەتای خۆپیشاندانەکان لە٧ مانگ لەمەوپێش داوای وەرگرتنەوەی دەنگەکانیانو بەفەرمی نەناسینی دەوڵەتیان دەکرد."

مودەڕسی لەدرێژەدا دەڵێت:" پێمخۆشە سەرنجی هەموو لایەک بۆ لای ئەم بابەتە رابکێشم کە لەراستیدا هیچ کات خواستەکانی مووسەوی لەپێشەوەی خواستو داواکارییەکانی خەڵکی نارازی نەبووە. تەنانەت لەو کاتەی کە وردەوردە دروشمەکانی خەڵک رادیکاڵتر دەبووەوەو زۆربەی دروشمەکان لەئاراستەی مەرگو نەمان بۆ دیکتاتۆر بوو، مووسەوی باسی لەگەڕانەوە بۆ یاسای بنەڕەتی ئێرانو پراکتیزەکردنی سەرجەمی ئەو یاسایانە دەکرد. راستە کە مووسەوی دەورێکی بەرچاوی لە بزووتنەوەکدا گێڕاوە، ئەو بزووتنەوەی کە بەبزووتنەوەی سەوز ناوبانگی دەرکردووە، بەڵام لەحەقیقەتدا ئەم بزووتنەوە شوناسو ناوەرۆکێکی رەنگاڵەیی هەیەو رەنگو دەنگی جۆراوجۆری خواستەکانی کۆمەڵگای تێدایە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەی گرنگە ئامانجی راگەیەندراوەکەیە. من لەو بڕوایەدام کە رووی راگەیەندراوەکە زۆرتر روو لەنەیارانی مووسەوی لەحکوومەتدایەو مووسەوی هیوادارە کە بتوانێ لێکترازانو ئینشقاقی زیاتر لەناو ریزەکانی دەوڵەتدا دروست بکات".

هەواڵو راپۆرتەکانی ناوخۆی ئێران باس لەئامادەکاریی نارازیان بۆ بۆنە نزیکەکانی وەک چلەی موحەڕەمو ٢٢ی رێبەندان لەناوەڕاست مانگی زستان دەکاتو زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەوبڕوایەدان کە ئەگەری پەیوەستبوونی جوگرافیای مرۆیی بەشەکانی دیکەی ئێران بەم بزووتنەوە لەمانگەکانی داهاتوودا زۆر بەهێزە. زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو بڕوایەن، ئەگەرەکانی قەبوڵکردنی پێشنیارەکانی مووسەوی زۆر لاوازەو قوڵتربوونەوەی قەیرانەکان بابەتێکی چاوەڕوانکراوە.

# عەبدولباقی یوسف: چارەسەری کێشەی کورد لە سوریا بەوە دەبێت کە حوکمی زاتی وەربگرێت



عەبدولباقی یوسف. فۆتۆگراف: دەستوور

دیمانە: شاهۆ خوارەحم

**عەبدولباقی یوسف ئەندامی لیژنەی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لەسوریا پێیوایە لەمەودوا دەبێت پێناسەیەکی نوێ بۆ کێشەی کورد لەسوریا کورد بکرێتو لەمیانی دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستوور دەڵێت: " لەئێستادا چارەسەری کێشەی کورد لەسوریا بەوە دەبێت کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا کورد حوکمی زاتی وەربگرێت، چونکە هەتا ئێستا حکومەتی سوریا دانی بەبوونی کورددا نەناوە ". ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:**

............................

**دەستوور:** لەدوایین کۆنگرەتاندا بڕیارتاندا خواستی حوکمی زاتی وەکو بەشێک لەچارەسەری مەسەلەی کورد تەبەنی بکەن، ئەمە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا پێتانوایە باشترین چارەسەرە یان لەژێر کاریگەری رووداو و پێشهاتەکاندا ئەو شێوازە چارەسەرەتان خستووەتەڕوو؟

**عەبدولباقی یوسف:** لەیەکەمین کۆنگرەی پارتی یەکێتی کورد لەسوریا گرنگترین بڕیار ئەوە بووە کەپێویستە تەعریفێکی نوێ بۆ کێشەی کورد لەسوریا بکرێت، بەشێوەیەک کە کێشەکە لەچوارچێوەی کێشەی خاکو میللەتدا پێناسە بکرێت، لەدوای ساڵی شەستەکانەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسوریا پارچە پارچە بوو بووە دە باڵی سیاسی، ئەوکاتە گوتاری سیاسیش تارادەیەکی زۆر بەرەو دواوە چووبوو، لەبەرئەوە خاڵێکی دیکە کە کۆنگرە بەگرنگییەوە هەڵوێستەی لەسەر کرد گۆڕانکاری بوو لەگوتاری سیاسیدا. ئەو قۆناغەی کە پارتی یەکێتی کوردی تیادا دامەزرا گوتاری سیاسی کورد لەسوریا بەهۆی جەنگی ساردەوە جۆرێک لەگوتاری شۆڤێنستی لەخۆگرتبوو، بەڵام بەهاتنی پارتی یەکێتی کورد لەسوریا بارودۆخەکە هەندێک پێشکەوتنی بەخۆوە بینیو چەندین چالاکی لەناو گەڕەکو کۆڵانەکاندا ئەنجامدراو چەند بڵاوکراوەیەکیش دەرچوون، کە پێشتر ئەمجۆرە چالاکییانە نەبوون. لەسێیەمین کۆنگرەی پارتەکەدا کە لەساڵی (٢٠٠٠)دا بەسترا، جارێکی دیکە جەختکرایەوە لەسەر گوتاری سیاسی، بەڵام ئەمجارەیان تەئکیدکردنەوەبوو لەسەر گوتاری سیاسی کوردستانی سوریا، کە ئەمەش گفتوگۆیەکی زۆری لەناو رۆشنبیرانو گەلی کورد لەسوریا لێکەوتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لەناو شەقامی عەرەبیدا گفتوگۆیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە بۆ عەرەبەکان هەرس نەدەکرا پارتێکی سیاسی کوردی بانگەشەی ئەوە بکات کە بەشێک لەکوردستان لەوڵاتی سوریادایە. لەکۆنگرەی ساڵی (٢٠٠٦)دا پارتی یەکێتی کورد لەسوریا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ناوچە کوردییەکان لەسوریا یەک ئیدارەیان هەبێتو کورد خۆی ئیدارەی خۆی بکات. لەکۆنگرەی شەشەمی پارتی یەکێتی کورد لەسوریا کە لەساڵی (٢٠٠٩) بەڕێوەچوو، بڕیاردرا کە خواستی حوکمی زاتی (خۆبەڕێوەبردن) وەک بەشێک لەچارەسەری کێشەی کورد مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، چونکە کورد لەسوریادا خاکی خۆی هەیەو هەموو شتێکی جیاوازەو وەکو هەموو میللەتێکی دیکە مافی ئەوەی هەیە کە خۆی ئیدارەی خۆی بکات. ئێمە وەکو پارتی یەکێتی کورد لەسوریا پێمانوایە کە لەئێستادا چارەسەری کێشەی کورد لەسوریا بەوە دەبێت کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا کورد حوکمی زاتی وەربگرێت، چونکە هەتا ئێستا حکومەتی سوریا دانی بەبوونی کورددا نەناوە، ئێمەش بەپێویستمانزانی بۆ پارێزگاریکردن لەخۆمان جەخت لەسەر دیاریکردنی سنوری جوگرافیای کوردستانی سوریا بکەینەوە، ناوچە کوردییەکان لەسوریا بەبەراورد لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکان هیچ گرنگییەکیان پێنەدراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ناوچە کوردییەکان لەڕووی سامانی سروشتییەوە دەوڵەمەندنو نەوتو ئاوی هەیەو لەڕووی کشتوکاڵیشەوە خاکێکی بەپیتی هەیە.

**دەستوور:** لەبەیاننامەی کۆتاییدا باستان لەهەلومەرجی سەرکوتکردنو دادگاییو گرتنەبەری چەند رێوشوێنێک بۆ دەمکوتکردنی گەلانی سوریا کردووە، لەگەڵ کاڵبوونەوەی فشارە نێودەوڵەتییەکانی سەر دیمەشق، پێتانوایە خەباتی حیزبو لایەنە سیاسییەکان سەختتر دەبێت؟

**عەبدولباقی یوسف:** "لەڕاستیدا هەڵوێستی حکومەتی سوریاو مامەڵەکردنی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا خراپە، جا ئەو ئۆپۆزسیۆنە عەرەب بێت یاخود ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی بێت، چونکە سیستمی دەوڵەت بەشێوەیەکە کە هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنێک بەمەترسی دەزانێتو دانی پیادا نانێتو بەردەوامیش بەتوندی رووبەڕووی دەبێتەوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر کە فشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر سوریا زۆر بوو، لەوکاتەشدا سوریا هەر بەخراپ مامەڵەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا کردووە بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، چونکە رژێمی بەعس لەسوریا سیفاتێکی تایبەتی هەیەو جیاوازە لەسیستمەکانی دیکە، هیچ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی قبوڵ نییە بەکوردو عەرەبەوەو هەموو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بەخیانەتکار سەیردەکات. ئەوەی کە رژێمی بەعس لەسوریا دەرهەق بەکورد کردوویەتی هیچی کەمتر نەبووە لەو تاوانکارییانەی کە سەدام بەرامبەر بەکورد لە عێراق ئەنجامیداوە، بەڵام بەهۆی پاڵپشتی هەندێک لەوڵاتانی خۆرئاوا لەسوریاو کەمتەرخەمی راگەیاندنی جیهانی لەبارەی بڵاوکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتەو لاوازی فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر سوریا، وایکرد سوریا بتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکاتو ئەو تاوانکارییانەی ئاشکرا نەبێت کە بەرامبەر بەگەلی کوردو ئۆپۆزسیۆن لەوڵاتەکەیدا ئەنجامیداوە".

> لەگەڵ هەشت حیزبی دیکەی کوردی سوریا رێککەوتین لەسەر ئەوەی کێشەی کورد لە سوریا کێشەی خاکەکەیەتی، کە بەداخەوە (١١) پارتی دیکەی کوردی سوریا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئێمەدا نەبوون

**دەستوور:** لەبەیاننامەی راگەیاندنی کۆنگرەکەتاندا، باستان لەبەهێزکردنی دیموکراتی لەژیانی ناوخۆی پارتی یەکێتی کورد لەسوریا کردووە، ئایا حیزبەکەی ئێوەش بەدەست کێشەکانی نەبوونی دیموکراتییەوە دەناڵێنێت؟ چ بڕیارێکتان لەوبارەیەوە داوە؟

**عەبدولباقی یوسف:** لەوڵاتێکی نادیموکراتیدا بتەوێت ببیتە پارتێکی دیموکراتی، بەڕاستی ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبیتەوە، چونکە میللەتی ئێمە فێری دیموکراتی نەبووە، نازانێت چۆن مومارەسەی ژیانی دیموکراتی بکات، ئەگەر بتەوێت حزبێکی دیموکراتی دروست بکەیت، پێویستە زەمینەیەکی لەباری دیموکراتی هەبێت، ئێمە لەکوردستانی سوریا لەمبارەیەوە موعاناتێکی زۆرمان هەیە، هەڵبژاردن دەکرێتو پاشان کۆنگرە دەبەسترێت، بەڵام بەهەنجەتی ئەوەی کارێکی نهێنییە ئەندامانی سەرکردایەتی دادەمەزرێندرێن، کە ئەمە بۆ خۆی کێشەی دروستکردووە، چونکە ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یان سکرتێری حزب کە دادەنرێن، ئەگەر شارەزاییو توانایەکی باشیان هەبێت، ئەوە واقیعی سیاسی ئەوە فەرز دەکات کە لەپۆستەکەیدا بمێنێتەوە، بەڵام سکرتێری پارتەکانی ئێمە بەردەوام لەدەرەوەی وڵاتنو تێکەڵاوییەکی نێودەوڵەتی ئەوتۆشیان نییە، هەر لەبەرئەمەیە کە کێشەکان دروست دەبن. لەساڵی (١٩٩٢) سێ پارتی سیاسی یەکیانگرتو پارتی یەکێتی کوردیان لەسوریا پێکهێنا. گوتاری سیاسی لەم سێ پارتەدا هەریەکەو بەشێوەیەک بوو، بۆئەوەی کێشەی دروست نەبێت بەتایبەتی لەسەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەکان، بڕیارماندا کە بەشێوازێکی دیموکراسیانە سکرتێر بگۆڕێت، من بۆخۆم لەساڵی (٢٠٠٠) سکرتێری حزب بووم هەتاوەکو ساڵی (٢٠٠٤)، لەماوەی دامەزراندنی پارتەکەمانەوە تائێستا (٥) جار سکرتێری حیزب گۆڕدراوە، سەرباری ئەوەش لەکۆنگرەی ساڵی (٢٠٠٦)ی پارتەکەدا (٤٠٪)ی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گۆڕدرانو لەکۆنگرەی شەشەمیشدا (٢٠٪)یان گۆڕدراون، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو حیزبدا بیروڕای جیاواز هەیەو دەرفەتی دەربڕینی رای جیاواز کراوەیە، بۆئەو مەبەستەش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی دەردەچێتو هەموو بیروڕا جیاوازەکان لەسەرانسەری حیزب تیایدا بڵاودەکرێنەوەو هەندێکجاریش ئەم بیروڕایانە گفتوگۆیەکی جدییان لێدەکەوێتەوە، ئەم کلتورەوە وایکردووە کە یەکێتی دیموکرات رۆژ بەرۆژ بەهێز بێت.

**دەستوور:** هەر لەمیانەی کۆنگرەکەتاندا باستان لەکاراکردنی جموجۆڵی حزبەکەتان کردووە، چالاکی حیزبو لایەنە کوردستانییەکانی خۆرئاوای کوردستان لەچ ئاستێکدایە؟

**عەبدولباقی یوسف:** زۆر دەمێکە گفتوگۆ لەنێوان ئێمەو پارتە سیاسییەکانی دیکەی خۆرئاوای کوردستاندا هەبووە بۆ دروستکردنی چەترێکی سیاسی کوردی لەخۆرئاوای کوردستاندا، بەڵام هۆکاری نەگەیشتن بەرێککەوتنێک لەنێوان ئێمەو پارتەکانی دیکەش لەسەر کێشەی کورد بوو لەسوریا، ئێمە پێمانوایە پارچەیەکی کوردستان لەسوریایە، بەڵام هەندێک لایەنی دیکە ئەوە نابینن کە پارچەیەکی دیکەی کوردستان لەسوریا هەیە، هەندێکی دیکەش کێشەی کورد دەکەنە کێشەی هاوڵاتیبوون وەک ئەوەی کورد لەسوریا پەنابەربێت، بەمدواییانە ئێمەو هەشت حیزبی دیکەی کوردی سوریا رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە کێشەی کورد لەسوریا کێشەی خاکەکەیەتی، کە بەداخەوە (١١) پارتی دیکەی کوردی سوریا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئێمەدا نەبوون، دواجار لەکۆتایی ساڵی رابوردوودا بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە سەبارەت بەپێکهێنانی ئەنجومەنی سیاسی کورد لەسوریا. بەبڕوای ئێمە وەکو پارتی یەکێتی کورد لەسوریا چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێویستی بەفشارێکی نێودەوڵەتی زیاترە بۆ سەر حکومەتو رژێمی بەعس لەسوریا.

# موحافیزکارەکانو ریفۆرمیستەکان خۆیان بۆ خولێکی دیکەی رووبەڕووبوونەوە ئامادەدەکەن

ئا: نەوزاد سدیق

رۆبین رایت لە رۆژنامەی تایم دەڵێت: "لەگەڵ پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکان، هەردو بەرەی موحافیزکارو ریفۆرمیستی ئێران هەموو تواناکانیان بۆ خولی داهاتووی رووبەڕووبوونەوە کۆدەکەنەوەو رژێمی ئێران هەموو هەوڵێکی خستوەتەگەڕ بۆئەوەی بوار نەدا بەریفۆرمیستەکان مانگی داهاتوو ئاهەنگی ١١ رۆژەی رووخانی شا لەساڵی ١٩٧٩ بکەنە دژەشۆڕشێک لەدژی ئەوانەی لەدەسەڵاتدا جێیان گرتوەتەوە".

بە رای رایت، دوای ئەوەی هەفتەی رابوردوو گەورە لێپرسراوانی ئێران هەڕەشەی ئەوەیان کرد کەهەموو دەسەڵاتێکی سەربازییو قەزایی بەکاردەهێنن بۆ سزادانی ریفۆرمیستەکانو لایەنگرەکانیان، ئێران دەیەوێت مۆدێلی سەرکوتکردنی گۆڕەپانی تیانامینی چینی لەساڵی ١٩٨٩ دوبارە بکاتەوەو لەو بارەیەوە نووسیویەتی: "مۆدێلی چین لەبەکارهێنانی هەموو هێزەکانی دژی جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن وەکو ئەوەی لەگۆڕەپانی تیانامین روویدا رەنگە هەمان کاریگەریی نەبێت لەکۆماری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٠، لەبەرئەوەی کۆمەڵگاو سیستمی هەردوو وڵاتەکە زۆر جیاوازن".

ئاماژەی بەوەداوە هێشتا ئێران ئەو رێوشوێنانە پیادە دەکات کە لەدژی هەڕەشەی دەرەکی دەگیرێنەبەر. رۆژی ٢٨ی مانگی رابوردوو بۆ یەکەمجار هێزە ئەمنییەکان لەمیانی مەراسیمی عاشورادا تەقەیان لەخۆپیشاندانی جەماوەریی بەرفراوانی ریفۆرمیستەکان کردوەو هاوکات لێپرسراوانی دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتەو ژمارەیەک لەپەرلەمانتاران داوای دادگاییکردنی سەرانی ئۆپۆزسیۆن دەکەن بەتۆمەتی تاوان لەدژی دەوڵەتو خیانەتکردن. جگە لەوەش رۆژی ٣٠ی هەمان مانگ، لایەنگرانی حکومەت لە دروشمەکانیان داوای کوشتنی یەکەمین سەرۆک وەزیرانی ئێران حسێن موسەویو سەرۆکی پەرلەمانی پێشوو مەهدی کەڕوبی-یان کردوە.

لەبارەی خاڵە لەیەکچووەکانی هەردوو رووداوەکەیشەوە، تایم دەڵێت: "جوڵانەوە دیموکراسیەکەی ساڵی ١٩٨٩ی چینو راپەڕینەکەی ئێستای ئێرانییەکان لەچەند شتێکدا لەیەک دەچن، لەوانە لەهەردووکیان لاوان داوای گۆڕانکاریی دەکەنو لەلایەن چەند گروپێکەوە رابەرایەتی دەکرێن کە سەرکردایەتییەکی توندوتۆڵیان نییە".

لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی گەوهەری هەیە لەنێوان هەردووکیاندا کە رەنگە ئاکامەکەیان جیاوازبێت، لەئێران هاندەری خۆپیشاندەران ئەوەیە کە دەسەڵاتداران دەستکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنێکیان کردوەو پێیانوایە مووسەوی براوە بوو، لەچین هاندەری خۆپیشاندەران کوشتنی ریفۆرمیستێک بوو بەناوی هو یاوبانگ.

لەبەشێکی وتارەکەیدا، رایت نوسیویەتی: "هەر لەسەرەتاوەو لەماوەی حەوت هەفتەدا، چین هەموو هێزی خۆی خستەگەڕ بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، بەڵام ئێران دوای حەوت مانگ نەیتوانیوە رەوشەکە کۆنترۆڵ بکات، بەپێچەوانەوە مانگی رابوردو خۆپیشاندان ١٠ شاری گەورەی گرتەوە. چین رێگەی نەدا بەکەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی خۆپیشاندانەکە رومالّ بکەن، لەبەرامبەردا ئێران تائێستا نەیتوانیوە رۆژنامەنووسانو شایەدحاڵەکان لەگواستنەوەی زانیارییەکان بۆ سەر ئینتەرنێتو لە وێشەوە بۆ فەیس بوکو تویتەر قەدەغە بکات. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە لە مێژوودا ئێران زۆر دیموکراسی تر بوە لەچین کە پتر لەسەدەیەکە خەڵک ناتوانن بەشداریی لەژیانی سیاسیدا بکەن بەڵام ئێرانییەکان لەوەتەی شۆڕشی دەستووری ١٩٠٥-١٩١١ رۆڵیان زۆربووە لەژیانی سیاسیداو یەکەم پەرلەمانیان لەئاسیا هەڵبژاردووەو بۆ ماوەی چەندین دەیە لەژێر سایەی هەردوو سیستمی پاشاییو ئایینیدا بەشدارییان لەدەنگداندا کردووە. هەروەک لەکاتێکدا چینییەکان کۆمەڵگایەکی داخراون، ئێرانییەکان ماوەیەکی زۆرە بەبیروڕای خۆرئاوا ئاشنابوون".

لەکۆتایی وتارەکەیدا، نووسەرەکەی تایم دەڵێت: "لەجیاتی دووبارەکردنەوەی رووداوەکەی تیانامینی ١٩٨٩، ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەیەوێت رووداوەکەی روخانی دیواری بەرلینو لەناوچوونی رژێمە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپا دووبارە بکاتەوە".

www.arsivakurd.org

# "ڕێژەی کورد لەناو سوپای عێراقدا زۆر کەمەو لە١٠٪ بۆ ١٢٪ تێناپەڕێت"

## سەرتیپ کاکەیی ئەندامی لیژنەی ئاسایشو بەرگری لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەستوور


چەند سەربازێکی سوپای عێراق

سازدانی: گۆران وەهاب

**دەستوور:** ٧٩ ساڵ بەسەر سوپای عێراقدا تێدەپەڕێت، ئێستا هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی ئەو سوپایە لەچ ئاستێکدایە؟

**سەرتیپ کاکەیی:** لەدوای ٢٠٠٣ەوە هەموو دەزگاکانی عێراق هەڵوەشایەوە، یەکێک لەو دەزگایانەش سوپای عێراق بوو، دواتر ئەو سوپایە کە بنیاتنرایەوە بەپێی مادەی دەستووری بووە، هەرچەندە کەموکوڕی تێدایە، چونکە مادەی نۆی دەستوور بەڕوونی ئاماژە بەوەدەدات سوپای عێراقو دەزگا ئەمنییەکان لەپێکهاتەکانی عێراق پێکدێنو دەبێت نوێنەرایەتی سەرجەم خەڵکی عێراقی تێدابێت بەبێ جیاکردنەوەو دوورخستنەوەی هیچ پێکهاتەیەک، هەروەها سەرکردایەتی ئەو سوپایەش سەرکردەیەکی مەدەنی بێت، ئیشی سوپاکەش پارێزگاری لەگەلی عێراق بکاتو نەبێتە دەزگایەکی سەرکوتکەرو دەست لەکاروباری سیاسی وەرنەدات، هیچ دەورێکیشی لەگۆڕانکاری دەسەڵاتدا نەبێت، ئەمانە بنەمای زۆر گشتین بۆ پێکهاتەی سوپای ئێستای عێراق، ئەم سوپایەی ئێستا زۆر جیاوازتر دەبێت لەو سوپایەی ڕژێمەکانی پێشتر، چونکە پێشتر سوپای عێراق هیچ کاتێک سەرکردەکەی سەرکردەیەکی مەدەنی نەبووەو کارو ئەرکەکانی ئەوە نەبووە کە نەبێتە سەرکوتکەرێک بۆ گەلانی عێراق، چونکە گەلانی عێراقو گەلی کوردستان ئازاری زۆری بەدەست ئەو سوپایەوە چەشتووە، دەسەڵاتی عێراق بەشێوەیەکی تاکڕەوانە بەڕێوەبراوە، ئەو سوپایەش بەو شێوەیە نەبووە کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق ڕۆڵیان تێیدا هەبووبێتو دوورنەخرابنەوە.

**دەستوور:** پێشتر سوپای عێراق لەسەر بنەمای تایەفی دروستکرابوو، شیعە کە زۆرینەی عێراق پێکدەهێنن، هیچ کاتێک لەپلەی سەرباز بەرەوسەر زۆرینەی سوپایان پێکنەدەهێنا، بەتایبەت پلە باڵاکان، هەمووی عەرەبی سوننەبوون، بۆ ئەمڕۆی عێراق ئەو مەسەلەیە پێچەوانە نەبۆتەوە؟

**سەرتیپ کاکەیی:** دەتوانم بڵێم لەبنیاتنانەوەی سوپا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە، هاوسەنگی پێکهاتەکانی تێدا ڕەچاونەکراوە، لەوانە ڕێژەی کورد نەگەیشتۆتە ئەو ڕێژەیەی کە دەبێت لەناو سوپای عێراقدا هەبێت، بۆیە کاتێک ئەو سوپایە پێکهێنرا، سود لەو حیزبە سیاسییانە وەرگیرا کە چەکداریان هەبوو، ئەوانە خۆیان خزاندە ناو پێکهاتەی سوپاکەوە، ئەمەش وایکرد ئەو لایەنانەی هێزی چەکداری هەبوو ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێت، هەرچەندە لەمدواییەشدا خەڵکیتر بۆ ناو ئەو دەزگایانە بانگکراوەتەوە، هەرچەندە هەندێک تێبینیش هەیە کە بەشێک لەو کەسانەی گەڕێنراونەتەوە ناو سوپای عێراقی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس دەیانگرێتەوەو ئێستا لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوە دەکرێت لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەر کە گەڕاونەتەوە ناو سوپای عێراقیو پلەیان بەرزبووە لەکاتی ڕژێمی پێشوداو یاسا ڕێگایان پێنادات کە لەناو سوپادا بونیان هەبێت، بەشێوەیەکی گشتی سوپا بەم پێکهاتەیەی ئێستا هەیەتی، پیاچونەوەی دەوێتو وردەکاریی دەوێت لەزۆر شوێنداو دەبێت ڕێبکخرێتەوە بەڕەچاوکردنی هەلومەرجی ئێستای عێراق.

**دەستوور:** سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێستای عێراق کوردە، بەڵام هیچ قورساییەکی ئەوتۆی نییە لەناو ئەو سوپایەدا، تاچەند کورد قەبارەو قورسایی خۆی هەیە لەناو سوپای عێراقداو ڕێژەی کورد لەناو ئەو سوپایەدا چەندە؟

**سەرتیپ کاکەیی:** کورد لەناو سوپای عێراقدا بوونی هەیە، بەڵام لێرەدا مەسەلەکە لەوەدایە کە هەندێک کاری نادەستوریو ڕێنمایی نایاسایی بەڕێوەچووە، کاتێک باسی وەزیری بەرگری عێراق دەکرێت، بەپێی دەستوور دەبێت وەزیری بەرگری ئەو پێداویستیانە ئامادەبکات بۆ هێزە سەربازییەکە، لێرەدا دەبێت ڕۆڵی سەرەکی بدرێت بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا، بەڵام لێرەدا ئەم مەسەلەیە لەلایەن سەرۆکی هێزە چەکدارەکانەوە کە سەرۆک وەزیرانی عێراقە دەکرێت، جۆرێک لەلادان هەیە، ئەمەش وایکردوە هەندێک دەسەڵات کە بەدەست سەرۆکایەتی سوپای ئەرکانە، بدرێت بەوەزیری بەرگری، وەک ئەوەی سەرۆکی ئەرکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت لەکاتی ئەنجامدانی کارە سەربازییەکاندا لەگەڵ فەرماندەی گشتی، ئەم کارە وەزیری بەرگری دەیکات، لەکاتێکدا بەپێی دەستوور کاری وەزیری بەرگری کارێکی مەدەنییە، ئەمە پێچەوانەی دەستوورە، ئەمەش بۆ سیاسەتی سەرۆک وەزیران دەگەڕێتەوە.

لەبارەی ڕێژەی کوردیشەوە، هێشتا کورد لەناو سوپای عێراقدا ڕێژەکەی زۆر کەمەو لە ١٠٪ بۆ ١٢٪ تێناپەڕێت.

> کاتێک مەترسییەکان دێتەئاراوە کە لەئەجێندای کەسانێکی ساسیدا بۆچوونیان وابێت، عێراق بگێڕنەوە بۆ حکومی یەکلایەنەو تاکڕەوی

**دەستوور:** هیچ ڕێکەوتنێک هەیە ئەگەر لەداهاتودا لەعێراقدا سەرژمێری کرا، بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان ئەوکاتە کورد ڕێژەکەی چەند بوو، لەناو سوپادا ئەوەندەی پێبدرێ؟

**سەرتیپ کاکەیی:** ئەمە مەسەلەیەکی دەستووریە، مادەی نۆی دەستوور باسی ئەو بابەتە دەکاتو دەڵێت دەبێت سوپا لەسەرجەم پێکهاتەکانی عێراق پێکبێت، مەسەلەی ئامار مەسەلەیەکی گرنگە بۆ وڵات، چونکە لەهەموو شوێنێکدا پێویستیت پێیدەبێت، ئەوەی ئێستا هەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد نەیتوانیوە بەپێی ڕێژەی خۆی بوونی هەبێت لەناو سوپادا.

**دەستوور:** لەگەڵ ئیمزاکردنی هەر جۆرە گرێبەستێکدا بۆ کڕینی چەک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جۆرە نیگەرانیەک لەلای سەرکردایەتی کورد دروستدەبێت، تاچەند لەگەڵ ئەو مەترسیانەدایت، ئایا ئەو مەسەلەیە هیچ جۆرە مەترسیەکی لێدەکرێت؟

**سەرتیپ کاکەیی:** لەراستیدا بەپێی ئەم پێکهاتەیەی ئێستا لەعێراقدا هەیە، بەگوێرەی دەستووریش هەموو گەلی عێراق تێیدا بەشدارە، تەنانەت کوردیشی تێدایە، کاتێک لەچوارچێوەی دەستووردا باسی لێدەکەیت هیچ جۆرە مەترسییەک دروستناکات، بەڵام کاتێک مەترسییەکان دێتەئاراوە کە لەئەجێندای کەسانێکی ساسیدا بۆچوونیان وابێت، عێراق بگێڕنەوە بۆ حکومی یەکلایەنەو تاکڕەویو یەک دەسەڵاتی، ئەوکاتە ئەو مەترسیانە ڕودەدات ئەگەر بێتو هەندێک لەو خەڵکانە لەژێر پەردەی ئەم بارودۆخە سیاسیەدا دەسەڵات بگرنە دەستو لەدوارۆژیشدا بچنە ناو دەسەڵاتی سوپاوە، مەترسییەکان لەئەجێندای ئەو حیزبە سیاسیانەدایە کە دەیانەوێت ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو دەسەڵاتە تاکڕەوییە بکەوێتەوە دەستیانو بەعسیەکان بێننەوە پێشەوەو بەئاقارێکی تریدا بەرن.

**دەستوور:** سوپای عێراق لەلاوازترین ساتەکانی بێهێزیدا، لەساڵانی پێشودا پەلاماری ناوچەی قەرەتەپەو خانەقینو ناوچە جێناکۆکەکانیدا، ئەگەر ئەو سوپایە بەهێز بوویەوە مەترسی ئەوەی نییە بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان؟

**سەرتیپ کاکەیی:** هەندێک مەسەلەیە هەیە پێویستە بەڕوونی باسی لێوەبکەین، ئەو مەسەلانە تائێستا لەنێوان هەرێمو بەغداد بەهەڵواسراوی ماونەتەوە لەوانەش ئەو ناوچانەی جێناکۆکنو مەسەلەی پێشمەرگەو بودجە، یەکێکیش لەمەسەلە هەرە گرنگەکان مەسەلەی شێوازی حکومڕانی لەبەغدایە کە ئەمە کێشەی لەسەرە، هەروەها مەسەلەی پەیوەندییەکانی دەرەوەش کە دەستوور هەندێک ڕێوشوێنی بۆ حکومەتی هەرێم دیاریکردوە، ئەمانە هەمووی بابەتی هەڵواسراون لەنێوان هەرێمو بەغدا، ئەگەر حکومەتی بەغدا بیر لەوەبکاتەوە بەشێوەیەکی سەربازی ئەم مەسەلانە چارەسەربکات پێموایە ئەمە جێی هەڵوەستەیە، هەروەک لەکاتێکدا سوپای عێراق پەلاماری خانەقینیدا قسەی لەسەرکرا، ئەم مەسەلەیە دەبێت بەجدی بیری لێبکرێتەوە، هیچ کاتێک جێگەی ئەوە نییە کە مامەڵەیەکی ساکارو سادەی لەگەڵدا بکرێت، دەبێت ئامادەبوونێک هەبێت تا ئەم زیادەڕەویانە نەکرێت، هەڕەشەو مەترسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەجێندای ئەو حیزبانەی لەعێراقدا دەسەڵات دەگرنەدەست، کاتێک سوپا دەخەنە ناو مەسەلە سیاسییەکانەوەو بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلە سیاسییەکان بەکاریدەهێنن.

# "بەهۆی تەمەڵی خۆمانەوە، ئائێستا کورد سەنگو شوێنی پێویستی لەناو سوپادا نییە"

## لیوا سەروەر قادر، پسپۆڕی سەربازیو ئاسایشی نیشتمانی بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**دەستوور:** ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزراندنی سوپای عێراقدا تێدەپەڕێت، ئەو سوپایە لەڕابردودا پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بەو ڕژێمانەوە هەبووە کە حکومڕانی عێراقیان کردوەو لەلایەن ئەوانەوە ئاراستەکراوە، ڕۆڵی سوپای ئێستای عێراق لەپرۆسەی سیاسیدا چۆن دەبینیت؟

**لیوا سەروەر قادر:** لەئەوروپاو لەئەمەریکا، لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتو ئیسلامیدا، هەموو سوپایەک داردەستی هێزی سیاسین، ئەو سوپایەی لەساڵی ١٩٢١ لەعێراقداو لەژێر ڕکێفی بەریتانیادا دروستبوو، دوای ڕوخانی دەسەڵاتی عوسمانیو هاتنی بەریتانیا بۆ عێراق، بەفەرمانی ئەوان لەلایەن جەعفەر عەسکەری کە وەزیری بەرگری عێراق بوو، لەحکومەتی کاتی ئەو سەردەمەدا سوپای عێراق دروستکرا، مەبەستی بەریتانیاش لەدروستکردنی ئەو سوپایە بۆ ئەوەبوو لەناو خەڵکی عێراقدا هەستێکی نەتەوەیی هەبێت.

لەدامەزراندنی سوپای عێراقدا دەبێت ڕۆڵی کورد لەبیر نەکرێت، ئەوانیش دوو بەش بوون، بەشێکیان لەسوپای ئەوکاتەی بەریتانیادابوونو کشانەوە، بەشێکیشیان لەسوپای عەرەبیدابوو کە ئەوکاتە حسێنی شەریفی مەککە، واتە حسێن بن عەلی دایمەزراندبوو کە دەکاتە باوکی فەیسەڵ.

سوپای عێراق لەشۆڕشی شێخ مەحمودەوە تا شۆڕشی ئەیلول، تا پرۆسەی ئەنفال لەدژی مەرامی کوردو ئەوەی کورد داوایکردووە، بەکارهێنراوە.

لەسەردەمی حکومڕانی سەدامیشدا هەر بەهۆی سوپای عێراقەوە مەرامەکانی بەعس بەتایبەت بەرامبەر بەکورد لەڕێی ئەنفالو کیمیابارانەوە، بەلێدانی هەموو جوڵانەوەیەکی کوردو گەلانی عێراق جێبەجێکرا. هەر ئەم سوپایە بوو کە دروستبوو، کودەتای بەسەر خۆیدا هێنا.

ئێستا بەهۆی ئەوەی عێراق دەستوورێکی هەمیشەیی هەیەو دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئەمەریکا سەرپەرشتی دروستکردنەوەی سوپای عێراق دەکاتو پێداویستیە سەربازییەکانی بۆ دابیندەکات، ناتوانین بڵێین هەمان مەترسی پێشووی بۆ گەلانی عێراق هەیە، بەتایبەتیش کورد، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ سوپا لەژێر دەسەڵاتێکی مەدەنیدایەو سەرۆکی هێزە چەکدارەکان سەرۆک وەزیرانی عێراقە، فەرماندە سەربازییەکان بەپێی دەستوور نەبێت هیچ دەسەڵاتێکیان نییە، بەپێی دەستووریش دەبێت سوپا لەسەرجەم پێکهاتەکانی عێراق پێکبهێنرێت، هەرچەندە لەڕێژەدا جیاوازی هەیەو تائێستا کورد شوێنو سەنگی خۆی نەگرتووە، ئەویش بەهۆی کەمتەرخەمی خۆمانەوەیە کە تائێستا بەشێوەیەکی جدی نەچوینەتە ناو پرۆسەکەوە.

سەربازی کورد نایەوێت بچێتە بەغداو شارەکانی تری عێراق، چونکە ئەوێ بەهی خۆیان نازانن، هەردەیانەوێت لەتەمەڵیدا کاربکەن، هەرچەندە لەچەند شوێنێکی سوپادا کورد هەیە، ئەو ئەزمونە سەربازییەی ئێستای عێراق پەیڕەوی دەکات، مەترسی ئەوەی لێناکرێت جارێکی تر هەرێمی کوردستان داگیربکاتەوە یان هێرش بکاتە سەر وڵاتانی تر.

**دەستوور:** ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەزگایەکی وەک سوپای عێراقدا تێدەپەڕێت، ئاستی سوپای ئێستای عێراق لەڕووی توانای لۆجستیو سەربازییەوە لەچ ئاستێکدایە؟ ئایا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە گەیشتۆتە چ ئاستێک؟

**لیوا سەروەر قادر:** سوپای عێراق لەدوای ٢٠٠٣ەوە هەنگاوی باشی ناوە، لەڕووی دامەزراندنی چەندین فیرقەو مەشقپێکردنیو هێنانی چەکی مامناوەند بۆ ئەو سوپایە، بەڵام ئەو ئەزمونە سەربازییەی پێشتر هەبوون ئێستا لەو کەسانە حەرامکراوە، لەوانەش ئەفسەرە گەورەکانی حزبی بەعس، هەروەها ئەو سەربازانەی خزمەتی موکەلەفیان نەماو تەمەنیان زیادبووە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین سوپای ئێستای عێراق ئەو هێزەی جارانی نەماوە کەپێشتر دوو جەنگی گەورەی وەک ئێرانو کوەیتی کردو ئەزمونێک بوو بۆ سوپای عێراق، ئەو سوپایەی ئێستا هەیە هەنگاو بەهەنگاو دەبێت، بەڵام ناتوانین بڵێین نەگەیشتۆتە توانای سوپای پێشوتری عێراق، لەبەرئەوەی ئێستا ئەمەریکا لەعێراقدا چاودێرە بەسەر دامەزراندنی ئەم سوپایەو نایەوێت سوپایەکی وەک سەردەمی بەعس دروستببێتەوەو ببێتە مەترسی بۆسەر بەرژەوەندیەکانی، هەروەها ببێتە مەترسی بۆسەر دەوڵەتانی دراوسێی عێراقو وڵاتانی تر، ئەو موشەکو کەلوپەلە سەربازییانەی پێشتر هەیبوو ئێستا نیەتیو بواری ئابورییەکەی ڕێگای پێنادات، جگە لەوەی لەڕووی سیاسیشەوە ئەمەریکا بوار بەعێراق نادات.

ئەو چەکانەی ئێستا سوپای عێراق هەیەتی هەمووی چەکی پیادەیە، ترسێکیش بۆ عێراق دروستبووە کە نەپەڕژێتە سەر گەلانی عێراقو وڵاتانی دراوسێی ئەویش بوونی قاعیدەو بەعسییەکانە.


سەروەر قادر

**دەستوور:** بەپێی مادەی نۆی دەستوور دەبێت پێکهاتەی سوپای عێراقو هێزە چەکدارەکان لەسەرجەم پێکاتەکانی عێراق پێکبێت، لەچەند ساڵی ڕابردودا ئەو هاوسەنگیو پرەنسیپانە تاچەند ڕەچاوکراوە؟

**لیوا سەروەر قادر:** تائێستا دەستوورەکە جێگیرکراوەو لەدامەزراندنی سەربازوئەفسەرانی عێراقدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەهۆی ململانێی سیاسییەوە دەبینین مەسائیلی مەزهەبی لەساڵانی پێشتردا زۆر بەزەقی دەوری هەبووە لەناو سوپادا، بۆ نمونە هەردوو سوپای مەهدیو بەدر هەبوون کە بەشداربوون لەخوێنی یەکترداو کوشتن لەسەر ناسنامەی شەخسیو مەزهەبی، بەڵام ئێستا سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکی حکومەتو ئەنجومەنی نوێنەران کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی بتوانن کاریگەریان لەسەر کوتلە سیاسیەکان هەبێتو ئەوەی لەدەستووردا هەیە بێتەدی، بەڵام ئێمەی کورد ڕێژەکەمان لەناو سوپادا زۆر کەمە، دەبێت لەحکومەتی داهاتودا هەوڵی زیادکردنی بدەین، بەپێی مادەی ١٢١ی دەستووریش خاڵی پێنجەمی ڕێگەمان پێدەدات هێزەکانمان لەکەسانی خۆمان بێت، ئەوانیش پاسەوانی هەرێمو هێزی پۆلیسو ئاسایشە، دەبێت ڕێکبخرێن، دەبێت بڵێین لەکوردستاندا پاسەوانی هەرێممان هەیە، دەبێت کۆلێژی نوێ بۆ ئەو هێزە دروستبکەین، تا ژمارەمان لەناو سوپای عێراقدا بەشێوەیەکی نیزامی زیادبکەین.

**دەستوور:** سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق کوردە، بەڵام بوونێکی ئەوتۆی نییە کە دیاربێت لەناو سوپای عێراقدا ئایا کورد تاچەند سەنگو قورسایی لەناو سوپای عێراقدا هەیە؟

**لیوا سەروەر قادر:** بەڕوونی پێت بڵێم پێشتر قەبارەمان زیاتر بوو، بەڕێوەبەری ئیستخبارات کورد بوو، سەرۆکی قوەی جەوی کوردبوو کەئێستاش کوردە، موفەتیشی گشتی کورد بوو، بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی بەرگری هەر کورد بوو، بەفیعلیش بونیان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو شوێنانە لەکورد دورخراوەتەوە، سەرۆک ئەرکانی سوپا وەک پێشمەرگەیەک ئەوەندەی ڕێگەی پێبدرێت کاردەکات، دەبێت هەوڵی ئەوەبدەین تەنها پۆستە سیادییەکان کورد نەبێت، بەڵکو لەشوێنەکانی تردا بونمان هەبێت، وەک ئەفسەری ڕوکنو ئامرفەوجو ئامر لیواکاندا، دەبێت بەپێی ئەو مادە دەستووریە بونی خۆمان زیادبکەین، ئەویش لەڕێگای ڕێکەوتنێکی سیاسییەوە دەبێت، پێویستە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو وەزیری پێشمەرگە کاتێک لەگەڵ حکومەت ناوەند دادەنیشن زۆر بەڕوونیو ئامادەباشیەوە ئەوە باسبکەنو کەسانی شیاو بۆ ئەو شوێنانە دیارییبکەن، دەبێت حزبایەتی لێدووربکەوێتەوە، چونکە بەگوێرەی دەستوور نابێت حزب لەناو سوپادا هەبێت، واتە ئەمانەی لەهەرێمەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی ناو سوپا دەچن بەناوی هیچ حزبێکەوە بێت، چ پارتی بێت یان یەکێتی، ئەگەر لەناو خۆشیاندا هەبێت، کاتیک لەچیای حەمرین دەرچوون ئەو مەسەلەیە لەبیر خۆیان بەرنەوە، نابێت کە چونە بەغدا ئەوەی یەکێتیە بۆ لای یەکێتی ڕابکاتو ئەوەی پارتیە بۆلای پارتی ڕابکات، دەبێت بەناوی کوردایەتییەوە بچێت، دەبێت کورد پشکی خۆی هەبێت، نابێت دوورە پەرێزبین، دەبێت بەجورئەتەوە پێیانبڵێینو بیخەینەڕوو، نەک شەرم بکەین، ئەو کەسانەی دەچنە ناو سوپاشەوە کەسانی ئەکادیمی بن، کەسانێک نەبن لەهەوڵی گەندەڵیو گیرفان پڕکردنو دروستکردنی کۆشکو تەلاردابن، بەڵکو هەوڵبدەن وەک کورد بونیان هەبێت وەک ئەوەی کورد لەپێشتردا هەبووە، بەو شێوەیە بێت.

**دەستوور:** تائێستا مەسەلەی گۆڕینی پێشمەرگە بۆ هێزێکی نیزامیو بەشداربوونی لەسوپای عێراقدا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئایا کێ لەمە بەرپرسیارە؟ تاچەند کاریگەری دەبێت لەسەر مانەوەی کێشەی پێشمەرگە بەهەڵواسراویو بوونی بەو ڕێژەی ئێستا لەسوپای عێراقدا هەیە؟

**لیوا سەروەر قادر:** خۆمان بەرپرسیارین، دەبێت سەرانی سیاسی کوردستان یەکەم کەسیش سەرۆک هەرێم مەسعود بارزانیو سەرۆکی حکومەتی هەرێمو وەزیری پێشمەرگە نەخشەکانیان بۆ ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بەشێوازێک بێت کە لەهەموو ڕەمزێکی سەربازی کورد بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو هێزە گەورەیەی یەکێتیو پارتی کەڵک وەربگرن، ئەو هێزانەش ببنە هێزێکی نیزامی سەربازی، سود لەدەرچوانی کۆلێژەکانی قەلاچوالانو زاخۆ وەربگیرێت کە هەموویان ئەفسەری نیزامین، ئەو هێزەی بەهێزی پاسەوانی هەرێم ناسراوە لەهەرێمدا بەرگری بکاتو مەترسی سوپای عێراقمان لەسەر نەبێت، هێزەکان بەتوانایەکی زانستیەوە لەئامادەباشیدا بن بۆ هەر ڕووبەڕووبونەوەیەک کە دێتە ڕێیان.

**دەستوور:** سەلماندنی هێزی پێشمەرگە لەدەستووردا بەهێزێکی نیزامی لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە بەدەستکەوتێکی گەورە لەقەڵەمدەدرێت، پێتوانیە ئەگەر نفوزی کورد لەبەغداد کەمبکاتو بارودۆخەکە جارێکیتر بگۆڕێتو ئەو هێزە بەمیلیشیا لەقەڵەمبدرێتەوە وەک تائێستاش لەلایەن بەشێک لەسەرکردەکانی عێراقەوە بەو شێوەیە ناودەبرێت؟

**لیوا سەروەر قادر:** بەڵێ ئەو دەنگە نەزۆکانە تائێستاش لەبەغدا بونیان هەیە کەدەڵێین یەک سەرکردەی هێزە چەکدارەکان لەعێراقدا هەبێت ئەویش مالیکیە، نابێت مەسعود بارزانی هەبێت، بەڵام سەنگی ئێمە دەستوورە، خاڵی پێنجەمی مادەی ١٢١ی دەستوور زۆر بەڕوونی تێیدایەو دەڵێت بۆ هەرێمی کوردستان هەیە ئیدارەی ئاسایشی ناوچەی خۆی بکات لەپاسەوانی هەرێم، ئاسایشو پۆلیس، کەواتە ئەم سێ هێزە دەتوانین ئەوەی پێشتر هەبوو فەرماندەی فەلەکو ئەوانەی تر کەهەموویان پێشمەرگەنو لەکۆلێژەکان مەشقیان پێکراوە، بەپێی دەستوور بکەین بەپاسەوانی هەرێم.

بۆ داهاتوی عێراقیش ئەگەر لێرە خۆمان بەهێزکرد واتە هێزێکی بەرگریمان لەکوردستاندا هەیە، هەروەها بەپێی ئەو ڕێژەیەی لەسوپای عێراقیشدا پێمان دەدرێت بۆ ئەوێ ڕەمزێک دەبن، دەبێت سەرانی سیاسی کورد وەک سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانی کوردستان لەهەموو مەسەلە نهێنیەکاندا بەتایبەت لەسەر مەسەلەی ڕێژەی کورد لەسوپای عێراقدا ئاگاداربنو هەوڵی بۆ بدەن.

دەستوور: لەساڵانی پێشوتردا سوپای عێراق لەکاتی بێهێزی ئەو سوپایەدا پەلاماری ناوچەی قەرەتەپەو خانەقینو هەندێک لەناوچە جێناکۆکەکانیدا، ئەگەر ئەو سوپایە لەداهاتودا بەهێزبێتەوەو هێزی پێشمەرگەش بەمشێوەیە بمێنیتەوە کە ئەوان بەمیلیشیا ناوی دەبەن، ئایا سوپای عێراق مەترسی ئەوەی لێناکرێت بگاتەوە هەولێر؟

لیوا سەروەر قادر: دەبێت لەم مەسەلەیەشدا هەموو موفاجەئاتێک بەدوور نەزانین، لەوکاتانەدا بەهێزین کە حساب بۆ لایەنی بەرامبەر بکەین، لەبەرئەوە کاتێک کێشە لەناوچەی خانەقین دروستبوو، هەڵوێستی پێشمەرگە باشبوو، بەڵام دەبوایە پەرلەمان زۆرتر قسەی لەسەر بکردایە، چونکە بڕیاری هەموو جەنگێک لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، نەک لەلایەن هێزێکی عەسکەرییەوە، چ لەکوردستان یان لەعێراق، کاتێک هێزی پێشمەرگەو نوێنەری سەرۆکی هەرێم لەوکاتەدا چوونە ناوچەکە، وایکرد لایەنی بەرامبەر بەخۆیدا بچێتەوەو نەیەنە پێشەوەو ئاژاوە دروستببێتەوە.

دووپاتی دەکەمەوە بۆداهاتوو کاتێک لەو مەترسیە دوردەکەوینەوە کە هێزەکانی پاسەوانی هەرێم ڕێکبخرێن تا بەهێز بنو ڕێگری لەهەر ڕووداوێک بکەن، بەتایبەت بۆ وڵاتانی دراوسێ کە بەلاواز سەیرمان نەکەن، ئەوەش بەهێزێکی نیزامیو یاسایی دەبێت، لەگەڵ ئەو ڕێژەی لەسوپای عێراقدا پێماندەدرێت.

> لەشۆڕشی شێخ مەحمودەوە تا شۆڕشی ئەیلول، تا پرۆسەی ئەنفال ئەم سوپایە دژی کورد بەکارهێنراوە.

> ئەمەریکا نایەوێت سوپایەکی وەک سەردەمی بەعس دروستببێتەوەو ببێتە مەترسی.

# وڵاتان لەسەر چەمکی برایەتی ئایینی بونیاد نانرێن!

سازدانی: سەمیر ساسی

بورهان غلیون بیرمەندێکی سوریە، بەڕێوبەری لێکۆڵینەوەی هاوچەرخە لەزانکوی سۆربۆن، مامۆستای کۆمەڵناسی سیاسیە، چەند کتێبێکی هەیە بەهەردوو زمانی عەرەبیو فەرەنسی، بەناوبانگترینیان : ڕوونکردنەوەیەک لە پێناو ئازادیدا، مەسەلەی مەزهەبیو کێشەی عەقڵەکان، تیرۆر کردنی عەقڵ، هەڵبژاردنی دیموکراتی لەسوریا، کارەساتی عەرەب، وڵات دژی گەلو دەیان کتێبی تر.

**پرسیار:** هەندێ لەتوێژەرەوان پرۆژەکانتان لەبواری هەوڵی گێڕانەوەی پانتایی سیاسی لەفکری عەرەبیدا دادەنێن، بەڵام عەیبدارتان دەکەن بەبێئاگایتان لەو جیاوازیەی کە ئەم ڕێکخستنە لەگەڵیدا پێکدادان دەکات، ئەویش ئەوەیە کە فیکری عەرەبی سەرچاوە ناگرێت لەوەرگرتنی چەمکێک لە چەمکە ئەوروپیەکان، هەتاوەکو ئەو چەمکە بەلاوەنرێتو نەچێتە قۆناغی پیریەوە لە شوێنە بنچینەییەکەیداو چەمکێکی تازە بەدوایدا دەست پێبکات، عەرەبەکان خۆیان بەسەربەخۆ دەزانن لە ڕۆشنبیریی ئەوروپی، بەمەش چوار چێوەی دواکەوتنیان فراوان دەبێتو باڵ دەکێشێ نەک تەنها بەسەر ئێستادا بەڵکو بەدیلی ئەو داهاتوە دەبێت کە داخوازی دەکەن بەپێی لێکدانەوەکەی محمد عابد ئەلجابری؟

**وەڵام:** من نازانم ئەگەر هاوێنەی ئەم ڕەخنانە ئاڕاستەی من کرابێت یان نا، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەبێت کە ئێمە ناتوانین بنەمای پانتایی سیاسی لە فیکری عەرەبیدا بگێڕینەوەو تەنها بەکلتوری فیکریو مێژویی خۆمان سەرفراز دەبین، بێگومان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانیم، مەبەستم ئەوەنیە ڕازی بم بەوە کە گەردونی بوونی مرۆڤ موجەڕەدەو جیاوازە لە دەقە مێژوییو کلتوری و ڕۆشنبیریەکان، ئێمە بێگومان ناکۆک نین لەگەڵ ڕۆشنبیرییو مێژوی تایبەتی هیچ گەلێک کە واتاو شوێنەواری هەیە لەسەر وێنەی داهاتوی لە ڕووی فیکرو رامیارییەوە، بەڵام ڕەدکردنەوەی گەردونی بوونی موجەڕەدو تێکەڵ بوونی بەسەنتەری ئەوروپیەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە بەرەو ڕێژەگەری موجەڕەدو هەروەها گەردونی بوون ببات، واتا ڕۆشنبیرییە تایبەتیەکانی هەموو گەلێکو ئەزمونە مێژوییەکانی لە چەندجیهانێکی جیاواز لە یەکتر، یان لەچەند گەردونێکی موجەڕەد ژیان دەکەن کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو گۆڕانکاریان بەسەردانایەتو کاریگەرنینو کاریگەریشیان لەسەر نیە.

من لەنێوان ئەم دوو تێڕوانینەدام، باوەڕم وایە مێژووی هیچ گەلێک لەگەلان نیە کە تێکەڵ نەبێ بەمێژوی گشتی ڕۆشنبیرییو هەردولا سودیان لەیەک وەرگرتوە، بۆ نمونە لێرەدا مێژوویەکی گشتیو ڕۆشنبیرییەک نیە بەتەواوی لەکوێ مێژووی گەلانو ڕۆشنبیریو ئەزمونی کۆمەڵە تایبەتەکان سەربەخۆ بێت، مێژووی گشتی بەرهەمی تەواوی پێکدادانە ڕۆشنبیریو کۆمەڵگا مرۆییەکانەو شوێنی بەیەکگەشتنی داهێنانە تیۆریو پراکتیکیەکانە، ئەو مێژووەی کەتایبەتە بەهەموو کۆمەڵێکەوە بەرهەمی بەریەککەوتنە لەنێوان ژینگەو کردارو داهاتە ناوخۆییە ماددیو نامادیەکانی گەلێک لە گەلانو لەگەڵ مێژووی گشتی شارستانیەت، بەو مانایەی کە گەنجینەیەکی هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا، ئەگەر ئەم بەریەککەوتنە نەبوو ئەوە لێرەدا مێژوویەکی تایبەت نیە، بەڵکو گۆشەگیرییەکی ڕەهایەو گۆڕاوەو بەهیچ شێوەیەک بەرەوپێش ناچێو کۆمەڵە مرۆییەکانیش پێکەوە نابەستێتەوەو ڕێگریشە لە قسەکردن لە هەر شارستانیەتێکی هاوبەشی مرۆیی، بۆ نمونە: ئەو کەسەی کە بەلای کەمەوە تۆماری ئەو سەرچاوە تایبەتیو خۆییانە دەکات کەتایبەتن بەخۆیانەوەو لەگەلانی تر جیایان دەکاتەوە.

کەواتە لێرەدا ئەزمونە تایبەتەکانو داهێنانە هاوبەشەکان سەربەخۆنابنو مێژوویەکی تایبەتی ڕۆشنبیریو شارستانیەتێکی مرۆیی هاوبەش دروستنابێت، لە چوارچێوەی فیکردا، هەروەک چۆن لەچوار چێوەی پێشکەوتنی تەکنیکیدا بەدەست هێنراوەکانو داهێنانە مرۆییەکان نیشتیمانێکی کۆتاییان نیە، دوای لەدایکبوونیان ڕێبازی بڵاوبونەوەو پەرەسەندن دەگرنەبەر، هەروەک چۆن لەبواری تەکنیکی کشتوکاڵو پیشەو جەنگدا بەدەست هێنراوەو لەبواری ڕێکخستنی ئایینیو فەلسەفیو ئەخلاقیشدا بەدەستدێت، ئەمە والە ئێمە دەکات لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا لەیەکتر تێبگەینو گفتوگۆبکەینو لەسەر داهاتوو پێکبێین بەو جیاوازیەی کە لەنێوان تێڕوانینو بیرو دابونەریتە تایبەتیو گشتییەکاندا هەیە.

ئەگەر موسڵمانەکان سەیری کلتوری فەلسەفی یۆنان بکەن لەو ڕوەوە کە تایبەتە بەیۆنانیەکانەوەو ئەگەر سەیری کلتووری زانستی ئیسلامیش بکەن لەو ڕوانگەیەوە کەتایبەتە بەموسوڵمانەکانەوە، ئەوە نەفەلسەفە پێش دەکەوێتو نەبیرکردنەوە زانستیەکان بەرزدەبنەوەو نەشارستانیەتەکان بەرەو پێشەوەدەچن، کێشە نەلەوەرگرتنی چەمکەکانەو نەلەو هەڵسوکەوتانەیە کەلەکۆمەڵگاکانی ترەوە پێمان دەبەخشرێن وەک داهێنراوە فیکری و تەکنیکیو مادییەکان، کێشە لەڕێبازی مامەڵەکردنە لەگەڵیاندا: لاسایی کردنەوەیان یان وەرگرتنیان بەبێ گفتوگۆ، یان بەریەککەوتن لەگەڵیاندا وەک بەرهەمەکانی عەقڵو ملکەچی چەمکەکان بۆ ڕەخنەو پرسیار، لایاساییکردنەوە واتا: سڕینەوەی بەرهەمی ئەزمونە ئامادەکان، ئەمەش بەرەو زانیارییەکی هەڵەمان دەبات، بەپێچەوانەشەوە لەکاتێکدا کە ڕەخنە لەو چەمکانە بگیرێت کە پەیوەندیان بەزانیاری مێژوویی سنوردارەوە هەیە، ئەوا نە ئەزمونێک وەردەگرینو نەلایاسایی نمونەیەکی ئامادەکراو دەکەینەوە، بەڵام ئێمە ئەوەی چاکە لەئەزمونەکەدا وەری دەگرین، واتا ئامرازی فیکرە سەرەکیەکان، بەرهەمەکەی لەئەزمونێکی تازەدا بەکاردێنینەوە کە بگونجێ لەگەڵ دووبارە دروستکردنەوەی ئەو چەمکانەو تازەکردنەوەی واتاکانیان، ئەمەش داهێنانە لەمێژوودا و بنچینەییە، بێجگە لەمەش پێویستە لەسەر هەموو کۆمەڵگەیەک کە دووبارە داهێنان بکەن لەهەموو ئەو بەرهەمانەی کە کۆمەڵگاکانی پێشەوە لەم گۆڕەپانو لەو گۆڕەپاندا بەدەستیان هێناوە، هەروەک چۆن ڕوونە ئەمە هیچگەرایەتی فیکرییە، هیچ مانایەک نیە بۆ زانست لەهەموو شوێنێکدا بەواتا سەردەمیانەکەی ئەگەر ئەو زانیاریەی تێیدایە پەسەندی دادگای عەقڵی نەبێت، بەچاوپۆشی لەو کۆمەڵگانەی کە بەرهەمیان هێناوەو ئەو کلتورانەی کە ئەو مەعریفەیەیان پەروەردە کردوە، گەلەکان سەرمایەیەکی زۆر دەخەنە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی هەر زانستێک لەگەڵ ئەوەشدا وەک کلتوری تایبەتی خۆیان سەیری ناکەن.

بەدوری دەزانم کە محەمەد عابد ئەلجابری هاوێنەی ئەم قسانەی بە من یان بەهەرکەسێکی تر وتبێ، پێشی سەیر بوو کە هاوێنەی ئەم فیکرانە باڵبکێشنو بانگەشەی گۆشەگیری بکەن بەسەر دەروونو کەلەپوردا، لە کاتێکدا کە پێشکەوتنی زانستو تەکنیکی زانستیو داخوازی یەکگرتنی جیهانی دیاردەیەکی زیندوە زیاتر لەهەر چەرخێکی پێشوو.

**پرسیار:** لەکتێبەکەتدا (ڕەخنەی سیاسەت) لێکدانەوەتان کردوە بەوەی کە ئایین دامەزرێنەری یەکەمی کۆمەڵگەی شارستانی مرۆییە، لەکاتێکدا کە نمونەی هاونیشتیمانی نمونەی دووەمە، لای جەنابتان ئاشکرایە کە هەڵگری ئەم بڕیارە دورخستنەوەی ناوەڕۆکی بڕیاربەسەردا دراوەکەیە کە لێرەدا (ئایینە) لە چوارچێوەی کاری کۆمەڵگای شارستانی. ئایا پێتوانیە کە ئەم بڕیارە لە توانایدا هەیە کە دووبارە ئاگایی ئەو لێکترازانەی کە ئێوە هەوڵتانداوە دژایەتی بکەن بگێڕێتەوە؟

**وەڵام:** نەخێر، لێرەدا قسەیەک هەیەو دەڵێت ئایینەکان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دامەزراون، لەسەر چەمکی برایەتیو گرنگیدان بەو پەیوەندیە نزیکەی کە لەنێوان تاکەکانداهەیەو پاڵنەرە بۆهاوکارییوبەرپرسیاریو یەکگرتن، سەرەتا وڵاتی ئێستا بۆ پەیوەندیەکی سیاسی لەسەر فیکرەی هاونیشتیمانیبوون دامەزراوە، کە گرنگی دەدات بەئازادی تاکەکانو سەربەخۆییو ملکەچیان بە یەکسانیو هاوکاریکردنیان لەبەردەم یاسایەکدا بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتو گشتیەکانیان، ئەمەش لەنرخی کۆمەڵگەی ئایینی کەمناکاتەوەو لەبایەخی کۆمەڵگەی سیاسیش زیاد ناکات، ئێمە لەبەردەم دوو بابەتداین کە بەدرێژایی مێژوو بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی دامەزراون، بە پێچەوانەی پرسیارەکەوە، ئایین ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لەکۆمەڵگای شارستانی نوێدا کە لەلایەن دەوڵەتی سیاسیەوە بەرهەم هێنراوە، ئایین لەوڵاتە عەرەبیو ئیسلامیەکاندا گەورەترین بزوێنەرە بۆ کۆمەڵە خێرخوازیەکانو تۆڕەکانی یەکگرتنو هاوکاری لەنێوان تاکەکاندا، ئەوەی کە زیندویەتی زیاد دەکات لەدەوڵەتی سیاسیدا نەبونی دەوڵەتی ئیسلامییە یان بوونی دەوڵەتێکی لاوازو ناتەواو و بێهێز لە پەیمان بردنە سەری پێویستیەکانو گۆڕەپانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، کەواتە مەبەست لەقسەکردن لەنمونەی پەیوەندی برایەتیو پەیوەندی سیاسی دوورخستنەوەی ئایین نیە لەدەورگێڕانی لەکۆمەڵی شارستانیدا، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە وڵاتان یان کۆمەڵە سیاسیەکان لەسەر چەمکی برایەتی ئایینی بونیاد نانرێن، بەڵکو پێویستیان بە تێگەشتنی هاونیشتیمانی هەیە، واتا بەشداریکردنی تاک لەوەرگرتنی بڕیارە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەمەش وادەکات کە ئازادی بنچینەیی بوونی هەبێت بۆ پاراستنی سەر بەخۆیی تاکو پێگەشتنی فیکریو ئەخلاقیو توانای هەڵبژاردن، چەمکی برایەتی ئایینی کۆمەڵێکی بەهێزی پێکەوە بەستراو دادەمەزرێنێت، ئەویش کۆمەڵی موسڵمانانە، کە ڕێگرنیە لەدامەزراندنی دەوڵەتە ئیمپراتۆریەکان، هەروەک چۆن لەرابردودا بوونیان هەبووە، بەڵام نەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتیمانی، ئەمەش بەردەوام سەرچاوەی سەرەکیە بۆ گیانی برایەتی دروست و دروستکردنی دامەزراوەیەکی شارستانی یەکگرتوو بەرپرسیار.

**پرسیار:** ئەگەر پێکهاتەی پرسیارەکە بەجۆریکی تر دووبارە بکەینەوە، چۆن پێکهاتن دەکەیت لەنێوان ئەوەدا کەڕێت پێبردوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایین هەرچەندە بگاتە دەوڵەتو سیاسەت وابەستەیە بەلایەنێکی تریشەوە کە بریتیە لەگرنگی پێدانی لە چوار چێوە ئیمانیەکەیدا کە تیشکدانەوەی ڕواڵەتی ڕۆحیو ئەخلاقییە، بەدەرە لەپێویستیە مادی یەکانو گرنگیدانە بەپێویستیە ڕۆحیەکان، ئەم پەیوەندیە چۆن دەبینیت؟

**وەڵام:** لێرەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان سیاسەت و دەوڵەتدا، دەوڵەت کۆمەڵە دامەزراوەیەکی

ڕێکوپێکەو بریتیە لەچەند پرۆژە یاسایەکی بەڕێوەبردن، کە هاوتانیە لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا کە پێک هێنراوە بۆ بەرزڕاگرتنی کۆمەڵ لەچەند ئامانجو دابونەریتو لێپرسراویو چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی کۆکو ناکۆک بۆ بەدەستهێنانی سوودە لاوەکیو سەرەکیەکانیان پێکەوە، ئەمەش دەبێت لەبنچینەدا ئامادە کرابێت لەڕووی سەرنجو تێڕوانینو پرۆگرامەوە لەسەرئاستی کۆمەڵ نەک لەناو دەوڵەتدا، ئەمەش لە بۆشایدا بەرجەستە نابێت بەڵکو لەژینگەیەکی ئایینیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە دەبێت، سیاسەت ڕەنگدانەوەیە لەدابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانو بەدەستهێنانی هیواو خەو و بەرژەوەندیەکانیان، پێویستیەکی کۆمەڵایەتی زۆرینەیە، ئەو ئاینەی کە ڕاهێنەری ڕەفتاریو پەروەردەیی تاکەکانە، لە کۆمەڵگا عەرەبیەکاندا دەتوانێت لێکدانەوەی خودی خۆی بکات لە سیاسەتداو ڕێکخەری پێکدادانە فیکریو مادیەکان بێت، بەڵام نەک بەشێوەیەکی گشتگیر بەسەر هەموو چەرخ کۆمەڵگایەکدا، مەگەر کاتێک کە ئێمە بەجۆرێ لەئایین تێبگەین کە کۆمەڵگایەک لەکۆمەڵگاکان لێی تێگەشتون لەڕووی دابونەریتو فیکرو بیرو باوەڕەکانەوە.

**پرسیار:** بۆچی کورت بریت کردوە لەسەر وتاری ئیسلامی جۆراوجۆر لە پێناسەکەتدا بۆ هۆکارەکانی شڵەژان لەسەر هۆشیاری سەبارەت بەتەنگوچەڵەمەکان، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەجەنابتان پاشگەز بوونەتەوە لەو ڕەخنەتوندانەی لە عەلمانیەتتان گرتووە، کە لەناوەندی بیرمەندە عەلمانیەکاندا بەتوندی توشی ڕەخنە بوونەوە.

**وەڵام:** بەتەواوی تێنەگەشتم مەبەستت چییە لەم پرسیارە، پەشیماننیم لەو ڕەخنەیەی کە گرتومە، چونکە شێوازێک لەعەلمانیەت خۆی وادەردەخات کە لەبری دینە یان دژی دینە، ئەم ڕەخنە بەهیچ جۆرێک پەیوەندی نیە بەدۆخی بزووتنە ئیسلامیەکانو گوتاری ئیسلامیەوە، لەهەمان ئەو کتێبەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەیت، هەروەها من ڕەخنەم گرتووە لەسیاسەتو لەدەوڵەتو لە دینو لەچەمکی ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەی کە کۆدەبێتەوە لەنێوان شوێنکەوتوانی گوتاری ئیسلامیدا، هەروەک چۆن ڕەخنەم گرتوە لەگوتاری ئەو عەلمانیانەی کە داوای دورخستنەوەی پارتە ئیسلامیەکانو بێدەنگیان لەچوارچێوەی بەدەستهێنانی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەتدا دەکەن، ئەوەشم وتووە کە عەلمانیەت واتا جیاکردنەوەی ئایینە لەسیاسەتو دەوڵەت، بۆ ئەوەی توانای هەبێت لەبەدەستهێنانی ئازادی تاکەکان بەچاو پۆشی لەبیرو باوەڕیان، ئەمەش دابڕانی سەرچاوە ئیمانیەکان ناگەیەنێت لەکۆمەڵگەدا.

و: فەرید هەورامی



بورهان غلیون

> عەلمانیەت واتە جیاکردنەوەی ئایینە لەسیاسەتو دەوڵەت، بۆ ئەوەی توانای هەبێت لە بەدەستهێنانی ئازادی تاکەکان بەچاوپۆشی لە بیروباوەڕیان.

> کێشە نەلەوەرگرتنی چەمکەکانەو نە لەو هەڵسوکەوتانەیە کە لە کۆمەڵگاکانی ترەوە پەیماندەبەخشرێن وەک داهێنراوە فیکری و تەکنیکیو مادییەکان. کێشە لە ڕێبازی مامەڵە کردنە لەگەڵیاندا

حەسەن یاسین

# پاکستانو شەریعەتی ئیسلام

ئەم ڕووبەرە جوگرافییەی ئێستا پێی دەڵێن پاکستان تا ١٤ی مانگی ئابی ساڵی ٤٧ی سەدەی ڕابردوو بەشێکبوو لە هیندستان، بەڵام هەرێمی سندو هەرێمەکانی دەوروبەری، لەسەر بنەمای موسڵمانبوون، بەسەرکردایەتی محەمەد عەلی گوناح کەوا ناسرابوو پیاوێکی هەمیشە بە مەی سەرمەستە، لە وڵاتی هیند جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆشیان لەدەسەڵاتی بەریتانی کە هیندی داگیرکردبوو، وەک کۆمارێکی دیموکراتیی فیدراڵیی نیمچە سەرۆکایەتی، ڕاگەیاند. لەو ڕوانگەیەوە کە موسڵمانبوون هۆکاری جیابوونەوەو پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە تازەیە بوو، موسڵمانانی ئەو دەوڵەتە تازەیە بۆ خۆجیاکردنەوە لەناموسڵمانان ئاوەڵناوی (پاک)یان کرد بۆ ئەو وڵاتە تازەیەی بەشێک لەجیهانی ئیسلام هەڵبژارد، بەو پێیەی پاکستان دەوڵەتی ئەو هیندییانەیە کە موسڵمانو هیندستانیش بەدەوڵەتی ئەو هیندییانە بمێنێتەوە کە بەئایین هیندۆسن، بەم جۆرە بەشێک لەموسڵمانی هیندستان لەوشەی پاکو پاشگری ستان، کە مانای وڵات دەبەخشێ، ناوی (پاکستان)یان بۆ وڵاتە تازەکەیان داتاشی! پاکستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە دەوڵەتێکبوو ئایینی ئیسلامو شەریعەتەکەی ڕەنگڕێژی بناغەکەی بوون، بۆیە لە٢٣ی ئاداری ١٩٥٦ پاشگری (دیموکراتی)ییان لەناوی دەوڵەتەکە کردەوەو پاشگری (ئیسلامی)یان لکاند پێیەوەو ئیدی ناوەکەی بوو بەکۆماری پاکستانی ئیسلامی!

پێشینەی بیرۆکەی پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلام لەپاکستان دەگەڕێتەوە بۆ سۆفی محەمەد، کە لەسەرەتای تێکەڵبوونی بەسیاسەت لەساڵانی هەشتاکاندا چووەتە ناو گروپی ئیسلامی (جەماعەی ئیسلامی) لەپاکستانەوە، بەڵام پاشان لەو گروپە دوورکەوتەوە، چونکە چووبووە سەر ئەو باوەڕەی کە دیموکراسی، لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی، لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئیسلامدا نایەتەوە، لەکۆتایی هەشتاکاندا بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوێک بەمەبەستی برەودان بەبیرۆکەی پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلام لەلای گەڵاڵە بوو، لەساڵی ١٩٩٢دا ئەو ڕێکخراوەی بەناوی (پەیڕەوکردنی شەریعەتی محەمەدی)یەوە ڕاگەیاند، لەسەرەتادا داوای پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەناوچەی (مەڵکەند)ی باکوری ڕۆژئاوای پاکستان کرد، کە لەسەرەتاوە وەک بزووتنەوەیەکی ئاشتیخواز دەستی بە بانگەوازکرد، بەڵام پاش ئەوەی ڕێکخراوەکە خۆی گرتو گەلێ لەو (موجاهید)ە چەکدارانەی لەدوای وەدەرنانی هێزەکانی سۆڤێت کاری چەکدارییان واز لێهێنابوو، چوونە ناویەوە، ئەو بزووتنەوەیەش لەکاری ئاشتیخوازییەوە ڕووی لەکاری چەکداری کرد، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٩٤دا لەهەرێمی (مەڵکەند)دا ڕاپەڕینێکی چەکدارییان دژ بەحکومەتەکەی بێنەزیر بۆتۆ بەرپاکردو لەو ناوچەیەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناو (قانونی سیستمی داد)یان وەک ئاماژەیەک بۆ پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلام لەدۆڵی سوات، ڕاگەیاند، لەساڵی ٢٠٠١داو دوای پەلامارەکەی (١١)ی سێپتێمبەر، ئەمریکاو هاوپەیمانان هێرشی سەربازییان کردە سەر ئەفغانستان، بۆ تێکدانی مۆڵگەکانی ڕێکخراوی قاعیدەو ڕووخاندنی حکومەتی تاڵیبان، ئیدی سۆفی محەمەد شان بەشانی هێزەکانی تاڵیبان بەخۆیو (١٠) هەزار چەکدارەوە شەڕی دژ بەهێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان هەڵگیرساندو لەئەنجامدا بەهەزارانیان لێکوژراو زۆریشیان لێ دیلکرا، کە تائێستاش زۆریان بێسەرو شوێنن، دوای شەڕەکە، سۆفی محەمەد گەڕایەوە پاکستانو گیراو (١٠) ساڵ حوکمدراو گروپەکەی هەڵسوڕانی سیاسیی لێقەدەغەکراو بەپێی یاسای دژە تیرۆر، مەلا فەزوڵلا، کەزاوای بوو، جێگەی گرتەوە، لەساڵی ٢٠٠٥دا ڕێکخراوەکەی لەمەیدانی سیاسیدا دەرکەوتەوە.

لەساڵی ٢٠٠٧دا دوای مەلا فەزوڵلا چوونە ناو تاڵیبانی پاکستان بەسەرۆکایەتی بەیتوڵلا مەحسودی جاڕدا، لەساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە شەڕو پێکدادان لەناوچەی دۆڵی سواتدا ڕۆژ بەڕۆژ گەرمتر دەبوو تا لەمانگی نیسانی ٢٠٠٨دا حکومەتی هەرێمەکە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ چەکدارانی تاڵیبان لەدۆڵی سواتدا مۆرکرد، کە بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە مەولەوی سۆفی محەمەدو هەندێ لەهەوادارانی لەلایەن حکومەتەوە ئازادکران بەرانبەر بەوەی چەکدارانی تاڵیبان ڕێز لەدەزگاکانی حکومەت لەو ناوچەیە بگرنو چەک دابنێن. ڕێککەوتنەکە تەمەنی کورت بوو، شەڕ دەستی پێکردەوە، ئەمجارە سۆفی محەمەد بوو بەناوبژیوان لەنێوان چەکدارانی تاڵیبانو حکومەتی هەرێم لەناوچەکەدا تا لەشوباتی ٢٠٠٩دا هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی حکومەت لەو ناوچەیەدا شەریعەت پەیڕەو بکات بەرانبەر بە ئاشتی، بەڵام ئەو ڕێککەوتنەش لەوانی پێشوتر تەمەنی کورتتر بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەیەک دووریی ستراتیجی کاری حکومەت لەناوچەکەدا لەگەڵ ستراتیجی کاری ئەو ڕێکخراوە، بێگومان داینەمۆی ئاڵۆزتربوونی ئەو دۆخە، بیروباوەڕی سۆفی محەمەدە، کە ناوبەناو فەتوا دەردەکات لەبارەی دیموکراسی، خوێندن، کاری ژنان، کە هەموو ئەوانە لەڕوانگەی ئەوەوە بۆ موسڵمانان ناجایزو ڕێگە پێنەدراون! دوایین فەتواشی ئەوەبوو کە بەئاشکرا جاڕیدا کە سەراپای دامودەزگاکانی ئێستای حکومەتی پاکستان بە پەرلەمانو دادگاکانیشەوە نائیسلامینو دوورن لەئیسلام!

> داینەمۆی ئاڵۆزتربوونی ئەو دۆخە، بیروباوەڕی سۆفی محەمەدە، کە ناوبەناو فەتوا دەردەکات لەبارەی دیموکراسی، خوێندن، کاری ژنان، کە هەموو ئەوانە لەڕوانگەی ئەوەوە بۆ موسڵمانان ناجایزو ڕێگە پێنەدراون!

# عەلی شەریعەتیو نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی

وەلید مەحمود

عەلی شەریعەتی (١٩٣٣- ١٩٧٧) خاوەنی تیۆرییەکی تایبەت بوو لە خوێندنەوەو تەفسیرکردنی مێژوودا، مێژوو لای ئەو هەمیشەو بەبەردەوامی تەنیا یەک بابەت بوو، کە بریتیبوو لە دژیەکی بەردەوام لە نێوان دوو بەرەدا، ئەم دژیەکیەش سەرەتا لە نێوان کوڕەکانی ئادەم (هابیلو قابیل)دا دەستیپێکرد. شەریعەتی هاوڕانەبوو لەسەر تەفسیری تەقلیدی بۆ ئەم ڕووداوە، بەو شێوەیەی کەتەنیا بریتیبێت لەلادانی ئەخلاقی، بەڵکو ئەم ئەو ڕووداوەی وەک ململانێیەک دەبینی لەسەر دەسەڵاتو موڵکو سەرمایەو ئایین.

لێرەدا هابیلی وەک نمونەیەکی بەرەی برایەتی ئایینیو دادگەریو یەکسانی دەبینی و ئایین لێرەدا بنەمایەکە بۆ هۆشیاری (وەعی)، لەبەرامبەردا قابیلی وەک نمونەیەکی نوێبەرەی قۆرغکردنی لایەنی دەسەڵاتو سەرمایەو ناڕەسەنی ئایینیو دەستدرێژی کردنە سەرمافەکانی ئەوانی تر دەبینی.

شەریعەتی وایدادەنێت لەو کاتەوەی کە ئەم ڕووداوە ڕووی داوە کە بە (شکستی هابیل)دەناسرێت، بەرەی قابیل هەموو شتێکی مادیو نامادی لەم ژیانەدا قۆرغکردووە، قورئانی پیرۆزیش لەڕێگەی نوێنەرانی ئەم بەرەیەوە لەچیرۆکی پێغەمبەر موسادا لەلای سێ کەس ئەم بەرەیە بەم شێوەیە دەناسێنێتو تەعبیردەکات: (فیرعەون سومبوڵی دەسەڵاتی سیاسی، قارون سومبوڵی سەرمایەی ئابوریو هامان سومبوڵی دامەزراوەی ڕەسمی ئایینی).

پێویستە ئاماژە بەتێڕوانینی ڕەخنەیی شەریعەتی بدەین لەسەر شارستانیەتە ئینسانیەکان، ئەو وای دەبینی کە گەلان هەستاون بە دامەزراندنو بونیادنانی ئەم شارستانیەتانە، بەڵام هیچ یەکێک لەوان باسی ئەم ڕۆڵەی خۆی نەکردوە، بەڵکو شارستانیەتەکان دراونەتە پاڵ ئەو دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەی کە هەستاون بەمومارەسەکردنی سەرکوتکردن دژی گەلەکانیان.

لە هەموو شارستانیەتەکاندا گەلان هەستاون بەدژایەتیکردنی یەکتر بەبێ ئەوەی هۆکارێکی حەقیقی هەبێت بۆ ئەو دژایەتیەی کە لە نێوانیاندایە، بەڵکو ئەوان شەڕی شارستانیەتەکانیان کردوە لەبەرژەوەندی سەرکوتکەران لە هەموو وڵاتێکدا، تەنانەت ئەگەر بەزەرەرو زیانی گەلەکانیشیان تەواو بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا شەریعەتی کاریگەریەکی پۆزەتیڤی لەم شارستانیەتانە بەدیکردوە، ئەویش بریتیە لەوەی کە هەمیشە مرۆڤ دەرکی بەوەکردوە کە کۆیلەکردنو چەوساندنەوە دوو دیاردەن، پێویستە مرۆڤ دژیان بوەستێتەوە.

هەروەها شەریعەتی خاوەنی مەعریفەیەکی قوڵبوو بەرامبەر بە مێژوو و فەلسەفەی ڕۆژئاواو لەهەمان کاتدا هۆشیارو بەئاگابووە بەئایینو دابونەریتەکەی خۆی.

شەریعەتی هەروەک چۆن ڕەخنەی لە هەندێ بیرکردنەوەی ڕۆژئاواییەکان دەگرت، بەهەمان شێوەش ڕەخنەی لە بیرکردنەوەو فیکری ئیسلامی تەقلیدی دەگرت، ئامانجی ئەوە بوو کە ڕەسەنایەتی بکاتە هۆکارێک بۆ ئازادیو گۆڕانکاری، بۆ ئەو مەبەستە هەموو چەمکو ئامرازێکی شیکاری بەکارهێنا کە پێیوابوو بەسوودن بۆ ئەم ئەرکە تایبەتە، هەرچەندە سەرچاوەکانیان زۆرو جۆراو جۆربن. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شەریعەتی داواکاری خوێندنەوەی مێژوو گەشەکردنی شارستانیو کۆمەڵایەتیو شارستانیەتی ڕۆژئاواو هەروەها جوڵانەوە فیکریەکانی دەکات، بەتایبەتی لە سەردەمی ڕێنیسانس-داو جەختکردنەوە لەسەر پرۆتستانتو ڕۆڵی لەچاخەکانی ناوەڕاستدا — هەروەها جەختکردنەوە لەسەر سەرکردەکانی ڕۆژئاواو بەراوردکردنی هەموو ئەوانە بەئیسلام. لەبارەی دژایەتی ڕۆژئاوا بۆ ئیسلام دواوەو لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژئاوا بەڕوویدا کرایەوە تائەوە فێربێت کە بۆ تێکۆشانی موسوڵمانان بەسوودە لە پێناوی ئازادیو پێشفەچووندا.

ئەم تێڕوانینو ئاڕاستەیەی بەدیل بوو بۆ داخستنی دەرگاکانی پیاوانی ئایینی لەبەرامبەر بیرکردنەوەو ئەزموونە ڕۆژئاواییەکاندا، ئەمەش لە تێڕوانینی شەریعەتیەوە بووە هۆی خراپ تێگەشتن لەڕۆژئاوا، لە خستنە ڕووەکەیدا پێدرا فەلسەفیو زانستی کۆمەڵایەتیو فیکری ڕۆژئاوای چەسپاندوە، لەو باوەڕەدابوو کە موسوڵمانان هەموو کاروبارێکی ئیجابیان چنگ نەخستوە ئەگینا بارودۆخیان جیاواز دەبوو لەوەی کە تێیدان، بەلای شەریعەتیەوە ئەوەندە بەس نیە کەموسوڵمانان بڵێن قورئانو سوونەتمان هەیە، بەڵکو ئەوە پێویستترە کە لەجەوهەرو ناوەڕۆکیان بگەینو خوێندنەوە بۆ هەرشتێک بکەین کە لەلای ناموسوڵمانەکانە بۆ زانینی ئەوەی کەچی پێویستو بەسوودەو لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا دێتەوەو هاوتایە.

بەپێی ڕای شەریعەتی گۆڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتی پێویستە ئامانجی بونیادنانی کۆمەڵگە بێت، کە ئەو ئەم حاڵەتە ناودەبات بە (کۆمەڵگەی یەکتاپەرستی) لەم سۆنگەیەوە ئەمە ڕەنگدانەوەی باوەڕبوونە بەخودای تەنها لەسەر زەوی لەشێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی بەشەریدا، بەشێوەیەک کە یەک کۆمەڵگەی مرۆیی پێک بێت بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیو کەموکورتیەک.

شەریعەتی وای دەبینێت کە بوونیادنانی کۆمەڵگەیەکی لەم شێوەیە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەیە کە خودا لەقورئانی پیرۆزدا داوای دەکات، کاتێک کە بەوشەی خەڵک (ناس) گفتوگۆی هەموو مرۆڤایەتی دەکات بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیو جیاکاریەک، بەم شێوەیە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی خودا بەکار هێنراوە، هەروەها تەعبیری ناوی (خودا) دووبارە بەکارهێنراوەتەوە بەتایبەتی کاتێک کە فەرمانەکە پەیوەندی بە حوکمکردنو سەرمایەوە هەبووە، تەنانەت بە خودی ئاین خۆشیەوە، بەم شێوەیە کە ئەگەر حوکم بۆ خودا بێت لەهەمان کاتدا بۆ خودی خەڵکیشە، نەک بۆ دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان، ئەگەرماڵو سامان موڵکی خودابێت، ئەوا ئەم ماڵو سامانە موڵکی خەڵکیشە، نەک تەنها بۆ گروپێک، ئەگەر دینیش بۆ خودا بێت لەهەمان کاتدا بۆ خەڵکیشە، بۆیە نابێت لەلایەن دامەزراوەی ئاینیەوە قۆرغ بکرێت.

وێناکردنی شەریعەتی بۆ نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی بەتایبەتی مەزهەبی شیعە، بەشێکی گەورەی ئەوە ئەخوازێت کە پێداچوونەوە بکرێت بۆ چەمکە شیعیە بنچینەییەکان تا پەیامی ئیسلامی شیعی پێشکەوتوخواز ڕەنگ بداتەوە وەک ئەوەی کە شەریعەتی خستویەتیە ڕوو. لێرەدا پێویستە جیاکاریو جیاوازی لەنێوان شیعەی عەلەوی ڕەسەنو شیعەی سەفەوی شێوێنراودا دووبارە بخرێتەروو، وەک ئاماژەیەک بۆ بنەماڵەی سەفەویەکان کە فەرمان ڕەوای ئێرانیان کردوە لەسەدەی پازدەیەمی زاینیدا، لەسایەی ئەماندا دامەزراوەی ئایینی شیعی ڕەسمی گەشەی کردوە.

سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بەچەمکی پێشەوایەتی (الامامە)وە هەیە، شەریعەتی ڕەدی تەفسیری سەفەوی دەکاتەوە بەو پێیەی کە ئەم تەفسیرە پێیوایە کە ئیمام خودایەکی بچوکەو بوونەوەرێکە لە سەروی توانای ئاساییەوە، یا نێوەندگەرێک بێت لەنێوان خوداو مرۆڤدا، هەروەها ڕەفزی دواخستنی هەموو مەسەلەکان دەکات، ئەوانەی کە تایبەتمەندی نەتەوەن، تەنانەت گەڕانەوەی خودی ئیمامیش، لەبەرامبەردا داوای چالاککردنی ڕۆڵی سیاسی جەماوەر دەکات، شەریعەتی هێرش دەکاتە سەر تەفسیری سەفەوی بۆ چەمکی (تەقلید) بەمانای گوێڕایەڵی کردنێکی کوێرانەو پێدانی ئیمتیازاتی تایبەت بەپیاوانی ئاینیو بڕیاریان بۆ قۆرغکردنی تەفسیری ئایینی، لێرەدا لەبەرامبەر بارودۆخی دامەزراوەیی پیاوانی ئایینی دژ وەستاوەتەوەو بەرامبەر هەر ئیمتیازێکیش کە بەدەستی دێنن وەک پیاوی ئایینی.

لەهەمان کاتدا شەریعەتی چەمکی دادگەری ( العدل)ی تەفسیرکردوە بەوپێیەی باوەر بەخودای دادگەر (العادل) داوای تێکۆشان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات دژبە بارودۆخە ستەمگەراکان، لەلایەکی ترەوە شەریعەتی تەفسیری سەفەوی بۆ چەمکی دادگەری ( العدل)ی ڕەدکردووەتەوە، بەوپێیەی کەئەم تەفسیرە دەڵێت: کەجێبەجێکردنی (عدل) دوادەخرێت بۆ ڕۆژی دواییو ئەم ژیانە جێ بهێڵرێت بۆ فەرمانڕەواکان ئەگەرچی- پلەی خراپەکاریشیان هەرچەند بێت _لەحاڵەتی چاوەڕوانیدا بمێننەوە (ئەمەش چەمکێکی شیعی ترە بەمانای چاوەڕوانی گەڕانەوەی پێشەوای چاوەڕوانکراو ( ئیمامی غائب).

شەریعەتی وای دەبینێت کە یادەوەریەکانی مانگی موحەررەمی شیعە بۆ زیندوکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمام حسێن، تەنها یادەوەری شینگێڕیو هاوارکردن نیە لە پێناوی حسێنی قوربانی ستەملێ کراودا، بەڵکو لە پێناو حسێنێکە کە جەنگاو شەهیدکرا لەپێناوی دادگەریدا (العدالە) ئەو نمونەی مرۆڤێکی مافخوازە کەوانەیەکی لەبەرەنگاریدا بە موسوڵمانان بەخشی لە بەرامبەر شێواندنی ئایینیدا. تێبینی دەکەین کە دووبارە تەفسیرکردنەوەی شەریعەتی بۆ هەندێ لەچەمکەکانی مەزهەبی شیعە لەتێڕوانینێکی پێشکەوتن خوازیەوەیەو پێچەوانەیە لەگەڵ تەفسیرەکانی ڕەوتی گشتی دامەزراوەی ئایینی شیعەدا، لەهەموو ئەوەی کەبەرچاوی خستوە گرنگی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دوپاتکردووەتەوە لەنێو دووبارە تەفسیرکردنەوەی ئەم چەمکانەدا.

شەریعەتی بیرکردنەوەی لاوانی ئێرانی بۆ ناساندنی ئاینو ڕۆشنبیریو مێژوویان بەشێوەیەکی نوێ ئاڕاستەکرد، بەشێوەیەک کەدژ نەوەستێتەوە لەگەڵ ڕەسەنایەتی لەلایەکەوەو پێدراوەکانی جیهانی نوێ کەتێیدا دەژی لەلایەکی ترەوە، بازنەی کاریگەری بیرکردنەوەی شەریعەتی سەری کێشا بۆ ناو چینی ناوەڕاستی تەقلیدی، خوێندکارانی قوتابخانەو زانکۆکان، ڕۆشنبیران، خوێندکارانی حەوزە زانستیەکانو پیاوانی ئایینی، ئەوەی ئەمڕۆ ئاشکرایە کە ڕەوتی فیکریو سیاسی زۆر لە ئێراندا هەیەو لە کێبڕکێی بانگەشەی ئەوەدان کە ئەوان باشترین نوێنەری فیکری نۆێگەری شەریعەتین، کە ئەمەش مەودای کاریگەری فراوانو قوڵی ئەو دەردەخات لەیەک کاتدا، هەندێک لەو گروپانەی کە شوێن کەوتووی بیرکردنەوەکانی شەریعەتین لەئێستادا لەناو دەسەڵاتداریەتی ئێراندا بوونیان هەیە وەک: پشتیوانانی خاتەمی سەرۆکی پێشوی ئێران، بیریارە سەربەخۆو ریفۆرمیستەکانی وەک عەبدولکەریم سرووش، هەندێک لە گرووپە بەرهەڵستکارەکانی دەرەوەی ئێران وەک ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران.



عەلی شەریعەتی

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئەلحەیات**
**و: ڕەحیم حەمەعەلی**

# مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستان

## ئاستەنگ، گرفتەکان و ئەلتەرناتیڤەکانی

ئەنوەر حسێن (ا.بازگر)

**بەشی یەکەم**

**حیزب لەسیاسەتی مۆدێرنەدا**

پێش هەمووشت لەبارەی تیۆری سیاسی مۆدێرنێتەوە چەند فۆرمێکی تایبەتی هەیە لەبابەتی پەیوەندی سیاسەت و ئاکار، سەرچاوەکانی دەسەڵات و شەرعیەت پێدانی و سنوری دەسەڵاتەکانی کەهەندێک پێیانوایە لەبارەی سیاسەت و ئاکار و سەبارەت بەزانستی سیاسەتی نوێ لەماکیاڤیلیەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنێتەدا دەسەڵات لەگەڵ پەیمانی کۆمەڵایەتی یەکی گرتوە و هۆبزو لۆک لەپێشرەوانی ئەم زانستە نوێیەدا بوون.

کەواتە مێژووی حزبی سیاسی هەرچەندە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام فۆرمی حزب و رێکخراوەیبوون لەوکاتەدا جیاوازی هەبوو.

هەرچەندە حزب بەدرێژایی مێژووی سیاسی نوێ. پێگەو جێگایەکی گرنگی هەیە، بەڵام هەر حزب و رێکخراویشە لەسەدەکانی رابردوودا رۆڵێکی نێگەتیفی لەناو کۆمەڵگادا بەرهەم هێنا تارادەی ناشیرینکردنی حزب وەک ئەوەی ستالین کردی.

بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی سیستمی سیاسی دونیا و رۆڵ و پێگەی حزبیان بەچەند قۆناغ و فۆرمی جیاواز جیاوازدا بردوە.

بێگومان حزب بۆخۆی زادەی واقیعەتی دیموکراسیە، بەهەمان شێوە حزبیش رۆڵی هەیە لەگەشەکردنی دیموکراسی و دەستاو دەستکرتنی دەسەڵات.

واتا لەسیستمی سیاسی نوێی دونیادا، حزب بۆتە پێویستیەکی کۆمەڵگاکان، بەتایبەتی پاش کۆتایهاتن بەدەسەڵاتی کڵێساو پاپا، کەگشت کاروباری وڵاتیان بەدەستەوە بوو.

حزب بوە فاکتەری سەرەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و کۆبونەوەی خەڵک لەدەوری رێکخراوێک.

**بوونی حیزب گرنگە لەکۆمەڵگادا**

حیزب بەمانا تەقلیدیەکەی رۆڵی گرنگی بووە لەرێکخستنی خەڵک بۆ ئایدۆلۆژیاو ئامانجێکی تایبەت، بەڵام ئێستا حیزب بەتەنها لەفۆرمێکی ئایدۆلۆژیدا نەماوەتەوە، بەڵکو بووە پەپێویستیەکی حەتمی و سیستمی کۆمەڵگا بۆ بەڕێوەبردن و گرتنە دەستی دەسەڵات و نوێکردنەوەی فیکری تازە و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و کاراکردنی سیستمی پەرلەمانی و دیموکراسی.

لەئێستادا هەرچەندە لەوڵاتانی خۆرئاواو بەتایبەتی لەئەمەریکادا حیزب رۆڵی گرنگی هەیە، بەڵام ماشێنی وەگەرخەری حیزب و داینەمۆی سەرەکی حیزبەکان، رێکخراوەکانیانە کە لەفۆرمی رێکخراوەی مەدەنی خۆیان رێکخستوە، نەک وەکو مۆدێلی خۆرهەڵاتی حیزب بریتیبێت لەچەند کۆمیتەو ناوچەیەک

تاکە میتۆدێک لەئێستادا ئەگەر وەکو ئەڵتەرناتیڤ سەیری بکرێ رێکخراوە (NGO)کانن تابتوانن وەکو رێکخەری کۆمەڵگا ئامانجەکان بێننەدی.

**رۆڵی حیزبی کوردی لەکوردستان چی بووە؟**

ئەگەر چی بەشێکی زۆر لەو بزوتنەوە چەکداریە سیاسیانەی کورد لەمێژووی رابردووی کورددا.. هەمان ئامانجی ئێستای حیزبیان هەبووە، بەڵام وەکو فۆرمێکی حیزبی رێکنەخرابوون.. بۆیە مێژووی بزوتنەوە شۆڕشگێریەکانی کورد لەهەموو کوردستان رۆڵیان هەبووە لەخەباتی حەق خوازانەی گەلی کورد، هەر ئەو حەماسەت و بەرگریکاریەو شۆڕش و قوربانیەش بووە کەوایکردوە بەشێک لەو بزووتنەوانە قوربانیەکی زۆر بدەن تائەوەی لەسەردەمی قازی محەمەد حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، کۆماری مەهابادی لێبکەوێتەوە، کە بەسەدان دەستکەوتی گەورەی بۆ گەلی کورد لەخۆرهەڵات بەدەستهێنا. لەسەردەمی سمکۆی شکاک و بزووتنەوی خۆیبوون لەباکوور، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ ئەم قوربانیدانە گەیشتە لوتکە.

لەئێستای کوردستاندا حزب ئەلتەرناتیڤێکی نیە، بۆیە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر رەوشی سیاسی کوردستاندا، بەڵام گەر ئاراستەکردنەکەی فۆرمێکی پۆزەتیف نەبێ، بێگومان حیزب ماناکانی خۆی لەدەستدەداو ناشتوانێ خزمەتی پرۆسیسی دیموکراسی بکات، واتا. حیزبی کوردی هەم زادەی واقیعەتی کۆمەڵگای کوردستانەو هەم مۆدێلێکی دەرەکیە، بەهەمان شێوە حیزبەکانی کوردستانیش وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا لەژێر کاریگەری فۆرم و دیسپلینی حیزبی سۆڤیەتی یان (ستالینی و ماوی)دا ماون، هێشتا مەکتەبی سیاسی لەحیزبی کوردیدا هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەستدایەو حیزب هێشتا پەیوەستە بە ئایدلۆژیایەکی دیاریکراوە.

بۆیە واباشە حیزبی کوردی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دونیای خۆرئاوادا لەمەسەلەی حیزب و حزبایەتی خۆی بگونجێت.

**ئانارشیزم لەکوێی حیزبی کوردیدایە؟**

لەحیزبی کوردیدا ئەگەر ئامانجێکی ئەنارشیستی لەپشت ئەو هەوڵەوە بێ کە باسدەکرێ بێگومان کاریگەریەکی نێگەتیڤی دەبێ، بەڵام بۆئەوەی خەڵک لەحزب و رێکخستنەکانی لەکۆمەڵگای کوردستان دورنەکەوێتەوە پێویستە حیزبی کوردی چەند رێگا بگرێتە بەر.

یەکەم: مۆدێلێکی نوێ لەحیزبی بوون پیادەبکات، کەلەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگاو پێداویستی و خواستەکانی بگونجێ و حیزب ببێتە بەدیهێنەری خواستەکانی تاک و هاووڵاتی بوون بکاتە ئامرازێکی گرنگ بۆ فەراهەمکردنی مافەکانی تاک.

واتا دەبێ حزب لەفۆرمە تەقلیدیەکەی دەرچێ و سەرلەنوێ فۆرمی تازە بداتەوە بەخۆیی و پێناسەی بکاتەوە.

دووەم: دەبێ حیزب لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگادابێ نەک لەسەر کۆمەڵگا خۆی بژێنێ، دەبێ ئەجێندای گەورەی لەبواری ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا پێ بێت.

لەبواری ژێرخاندا دەبێ بیر لەداهاتی فەردو خۆشگوزەرانی و فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی (گەنجان، لاوان، خوێندکاران، ژنان، کرێکاران و زەحمەتکێشان) بکاتەوە.

دەبێ بواری ئابووری خێزانەکان چاک بکات.

بیمەی بێکاری، سۆسیال، سندوقی خانەنشینی، مافی کاروکاری زیادەیان بۆدابین بکات.

بەتایبەتی بۆ حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی کوردستان، کە هەڵگری ئەم ئایدیایەن لەئێستادا.

ئەمە زۆر گرنگە لانی کەم بەشێک لەفۆرمی حیزبی بوونی خۆرئاوایی یان مۆدێلی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپاو ئەسکەندەناڤیا بۆ کوردستان کۆپی بکەن، نەک بەتەنها ناوەکەی.

لەبواری سەرخاندا دەبێ لەسیستمی پەروەردەو رۆشنبیری تاکەکانەوە دەستپێبکات، دەبێ بەرنامەی رۆشنی هەبێ بۆ کۆمەڵگاو هەوڵبدات سیستمێکی حیزبی یان حکومی سکیۆلار لەکۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان بکاتە میتۆد. بێگومان ئەمە هەرچەندە قورسە لەکۆمەڵگایەکی ئیسلامی وەک کوردستان، بەڵام دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە و گرنگ بۆ ئەو حیزبەی کەئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتویی ئەنجامدەدات.

واتا ئەنارشیزم ناتوانێ حیزب هەڵوەشێنێتەوە، گەر خەسڵەتەکانی حیزب لەوجودیدا هەبێت، بەڵام لەفەراغی نەبونی ئەم خەسڵەت و ئەرکانەدا رەنگە ئەنارشیزم یەکێک بێ لەفاکتەرە کاریگەرەکان.

**ئایا مۆدێلی حیزبی کوردی، مۆدێلێکی ستالینیە؟**

بێگومان مودێلی حیزبی کوردی، مۆدێلێکی سۆڤیەتی ،ستالینی بووە، چ وەکو ئایدۆلۆژیا چ وەکو هەرەمی کارکردن و رێکخستن و دیسپلین و هەڵسوکەوت.

جگە لەوەی بەربڵاوی تیۆری چەپ و ئایدیای مارکسیزم لەناو حیزبی کوردیدا بەتایبەتی لەسەرەتای هەشتاکانەوە بەئاشکرا دیارە.

تەنانەت بەبێ بیرکردنەوە لەوەی ئەو فۆرم و مۆدێلە لەگەڵ ژینگە و بیرکردنەوەی هاووڵاتی کوردستاندا چەند دەتوانێ کاریگەربێ.

بەودەلیلەی کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەت لەوکاتەدا فیودالٚ و سوننەتی بوو یان مارکسیزم بۆ پیادەکردنی قورس بوو، بەڵام بێگومان ئەوەی حیزبی کوردی لەگەڵ ئەو تەشکیلاتەش کەلەو بارەیەوە توشی هات، گەورەترین خزمەتی بەکۆمەڵگا کردوە چ لەبواری هۆشیارکردنەوەی تاک و مافەکانی، چ لەبواری سیاسی و بەگژدا چونەوەی گەورەترین دیکتاتۆر و گەورەترین سیستمی میلیتارێزەکراوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرەتای دەیەی هەشتاکان بۆ حیزبی کوردی زێڕینترین مێژووی حیزبە لەکوردستانی باشور، کە هەم کاری رێکخستنی کردو توانی جارێکی تر خەڵک لەدەوری حیزب کۆبکاتەوە لەسەردەمێکدا کە حیزبی کوردی چ وەکو ئایدیا، چ وەکو رێکخراو رێکخستن توشی شکست و بێ ئامانجی بوو بوو.

ئەم حیزبە چەپ و مارکسیستانە بەهەڵگری فیکری چەپ و مارکسیزم بەرگریان لەچەمکی ناسیۆنالیزم و نەتەوایەتیش کرد.

واتا حیزب هەم رێکخستنی کرد، هەم خزمەتی هەردوو چەمکی مارکسیزم و ناسیۆنالیزمی کرد، لەکاتێکدا زۆربەی پارتە چەپەکانی دەیەی هەشتاکان لایان وابوو کەدەبێ سۆسیالیزم بۆ هێزە چەپەکان و ناسیۆنالیزم بۆ هێزە راست و نەتەوەییەکان جێ بهێڵدرێ.

بەڵام لەبەرئەوەی ستەمی نەتەوایەتی هێندە دیاربوو، ئەم هێزە چەپانە نەیانتوانی بەتەنها بچنە سەر ئەو فۆرم و مۆدێلەی کەیەکلایکرایەوە. کێ نوێنەرایەتی مارکسیزم و کێ نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزم دەکات، بگرە دەکرێ بڵێین حیزبی کوردی لەشاخ یان حیزبی چەپی کوردی لەشاخ، کەبێ وێنەیە لەهاوشێوەی وڵاتێکی وەک کوردستاندا.گەورەترین خزمەتی بەنەتەوە و نەتەوایەتی کردوە، گەورەترین ئەزموونی بێوێنەی بۆ خۆی تۆمارکرد، ئەگەرچی دواتر لەزۆر لەو پرەنسیپانە لایدا.

**مۆدێلی حیزبی خۆرئاوایی لەکوردستان**

کارێکی ئاساییە. بەمەرجێک ئەقڵییەت و بوونیادی کلتوری کۆمەڵگا و تاکی کوردیش گۆڕانی بەسەردابێت و لانیکەم سود لەو ئەزموونە وەرگرێ کەحیزبی کۆمەڵگای ئەوروپی پێیگەیشتوون.

دڵنیام کەحیزبی کوردی و ئەوروپی لە روانگەی سروشتی پێکهاتن و پانتایی کارکردن و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگاکانیانەوە جیاوازیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیەو بەراورد ناکرێن.

بەڵام گەر بمانەوێ لاسایی حیزب و مۆدێلی حیزبایەتی ئەوروپی لەکوردستان کۆپی بکرێت، لانی کەم پێویستیمان بەچەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە لەوانە:

یەکەم: حیزبی کوردی دورکەوێتەوە لەهەموو دۆگماتیزمێک لەکاری رێکخراوەیدا، لەبواری ئایدۆلۆژیادا ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیدا بێنێت.

دووەم: پرۆسیسی دیموکراسی و بەدیموکراتیزەکردنی حیزب و رێکخراوەکان و کۆمەڵگا بکاتە پرەنسیپ و ئەولەویەتی کارکردنی.

بێگومان هەرگیز ناکرێت قسە لەسەر کۆپی کردن بکرێ، بەبێ پراکتیزەکردنی پرۆسەی دیموکراسی بەفیعلی. نەک ئەوەی ئێستا هێندەی تاکتیکە، واقعیی نیە.

سێیەم: پراکتیزەکردنی عەدالەت و دادپەروەری و ماف و ئەرک لەناو حیزبدا لەسەر بناغەی لێهاتویی و توانا و پرۆژە و گەشەکردنی کۆمەڵگا بێت، نەک ئەوەی لەکوردستاندا هەیە، لەسەر بنەمای ئیمتیاز و خزمایەتی.

چوارەم: رێزگرتن لەئۆپۆزسیۆن و قەبوڵکردنی وەک پارت و رێکخراو و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و لانەدان لەپرەنسیپەکانی نەتەوە و خزمەتی کۆمەڵگاو بەهەمان شێوە ئۆپۆزیسیۆنیش واقیعی مامڵە بکات، لەگەڵ دەسەڵات و حیزبی دەسەڵات.

پێنجەم: رێزگرتن لەبنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادیە تاکەکەسیەکان، ئازادی بیروباوەڕو بەیان کردن، ئازادی میدیا و راگەیاندن، کاری (NGO)و سەروەری یاسا و یەکسانبوونی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا.

شەشەم: ئەولەویەتی حیزب لەکاتی پیادەکردن و کۆپیکردنی مۆدێلی خۆرئاوایی کاربکات لەسەر بنەبڕکردنی گەندەڵی ئیداریی.

ئێستا دەبێ بگەڕێن بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ بەراوردکردنی ئەم دوو مۆدێلە کارێکی ئاسانە؟ بێگومان نەخێر، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە گواستنەوەی ئەم مۆدێلە لە حیزب مەحاڵ بێت و نەکرێت، بەتایبەتی گەر ئەو شەش خاڵە پیادەبکرێ بۆ دروستکردنی ئەو مۆدێلە لەکوردستان.

> حیزبەکانی کوردستانیش وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا لەژێر کاریگەری فۆرم و دیسپلینی حیزبی سۆڤیەتی یان (ستالینی و ماوی)دا ماون

> حیزبایەتی لەکوردستاندا تائێستا نەیتوانیوە بەشێکی زۆر لەو پرەنسیپە نوێیانە لە ناوخۆیدا پراکتیزە بکات، بۆیە دەبێت مل بدات بۆ دەرکەوتنی ئەلتەرناتیڤی نوێو چاوەڕوان نەکراو

www.arsivakurd.org

# سیاسەتی ماف یان سیاسەتی چاکەی هەمووان؟

شانتاڵ مووفە

رەخنەی سەندێل (لە تاک گەرایی راوێڵزی) بە زۆری لە سەر بنەمای هەڵوێستێکە کە راوێڵز لەکتێبی (تیۆرییەک دەربارەی عەدالەت) بەرگری لێ دەکات، بەڵام ئەو لە رەخنەکەی خۆیدا گەشەی لایەنی بیرکردنەوەی راوێڵز لە بەرچاو ناگرێ، لە هەندێ بواردا، راوێڵز لە وتارەکانی ئەم دواییانەیدا هەڵهێنجانی خۆی لەبابەت بە شێوەیەکی بونیادی خستۆتە بەرباسو چاکسازی تێدا ئەنجام داوە، بەمەشەوە بەڵگە هێنانەوەکانی (سەندێل) دژ بە بابەتێکی بێ فۆرمو نادیار کە لە فەلسەفەی لیبراڵدا دەبیندرێ هێشتا وەک خۆی ماوەتەوەو پێویستە لە بەرچاو بگیردرێ، هەروەها ناکۆکییەکی گەورەیە ئەگەر بمانەوێ تیۆری عەدالەتی بڵاوکردنەوە لەسەر بناغەی بنەما سەرەتاییەکانی تاکگەرایی لیبراڵیزم دابرێژین، بەم مانایە کەسانێکی لیبراڵی وەک (نزیک) یان (هایک) کە راست بوونی وەها چەمکێک لە بەرچاو ناگرن، بێگومان بۆچوونەکانیان تۆکمە ترە کە (سەندێل) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە (راوێڵز) ناتوانێ زاڵبوونی عەدالەتو زاڵبوونی چاکە بەسەر خراپەدا بەشێوەیەکی رازیکەر بسەلمێنێ، هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەی لەگەڵ ئەوە کۆکبین، بەڵام ئەوکاتەی ئەو بەو ئاکامە دەگات کە ئەمە بەمانای سەلماندنی بالآتربوونی سیاسەتی چاکەی هەمووان بەسەر سیاسەتی بەرگری لەمافەکان، ناتوانین کۆکبین لەگەڵی، ئەو راستییەی کەدەڵێت بەڵگاندنی راوێڵز ناتەواوە بەو مانایە نییە مەبەستی ئەو رەتبکەینەوە، پرسی بالآتر بوونی ماف لەچاو خێرو


شانتاڵ مووفە

چاکەی بونیادنەری جەوهەری ئەم مشتومڕەیەو بوارمان پێ دەدات تا کورتبینییەکانی هەڵهێنجانی لیبراڵیو بەهەمان رادە نارۆشنییەکانی رەخنەی گشتخوازانەو مەترسییەکانی بخەینەروو، وەک چۆن سەندێل ئاماژەی پێدەدات، لەروانگەی لیبراڵ کانتییەکی وەک راوێڵزەوە، بالآتر بوونی ماف لەچاکە جگە لەوەی بەو مانایەیە کە ناتوانین مافە تاکە کەسییەکان لەبەردەم چاکە گشتییدا بکەین بەقوربانی، بەڵکو لە هەمانکاتدا بەو مانایەیە کە ناتوانین لەهەڵهێنجانێکی تایبەت لە ژیانی چاکە بەبنەماکانی عەدالەت بگەین، ئەمە هەمان ئەو بنەما بونیادییەی لیبراڵیزمە کە بەوپێیە ئەگەری گەیشتن بەهەڵهێنجانێکە لەبەختەوەری کە بکرێ بەسەر هەمووان‌دا داسەپێت نییە، بەڵکو بەپێی ئەم بنەمایە هەر کەس دەبێ ئەو دەرفەتەی هەبێ کە بەختەوەری خۆی بەپێی تێگەیشتنی خۆی، بدۆزێتەوە، بەو مەبەستەی کە بتوانێ ئامانجە گونجاوەکانی خۆی دیاری بکاتو بۆ بەدیهاتنیان بەشێوەی تایبەت تێبکۆشێت، گشتخوازەکان، بەنۆبەی خۆیان، باس لەوە دەکەن کە ناتوانن ماف بالآتر لەچاکە بزانن، چونکە تەنها رێگایەک کە لەو رێگاوە دەتوانین تێگەیشتنێک لەمافو وێنایەک لەعەدالەت بدەین بەدەستەوە، بەشداری ئێمەیە لەو کۆمەڵگەیە

> هەڵبەت، فەلسەفەی ئەخلاقی نەک بۆ ئەخلاق بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ فەرمانی سیاسیو پێویستی ئەوە بەجیاکردنەوەی "چاکەی ئەخلاقی هەمووان" لە "چاکەی سیاسی هەمووان"

کەچاکە پێناسە دەکات، لێرەدا ئێمە لەگەڵ بەڵگاندنێکی بێخەوش رووبەڕووین، هەرچەن کە ئەم بەڵگاندنە بەمانای پەسەندکردنی ئەم بۆچوونەی سەندێل نییە کە ئێمە نابێ عەدالەت وەک بالآیی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەبالآتر بزانینو هەروەها لەوە خۆمان ببوێرین کە بەرگری بکەین لەمافە تاکەکەسییەکانو گەڕانەوە بۆ سیاسەتێک لەسەر بنەمای پرەنسیپێکی ئەخلاقی هاوبەش، ئەم جۆرە هەڵهێنجانە بەکردەوە تێکەڵەیەکە دەربارەی خودی وتەزای چاکەی گشتی، تێکەڵەیەک کە زیاتر لە هەمووان خودی راوێڵز هۆکارییەتی، تا ئەم دواییانە راوێڵز جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تیۆری عەدالەتی ئەو لەریزی فەلسەفەی ئەخلاقیدایە، هەڵبەت، فەلسەفەی ئەخلاقی نەک بۆ ئەخلاق بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ فەرمانی سیاسیو پێویستی ئەوە بەجیاکردنەوەی "چاکەی ئەخلاقی هەمووان" لە "چاکەی سیاسی هەمووان"، لەگەڵ ئەوەی وەها جیاکارییەک کرا، ئەو ئەنجامەی کە سەندێل لە مەعریفەناسی ئاڵۆزی راوێڵز دەیدا بەدەستەوە بە ناعاقڵانەو ساویلکانە دەردەکەوێ.

رێگەبدەن وردتر ئەم پرسە لێک بدەینەوە، راوێڵز دەیەوێ پشتیوانی لە پلۆرالیزمی لیبراڵی بکات کە پێویست ناکات هەڵهێنجانێک کە لە ئاسایشو بەختەوەری یان بەرنامەیەکی تایبەت بەسەر ژیانی مرۆڤدا دابسەپێت، ئەخلاقی تاکە کەسی بۆ لیبراڵەکان پرسێکی تایبەتەو هەرکەس دەبێت بتوانێت ژیانی خۆی رێک بخات، بەو جۆرەی پێی خۆشە، گرنگی مافو ئەم راستییە کە بەپێی بنەماکانی عەدالەت ناتوانین بالآیەتی بۆ هەڵهێنجانێکی تایبەت لە ئاسایشو بەختەوەری دیاری بکەین، لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام شتێکی روونە کە ئەم بالآتر بوونەی ماف بەسەر چاکەدا تەنها لەجۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگا یان دامەزراوە دیارەکاندا ئەگەری هەیەو مومکینە، لەراستیدا بالآتر بوونی رەهای ماف بەسەر چاکەدا شتێکی بێ ئەگەرە، چونکە وەک چۆن گشتخوازەکان بەبەڵگەوە نیشانی دەدەن–تەنها لە ناو کۆمەڵگایەکی تایبەتدایە ئەگەری ئەوە هەیە کەسێک مافەکانی خۆی هەبێت، ئەو کۆمەڵگایەی خۆی بەپێی چاکەیەک پێناسە دەکات کە بەپێش مەرج باس لەچاکە دەکات، بەڵام پێویستە ئەوە بخەینە روو کە ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سیاسی، یان بەواتایەکی تر، بۆ رژێمێک (بە مانای یۆنانی وشەی Politeia) کە سنوورەکانی چاکەیەکی سیاسی دیاریدەکات کە ئەم رژێمە بەرهەمی دەهێنێ، هەندێ لەرژێمەکان بەم راستییە خۆیان وەسفو پێناسە دەکەن کە هیچ جیاوازییەک دانانێن لەنێوان چاکەی مرۆڤو چاکەی شاردا، بەڵام جیاوازی ئەم دوو بوارە لەلایەن مۆدێرنێتییەوە رەتکردنەوەی هەڵهێنجانێکە لەچاکەی ئەخلاقی نابێ ببێ بەهۆی لە بەرچاو نەگرتنی "چاکەی سیاسی"، چاکەیەک کە هاوکاری (association) سیاسی بەشێوەیەکی گشتی پێناسە دەکات، کەوایە ئەگەر رژێمێکی لیبراڵ دیموکرات بەپێی ئەخلاق بەرژێمێکی ئاگنۆستی) بێئاینی) بزانین، ناتوانین بە پێی چاکەی سیاسیش بە ئاگنۆسی بزانین، چونکە چاکەی سیاسی بە مانای پەسەندکردنی بنەماکانی سیاسیو یەکسانییە. بالآتربوونی ماف بە لەبەرچاو گرتنی هەڵهێنجانە جیاوازەکان بەسەر چاکەی ئەخلاقیدا، تەنها لەناو وەها رژێمێکو تەنها لەپێگەی کارکردێک لەچاکەی سیاسی دیاریکەری ئەو رژێمەدا ئەگەری هەیە، کەوایە ئەگەر کۆمەڵخوازەکان کە بالآتر بوونی ماف بەسەر چاکە (بەو شێوەیەی راوێلز باسی دەکات) ببەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام هێنانە گۆڕی ئەم باسە لەلایەن ئەوانەوە ناڕاستو نارەوایە (وەک چۆن سەندێل باسی دەکات) کە بوونی ئەم بالآتر بوونە پێویستی بەبونیادنانی پلۆرالیزمی لیبراڵو سیاسەتە لەسەر بنەمای ماف، چونکە وەها بالآبوونێک راست هەر ئەو شتەیە کە دەبێ بەپێناسەی رژێمێکی لیبراڵ دیموکرات.

**و: مستەفا زاهیدی**

# مۆدێرنێتی، مۆدێرنیزمو مۆدێرنیزاسیۆن

محەمەد قوربانی

دەستەواژەی (مۆدێرن) لەریشەی لاتینی Modo وەرگیراوە. ئەم وشەیە لەپێکهاتەی سەرەکیو ریشەیی خۆیدا مانایی (بەرۆژ بوون)و (لەحاڵی رۆشتن) دەدات، دەستەواژەو چەمکگەلێکی لەم چەشنە دەرخەری جیاوازییەکە کەکاروبارو دیاردە مۆدرێرنەکان بەرامبەر بەکاروباری کۆنو ئەو شتانەی لەرابردوودا رویانداوە. ئەنسکلۆپیدیای پێشکەوتووی وشەکانی ئۆکسفۆرد، دەستەواژەی مۆدێرنیزم (Modernism) وەکو هێمای ئەو ئەندێشەو میتۆدە نوێیانە بەکاردەبات کە جێگرەوەی ئەندێشەو شێوازە سوننەتیو کۆنەکان بوونو هەموو ئەو لایەنو رەهەندانەی کە ژیانی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانی رۆژئاوا، بەتایبەت لایەنەکانی پەیوەندیدار بەئاینو مەعریفەی ئاینیو هونەرو جوانی لەخۆدەگرێت.

ئەنسکلۆپیدیای دەوڵەمەندی زانستی سیاسی لەپێناسەی خۆیدا بۆ (مۆدێرنیزم) بەم شێوە دەڵێت: مۆدێرنیزم یان نوێخوازی، هەوڵێکە بۆ هاوئاهەنگکردنی دامەزراوە سوننەتیەکان لەگەڵ پێشکەوتنی زانستو شارستانیەت کە مۆدێرنیزم هێماو نیشانە دەرەکیو رواڵەتیەکانی شارستانیەتی نوێی رۆژئاوانو مۆدێرنێتی توخمە ناوەکیو فیکریو فەلسەفیو کلتوریەکانی ئەو دیاردەیەیە کە پێکدێت لەبەشێک لەچەمکگەلی بنەڕەتی کە لەگەڵ یەک لەپەیوەندیدان.

بەگشتی، مۆدێرنیزم پەیوەندی هەیە بەشێوەگەلێک لەژیان یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە لەدوای سەدەی حەڤدەهەم لەئەورووپا دەرکەوتو بەرەبەرە کەم تا زۆر بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان تەشەنەی کردو بڵاوبوویەوە. دەتوانین مۆدێرنێتی بەچاخێکی خێراو پڕتاو بزانین کە خێرایەکی بەرچاوی بەخشیە گۆڕانی تەکنەلۆژیاو سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیان، بێجگە لەوانەش دامەزراوە مۆدێرنەکان دروستبوون، کە وێنەگەلێکی نوێی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ خۆیان هێنا، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە تەواو ئەوئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریانە لەبواری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری لەبنەمای مەعریفەیەکی نوێ وەرگیراوە کە مۆدێرنێتی ناوەکەیەتی، بە وتەیەکی تر دەتوانین مۆدێرنیزم بەئەنجامی دەرەکیو نواندنی ئۆبژەکتیڤی بیروبۆچوونو بنەما مۆدێرنەکان بزانین کە گۆڕانکاریەکانی خۆی لەرێنسانس بەم لاوە دەستپێکرد.

لە راستیدا مۆدێرنیزم لەدوای چاخی رۆشنگەریەوە (Enlightenment) بەملاوە روانینی مرۆڤەکانی بۆ چوار بواری مەعریفی رووبەرووی گۆڕانی بنەڕەتی کردەوە کە ئەوانەش بریتین لە گریمانەکانو چەمکەکانو ئامانجو کەرەستەکان.

**تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ئەندێشەی مۆدێرنێتی بەکورتی بەم شێوەیە:**

– متمانەو باوەڕمەندی بەتواناییو لێهاتووی ئەقڵو ئاوەزو ئەزموونی مرۆڤ بۆ رێنوێنی کردنی مرۆڤ لەسەرجەم بوارەکاندا.

– بەرەنگاری ئاشکراو جددی لەگەڵ باوەڕو ئاین، وەکو توخم گەلێکی نائەقڵانی.

– ئۆمانیزمو مرۆڤ تەوەری بەجێگەی خوا تەوەری.

– رێزگرتن لەسروشتو پەرستنی خودای سروشتی.

– پشتبەستن بەمیتۆلۆژی ئەزموونی (میتۆلۆژی پۆزیتیڤیست) لەبەرامبەر میتولۆژی پێوانەییو فەلسەفی.

– بڕواکردن بەرەسەنایەتی قازانج (یۆتیلیتاریانیزم)و رەسەنایەتی چێژ (هێدۆنیزم).

– سروشتخواز (Naturalism)و مادده خوازی (Materialism).

– باوەڕمەندی بەجیایی ئاین لەسیاسەت (سیکۆلاریزم) یان سڕینەوەی ئاین لەبوارەکانی ژیاری مرۆڤ (لائیتیزم).

گرنگترین تایبەتمەندیو بناغە سەرەکیەکانی مۆدێرنیزم، ئۆمانیزمو سیکۆلاریزمو پۆزیتیڤیزمو راسیۆناڵیزمە، کە سەرجەمیان زۆرترین رۆڵیان هەبووە لەپێگەیاندنو گەشەپێدانی ئایدۆلۆژیایی مۆدێرنیزمدا، پرۆسەی بەمۆدێرن کردنی کۆمەڵگا، مۆدێرنیزاسیۆن (Modernization) ناوزەد کراوە، لەراستیدا مۆدێرنێتی پرۆژەیەکی بەرهەمهێنراوی پرۆسێسێکە بەناوی مۆدێرنیزاسیۆن، لەمۆدێرنیزاسیۆندا هەوڵدەدرێت پێکهاتەی ئۆبجەکتیڤو سەبجەکتیڤی مرۆیی لەبواری چەمکەکانو گریمانەکانو ئامانجەکانو کەرەستەکان رووبەرووی گۆڕانی بنەڕەتی بکرێنەوەو لەهەموو جۆرە ئامۆژەو هێمایەکی سروشتیو وەحیانی داماڵدرێن.

**و: هەژێر شەریفی**
**سەرچاوە: رۆژنامەی رسالەت**

www.arsivakurdi.org



# سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا بەنیازە ئەلبومێكی گۆرانی بڵاوبكاتەوە

پێدەچێت سلڤیۆ برلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا، بڕیاری دابێ بەڕۆحێکی گەنجانەی نوێوە بچێتەوە ناو ساڵی تازەوەو لەگەڵ ڕۆژەکانی سەری ساڵی نوێدا بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو لەیەکێک لەبازاڕەکاندا بینراوەو هێشتا شوێنی هێرشکردنەکەی پێوە دیارەو بەلەفاف لوتی داپۆشیووە.

بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانیو ئەو هەواڵانەی کە لەدەوروبەری برلسکۆنیەوە دزەیان کردووە، سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا بەنیازە لەماوەی پشودانو حەوانەوەکەیدا بگەڕێتەوە بۆ خولیاو حەزەکانی کە بریتین لەنووسینەوەی گۆرانییە سۆزدارییەکانو بڵاوکردنەوەیان لەئەلبومێکدا بەهاوکاری (ماریانۆ ئابیچیلا)ی گیتارژەنی ئیتاڵی کە لەوەوبەریش بەشداری سێ ئەلبومی تری کردووە.

ڕۆژنامەی کۆرێرا دیلاسێرای ئیتاڵی بڵاویکردەوە "برلسکۆنی لەکۆی ١٢ گۆرانی ٨ گۆرانیانی تەواوکردووە، بەڵام تا ئێستا ناوی ئەلبومە نوێیەکەی نەزانراوە".

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ هەرچەندە برلسکۆنی بڕیاری داوە تا پشوی هەفتەی داهاتوو نەچێتە شوێنە گشتییەکان، بەڵام لەپشوی سەری ساڵدا بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر لەیەکێک لەبازارەکانی (ڤیلاسانا)ی نزیک بەڤێلاکەی لەشاری میلانۆ بینراوەو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ئاهەنگەی کە بەبۆنەی سەری ساڵی نوێوە بۆ ژمارەیەک لەهاوڕێکانی سازی کردوە.

سلڤیۆ برلسکۆنی کە تەمەنی لە٧٣ ساڵیدایە، لەماوەی ساڵی ڕابوردودا چەند ڕووداوێکی بەسەر هات لەوانە ئاشکرابوونی دۆسیە سکێسیە ئابڕوبەرەکانیو تۆمەتبارکردنی بەگەندەڵیو دواجار لەڕۆژی ١٣ی کانونی یەکەمی ڕابردودا لەکاتدرائیەی میلان لەلایەن پیاوێکەوە بەپەیکەرێکی کانزایی هێرشی کرایە سەرو بەشێک لەدەموچاوی بەسەختی بریندار بوو.

سلڤیۆ برلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا پێش ئەوەی ڕوو بکاتە بواری میدیاو پەخشی تەلەفزیۆنی، وەک گۆرانیبێژێک لەسەر کەشتیە گەشتیارییەکان کاری کردووە.

# خەو بۆ دووركەوتنەوە لە خەمۆكی زۆر باشە

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ زوو خەوتن یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆئەوەی ماوەیەکی باش پشووبدات، هەروەک هاوکارێکیشە بۆ مێردمنداڵان تاهەست بەمتمانە بکەنو توشی خەمۆکی نەبن.

ئەو لێکۆڵینەوەیە کە سەنتەری پزیشکی لەزانکۆی کۆلۆمبیا ئەنجامیداوە دەریدەخات کە کەمخەوی ڕەنگبێ ببێتە هۆی ڕوودانی حاڵەتی خەمۆکیو بیرکردنەوە لەخۆکوشتن.

لەوبارەیەوە جیمس گانگویش کە سەرپەرشتیاری سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوەیە ڕایگەیاند: دەرەنجامەکانمان هاوشێوەبوون لەگەڵ ئەو بیردۆزەیەی کە دەڵێت کەمی خەو بەیەکێک لەهۆکارەکانی توشبوون بەخەمۆکی دادەنرێت.

ئەولێکۆڵینەوەیە کە لەگۆڤاری (سلیپ)دا بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بەوەشکردووە: بەدەستهێنانی ماوەیەکی تەواوی خەوتن، دەکرێت ڕێوشوێنێکی خۆپاراستن بێت بۆ توشنەبوون بەخەمۆکیو چارەسەرێکیش بێت بۆ ئەو حاڵەتە.

لێکۆڵینەوەکە بەدواداچونی بۆ هەڵسوکەوتی شەوانەی ١٥ هەزارو ٦٥٩ خوێندکاری دواناوەندی کردووەو گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی ئەو کەسانەی درەنگ دەخەون ڕووبەڕووی مەترسی زیاتر دەبنەوە بەڕێژەی ٢٠٪ بەبەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی پێش کاتژمێر ١٠ی شەو دەخەون.

هەر لەلێکۆڵینەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ئەوانەی حەز بەمانەوەی شەوان دەکەن، بەڕێژەی لە٢٠٪ زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی بیرکردنەوە لەخۆکوشتن دەبنەوە.

ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە کە ئەو مێردمنداڵانەی شەوانە پێنج کاتژمێر یان کەمتر خەوتوون بەڕێژەی ٧١٪ مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە توشی خەمۆکی بنو بەڕێژەی ٤٨ ٪ یش مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە بیر لەحاڵەتی خۆکوشتن بکەنەوە.





# جلوبەرگی قوتابخانەكانی هۆڵەندا، دەبێتە تەنورەیەكی تەنك

ڕۆژنامەی (ترومبتەر)ی هۆڵەندی بڵاویکردەوە "قوتابییە کچەکان لەهۆڵەندا ڕوویان کردۆتە لەبەرکردنی جلوبەرگێکی نوێ کە بریتیە لەتەنورەیەکی تەنک بێئەوەی جلی ژێرەوە لەبەربکەن".

بەوتەی ڕۆژنامەکە ئەم جلە نوێیە کێبڕکێ لەگەڵ پانتۆڵی (جینز) دەکات کە کچانی هۆڵەنداو قوتابیانی قوتابخانەکان حەز بەپۆشینی دەکەنو شارەزایانی بواری جلوبەرگیش پێیانوایە ئەم جلە نوێیە لەداهاتوویەکی نزیکدا سەرانسەری ئەوروپا دادەپۆشێ، هەروەک کۆگاکانی جلوبەرگیش دەستیان کردووە بەنمایشکردنی لەبازاڕەکاندا.

ئەو شارەزایانە نیگەرانن لەوەی ئەم جلە تاڕادەیەکی زۆر وروژێنەرەو دەبێتەهۆی زیادبوونی ڕێژەی دەستدرێژی سێکسی، هاوکات کارگەکانی جلوبەرگی ژێرەوەش نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە لەبڵاوبونەوەی ئەم مۆدێلە نوێیە، چونکە بازاڕیان وەکو جاران نامێنێت.

# ساڵی ٢٠٠٩، ساڵی برەودان بووە بەتەكنەلۆژیای پەیوەندیكردن




هەموو ئەو کەسانەی کە بایەخ بەبواری تەکنەلۆژیای زانیاریی دەدەن هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گەشەکردنی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەکێکبوو لە تایبەتمەندییەکانی ساڵی ٢٠٠٩و تیایدا گرنگی زۆر دراوە بەماڵپەڕەکانی تویتەرو فەیسبوک؟

بەڕای شارەزایان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیای پەیوەندی بەخۆیەوە بینیویەتیو ئامرازی تایبەت بۆ گواستنەوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە خەڵکی پێویستی پێیەتی لەکارکردنو ژیانی ڕۆژانەیان فەراهەمکراون، جگە لەسەرهەڵدانی چەند ڕووداوێکی سیاسیی گرنگ وەک ئەوەی لەئێران ڕوودەدات، دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتە کە بووەتە مایەی بایەخدانی زۆری میدیاو دامەزراوەکانی توێژینەوەو ڕێکخراوە جیاوازەکان، تەنانەت تاکە کەسەکانیش سوود لەماڵپەڕەکان وەردەگرن بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بەو پێودانگەی کە سەرچاوەیەکی گرنگی گواستنەوەی زانیارییە.

کەناڵی BBCی بڵاویکردەوە، بڵاوبونەوەی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو بڵاوبونەوەی وێبلاگی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی خێرا، بووەتە تایبەتمەندییەکی دیاری ساڵی ٢٠٠٩ کە بەکارهێنانی بەرفراوانبونێکی زۆر گەورەی بەخۆوە بینیوە بەتایبەت ماڵپەڕەکانی (تویتەرو فەیسبوک)، بەهۆی پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە خەڵک لەژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیەتی، سەرەڕای دروستکردنەوەی پەیوەندی لەنێوان ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بەهەر هۆکارێک بێت نەماوە.

# هەندێك لەژاپۆنییەكان ماڵەكانیان كەمێك لەتابوت گەورەترە

بۆ هەندێک لەژاپۆنییەکان شوێنی نیشەتەجێبوون گەنجینەیەکی پلاستیکیە کە ڕووبەرەکەی کەمێک لەتابوتێک فراوانترەو شینگۆکۆ یەکێکە لەهۆتێلە کۆنەکانی ناوجەرگەی شاری تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن کە بەدەیان ژووری پلاستیکی کەڵەکەبووی لەو شێوەیەی تیادایە.

ئەتسۆشی ناکانیشی کە لەپشووی سەری ساڵەوە بێکارە، شوێنی نیشتەجێبوونەکەی کەمێک لەتابوتێک گەورەترە کە لەپەناگەیەک بەولاوە هیچی تر نییە.

ناکانیشی کە بەناچاری لەبەر تەسکی ڕووبەری ئەو شوێنەی تیایدا نیشتەجێیە بەشێکی زۆری جلوبەرگەکانی فڕێداوە لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەمە تەنها جێگەیەکە کەبەپاڵکەوتنەوە جوڵەی تیادەکەمو دەخەوم، وردە وردە لەگەڵیدا ڕادێم". هۆتێل (شینگۆکۆ) ٥١٠ ژووری لەو شێوازی نیشتەجێبوونە لەخۆدەگرێت کە بەرزییەکەی لەشەش پێو نیو تێناپەڕێتو درێژییەکەشی پێنج پێیە.

سایتی CNN بڵاویکردوەتەوە "ئەم جێگایانە بەجۆرێکن کە مرۆڤ ناتوانێت بەپێوە تیایاندا بوەستێت، ئێستا ئەم ژووری خەوانە بوونە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئەو کەسانە کە جگە لەپەناگەیەکی لەوشێوەیە هیچ چارێکی تریان نەبوو بۆ نیشتەجێ بوون. سایتەکە ئاشکرایکردوە نرخی کرێی مانگانەی ئەمجۆرە جێگایانە بەجۆرێک گرانە کە مایەی سەرسوڕمانەو دەگاتە ٥٩٠٠٠ هەزار (یەن) کە دەکاتە ٦٤٠ دۆلاری ئەمەریکی.



www.arsivakurd.org



# سەرۆك وەزیرانی ئوستراليا كتێبێك بۆ منداڵان دەنووسێت

بڕیارە لەرۆژانی داهاتوودا کیڤن رود سەرۆک وەزیرانی ئوستراليا کتێبێکی چیرۆکی منداڵان بڵاوبکاتەوە.

ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە کتێبەکەی سەرۆک وەزیران تایبەتە بەژیانی سەگێک بەناوی جاسپێرو پشیلەیەکی رەش بەناوی ئابیو لەم مانگەدا دەکەوێتە بازارەوە.

ئاشکراشیکردوە چیرۆکەکانی رود لەلایەن خانەی چاپی ئالێنو ئونوینەوە بڵاودەکرێتەوەو داهاتەکەیشی دەدرێت بەنەخۆشخانەی شانشینی منداڵانی میلبۆرن.

# تابلۆيەكی پيكاسۆ لەفەرەنسا دزرا

ئاژانسی فرانس پرێس بڵاویکردەوە شەوی سەری ساڵ، نزیکەی ۳۰ تابلۆی هونەریی لەڤێلایەکی باشووری فەرەنسا کەتابلۆی پیکاسۆیشی تێدایە دزراوە.

پۆلیسی فەرەنسا بەئاژانسەکەی راگەیاند "خاوەنی ڤێلاکە کابرایەکی فەرەنسییەو ئەوکاتەی تابلۆکان دزراون کەبایی ٤ ,١ ملیۆن دۆلارن، لەسوید بووەو بۆ دیاریکردنی زیانەکان گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی".

روونیشیکردوەتەوە دزینی ئەو تابلۆیانە دوای دیارنەمانی شوێنەوارێک لەپێشانگای پاریس ئۆرسایی دێت کە بایی ۸۰۰ یۆرۆیە، بەپێی وتەی لێپرسراوان دزەکان زۆر شارەزایانە ئەو دزییەیان کردووە.



# بۆ رێگەگرتن لەقۆپیەكردن، لەزانكۆيەكی سوريا خزمەتگوزاريی مۆبايل رادەگيرێت



بەمەبەستی رێگەگرتن لەدیاردەی قۆپیەکردنی قوتابیان لەڕێگەی مۆبایلەوە، زانکۆی تشرینی سوریا، بڕیاریداوە لەهەموو هۆڵێکی تاقیکردنەوەو لەنزیک پلیکانەکانی کۆلێژەکە ئامێرێکی تەشویش دابنرێت بۆئەوەی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی مۆبایل نەمێنێت.

محەمەد یەحیا موعەلا سەرۆکی زانکۆی تشرین بەرۆژنامەی (بەعس)ی راگەیاند: بەهۆی زۆری ژمارەی خوێندکارەکانو قەرەباڵغی هۆڵەکانی تاقیکردنەوە، زانکۆکەیان بۆ نەهێشتنی دیاردەی قۆپیەکردن لەنێوان خوێندکارەکاندا جیا لەهەموو زانکۆکانیتر ئەو ئامێرەیان داناوە".

ئاشکراشیکرد بەهۆی دانانی ئەو ئامێرانەوە تا دووری (۵۰۰) مەتر هەموو پەیوەندییەکی مۆبایل نامێنێتو ناتوانرێت لەڕێیەوە دەنگو نامە بگوێزرێتەوە کە بەوتەی موعەلا ئەوەش وایکردووە تاقیکردنەوەکان لەکەشێکی ئارامو بێکێشەدا بەڕێوەبچنو چاودێرانی هۆڵی تاقیکردنەوەکانیش باشتر دەتوانن ئەرکەکانیان راپەڕێنن.

# ٢٠٠٩ ئەمەريكييەكان ١٠ مليار دۆلاريان بەبليتی سينەما داوە

ساڵی ۲۰۰۹ باشترین ساڵی سینەمای ئەمەریکی بووەو لەو ساڵەدا فیلمەکانی هۆلیود ۱۰ ملیار دۆلاریان لەفرۆشتنی بلیت دەستکەوتووە.

دەنگی ئەمەریکا بڵاویکردەوە "فیلمی ئاڤاتاری خەیاڵی زانستی دەستکەوتێکی زۆری بووەو تا هەفتەی رابوردوو ۲۷۸ ملیۆن دۆلاری دەستکەوت بووە"، ئەمە لەکاتێکدا هەندێک لەرەخنەگرانی فیلم بەیەکێک لەباشترین فیلمەکانی ئەو ساڵەی لەقەڵەمدەدەن.

لەپاڵ ئاڤاتاردا، هەندێک فیلمی تریش بەباشترین فیلمەکانی ۲۰۰۹ دادەنرێن، لەوانە فیلمی هارت لۆکەر کەباس لەسەربازێکی ئەمەریکا لەعێراق دەکاتو کارەکەی لەناوبردنی بۆمبی چێنراوە، هەروەک ئەپ ئین زە ئێیەریش لەلایەن ئەو رەخنەگرانەوە بەیەکێک لەباشترین فیلمەکان دادەنرێت.

ئەپ ئین زە ئێیەریش باس لەکەسێک دەکات چەندین شار دەگەڕێتو ئیشی ئەوەیە خەڵک لەکارەکەی دووربخاتەوە.

دەنگی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەداوە کە ئەم فیلمە سەرنجی زۆربەی ئەمەریکییەکانی راکێشاوە لەبەرئەوەی لەو ساڵەداو بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی جیهانی گرتووەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لەئەمەریکییەکان بێکاربوون.




# ژاپۆنييەكان شوێنێكيان بۆ بنكەيەكی زانستی لەسەر مانگ دۆزييەوە

بەگوێرەی توێژینەوەیەک کە لەبڵاوکراوەی (Geophysical Research Letters) بڵاوکراوەتەوە، دەرکەوتووە سەر رووی مانگ چەند تونێلێکی بورکانی تێدایەو بەشوێنێکی نمونەیی دادەنرێت بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەکان لەسەر مانگ.

توێژینەوەکە کە لەلایەن چەند زانایەکی ژاپۆنی ئەنجامدراوە دەریدەخات "ئەو شوێنەش دەکەوێتە ناوچەی بەرزاییەکانی (ماریۆس)ی بورکانیو بەنزیکترین شوێن لەزەوییەوە دادەنرێت.

ئەو زانایانە پێیانوایە ئەو شوێنە بەچینێکی بورکانی رەق لەژێلەمۆ بورکانییەکان داپۆشراوەو پارێزراوە لەپلەکانی گەرمای بەرزو کەوتنەخوارەوەی کلدارو نەیزەکەکان لەسەر رووی مانگ.

جۆنیشی هارویاما گەورە توێژەرەوەی ئاژانسی بۆشایی ئاسمانی ژاپۆن (جاکسا) رایگەیاند: رەنگە بتوانرێ لەداهاتودا تونێلە بورکانییەکانی سەر رووی مانگ بکرێنە بنکەو شوێنی گرنگ بۆ دامەزراندنی بنکەی توێژینەوە.

بەگوێرەی سایتی CNN زانا ژاپۆنییەکان لەڕێگەی کەشتی ئاسمانی (SELENE)وە وێنەی زۆر وردو روونیان لەسەر ئەو شوێنە دەستکەوتووە.

پێشترزاناکان تونێلی دیکەیان لەسەر مانگ دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو شوێنەی تازە دۆزراوەتەوە زۆر جێی بایەخە، لەبەرئەوەی مەترسی هەرەسهێنانو رووخانی لێناکرێت.



# "بـــــوون"ی ڕەســـەن

## لـەنێـوان خـوێنەری "نمـوونـەیـی/ عــەدەمـی"

## "خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی بوون لە شیعری مەحوی"دا



عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا
بەشی یەکەم

### دەرکەوتنی خوێنەری نموونەیی

ئەگەر دەق هیچ مانایەکی نەبێ تەنها ئەو کاتە نەبێت، کە خوێنەری کارا پرۆسیسەی دەکات، بەو مانایە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەق نەک هەر تەنها بەپێی خوێنەرەکان، بەڵکو بەپێی تاکە خوێنەرێکیش دەشێ بگۆڕێت، لەڕاستیدا ئەو گۆڕانەی دوایی لەوانەیە پەیوەندی بەکاتی جیاجیاوە هەبێت (واتا کاتی خوێندنەوە) هەروەها لەڕووی مێژوویییەوە خوێنەران لەنەوە جیاوازەکان و سەدە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز لێکدانەوەی بەرهەم دەکەن، واتا شتی جیاواز لەڕێگەی خوێنەرانی سەردەمە جیاوازەکان بەدەق دەبەخشن.

(ئیمبرتۆ ئیکۆ) لەبواری سیمیۆتیکاوە کار دەکات و کردەی خوێندنەوەو تەئویل لای ئەو خۆی لەو سێ قۆناغەدا هەڵدەگرێتەوە:

یەکەم: دەق بەو مانایەی کە ڕستێک سپێتیی و ئاڵو گۆڕییەو قابیلی پڕکردنەوەو تەئویل کردنە.

دووەم: خوێنەر بەو مانایەی کە لەکۆمەڵێک دەق پێکهاتووە، خوێنەری مەوسوعی.

سێیەم: گەیشتنی دەق بەخوێنەر بەهاوبەشیکردن لەدەق، یان ساتەوەختی ئاوێتەبوونی نێوان دەقو خوێنەر، دەژمێردرێت.

قسەکردن لەدەق بەو مانایەی کە هەڵگری کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕیو ڕستێک سپێتییە لەوێوە دێت کە پانتاییەکە لێپراسراوێتی کرانەوەی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەر لەوێشەوە خوێنەر جوڵەو بزاڤو داهێنانی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێت، چونکە (ئیکۆ) پێیوایە دەق ئامرازێکی سستە، بۆیە داوا لەخوێنەر دەکات لەڕێگەی هاوبەشیکردنەوە ئەکتیڤی بکات، ئەو ئاوێتەبوونو ئەکتیڤکردنەی دەق لەڕێگەی خوێنەرێکەوەیە کە (ئیکۆ) بە (خوێنەری نموونەیی) ناوی دەبات، ئەو خوێنەرەش دەکەوێتە بەرانبەر ستراتیژیەتی دەقی دانەر، ئەو دانەرەش دەتوانێت ئەو ستراتیژیەتیە هەڵگرێت کە بەردەوام بۆ تواناکان دەگەڕێتەوە، بەدیوەکەی دیکەش خوێنەری نموونەیی بۆ هەمان ئەو توانایانەی خۆی دەگەڕێتەوە، هەر لەوێشەوە دەکەوینە بەرانبەر خوێنەری ئەزمونگەرییەوە.

(ئایزەر) سەر بەجوانکاری وەرگرە پرنسیبی تیۆرەکەی بۆ فینۆمینۆلۆژیاو هیرمینۆتیکا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەر یەک لە (ئیکۆ)و (ئایزەر) جیاوازی زۆریان لەباکگراوەندی فیکری میتۆدیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان سروشتێکی گێڕانەوەئامێزیان هەیە، بەمانایەکی دیکە زۆربەی ئەو مەسەلانەی کە (ئیکۆ) لەبواری خوێندنەوەو تەئویل کاری تێدا کردووە، (ئایزەر) پەرەی پێداوەو دەوڵەمەندی کردووە، بۆ بەشداربوون لەکارلێکەری نێوان دەقو خوێنەر، کۆمەڵێک چەمکی بەرهەم هێناوە لەپێش هەمووشیان (خوێنەری ناوەکی) کە نزیکە لە (خوێنەری نموونەیی)، ئەو خوێنەرە ناوەکییە خوێنەرێکە بەدوای مانادا دەگەڕێت، بەڵام نەک مانا ئامادەو شاراوەکانی نێو دەق، وەک چۆن بەشێوە تەقلیدییەکەوە چەسپاوە، بەڵکو ئەو مانایەی کە لەکارلێکەری دەقو خوێنەر دەکەوێتەوە، واتا ئەو مانایەی کە وەک "جێکەوتەیەک دەشێ پرۆسیسە بکرێت" لەنوێوە بدۆزرێتەوە، نەک بابەتێک بێت بشێ دیاریبکرێتو پێوەی ببەسترێتەوە.

بەمجۆرە ئەرکی هیرمینۆتیکا لای (ئایزەر) خۆی لەتەقینەوەی وزە دەلالیە حەشاردراوەکانی نێو دەق هەڵدەگرێتەوە، ئەو تەقینەوەیەش لەڕێگەی بەشداری چالاکانەی خوێنەرەوە بەئەنجام دەگات، بەو مانایەش خوێنەر ئەو بارگە وزەئامێزەیە کە بەردەوام لەهەر خوێندنەوەیەکی نوێدا دەدرەوشێتەوە.

### دیاردە/ خوێنەر

فینۆمینۆلۆژیا خۆی بەماهیەتی یان بە مانای دیاری وجودی مرۆییەوە خەریک دەکات، هایدگەر زاراوەی (فینۆمینۆلۆژیا) دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر بنچینەی یۆنانیو دەڵێت: زاراوەکە لە دوو بەش پێکدێت ((phenomenon لەگەڵ (logos) بەشی یەکەم ئاماژە بە کۆی ئەو شتانە دەکات کە لەبەر ڕۆژدا دەردەکەون یان لەبەر ڕۆشنای دەردەکەون، ئەو دەرکەوتنو دیار بوونەی (شت) نابێ لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، کە مەسەلەیەکی لاوەکییەو لەو دیوی خۆیەوە ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات، ئەوە مەسەلەیەکی بەسەرچوو نییە، بەڵکو دەرکەوتنی شتەکەیە وەک خۆی، بەواتایەکی دیکە: بوونی شتێک (یان دەرکەوتنی لەدەرککردندا) مەسەلەیەکی لاوەکی دوور لەخودی شتەکە نییە، بەڵکو ماهیەتی ڕاستەقینەیەتی.

(هایدگەر) دەگاتە ئەوەی میتۆدی دیاردەگەریی (فینۆمینۆلۆژی) لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات کە شتەکان فەرامۆش بکرێن، تا خۆیان چۆنن ئاوەها دەرکەونو دیار بن، بێ ئەوەی گوتەکانمان بەسەریاندا بسەپێنین، ئەوە ئێمە نین، ئاماژە بۆ شتەکان دەکەینو دەرکیان پێدەکەین، بەڵکو خودی شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکەن، بنەچەی ڕاستەقینەی تێگەیشتنی دروست ئەوەیە ئێمە تەسلیمی هێزی شتەکان بین، تا خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا بکەن، بەڵام شتەکان چۆن خۆیان ئاشکرا دەکەن؟

(هایدگەر) لەشیکردنەوەی بەشی دووەمی زاراوەکە پێیوایە (logos) دەلالەت لەفیکر ناکات، بەڵکو دەلالەت لەئاخاوتنو ئەو ئەرکەی ئاخاوتن دەکات کە وا دەکات فیکر مومکین بێت، شتەکان لەمیانی زمانی ئاخاوتن (speakinig) خۆیان ئاشکرا دەکەن، لێرەدا زمان کەرەستەیەک نییە بۆ گەیاندن، کە مرۆڤ بۆ بەخشینی مانا بەجیهان، دایهێنابێت. یان گوزارشت لەتێگەیشتنی زاتیانەی خۆی بۆ شتەکان بکات، بەڵکو زمان گوزارشت لەو (ماناگەرییە) دەکات، کە بەکردەوە دەکەوێتە نێو شتەکانەوە، مرۆڤ زمان بەکارناهێنێت، بەڵکو ئەوە زمانە لەمیانی مرۆڤەوە قسە دەکات، جیهان لەمیانی زمانەوە خۆی بۆ مرۆڤ دەکاتەوە، لەبەرئەوەی زمان بواری تێگەیشتنو تەفسیرە، کەواتە جیهان لەمیانی پرۆسەگەلی بەردەوامی تێگەیشتنو تەفسیرەوە خۆی بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکات، ئەوە مانای ئەوە نییە، مرۆڤ لەزمان دەگات، بەڵکو مرۆڤ لەمیانی زمانەوە تێدەگات، زمان ناوەندکاری نێوان جیهانو مرۆڤ نییە، زمان دەرکەوتنو ئاشکرابوونی جیهانە پاش شاردنەوەی، زمان دەرکەوتنێکی وجودییانەی جیهانە.

بەمجۆرە دیاردەگەرایی لای (هایدگەر) دەبێتە هیرمنیۆتیکاو هیرمینۆتیکاش دەبێتە پرۆسەیەکی وجودییانەی تێگەیشتن، تێگەیشتن بریتییە لە توانای دەرککردنی شیمانە وجودییەکانی تاکەکەس لەرەوتی ژیانو بوونی لەنێو جیهان، بەو واتایە ماناکان بە پێی گەشەسەندنی مێژوویی لەگەشەسەندن دان.

### بوونی ڕەسەن/ ئاسۆی پێشبینیەکان

هەڵبەتە خوێندنەوە کردەیەکە خۆی لەدەستلێدانی خوێنەران بۆ دەق هەڵدەگرێتەوە، ئەو دەستلێدانەش لەرستێک خەونو هیواو ئومێدو خەیاڵو نائومێدیو گریمانەکان پێکهاتووە، دەشێ هەموو ئەوانەش بەئاسۆی پێشبینیەکان پەیوەست بکەین، بەو مانایەش ئەزموونی خوێنەر دەکەوێتە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی کە "دەق" فەرزی دەکاتو ئاسۆی ئەزموون کە "وەرگر" تەواوی دەکات، بە مانایەکی دیکە دەکەوێتە نێوان دوو "بوون" بوونی دەقو بوونی خوێنەر.

"هایدگەر"یش دوو جۆر بوون دیاری دەکات، کە بریتین لە بوونی ڕۆژانەو بوونی تایبەتی، مەبەست لەبوونی ڕۆژانە بوونی ساختەیە، بوونی تایبەتیش بوونی ڕەسەنی کەسەکە دەگرێتەوە.

بوونی ساختە: ئەو بوونەیە کە کۆمەڵێک کارتێکەری دەرەکی پێکی دەهێنن، ئیدی ئەو کارتێکەرییانە باروودۆخ بن، یاخود یاسایی ئەخلاقیو دەسەڵاتی ئایینیو سیاسیو دابونەریتو شتی لەو بابەتە بن، دەتوانین بڵێین ئەو کەسە ژیانی ڕەسەنی خۆی ناژی و واز لەهەڵبژاردنی خۆی دەهێنێو بوار بەوانیدی دەدات ئیمکانەکانی بۆ دیاری بکەن، بەو مانایە ئەو کەسە ئیمکانو توانا تایبەتیەکانی خۆی لەدەستدەداتو لەئیمکانو توانا گشتییەکاندا دەتوێتەوە، بەڵام بوونی ڕەسەن ئەو بوونەیە کە تیایدا خود هەست بەتاکێتی خۆی دەکاتو لەوانی دی دابڕاوە کە دەوترێت لەوانیدی دابڕاوە، مانای ئەوە نییە کەسەکە بەتەنها دەژیو دوورە لەخەڵک، واتا جۆرێکە لەدۆزینەوەی خود، مرۆڤ بەزۆری لەو بوونە ڕەسەنە بێئاگایەو بەمەوجودەکانی دیکەوە خەریکەو لەدەرەوەی خۆیو لەخەڵکدا دەتوێتەوەو بێئەوەی هەست بکات کۆمەڵێک تواناو ئیمکانی بەسەردا دەسەپێنرێت، کە لەخودی خۆیەوە سەرچاوەیان

> مەرج نییە خوێنەری نموونەیی یان ناوەکی، چەمکو ڕێبازو میتۆدی دیاریکراو بەسەر دەقدا بسەپێنێ،

نەگرتووەو لەلایەن دەرەوە بۆی دیاریکراون.

### هەڵوەشانەوەی دەق/خوێندنەوەی فەلسەفییانە

لای (هایدگەر) زمان گوزارشت لەو (ماناگەرییە) دەکات کە بەکردەوە دەکەوێتە نێو شتەکانەوە، مرۆڤ زمان بەکارناهێنێت، بەڵکو ئەوە زمانە لەمیانی مرۆڤەوە قسە دەکات. بەڵام شیعر داوای هیچ شتێک ناکات، زمانی شیعری بەیەکدادەچێتو دەچێتەوە نێویەکو دادەخرێت، لەهەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی توند لێکدوور دەکەوێتەوە.

لەدووتوێی ئەو پێشەکییە کورتەدا دەمەوێت ئاماژەیەک بەکتێبی (بوون/ لەنێو شیعری "مەحوی"دا) بدەم، لەو کتێبەدا (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا) توانیوویەتی خوێندنەوەیەکی نیازئامێز بۆ گەیشتن بە"مەحوی" نەک بەدەقە جیاوازەکانی بسازێنێ، بۆ سەلماندنی پێشبینییەکانی خۆی لەڕێگەی بەدواداچوونی خودی "مەحوی" ڕاڤەیەکی فەلسەفی بەدەقەکان دەبەخشێت، واتا ئەگەرچی بە چاوی ڕابردوو لە دەق ناڕوانێو ناکەوێتە سەر نیازەکانی نووسەر، بەڵام خوێندنەوەکەی بەڕای من زیاتر خۆی بە کەسێتی مەحوی وەک ئەوەی کە خۆی وێنای دەکات، خەریک کردووە.. خوێندنەوەیەکی ماناگیرەو بۆ ئەو وێناکردنەشی سوود لە "هایدگەر" وەردەگرێتو هەر لەوێشەوە ڕێگەیەک بۆ ئاوێتەبوونی دەق دەدۆزێتەوە، پرسەکانی خۆی لەسەر جێگیر دەکاتو گوتەکانی خۆی بەسەر خودی "مەحوی" دەسەپێنێ. بەمجۆرە شیعریەتی دەق بە فەلسەفە هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەو لێکۆڵینەوەدا (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا) دەڵێت: **خودێک هەیە کە ناوی مەحوییە ئەو خودە نە کوردە نە عەرەبە نە فارسە، ئەو خودە خاوەنی جەستەیەکە کە شتێکی دیارو بەرچاوو زیندووە،** بەردەوامبوونی زیندوێتی ئەو جەستەیە بەهۆی بوونێکەوە دەبێت کە بێتە نێو جەستەیەوەو تێیدا بەرجەستە بێتو لەڕێگەی ئەو جەستەیەوە تواناو ئیمکانەکانی بەدی بهێنێت، بەڵام هەتا بوونی ساختە لەنێو "مەحوی" بمێنێ، بوونی ڕەسەن خۆی پێشانی نادات.

دەشێ ئەو دەرکەوتنو دەرنەکەوتنە لە دەقی مەحویدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو پەیوەندییە شیمانەییەدا بێت کە زمانی شیعریی دەیخاتەوە، بۆیە ئەو لێکدانەوە هایدگەرییە هەمیشە لەبەدواداچووندا کورتی دێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ وەک تواناو پێکهاتەی خوێنەر بەو مانایەی کە خوێنەر لە کۆمەڵێک دەق پێکهاتووە بدەینە قەڵەم.

هەڵبەتە کێشەی دەرنەکەوتنی بوونی ڕەسەن بەڕای "د. محەمەد ئەمین" لە خودی مەحوییدایە، بەڵام بەڕای من ئەو دەرکەوتنو دەرنەکەوتنەی "د. محەمەد ئەمین" کەشفی کردووە، گەمەیەکی شیعرییەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خەیاڵو نائاگایی ساتەوەختی نووسینی شیعرەوە هەیە، دەشێ ئەوە گەمەکانی زمانی دەق بێت کە لە نائاگاییەوە هەوڵی بەرکەوتنو لێکخشانی واقیع دەدات، هەر لەڕێگەی ئەو دانوستاندنەش فەزایەکی بێ سنوور بۆ دەمەتەقێو بیرهێنانەوەی ئازادانە دەسازێنێ، دەمەوێت بڵێم پرۆسەی نووسینی شیعریی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەشێکی زۆری زمانی شیعری بارگاوییە بەلایەنی نەستییەوە، لەبەرئەوە ناشێ "مەحوی" لەحاڵەتی ئاگاییدا بێت، وەک د. محەمەد ئەمین بۆی دەچێ، هەروەک لۆژیکو عەقڵ لەبەدواداچوونیدا بەئەنجام ناگەن، چونکە پرۆسەی نووسینی شیعریی پرۆسەیەکە بەشێکی زۆری لە نائاگایی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە، لەلایەکی دیکە دەشێ بەشێک لە جوانی ئەو لێکۆڵینەوە فەلسەفییە لە بەرجەستەکردنی ئەکتیڤانەی منی خوێنەرەوە بێت، وەک ئەوەی "ئیکۆ" بە خوێنەری نموونەیی ناوی بردووە، بەڵام بەشێک لە ئیشکالەکانی ئەوەیە بەر لەوەی وەک دەقی شیعری مامەڵە لە تەک مەحویدا بکات کە لە وشەکانەوە شتەکان ڕەنگ دەکات، وەک لۆژیکو عەقڵ مامەڵەی فیکری لەگەڵ مەحوییدا دەکاتو هەوڵدەدات لە شتەکانەوە وشەکان دووبارە بەرجەستە بکاتەوە، لەبری ئەوەی لە پەیوەندییەکی شیمانەییدا لەڕێگەی خەڵقکردنو دووبارە خەڵقکردنەوە وزەی زمانی شیعریی دەستنیشان بکات، لەڕێگەی پێشخستنی خودی مەحوییەوە ئەو وزە شیعرییە بەدوادەخات، هەر لەوێشەوە ئەدەبیەتی "مەحوی" لەنێوان چەمکی توانەوە لە ئەویدیکەو هەستکردن بە تاکێتی دابڕاو پارچە پارچە دەکات، ئەو ڕاڤەکردنەش ئەگەر بەشێکی بکەوێتە دووتوێی نیازی خوێندنەوەیەکی دیاریکراوەو شیاو بکەوێتەوە، بەشێکی لەوێوە نەشیاو دەکەوێتەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران بۆ دەقەکانی مەحوی دووچاری شێوان دەکات، هەر لەوێشەوە کۆی ئەو پێشبینیانە دەکوژێت کە دەشێ دەق لەخۆیدا هەڵیگرتبێت.

دواجار دەمەوێت بڵێم مەرج نییە خوێنەری نموونەیی یان ناوەکی، چەمکو ڕێبازو میتۆدی دیاریکراو بەسەر دەقدا بسەپێنێ، چونکە چوونە نێو دەق بەو شێوەیەی (د. محەمەد ئەمین) نەک هەر کارلێکەری نێوان دەقو خوێنەر نیشان نادات، بەڵکو ئاسۆی پێشبینیەکانی دەقیش بە بنبەستبوون دەگەیەنێت، خەیاڵی خوێندنەوە دادەخات. کەواتە بەڕای من ئەو خوێندنەوەیەی (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا) لە ونبوونی خەیاڵو سەلماندنی فیکرو عەقڵدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش جوانی ئەو خوێندنەوە لەوەدایە بوونی منی خوێنەر لەبری بوونی منی دانەر دەردەکەوێت، بە مانایەکی دیکە سێنترالیەتی دەق لەق دەکات و ئەرزش بۆ پەراوێز دەگەڕێنێتەوە، بەو مانایەش لەڕێگەی کردەیەکی چالاکانە سپێتی دەق پڕ دەکاتەوە، ئەوەش ئامادەگی خوێنەرو مەرگی دانەر لە چرکەساتی خوێندنەوەی خوێنەر دەخاتە ڕوو.

–یەکێک لە جیاوازییەکانی لەگەڵ ئیکۆ ئەوەیە کە ئایزەر دەوڵەمەندی ئەدەبی کلاسیکی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو یەک پرسیاری ڕووبەڕووی خوێنەران کردۆتەوە.

- بڕوانە: نصر حامد ابو زید- شكالية القراءة و التأويل- المركز الثقافي العربي- ط٤-١٩٩٦/ الفصل الاول، ص٣٢،٣١.

– د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، چاپخانەی تیشک-سلێمانی، چ١، ل٢٣، ٢٩.

- نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التاويل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء - المغرب، بيروت - لبنان، ط٧، ٢٠٠٥،

– لە کۆی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا دەقەکانی مەحوی لەیەکتر جیا نەکردۆتەوە، وەک جەستەیەک کە ساتەوەخت و فەزاو بیرکردنەوەو خەیاڵی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵکو بێ ئەوەی ڕەچاوی جیاوازی نێوان دەقەکان بکات، بۆ پراکتیزەکردنی نیازەکانی خۆی لەکۆی دێرە جیاوازەکانی شیعری مەحوی هەوڵی بەڵگەهێنانەوە دەدات، وەک ئەوەی مەحوی هەموو دەقەکانی بە یەک نەفەس و یەک فەزاو بیرکردنەوەو خەیاڵ نووسیبێ.

– د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، ل٦٥.

www.arsivakurd.org


ئۆرهان پاموک، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئادەب ٢٠٠٦

# وتووێژ لەگەڵ ئۆرهان پامووك

## بەشی دووەمو کۆتایی

و: سالار جەلال

**گاردلس:** ڕۆمانەکەت نیمچە بایۆگرافی تۆماری ڕووداوەکانی سیستمی بۆرژوازی ئەستانبوڵە، چینە بەمۆدێرنکراوەکانی چەند دەیەیەکی کەمی ڕابردوو، گەنجەکانی ئەو چینانەی کە مەیلیان بەلای ڕۆژئاوابووندا هەبوو، لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا بریتیبوون لەشوێنکەوتنی شێوازو ستایلی فەرەنسیەکانو بێزراوکردنی شێوازو ستایلی کلتوری تورکەکانی هەرێمی ئەنادۆڵ، هەرچەندە هێشتا لەچەند لاوە بەدابونەریتی کۆنسێرڤاتەکان دەورەی دراوە، تۆ بەئاوازێکی گاڵتەجارییانە لەسەر ئەمچینە دەنووسێت.

تۆ پێشنیازت کرد وەک (هارۆکی مۆراکامی) ئاماژەی بەپرۆسەی بەڕۆژئاواییکردنی ژاپۆن دابوو، ئەمەی بەکلتوری پێوەری وەرگیراو ناوبرد.

ئەم گەنجە بۆرژوایە لەپاریس دەیخوێند، دەچووە یانە شەوانەکان، سەمای دەکرد، شەوەکانی بەخواردنەوە بەسەردەبرد، ئەنجامدانی سێکسی پێش پرۆسەی هاوسەرگیری، لەبەرکردنی تەنورەی زۆر کورت، ئەنجامدانی کۆبوونەوەی گەورە وەک ئاهەنگەکانی مارەبڕینو گواستنەوە لەمیوانخانەی (هیڵتۆن) خۆدانە پاڵ هەموو شتە ڕۆژئاواییەکان، لەو ڕۆژگارەدا سیاسەت لەگوتاری عەلمانیەتدا دەبینرا، شیوعیەت دژی نیشتمانپەروەری بوو، ڕێبازی ئیسلام کێشەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵام بریتیبوو لەمومارەسەی تایبەتی خزمەتکارو کرێکارو لادێییەکان.

ئەمڕۆ ئەو هەڵبژاردە بەمۆدێرنکراوەی ناوەند بەستایلو شێوازی تورکە موسوڵمانەکانی چینی ناوەڕاستو لاوەکی کۆمەڵگا جێگەی پێلێژکرا، وەک چۆن پارتێکی بەرەچەڵەک ئیسلامی حوکمی تورکیا دەکات.

چۆن ئەم جێگە پێلێژکردنەی ناوەند لەلایەن کەسانو شتە لاوەکییەکانی کۆمەڵگەوە، هەموو پرۆسەکانی بە مۆدێرنکردنی لەئەمڕۆی تورکیادا گۆڕی؟

**پامووک:** دوا مۆدەی سیستمی بۆرژوازی ئەستانبوڵ لەگەڵ سیستەمی داهاتووی بۆرژوازی (ئەنادۆڵ)دا بەیەکیاندا داوە، ئەمە ئەو بیرۆکە دووبارەبوەوەیە کە بیریارە تورکەکان هەوڵدەدەن لەوە بگەن کەچی ڕوودەدات لەئێستادا.

هەندێک ڕاستی لەمەدا بەدیدەکرێت، بەڵام من ئەم شتە لەڕوانگەی ڕەوشتی ئاکارییەوە لێکدەدەمەوە نەک لەڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسییەوە.

بەبۆچونی من دراوی کۆنی ئەستانبوڵو دراوی نوێی ئەنادۆڵ سەر بەهەمان چینن، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، بریتیە لەپێکدادانی زیاتر ئازادترو کراوەترو بوونی دیمۆکراسی تەواو باوەڕبوون بەیەکسانی لەگەڵ سیستمی کۆنی پارێزگاری مۆدێرنیزمدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کۆمەڵگە هەڵبژێراوە کۆنو کۆنسێرڤاتە بەڕۆژئاواییکراوەکان دەبێت مل بۆ ئازادی ڕادەربڕینی زیاترو دیمۆکراسی زیاتر کەچ بکەن، لەپێناو خواستەکانی هەموو وڵاتدا نەک تەنها لەبەر ئارەزووی گروپە هەڵبژێرراوە بەتواناکان.

کێشەی من لەتورکیا بریتیە لەکلتوری دەمارگیری سیاسی، ئیتر ئایا کۆن بێت یان نوێ، ئەمە تەنها لەبەر ئەوەی نیە کە سێکۆلارەکان لەناوەندان، بەڵکو لەبەر بونی ئیسلامییەکانیش لەلادێنیشنەکانی ئەنادۆڵدا بەجۆرێک لەکێشە سەرەکییەکاندا هەریەکەیان دەمارگیری ئەوی تریان لەباوەش پێدەگرتن.

**گاردلس:** من سەرم سوڕماوە لەو قسەیەی کە لەکاتی گفتوگۆکردنت لەگەڵ شاعیری ژاپۆنیو خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ (کینزا بورۆ ئۆیە) بیستم، بەوەی کە تۆ پێتوایە ژاپۆن وڵاتێکی زیاتر ڕۆژئاواییە وەک لەتورکیا، چونکە ژاپۆن زیاتر لێبوردەترە!.

**پامووک:** ئەوە ڕاستە بەبۆچونی من بەڕۆژئاواییبوون بریتی نییە لەبەکاربردنی کەلوپەلی ئاڵاو واڵاو سەرنجراکێش، بەڵکو بریتیە لەئازادی ڕادەربڕینو دیمۆکراسیو باوەڕبوون بەیەکسانیو ڕێزگرتنی مافو شکۆمەندی خەڵکەکەی.

من زۆر بایەخ بەوە نادەم کە لادێییەکانی ئەنادۆڵ یان عەلمانییەکانی ئەستانبوڵ دەسەڵات بگرنە دەست، من هیچ پەیوەندییەکی نزیکم بەهیچ کامیانەوە نیە، ئەوەی بەلای منەوە جێگەی بایەخە، بریتیە لەڕێزگرتنی تاکە کەسیەکان.

**گاردلس:** بەم دواییانە، منو نووسەری مەکسیکی (کارلۆس فۆئێنتس) سەبارەت بەبوونی پەیوەندی نزیکیو لێکچووی لەنێوان تۆو (دۆستۆیۆڤسکی) کە لەسەردەمی خۆیدا، زۆر لەڕۆژئاواو کەسانێک کە خۆیان بەڕۆژئاوایی دەزانی تووڕەبوو کە بەسووکی سەیری کەسە ئاساییە ڕوسیەکانی دەکرد، گفتوگۆمان دەکرد.

تۆ سەرسامی بەئەو (بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی بیرتەسکە ڕۆژئاواییەکان، نووسەرە

> هەموو ڕۆمانەکانم هاوبەشن لە دەربڕینی نیگەرانی کلتورو نەریتدا لەپێکدادانیان لەگەڵ نوێگەریدا کە لەدەرەوەدا بۆمان هاتووە

فێرکارییەکان کە هەمیشە بەزۆری ستایشو سەنای سەیرو سەمەرەکانی ڕۆژئاوایان دەکرد).

کاتێک ئەمەم بە (فۆئێنتس) وت، سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی پرسیاری لێم کرد، کەواتە تۆ پێتوایە پامووک نووسەرێکی نا ڕۆژئاواییە؟

ئێستاش ئایا تۆ نووسەرێکی ڕۆژئاوایی یان نا ڕۆژئاواییت؟

**پامووک:** بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ هەوڵمدا خۆم لەو پلەبەندیە بەدوربگرم، (دۆستۆیۆڤسکی) نووسەرێکی ڕۆژئاواییو لەهەمان کاتیشدا نا ڕۆژئاواییە، ئەو تەنها بێزارە لەو ڕۆژئاواییانەی کە بەسوک تەماشای هاووڵاتیانی خۆیان دەکەن، (دۆستۆیۆڤسکی) پێیوایە کە منیش هاوڕام لەگەڵی بەڕۆژئاواییبوون، یان وەک ئەمڕۆ بەجیهانگیریی ناودەبرێت، شتێکە کە ئەستەمە لێیدەرباز بیت، بەڵام دەبێت ئەمە نەبێ بەهۆی سەرکوتکردنی ڕابردووی خەڵکی ئاساییو کلتورەکەیان.

ئەو کێشانەی سەرەوە لەگەڵ بەڕۆژئاواییکردندا وەک ئەوەی لەڕوسیاو تورکیادا ڕوویدا، بوو بەهێمای جیاکاری لەناو خەڵکدا، شێوازو ستایلی فەرەنسی نوێگەریو دڵفرێنە، بەڵام هی تورکی دواکەوتو و بێزراوە، چینی سەرەوەی کۆمەڵگا زۆر بەختەوەرن بەوەی کە یەکەم کەسن کە ئامێری ریش تاشینی کارەبایی بەدەست دێنن، ئەمە مانای وایە ئەوان کەسانی ڕۆژئاواینو باشترین کەسن لەهەموو ئەوانی تر! من چەندین نموونەی لەم شێوازەم لە ڕۆمانەکەمدا باس کردووە.

وەک ڕۆمانەکانی ترم (قەڵای سپی، من ناوم سوورەیە)، هەروەها ئەم ڕۆمانەم لەو چەشنە ڕۆمانانەیە، ئێمە بەڕۆمانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، ناوی دەبەینو بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە لەناسنامەی تورکیاوە سەریهەڵداوە.

**هەموو ڕۆمانەکانم هاوبەشن لە دەربڕینی نیگەرانی کلتورو نەریتدا لەپێکدادانیان لەگەڵ نوێگەریدا کە لەدەرەوەدا بۆمان هاتووە**

هەندێ لەو کتێبانە گاڵتەجاری بەسیستمی ڕۆژئاوا دەکات لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە وەک ئەو کچەی لەڕۆمانەکەدا دەیەوێت فێری سەمای ڕۆژئاوایی ببێت، بەڵام خۆی لەبازاڕی لەشفرۆشەکاندا دەبینێتەوە، یان دەیەوێت وەک کچێکی باوەڕ بەخۆبوو، سەربەخۆو هەست بەیەکسانیکردن لەگەڵ پیاودا ڕۆژئاوا لەباوەش بگرێت.

**گاردلس:** کەواتە تۆ نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی_ڕۆژئاواییت؟

**پامووک:** من ئەمە بەستایشێک دەزانم، بەڵام من ئەم ڕۆڵەم هەڵنەبژارد، بەڵام ئەمە بەسەر مندا ڕوویداوە.

**گاردلس:** لەوکاتەی ئەوروپا بۆ هەموو مەبەستو ئامانجەکان دەرگایان لەسەر تورکیا داخست، حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بەجێگەی ئەوە تورکیا وەک دەوڵەتێکی نوێی عوسمانیو هێزی ناوچەیی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی موسوڵمان نیشیندا ناساند، لەبری ئەوەی کە تەنها پاشکۆی ناتۆو داواکەری وەرگرتن لەیەکێتی ئەوروپا بێت.

بەم دواییانە، تورکیا هەندێ مەشقی سەربازی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەهۆی جەنگی غەزەو هەروەها لەئامێزگرتنی سەرکەوتنە گوماناوییەکەی مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتەدا، لەئێران لەلایەن سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگانەوە هەڵوەشاندەوە، ئەمە بوو بەهۆی نیگەرانی هەندێ لەوڵاتانی ڕۆژئاوا کە باوەڕیان وایە تورکیا پشتی لەڕۆژئاوا کردووەو ڕووی بەرەو ڕۆژهەڵاتو جیهانی ئیسلامی وەرچەرخاندووە.

ئایا تورکیا ڕووی بەرەو ڕۆژهەڵات وەرچەرخاوە یان ئایا ئەمە بەهێزبوونی تورکیا لەناوچەکەداو بوون بەهێزێکی کاریگەر پیشان نادات کەشانازی بەخۆیو ناسنامەی بێهاوتای خۆیەوە دەکات؟

سەبارەت بە لایەنی تورکی لەم ماوەیەیدا دیپلۆماتێکی دیاری پارتی دادو گەشەپێدانم بینی لەوە دڵنیای کردمەوە کە بەبێ بوونی خواستی بەڕۆژئاوایی بوون، تورکیا تەنها دەبێتە وڵاتێکی ئیسلامی"

**پامووک:** من پێموانیە تورکیا بەو ئاسانیە بتوانێت ئەو ڕێڕەوە سیاسیەی ٨ ساڵە لەسەری دەڕوات بیگۆڕێت، ئەردۆگان تاموچێژ لەدەسەڵات وەردەگرێت، چونکە نزیکبووەتەوە لەڕێگاکانی چوون بەرەو یەکێتی ئەوروپا، بەمەش ڕێگا بۆ دیمۆکراسی زیاتر لە تورکیا خۆش دەکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە، ئاسمانی بارودۆخی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئەوروپا هێندەی ساڵی ٢٠٠٥ ساماڵ نییە، پاشان، من زۆر گەشبین بووم بەوەی کە ڕۆژنامە تورکیەکان لەو سەردەمەدا باسیان لەچوونە ناو یەکێتی ئەوروپا کرد لەماوەی (١٠)ساڵدا هیچ شتێکی لەم چەشنە ڕووی نەدا، کۆنسێرڤاتەکان لەهەردوو لایەنی ئەوروپیو تورکی، بەداخەوە، سەرکەوتوو بوون لەڕێگەگرتن لەم پرۆسەیە، من بەرامبەر ئەمە دڵگرانم.

**گاردلس:** بەدەربڕینێکی پێچەوانە، لەکاتێکدا گروپە هەڵبژێرراوە توانادارە مۆدێرنەکان لەتورکیا کە بەتایبەتمەندیە ڕۆژئاواییەکانیان دەناسرێنو بەپابەند بوونیان بەستایلو شێوازی فەرەنسی جیا دەکرێنەوە، ئەوە نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسایە کە ئەمڕۆ لە سەرەکیترین نەیارەکانی دژ بەچوونە ناوەوەی تورکیایە بۆ دەروازەی یەکێتی ئەوروپا!

**پامووک:** ها. بەڵێ تۆ ڕاست دەکەیت، ئەوە پێچەوانەی ئەوەیە کە دەیڵێن سارکۆزی لەکۆبونەوەیەکدا پێیوابوو دەتوانێت هەندێ دەنگ لەم نێوەدا بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەگەر سارکۆزی نەبوایە، ئەوا ئەوروپا سارکۆزیەکی تریان دەدۆزییەوە، سارکۆزی وەک کەسێکی نیگەرانو زمان پاراو دەرکەوت، بۆیە ئەوانیش ڕێگەی قسەکردنی پێ دەدەن.

**گاردلس:** ڕۆمانەکەت هەمووی دەربارەی باسکردنی ژیانی تۆیە لەتورکیا، لەو کاتەی کە خەڵاتی نۆبڵت بردەوە لەساڵی ٢٠٠٦، پێدەچێت بەرهەمەکەت لەتۆکیۆو نیویۆرک لەسەر قەراغی دەریای (بۆسیۆرۆس) پیشان بدەیت، ئایا ئەمە کاریگەری لەسەرت دروستنەکردووە؟

**پامووک:** من لەوە دڵنیام، من لەتەمەنی ٣٣ ساڵیەوە تەنها یەک جار تورکیام بەجێ هێشتووەو هەرگیز من وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕۆژئاواییم بەرچاو نەکەوتبوو. لەوسەردەمەدا تەنها بەرهەمهێنان لەتورکیادا بەدی دەکرا، بەڵام من کتێبە ڕۆژئاواییەکانم دەخوێندەوە توێژینەوەم لەسەر بەرهەمەکانی (مۆنت ) هەبوو، بەگەرموگوڕییەکی زیاتر لەو هەنگاوە سستانەی کە ئەوروپا بەمۆزەخانەی لۆڤەریشەوە هەڵیانگرتووە، ئێستا من لە کۆلۆمبیا خەریکی وتنەوەی کۆرسەکانی خۆمم، بەجیهاندا گەشت دەکەمو لەناو فڕۆکەدا دەنووسم، بەڵام بەختەوەری لەو شوێنەی کە دەنووسم هاوڕێمە، بەرهەمەکانم بۆ ٥٧ زمان وەرگێڕدراون، ئێستا من بەرپرسیارێتی ئەو هەموو خوێنەرەم لەئەستۆدایە.

سەرچاوە/ opendem.cracy.com



# کەشفو وێناکردنی لۆژیکی پاتریاکی لەحەساردا

نەبەز محەمەد
بەشی سێیەمو کۆتایی

**فەنتازیاو ئەفسانەی ئامادەیی باوک پاش مەرگ**

لەکۆمەڵگەی پاتریاکیدا هەموو هێزو جوانیو لێوەشاوەییەک تەنها لەباوکدا کۆدەبێتەوە، تەنها باوک دەتوانێ بیربکاتەوەو بڕیاربداتو دەستنیشانی چاکەو خراپە بکات، تەنها باوک شارەزایە بەسەر دنیاو ژیانو شتەکاندا هەر ئەو توانای رزق و رۆزیو خێرو هەر چاکەیەکی هەیە.

**لەسیستمی باوکسالاریدا هەموو پیرۆزیو فەڕو بەرەکەتێک بەباوکەوەیەو بەنەمانی ئەو پەتو فەڕو بەرەکەت هەڵدەکشێتەوە بۆ ئاسمان**، رێزو پایەبڵندیو سەرفرازیو هەموو گەشەو نەشونومایەک هەر دەگەڕێتەوە بۆ هێزی رۆحیو موبارەکی ئەو، ئەگەرچی ئەو مردبێتیش، پاش مەرگیش باوک دەتوانێت چاودێریی منالە چاکەکانی بکاتو نەوە خراپەکانیشی نابووت بکات.

ئەگەر نۆڤلێتی حەسار بکەینە نموونە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کرۆکی باوکسالاری لەهەناوێکی کلتوریی ئایینیدا گەشە دەکاتو سەر بەترادسیۆنی ئایینە، باوک هێزو پیرۆزیی خۆی لەڕوانگەی ئایینەوە هەڵدەگۆزیو خۆی پێ زاخاو دەدات، هەر بۆیە ئەو بیرە بە ئاسانی دەچەسپێت، کە رۆحی باوک پاش مردنی، ئامادەیی هەیە بە سەر رۆڵەکانییەوە، ئەوانەی شوێنی دەکەونو جێی دەگرنەوە سەرفرازیان بکاتو ئەو یاریدەیان دەدات، ئەوانەشی لا ڕێ دەگرنو لەباوکیان ناچن بەر نەفرەتی رۆحی باوک دەکەونو لە دیدی کۆمەڵگەشەوە سووکو حەرامزادن.

لەنۆڤلێتی حەساردا، دوای کوشتنی باوک، نووسەر کەشێکی فەنتازیای وا دەخولقێنێت، کە پاش کوشتنی باوک هەرچی داڕووخانو سەرگەردانیو دارمانێکە حەسار دەگرێتەوەو بەکوشتنی باوک هەموو خێرو بەرەکەتێک لە حەسار هەڵدەگیریو بنەماڵەکە لێکدەترازیو هەر یەکە بە ئاقارێکدا دەڕواتو شپرزەیی دەیانگرێتەوە، بۆ وێنە، چەند پەرەگرافێک دەخەینەڕوو:

(هەر خۆم تەنیا مامەوە، کاروانەکە وەک تەزبیحێکی هەزارو یەک قل پچڕاو دەنکەکانی هەڵوەرین، ئاواهی خوشکو براکانم لەدەستچوون).

(گەڕامەوە حەسار...بەسەر ئەوەدا چوومەوە برا ترۆکراوەکانم لەژێر بەرگی سەیرو سەمەرەدا لەسەر میرات بەشەڕدەهاتن، هەندێکیان بەزمانێک دەدوان کە من لە یەک وشەی نەدەگەیشتم، هەر یەکەو زمانێک، کە لێک حاڵی نەدەبوون، پترو پتر دەنگیان هەڵدەبڕی، بەدەم هاتو هاواری ئەوانەوە شووشەی پەنجەرەکان هاڕەیان دەکردو دەرگاکان بەدەمدا دەکەوتن).

(دوای دەیەها شەو هەر هەموو ئەسپو هێسترەکانی لەڕ بوون، سەکو پشیلەکانی گەڕ بوون، سمۆرەکانی کوێربوون، بولبولەکانیش یەکە یەکە دەنوکیان هەڵوەری، کەروێشکەکان چوارپەلیان بەزەوییەوە نووسان، مەیمونەکان ببوونە میوەی وشکەوەبوو بەسەر درەختە زڕەکانی نێو گۆڕستانەکەوە، نە ئەسپ هێزی ما بحیلێنێ، نە بولبول بچریکێنێ، نە پشیلە بمیاوێنێ، نە سەگ بوەڕێ، نە کۆتر بگمێنێ، برسیو تینوو، ملکەچو نیوە مردوو...)

(سێ لە زڕ دایکانم...شێتانە.. دایانە ئەو دەشتو کێوە، سوخمەو کراسو کەوایان لەبەر خۆیان دادڕیو بەڕووتی خۆیان دایە بەر تاڤگەی قەدپاڵەکان... رایانکردەوە کن کۆنە مێردەکانیان).

بکوژی باوک کە کوڕی یەکەمو نۆبەرەی بنەماڵەیە، سەرەتا نەیدەویست باوکی بکوژێت، بەڵکو ئەو کارەی بە پلانو هاندانی دواهەمین ژنی باوکی (رابێ) ئەنجامدا، کوڕەکە وادەی ژنهێنانی تێپەڕیبوو، بەڵام باوک ئامادەنەبوو لای لێبکاتەوە، رابێ هەڵیدەفریوێنێو هانی دەدات باوکی بکوژێت، ئەو دەبێتە ژنی، هەروەها هەموو براو خوشکو زڕدایکەکانی هانیان دەدا کە ئەو باوکە زاڵمەیان لەکۆڵخاتەوە، هەروەک نووسەر لە سەر زمانی کوڕەکەوە دەڵێت:" بە تەنیا من نەمکوشت، دایکی خۆم، هەقی دایکی خۆمو هەموو زڕ دایکەکانم چاویان نز کربووەوە، هەر هەموو قەیرە خوشکەکانم ئەوانەی لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە هەناسەی ساردیان هەڵدەمژی، ئاخی گەرمیان هەڵدەکێشاو خەونیان بەبۆنی پیاوێکەوە دەدی، لەو دیو شورەو پەرژینو پەردەو روپۆشو پەچەو عەباوە فەرمایشتی باوکمیان دەبیست، فەرمان لە سەر فەرمان، هەر هەموو برا گرگنو ترسنۆکەکانم، نێرەموکو خەسیوەکانم، هەر هەموو نزا خوازبوون کە من تاکە کەسێکمو دەتوانم لە شیرین خەودا بیکوژم".

دەبینین دوای رووداوی کوشتنی باوک هەموو ئەو کەسانە نەفرەت لە نۆبەرەو کوڕی گەورە دەکەنو پەشیمان دەبنەوەو بە باڵای باوکدا هەڵدەدەن.

(هۆکاری ناپاکمان، رۆڵەی جەربەزەو هەڵپەرست، تۆ چیت بە ئێمەو بە خۆت کرد؟ فریامان کەوە، فریای




خوشکانو دایکانی هەمیشە نەگبەتت، هەمیشە دۆڕاو، ئێمە هەموو بیری دەکەین، کوا چیت لە باوکی عگیدو چەلەنگمان کرد؟ کوا چیت لە مێردی میرخاسمان کرد؟ لەو پیاوەی منداڵی ناو بێشکەیان پێ دەترساند، ئەو پیاوەی چاپۆکترین سوارو چاترین حەیران بێژ بوو...)؟!

ئەوەی کە ئەو کەشە فەنتازیە بە رۆمانی حەسار دەبەخشێت، تەنها ریسواییو بێ وەفاییو شکستی کوڕی نۆبەرە نییە، بەڵکو ئەو ئامادەییە ئەفسانەییەی رۆحی باوکە، کە نەک هەر دەتوانێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت پیرۆزیو گەورەیی و سەروەری باوک بچەسپێنێت.

(رابێ) کە پلاندانەرو کاراکتەری دووەمە لە کوشتنی باوکدا دەچێتەوە خەونیو زیڕەی پێدەکاتو دەمرێ ( ئێوە بنەماڵەیەکی شوومن، ئەو باوکە غەزەبەی تۆ سێ شەو لەمەوبەر هاتە خەونیو کوشتی، لەگەڵ قیژەی لەشیرین خەودا راچەنیم، چاوانی ئەبڵەق بەدەم گریەو زریکەوە لە باوکت دەپاڕایەوە، کە دەست لە گەردنی بکاتەوە، بەقسە فریای نەکەوتم هەردوو ڕەشێنەی چاوانی وەرگەڕانو ئاودیوو بوون) هەموو ئەو شکستو نسکۆو ریسواییو دەسخەرۆییانەی بە سەر کوڕی نۆبەرەدا دێت، پەیوەندی بە بیرو باوەڕو نەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر زیرەکردنو مردنی (رابێ) یشی بۆ باری دەروونی بگێڕینەوەو وا گریمانە بکەین کە کەمتر پەیوەندی بە خەیاڵی داهێنەرانەی نووسەرەوە هەیە، ئەوا ئامادەیی رۆحی باوک لە رێگەی سەگەکانیەوەو راوە دونانی کوڕە بە شاخو دەشتو هەردو و دۆڵو دواجار هێنانەوەی بۆ گۆڕی باوکو ناچاربوونی کوڕە بە خۆخستنو بەسەر تەرمی باوکو تووشبونی بە جۆرێک لە هەستکردن بە تاوانو ئازار وەرگرتنی لە لایەن باوکێکی مردووەوە گەورەترین خەیاڵی داهێنەرانەی نووسەرە، بەتایبەت کاتێک نووسەر لە نێوان خەیاڵو واقیعدا کەشێکی هێندە سەرنج راکێشت بۆ دەئافرێنێ کە تۆ ناچار بە باوەڕبوون بە راستی رووداوەکان دەکات.

(نەفرەت لە خوێنی باوک کە بە دەستمەوە مەییوە، بەهیچ ئاوێک ناشۆرێت، هیچ تێزابێک پاکی ناکاتەوە، خودایە من چیم کرد بە خۆم؟ کشامەوە.... هاتنە پێش.... وێکڕا لمۆزیان بۆ درێژ کردم، لمۆزی خوێناویان، بۆنی ئەو خوێنە بەدەستمەوە هاری کردن، گەمارۆیان دام، کەوتمە نێو هەڵقەو بازنەی سەگە نەگریسەکانی، تەکانیکو تاومدا بێهودە بوو دەرباز بوونم ... ئەم هەمیشە دەیووت ئەم سەگانە رۆحی منن"

(وەلێ ئەفسوس، نەخوشکانی دڵ بەردینم، نەدایکانی میهرەبانم دەرگایان لێنەکردمەوە .... هاوارم کرد: ژنانی حەسار وەرنە دەرێ واز لەباوەشی دۆستەکانتان بێنن، من بووم دەرگاکانم شکاندو پەنجەرەکانم واڵاکرد، کێ لەودیو ئاواهی بەڕومدا دایخستوون، هۆ خوشکینە منم برای جەربەزەو نائومێدتان، دایکانی هەمیشە دیدەتەڕ، منم کوڕی هەڵەتەو تاوان بارتان، بەر لەعنەتی باوکە کەوتوومو هەناوم هێناوەتە بەر قاپیتان، ژنی چاک بن دەرگام لێوەکەن، هۆ برا نامەردەکانم ئێوە وان لەکوێ ).

ئامادەیی رۆحی باوک ئەوەندە بەهێزە کە سەگەکان بکوژی باوک ئەوەندە گۆڕەو شار دەکەن تاهەرچی شیری دایک هەیە لەلوتییەوە دەڕژێ، لەدیدی کۆمەڵگەو نەریتی پاتریاکیدا کەسێک حەرامزادەو خیانەتکاربێت دەبێت شیری دایکی پێنەبڕدرێتو نەفرەتی کوڕێک کە باوک دەکوژێت ئەوەندە گەورەیە، کەشیری دایکی پێ هەڵدەهێنێتەوە، بەهەموو مانایەک دەبێت بێبەش بێت لەبنەماڵەو ئەو شیرەشی پێی گۆشکراوە، نووسەر لەم کەشە خەیاڵییەدا زۆر سەرکەوتوانە توانیویەتی خەیاڵو واقعێکی سیحری کە پشت بە ئایدیاو بیری نەریتە کۆنەکان دەبەستێت —بەرجەستە بکات .

ئەم ئامادەییەی رۆحی باوک تاڕادەیەکە نەک هەر بکوژی باوک ناچار دەکات هەموو ژیانی بهێنێتەوە ناو گۆڕی باوک، بەڵکو لەڕێگەی درێژبوونی نینۆکو ئاوسانی لاشەی (باوک)ەوە کوڕە بەردەوام دەبێت لەعەزابدابێت و لێیدەپاڕێتەوە.

ئیتر بکوژی باوک مەحکومە بۆ هەتاهەتایە لەنێو ئەو گۆڕەدا بژیو بمرێت هیچ چارەو دەرباز بوونێکی نیە :

(دەبێت چاوەڕێ بم تا سەگەکان پیر دەبنو دەتۆپن تا ئازادو سەرفراز بم، کەچی لەبەر چاوانم زاووزێ دەکەنو تادێ زووررتر دەبن.

لێرەدا روداوەکان قوفڵ دەبن، بەڵام نووسەر لەڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە، کۆتایی دەبەستێتەوە بەسەرەتاوە، بەم پێیە سەرەتاو کۆتایی رۆمانەکە هەریەک شتە، واتا لەبازنەیەک دەچێت کەسەرەتا کۆتاییەو کۆتایش سەرەتایە .

لەکۆتایدا شتێک کەزۆر جێگای سەرنجو بیر کردنەوەی من دەشڵەژێنێ ئەوەیە کە بکوژی باوک دوا جار تەنها لەپاڵ باوکدا چەشنێک لەحەسانەوە (ئەگەر هەبێت) دەبینێت، باوک ئەگەر چی مردبوو، بەڵام هەر ئەو بووە پەناگەو هاوشوێنی، دوا شوێن کە هەم لەڕاکەڕاکەو کەڵبەی سەگەکان رزگارمان دەکاو هەم شوێنێک کەدەبێت بەناچاری تێیدا هەست بەهەقیقەتێک بکەین کە میهرەبانی باوکە، باوکێک کە ئێمە تەنها وەکو جەلادێک ناسیومانە، کوڕێک کە حەرامزادەو ریسوایە لەدیدی کۆمەڵگاداو بەر نەفرەتی هەتا هەتای کەوتووە، ئەو کە هیچ کام لەخوشکو براکانی دەرگایان لێنەکردەوەو نەفرەتیان لێکلرد، ئیتر تەنها جێیەک کە لەدەستی سەگە هارەکانو نیگای دوژمنانەی کۆمەڵگەو تەنانەت سروشتی رۆحی خۆشی رزگاری بکات گۆڕی باوک بوو، باوک لەیەک کاتدا هەم پەناگەو هەم تۆڵەستێن بوو، بەم پێیە ئەوانە لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا پشت لەباوک دەکەن و لێی هەڵدەگەڕێنەوە سەر ئەنجام تەنها ریسوا دەبنو بێ پەناگەو پشتیوانی باوک دیسان ناتوانن بژین، لێرەوە لەواقعی پاتریارکیدا باوک نەک تەنها رەمزو هێمای دەسەڵاتە بەڵکو مانای رەمزی ژیانیشە، هەڵبەتە ژیانێک کە هەر ئەو تێی دەگاو دروستیدەکات واتا ژیانێک کە ئێمە دامان نەهێناوە بەڵکو هەر ئەو خاوەنیەتی.

> **لەسیستمی باوکسالاریدا هەموو پیرۆزیو فەڕو بەرەکەتێک بەباوکەوەیەو بەنەمانی ئەو پەتو فەڕو بەرەکەت هەڵدەکشێتەوە بۆ ئاسمان**

# بێخەویی

**ڤیرخیلیو پیمە پێرا**



پیاوەکە دەڕواتە ناو جێگا بەڵام خەوی لێ ناوکەوێ. ئەم لاو ئەو لا دەکا، چەرچەف لا دەدا، جگەرەیەک دادەگیرسێنێ، برێ کتێب دەخوێنێتەوە، هەمدیسان چراکە دەکوژێنێتەوە، بەڵام هەر ناتوانێ بخەوێ، سەعات سێی نیوەشەو لە خەو هەڵدەستێ، ئەدا لە دەرگای ماڵی هاوڕێو دراوسێکەیو لە گەڵی دەردە دڵ دەکاو پێی دەڵێ خەوێ لێ ناکەوێ، داوا دەکات رێنوێنی بکات، هاوڕێکەی پێشنیار دەکات پیاسە بکات، رەنگە ماندوو بێت، دواتر کووپێک گەڵای زیرفۆنی کوڵاو بخواتەوەو چراکە بکوژێنێتەوە. هەموو ئەم کارانە دەکات، بەڵام هەر خەوێ لێ ناکەوێ، هەڵدەستێو ئەمجارە دەڕواتە لای دکتۆر. دکتۆریش وەک هەموو کات برێ قسە دەکاو پیاوەکە هەر ناتوانێ بخەوێ، سەعات ٦ی بەیانی دەمانچەکەی پڕ دەکاو مێشکی خۆی دەتەقێنێ، پیاوەکە مردووە، بەڵام هەر خەوی لێ ناکەوێ، بێ خەوی خراپ تووشی هاتووە.

**و: شنۆ رەسوڵ**

# دووری لە ئازیزان

**جەیمز تەیت**

زیتا دوای ئەوەی مێردەکەی مرد بڕیاریدا پێستی دەموچاوی هەڵگرێ، ئاواتێک کە بە درێژایی تەمەنی بە خۆزگەیەوە بوو، لە ناوەڕاستی نەشتەرگەری پێست هەڵگرتندا زەختی خوێنی دابەزیو بە ناچاری نەشتەرگەریەکەیان راگرت، کە بڕیاریدا لەو سەفەرە ناخۆشەیدا بۆ ماڵەوە قایشی سەلامەتییەکەی ببەستێ، شانێکی لە دەستدا، کە گەیاندیانە نەخۆشخانە، زانیان شێرپەنجە هەموو باڵی گرتووەتەوەو تەنیوەتەوە بۆ هەموو شوێنێکی جەستەی، دواتر تیشک دەرمانی دەستپێکرد، ئێستا زیتا لە ئارایشگە دادەنیشێ، قژی وەریوەوو هەر دەگری.

دایکم هەموو ئەم شتانەم لە پشت تەلەفۆنەوە بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێم : دایە زیتا کێیە؟

دایکم دەڵێت: زیتا منم، بە درێژایی هەموو تەمەنم زیتا بووم، بێ قژو هەموو دەم لە گریان، جا تۆ کە کوڕمیو دەبێ زیاتر لە هەموو کەس بمناسیت، لاتوایە من تەنها دایکتم.

دەگریو دەڵێت: رۆڵە من خەریکم دەگریم!

**و: مستەفا**



**پرۆفایل:**

**جەیمز تەیت (James Tate) نووسەری ئەمریکایی ساڵی ١٩٤٣ لە کانزاس سیتی لە ولایەتی میسۆری لە دایک بووە، دەیان کتێبی شیعرو کورتە چیرۆکی هەیە**

# وەرگێڕانی بریندار لەسەر دەستی سەلەفییەتی مۆدێرن

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
بەشی سێیەم

گەر سەیری ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە بکەین کە وەک کتێب یان وتارو شیعر هاتوونەتە بەردەستی خوێنەری کوردی زمانو بەتایبەتی ئەو بڵاوکراوانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لەلایەن دەزگا یان کەسەکانەوە وەشێندراون، بەداخەوە بەسەر ئەزموونێکی کرچو کاڵو سەقەتی وەرگێڕاندا دەکەوین کە نە تەنیا خوڵقێنەری کارەسات بوون، بەڵکو بەرەو ئەوە دەچن کە خودی وەرگێڕان بەوەرگێڕیشەوە ببێتە کارەسات، بەرلەوەی ئاوڕ لەچۆنییەتی هەڵسوکەوتی وەرگێڕ بۆ سەر زمانی کوردیی لەگەڵ ناخی دەقدا بدەینەوە، لەوە دەدوێین کە زۆربەی ئەو بابەتانەی لەلایەن وەرگێڕکارانەوە هەڵدەبژێردرێن ئەو بابەتانەن کە لەریزی بەرهەمە پڕفرۆشەکاندان.

ئەو چەشنە بەرهەمانە وەڵام بەچاوەڕوانییەکانی خوێنەری سادەو باشترە بڵێم خوێنەری ئاستنزمی کوردی بەگشتی دەدەنەوە، واتا بەرهەمی وەرگێڕانەکانی لەم جۆرە لەباری زانستییو هونەرییو زمانییەوە بایەخێکی ئەدەبیی ئەوتۆیان نییە، سروشتییە ئەم ڕێژەیە کە زۆرینەی وەرگێڕکاران دەگرێتەوە، نەچێتە خانەی وەرگێڕانی ئەدەبی جدییەوە، دەست بۆ ئەو بابەتو کتێبە بەپێزانە نابەن کە بتوانێ بۆ کتێبخانەی کوردی بەسوود بێت، ئەم جۆرە کەسانە ئاساییە کە بڵێین ئاستی هەڵبژاردنو گرنگتر لەوەش ئاستی پێگەیشتنیان نزمە یان هەر نەبێ توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داهێنانە جدییەکانیان نییە، ئەمەش بۆ خۆی کە هەروەک گوتمان زۆرینەی کاری بەناو وەرگێڕکاران دەگرێتەوەو یارمەتیدەری ئەو قەیرانەیە کە ئاوقای زمانو ئەدەبی کوردیی بووە کە لێی دەدوێین.

لایەنەکەی دیکەی بەرهەمێکی وەرگێڕدراو کە وەرگێڕ تا چەندە توانیویەتی بەفۆڕمو ناوەڕۆکو ڕستەسازییو شوناسی دەقو سیمبولو هتدی دەقی زمانی سەرەکی سەرقاڵ بێ، تا چەندە هەوڵیداوە ئەو توخمە هەستیارانەی کە بەگشتی شوناسو چییەتی هەموو دەقێکنو هەڵگری دنیایەکی تایبەت بەخۆیانو نیشانەی جیاوازبوونی بابەتێکن لەئەویتر، بدۆزێتەوەو بناسێو بگوازێتەوە نێو زمانی مزڵ کە کوردیی بێت؟ بەسەرنجدان بەوەرگێڕانەکان دەبینین کە دیاردەی سەیرو سەمەرەو ڕووخێنەرکە وەرگێڕ بەبێ هیچ بەرپرسیاریەتییەکەوە خۆی تێهەڵدەقورتێنێ ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک نەهاتووە لەڕێگەی هاوتاسازیی ماناکانی نێو دەقی زمانی سەرەکییەوە، وەرگێڕان بکات، وەرگێڕانی ئەدەبی کوردیی چ لەئاستی ڕۆمانداو چ چیرۆک یان شانۆیی یان شیعر، زمانێکی بێ باڵانسو ڕێکو مەییوی بەکارهێناوە بێ ئەوەی هەڵکشانو داکشانی ریتمی مۆسیقایی ڕستەکانی ڕەچاو کردبێ، بێ ئەوەی عاتیفەو هەستی پشت وشەکانی درک کردبێ، بەهەمان شێوە داڕشتی ئەو زمانەی کە ئەدەبی پێ وەرگێڕراوە بەهەمان شێوە بابەتی سیاسیو کۆمەڵایەتیشی داڕشتووە، بۆیە بەردەوام دەبینین کە چەندین کتێبو وتارو بابەت لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا لەلایەن وەرگێڕێکەوە دێتەکایەوە، واتە بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ئابووری ناوی وەرگێڕێکی فرە پسپۆڕیی کۆڵکێش دەکا، لێرەدا پسپۆڕی واتای خۆی لەکیسدەدا، کۆمەڵێک بەرژەوەندیی کەسییو پاوانخوازیی دێنە گۆڕێ، تۆ کە کردەی وەرگێڕی ئالەم چەشنە واتا وەرگێڕدراوی بابەتێکی شیعریی یان گێڕانەوەیی وەک ڕۆمانو چیرۆک یان دەقێکیتر لەبوارێکی دیکەدا دەخوێنییەوە، پێتوادەبێ کە گشتی نووسەرەکان لەڕووی زمانیو شێوەی داڕشتنی زمانییەوە لێکدەچن، کاتێ وەرگێڕانی کتێبی نووسەرێک یان شاعیرێکی سەدەی حەڤدە یان هەژدە دەخوێنییەوە کە لەکەشو هەواو کلتورێکی تایبەتو بەگشتی چاخێکی تایبەتی دیکەدا خولقاوە، هەمان ریتمو ڕستەسازیی لەوەرگێڕانی بۆ نمونە کتێبێکی سەدەی نۆزدە یان بیستدا دەبینی، وەرگێڕی ئەم بەناو گشت شارەزایەی ئێمە قەت ئاگای لەوە نەبووە بەبێ تێکشکاندنو شێواندنی شوناسی دەقی سەرەکی، بێت هاوتاسازیی ماناکان بکات، بێ ئەوەی خۆی ماندوو کردبێ یان توانای ئەوەی هەبێ تێکەڵاوی بەرهەمەکە یان دەق بێت، هەروەها فەرامۆشکردنی شێوازی نووسینی داهێنەر لەلایەن وەرگێڕەوە بەکورتییەکانی زێدە دەبێ، ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەمڕۆکە وەرگێڕان بۆتە زانستێکو پێویستییەکی هەرە گرنگ بۆ ئەو کەسەی تەنانەت بەشێوەیەک لەشێوەکان دەپرژێتە سەر ئەدەبیاتو پێیەوە سەرقاڵە، چ بگا بەو کەسەی ئەرکی وەرگێڕانی بەئەستۆ بێ.


ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

لێرەدا دەتوانم بۆ نمونە ئاماژە بکەم بەوەرگێڕانی شیعری شاعیرانێکی ناسراوی فارس وەک سۆهراب سپێهریو فروغ فەڕۆخزاد، ئەگەرچی نمونەی دیکەی زۆر لەوە زیاترو سەقەتتریش هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری خوێنەران لە ڕووی ئەم وەرگێڕانانەوە پێیانوایە بەدنیای شیعریی سۆهرابو فروغ ئاشنابوون، ئەم دوو نمونەیە دەستنیشان دەکەم، وەرگێڕانی ئەم دوو بەرهەمە دیارەی فارس کە جیا لەکوشتنی فرەیی سیمبولو بناغەیی بابەتەکە، ریتمێکی خاووخلیچکو لێکترازان لەرستەسازییو بڕگە شیعرییەکاندا روویداوە، ئەم شیعرانە لەزمانی سەرەکییاندا ئەگەرچی بەڕواڵەت زمانێکی سادەو ساکاریان وەک واتای قامووسی پێوە دیارە، بەڵام هەڵگری دنیایەکی تایبەتو کۆمەڵێک تەمهیدی تایبەتنو تا ئاستێک شاعیرەکانیان تێیاندا شۆڕبوونەتەوە کە تەنیا چاوی وردبینو زەینی قووڵی روانین بۆ شیعرو هەستی شاعیرانەو وشیارو شارەزا بەنیشانەو سیمبولەکانە کە دەتوانێ وەرگێڕانێکی شایانو باڵاترین مافێکی کە وەرگێڕان دەیدا بەشیعر بینرخێنێ، زمانو واتا لەبەشێک لەشیعری ئەو شاعیرانەدا وەها ئاوێتەی یەکتری بوون کە بایەخی ئەدەبیی بوونیانی زێدەتر کردووەو سروشتیشە کە وەرگێڕانیشیان دژوارترە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەوە دەڵێم کە بەسەرنجدان بەخودی شیعر دەبێ ئەوە بزانین کە شیعر ڕووداوێکە لەزماندا، واتە شێوەی بەکارهێنانو کردەی زمان باسی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە چەشنێکی داڕشتی زمان لەچەشنەکەیتر جیادەکاتەوە، هەرلەو ڕێگەیەشەوەیە کە فۆڕمو واتایەکی جیای لەویتر دەبێ، هەر بەو جۆرەی کە زمانی شیعر، زمانی پەخشان، زمانی گوتارو زمانی زانستو هتد فۆڕمێکی تایبەتو واتایەکی تایبەتمان بۆ وێنا دەکەن، لەشیعردا کە بەکارهێنانی هونەریانە بەخۆیەوە دەگرێ، جوانیناسی (ئیستاتیک) لەزماندا دەردەکەوێ، زمان لەشێوەی ئامرازیی واتە تەنیاو تەنیا گواستنەوەی مانا دووردەکەوێتەوەو توانستەکانی دیکەی زمان دێنەئاراوە کە هیرمۆنۆتیکو فرەمانایی دەخوازن.

بەکورتی بڵێم کە زمانی شیعر لەگەڵ زمانی پێوەری پەیوەندییەکان جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە، واتا لەبەرامبەر واتای نەگۆڕو بڕیار لەسەردراودا خۆڕاگریی دەکاو هەرمانی شیعریش ڕەنگبێ هەر لەوە دابێ، کەچی لەو وەرگێڕانە شیعریانەی بۆ نمونە باسمکردن گشت ئەو توانستانەی لەناخی شیعری فروغو سۆهرابدا هەیە، کوژراونو زاتی شیعر بەتەواوی تووشی خۆفرۆشتن بەرای گشتیی خوێنەری سادە پەسەندو لاواز دەکا، لێرەدا بەڕاستی چەندە هەق بەو وتە نەستەقەی ئیتاڵییەکان بدەین کە دەڵێن وەرگێڕ خائینە؟!! ئەو دوو نمونە وەرگێڕانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان تا چ ڕادەیەک توانای چپاندنی درکی زمانی شیعریو واتای شیعرییان بووە لەخۆیاندا؟! وەرگێڕانی ڕاستگۆیانە کاتێکە کە تەنیا وەرگێڕانی ئەدەبیی نەکردبێ، بەڵکو بتوانێ لایەنەکانی تری دەق هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد بگوازێتەوە.

فلوبێر لەشوێنێکدا کە باسی وشەی بەجێو گونجاو دەکا ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەهۆی پێکەوەبوونو لەجێی یەک دانیشتنی وشەکانە کە شێوازی نووسین سازدەبێ، لەژێر تیشکی ئەم وتەیەی فلوبێردا پرۆست کەشف دەکرێتەوە، پرۆست یان هەر کەڵەنووسەرێکی دیکە بۆ نمونە میلان کۆندرا بەردەوام نامۆ دەبنەوە، بۆ هەمیشە شێوازی نایابو تایبەت بەخۆیانەوە پێوەدیارە، مۆسیقای وشەو پێکەوە گونجانی واتاو زمانو ریتمی وشە بلیمەتی لێدروستکردوون.

چەندین نووسەر هەبوون بۆ نمونە کە خوێندوومانەتەوە، ژان میلیو لیۆ سپیتزێر لەسەر شێوازی نووسینو مۆسیقای زمانی پرۆستدا، چەندین لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، چەندەها کتێبیان نووسیوە، وەرگێڕی کوردی زمانیش ئەوە کردارەکەی بێ.. باشە! ئێمە بەڕاستی تاکەی هەروا بەسوکو ئاسانی لەپاش ئەم گشت داهێنانە ناوازە جیهانییانەدا بەلای ئەم گشت ناپوختەیی وەرگێڕانو کارە سەرپێییو سوکو چروکانەوە تێپەڕبین؟ ئاوا بچێتە پێشێ لەسەر دەستی ئەم کارەساتانە جیا لەسوکایەتیی کردن بەدەقی زمانی سەرەکییو دابەزاندنی ئاستی داهێنانەکە، هەڕەشەی جدیش لە زمانو ئەدەبی کوردی دەکرێ، ئەدەبی کوردی ئەتک دەکرێ، حاشاکردن لەبنەڕەتەکانی زمانی نووسینی کوردی کە پێموایە ناخی ئەو زمانە هەڵگری وزەیەکی گەورەیەو تەنیا دۆزینەوەی پوتانسیەلو توانستەکانە دەیپشکوێنێ، ئەو پێوانانەی کە دەتوانرێ لەناخی زمانی پوختو پاراوی هەژارو هێمنو شوکور مستەفادا شاراوەیە، بدۆزرێتەوەو کاری پێبکرێ. ئەم جۆرە خۆگێل کردنانەو ئاوڕنەدانەوەی جدی، قەیرانو خەساری زمان زێدەتر دەکا، زەبرێکی کاری دەوەشێنێو دارمانو پرشوبڵاوی زمانو بەگشتی ئەدەبیات، ئاکامەکەی دەبێت، ئەم ناڕاستگۆییەی وەرگێڕانی ئا لەم چەشنەو بەگشتی وەرگێڕکاران پەرەی پێدەدەن لەبۆشاییەکی فەزای کلتوریو نقیساریدا کە نەبوونی ڕەخنەی زانستیی بێ ڕوودەدا.

ڕەخنەی وشیارو شارەزا ئەو گوشارو ڕێگرەیە کە بەشێوەی تەندروست ئەزموونی ژیانکردن لەنێو کلتور یان ئەو کلتورانەی بێجگە لەکلتوری خۆجێیینو نەتەوەی دەستکورتن ئامادە دەکا، یان باشتر وایە بڵێم ئەزموونی ململانێکردنو ڕۆچوون بەنێو کەلێنو قوژبنەکانی کلتوری نامۆ واتە داهێنانی ئەدەبیو فەلسەفی، دەوری مۆسیقاو مێژو و هتدی نەتەوەیتر دەتوانێ بەئاراستەی ڕۆشنگەرو ئەندێشەکردنی ئەویتردا ببات.

# وتووێژ لەگەڵ کەیخوسرەو پوور نازری

## ئاوازەکانی مۆسیقای تەنبوور سەر بە مۆسیقای کوردی نییە

موحسین زهوری
و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

**بەشی یەکەم**

لەنیوەکانی یەکەمی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، گروپێک لەکرماشان بەڕێبەری کەیخسرەوییو پوور نازری پێکهات کە هەر یەکەیان بەجۆرێک توانای ژەندنی ئەم ئامێرەیان هەبوو، ئەندامانی ئەم گروپە کە ناوی "تەنبوری شەمس" یان لەخۆیان نا بەهاوکاری شەهرامی نازری (ئامۆزای کەیخوسرەو) یەکەمین ئەلبومی خۆیان لەژێر ناوی "×دای سخن عشق" بڵاوکردەوە کە لەسەردەمی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، ئاهەنگەکانی ئەم ئەلبومەو سیحری دەنگی تەنبوورو ژەنیارەکانی بەخێرایی سنورەکانیان بڕیو گەیشتە ئەمریکاو ئەوروپا، بەڵام وەک زۆربەی گروپەکانی دیکە لەئێران، ئەندامانی ئەم گروپەش پاش ماوەیەک دەستیان لەکار هەڵگرتو کەیخوسرەویان بەتەنیا هێشتەوەو ئەویش بەهاوڕێیەتی تەهمورتو


کەیخوسرەو پوور نازری

سۆهرابی کوڕی سەرپەرشتی ئەو گروپەیان لەژێر ناوی "شەمس" گرتە ئەستۆ.

**سەرەتا لەناوی پێشووی گروپەکەتانەوە دەستپێبکەین، بۆچی ناو تەنبووری شەمستان هەڵبژارد؟**

**کەیخوسرەو:** ئەگەر هەر ناوێکی دیکەشمان هەڵبژاردایە، دیسانەوە دەیان گوت بۆچی ئەو ناوەتان هەڵبژاردووە، بەمجۆرە هەر ناوێک بیرلێکردنەوەو هاوئاهەنگییەکی لەپشتبووەو هەڵبژاردنی ناوی شەمس لەسەر گرووپەکەی ئێمە بەبیرلێکردنەوەو هاوبیری ئەندامانی گروپەکە بووەو شتێکی کتوپڕو بێ بیرلێکردنەوە نەبووە، کۆمەڵێک ناوی جۆراوجۆرمان هەڵبژاردبوو کەدواتر لەنێویاندا ئەم ناوە هەڵبژێردرا، باری مەعنەویی ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ شەمسی تەبرێزی لەعارفانی گەورەو لەکەسایەتییە هەمیشە زیندووەکانی مەعنەوی ئێران کە مەولانا دیوانە مەزنەکەی خۆی بەو ناوە بڵاوکردۆتەوە، لەزۆربەی بەیتەکانی دوایی غەزەلیاتی ئەم دیوانە، بەشێوەگەلی جۆراوجۆر ناوی شەمس هاتووە، ئێمەش بەحوکمی ئەوەی کە لەزۆربەی کارەکانماندا کەڵک لەشیعرەکانی مەولانا وەردەگرین، ئەم ناوەمان بەباشترزانی بۆ گروپەکەمان، واتاکەی تری شەمس، بەمانای خۆرە، هەمووان دەزانین کە خۆر تیشکێکی ڕەهایەو هەڵگری بارێکی پڕبایەخە، بەمهۆیانەوە ئەم ناوە پڕمانایەمان لەسەر گروپەکەمان ناو سەرجەم گروپەکەشمان شانازی بەم ناوەوە دەکەین.

**دەکرێ شێوەی پێکهێنانی ئەم گروپەمان بۆ باس بکەیتو ئەندامانی سەرەکی گروپەکە کامانە بوون؟**

**کەیخوسرەو:** ئەندامانی یەکەمی گروپەکە بریتی بوون لەنەمر شادروان عالی نژاد، عەلی ئەکبەری مورادی، عەبدوڵڕەزا ڕەهنما، گوڵ نەزەر عەزیزیو سیاوەش نوورپوورو کەیهان کەلهوڕو کامرانی برای لەم گروپەدا دەفیان دەژەند، ئەمانە ئەو کۆمەڵە کەسە بوون کە هەر لەسەرەتای پێکهێنانی گروپەکەوە هاوکارمان بوون.

**شێوەی کۆبوونەوەتان لەدەوری یەکمان بۆ باس بکەنو بۆچی ئامێری تەنبوورتان وەک ئامێری سەرەکی هەڵبژارد؟**

**کەیخوسرەو:** من خۆم خەڵکی کرماشانمو تەنبووریش ئامێرێکی کرماشانییە، عەلی ئەکبەری مورادی، گوڵ نەزەری عەزیزیو سیاوەش نوورپوورو کەیهانو کەلهوڕو کامەرانی براشی کرماشانی بوون، عەبدولرەزاو نەمر عالی نژادیش دانیشتووی شاری سەحنەی سەر بەپارێزگای کرماشان بوون، بەم بۆنەوە گرفتێکمان بۆ کۆبوونەوەو پرۆڤەکردن نەبوو، عالی نژاد لەکۆنەوە قوتابی خۆم بووەو هەفتەی جارێک لەسەحنەوە دەهات بۆ کرمانشانو دەرسەکەی وەردەگرتو دەگەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی، پاشانیش کە گروپەکەمان پێکهێنا ئەم جۆرە هاتوچۆیە هەر بەردەوام بوو، ئەوانی دیکەش کە خۆیان دانیشتووی کرماشان بوون ڕۆژانە یەکترمان دەبینی.

**شەهرامی نازری ئەندامی گروپەکەی ئێوە بوو؟**

کەیخوسرەو: بەڕێز نازری هەر لەسەرەتای پێکهێنانی گروپی تەنبووری شەمس لەتاران بوو، ئێمە پێشووتر پێوەندی هونەریمان پێکەوە هەبوو، پاش پێکهێنانو دامەزراندنی گروپەکە بەرێزیان دەستیدایە هاوکاری کردنمان.

**ئەوکات لەگروپەکانی شەیداو عارف بوو؟**

**کەیخوسرەو:** بەڵێ، لەگروپەکانی شەیداو عارف بوو، هەڵبەتە پێش ئەوە هاوکاری گروپێکی سونەتی ئێمەبوو لەکرماشان، ئەم گروپە پێش شۆڕشی ئێران چالاکی دەنواندو بەرێز نازریش لەگروپەکەدا بەشداربوو، ئەم گروپە هاوکات لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران چالاکییەکانی وەستاند.

# "تائێستا نەتوانراوە مۆری فسفۆری لە دۆکۆمێنتەکانی هەرێم بدرێت، تاوەکو لەهەموو شارەکانی دیکەی عێراقدا کاری پێبکرێت"

## لیوا موحسین عوسمان بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتو نشینگە بۆ دەستوور

سازدانی: بیلال جەعفەر

بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتو نشینگە، لیوا موحسین عوسمان ئاماژە بەوەدەکات تاوەکو ئێستا حکومەتی ناوەند کێشەیان بۆدروستدەکات لەکاروبارەکانیانداو تائێستا نەتوانراوە مۆری فسفۆری لەدۆکۆمێنتەکانی هەرێم بدرێت، تاوەکو لەهەموو شارەکانی دیکەی عێراقدا کاری پێبکرێت، هەروەها باس لـەوەدەکـات ئـەو بڕیارەی کەحکومەتی هەرێم بۆ پێدانی پاسپۆرت بەڕەگەزی مێینە بەبێ وەلـی ئەمر لەلایەن بەغدادەوە قبوڵ نەکراوەو دەڵێت "ئێمەش پابەندین بەئەوانەوە".

**دەستوور:** بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ دەبێت سەرجەم ئـەو دۆکۆمێنتانەی کەدەدرێت بەهاووڵاتیانی عێراق زمانی کوردی لـەسـەر بێت، هـۆکـار چییە تا ئێستا نەتوانراوە زمانی کوردی بۆ ڕەگـەزنـامـەو پێناسی باری شارستانی زیادبکرێت؟

**لیوا موحسین:** لەساڵی (٢٠٠٦)داشاندێکی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی گشتی عێراق هاتنە هەولێرو سلێمانی، ئەو بابەتە باسکراو بڕیاریاندا سەرجەم ئەو دۆکۆمێنتانەی کە لەناوخۆ کاری پێدەکرێت بـەکـوردیو عەرەبی بێتو ئەوانەی لەجیهانی دەرەوەدا کاری پێدەکرێت، زمانی کوردیو ئینگلیزی بۆ زیادبکرێت، ئێمە سـەرجـەم دۆکۆمێنتەکانمان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، بەڵام بێئەنجامبوو، لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)دا بەسەرۆکایەتی شاندێکی سەرجەم شارەکانی هەرێم دووبارە ئـەو بـابـەتـەمـان باسکردەوە، پـێـیـانـوتـیـن دۆکۆمێنتەکان گـۆڕانـکـاری بـەسـەردا هاتووەو دەبێت بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە بیکەنە زمانی کـوردی، دووبارە لـەڕێـگـەی ڕاگـەیـانـدنـی گشتی ڕەگەزنامەوە چەند لیژنەیەکمان بـۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕەگـەزنـامـەو بـاری شارستانیو نوسینگەی زانیاریو پاسپۆرتو نشینگە پێکهێناو سەرجەم دۆکـۆمـێـنـتـەکـانـمـان کـردەوە بـەکـوردی، دواتـر لیژنەیەکی سـەرەکـی دۆکۆمێنتەکانی بەکوردی بـردەوە بەغدا، بەڵام بەبیانووی دووئیدارەیی لەهەرێمی کوردستان لەعێراق، نەیانخستە بـــواری جێبەجێکردنەوە، تائێستاش لەهەوڵداین بۆئەوەی ئەو مافە بسێنین، بەڵام تائێستا نەگەیشتووینەتە ئەنجام.

**دەسـتـوور:** تائێستا هیچ پێناسێکی باری شارستانی کە لەفەرمانگەکانی ڕەگەزنامەو باری شارستانی لەسێ پارێزگاکەی هەرێم دەردەچێت، لەپارێزگاکانی دیکەی عێراقدا کاری پێناکرێتو پێیان قبوڵ نییە؟

**لـیـوا مـوحـسـیـن:** لـەدوای ڕزگاری عێراق، ئێمە ئیدارەکانی خۆمان بـەڕێـوەبـرد، حکومەتی ناوەندی سەرجەم کەرەستەکانی بـۆ دەرهێنانی پێناسی باری شارستانی لەهەرێمدا نەهێشت، بـۆئـەوەی هـاووڵاتـیـانـی هەرێم پەکیان نەکەوێت، لەسەر ئەو شێوازەی ڕابردوو دەستمان کرد بەدەرهێنانی ڕەگەزنامەو پێناسی باری شارستانی، بەڵام جیاوازی لەو دۆکۆمێنتانەی کە لەپارێزگاکانی هەرێمو پارێزگاکانی دیکەدا هەیە، دەرکـــەوت کـــە فەرمانگەکانی هـەرێـم لـەسـەر شـێـوازی کۆن کـاردەکـەن، پارێزگاکانی دیکە بەشێوازی تازە، بەڵام چەندینجار داوامـــان لەڕەگەزنامەی گشتی بـەغـدا کـــردووە کـە کەرەستەو دۆکۆمێنتەکانی خۆیانمان پێبدەن، بۆئەوەی سەرجەم خەڵکی عێراق یەک دۆکۆمێنتی هەبێتو مۆری فسفۆری پێوەبێت، هەرچەندە دۆکـۆمـێـنـتـەکـانـیـان ڕەوانـــەی فەرمانگەکانی ڕەگەزنامەی هەرێم کرد، بەڵام مۆری نزیکەی (٩٩) فەرمانگەی سنووری سلێمانیو گـەرمـیـانو هەولێر نەهاتبوو، بۆئەوەی یەک دۆکۆمێنتی عێراقی هەبێت، دوای ئەوەی داوای ئەو مۆرەمـان کـرد، ویستیان تەنها (٣٢) مۆرمان بۆ بنێرن کەئەمەش بەشی ئەو فەرمانگانەی هەرێمی نـەدەکـردو تائێستاش نەبۆیان ناردوین نەمۆری تازەشمان بۆ دروست دەکەن، بەبیانووی ئەوەی دەبێت سەرجەم ئەو دۆکۆمێنتانەی لەهەرێم دەرکراوە، دەبێت تەسبیتی یەکە ئیدارییەکانی عێراقی بکەنو پـاش ئـەنـجـامـدانـی ئـەو کـارە لـەوەزارەتـە پەیوەندیدارەکانی عێراق، لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم نوسراوی ڕەسمی لەسەر دۆکۆمێنتەکان بۆ کردوون، بەڵام دوامان لێدەکەن لەوەزارەتی شارەوانی عێراق پاساو (تەسدیق) بکرێن دواتـر بێتە ڕەگەزنامەی گشتی عـێـراق، بۆیە تائێستا نەتوانراوە ئەو مۆرە فسفۆرییە لەدۆکۆمێنتەکانی هەرێم بدرێت، تاوەکو لەهەموو شارەکانی دیکەی عێراقدا کاری پێبکرێت کەئەمەش پێشێلکردنی دەستووری عێراقەو بـۆ دروسـتـکـردنـی ئاستەنگو غەدرکردنە لەخەڵکی کوردستان، لەکاتێکدا بەپێی یاسای (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی عێراق، پارێزگاکان خۆیان بەرپرسن لەیەکخستنو دامەزراندنی یەکە ئیدارییەکان.

**دەسـتـــــــوور:** ئـەگـەر هاووڵاتییەکی کـورد سەردانی شارێکی دیکەی عێراق بکاتو پێناسی شارستانییەکەشی کاری قبوڵنەبێت، ئـەو هاووڵاتییە دەتوانێت چیبکات؟

**لـیـوا موحسین:** سەرجەم هەڵگرانی دۆکۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان کەهی پێش ڕووخانی ڕژێمە، لەناوەو دەرەوە تووشی ئاستەنگو کێشە بوونەتەوەو ئیشەکانیان نـاڕوات، چونکە حکومەتی مەرکەزی دۆکۆمێنتە تازەکانی پارێزگاکانی دیکەی گشتاندووە (تەعمیم) بەسەر سەرجەم سەفارەتەکانی جیهان، بەهۆی ئەوەی دۆکۆمێنتەکانمان تـازەیـە، کەناڵێکمان لەگەڵ باڵیۆزخانەکاندا کردووەتەوە، ڕۆژانـە بـەدەیـان ئیمەیڵمان بۆ دێـت، پێیان ڕادەگەیەنین کە ئەو ڕەگەزنامەیە لەفەرمانگەکانی ئێمە دەرچـووە، بەهەمان شێوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراقیش پەیوەندیمان پێوەدەکەن، ئینجا ڕێگە بەهاووڵاتییە کوردەکە دەدەن گەشت بکات.

**دەستوور:** لەتەمەنی چەند ساڵییەوە دەتوانرێت لەهەرێم ڕەگەزنامە دەربکرێت؟

**لیوا موحسین:** هەموو کەسێک دەتوانێت ڕەگەزنامە دەربکات، بـــەڵام لـەکـاتـی دروستبوونی فشاردا تەمەنەکەمان بۆ (١٠) ساڵ دیـاریـکـردووە، بەمەرجێک خەڵکی هەرێم بێتو پێناسی بـاری شارستانی هەبێت، بەڵام ئەگەر خەڵکی عێراق نەبێت، بەپێی یاسا مانەوەی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ پاش لێکۆڵینەوەی یاسایی ڕەگەزنامەی پێدەدرێت، بـەڵام ئەگەر کەسە بیانییەکە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئافرەتێکی کـوردداپێکهێنابێت لەماوەی (٥) پێنج ساڵدا ڕەگەزنامەی پێدەدرێت، بەڵام پێچەوانەی ئەم یاسایە بەهۆی کۆمەڵێک مەرجەوە کە عێراق فەرزی کردووە، هەندێک پەنابەرمان هەیە مـاوەی (٣٠) ساڵە لەعێراقدان، بەڵام تائێستا ڕەگەزنامەیان پێنەدراوە، بەبیانووی ئـــەوەی پێشتر بەشێوەیەکی ڕەسمی لەمەرزەکانەوە نەهاتونەتە عێراق.

**دەستوور:** پارساڵ لەسلێمانی بـەڕێـوەبـەرایـەتـیـیـەک بەناوی نوسینگەی زانیاری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خێزانو هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانی کرایەوە، بەڵام تائێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە کارەکانی دەستپێنەکردووە؟

**لـــیـــوا مـــوحـــســـیـــن:** بەڕێوەبەرایەتییەکە تازەیەو دەبێت لەهەولێرو دهۆکیش دابمەزرێنرێت، دواتر دەست بەکارەکانی بکات، پێویستیشە لەهەر بنکەیەکی پۆلیسی نـاو شـاری سلێمانی ئـەفـسـەرێـکـو دوو کارمەند مەسحێکی مەیدانی ناوچەکان بکەنو ئیستیمارە دابەش بکەن، لـەکـاتـی هــەر گۆڕانکارییەک لەژمارەی خێزانو چەندین بواریتر، ئەو بنکەیە لەماوەیەکی کەمدا ئاگادار بکەنەوە، بەڵام جێگەی داخــە ئـەگـەر نووسینگەکانی زانیاری ورد بوونایە، پشتمان بەفۆرمی خۆراک نەدەبەست بۆ سەرژمێری گشتی دانیشتوان، لەسلێمانیدا (٧٩) بنکەی پۆلیس هەیە، دەبێت کارمەندو کەلوپەلی بۆ ئامادە بکەیت، لەهەمانکاتدا لەچاوەڕوانی هەولێرو دهۆکین، بەڵام لەبەرنامەماندایە لەمساڵدا لەچەند بنکەیەک دەستبەکاربین.

**دەسـتـــوور:** لـەسـەرەتـای ئـەم مانگەوە، گەشتکردن بۆ ئـــەردەن، بەپاسپۆرتی جۆری (S) ڕاگیراوە، لەکاتێکدا چەندین هـاووڵاتـی لەهەرێمدا لەوجۆرە پاسپۆرتەیان هەیە، کەسەکە چۆن بچێتە دەرەوە لەکاتێکدا هیچ پاسپۆرتێکی دیکەی نییە؟

**لیوا موحسین:** پاسپۆرتی (S) تەنها لـەئـەردەن کاری پێناکرێت، بـــەڵام لەسەرجەم وڵاتانی دیکەی دراوسێی عێراق دەتوانرێت گەشتی پێئەنجامبدرێت، بۆ ئەردەنیش ئەگەر کەسەکە زۆر پێویستی بەگەشتکردن بوو، بـەشـێـوەیـەک ئـەگـەر ڕاپۆرتی پزیشکیو دەعوەتنامەو وەفدو بەمەبەستی خوێندن بێت، ئەوا دۆکۆمێنتی ڕەسمی هەیەو داوای پاسپۆرت دەکـاتو مامەڵەکەی دەنێردرێتە بـەغـداو دەتوانێت پاسپۆرتی (A) دەربکات.

**دەسـتـــوور:** ئێستا تەنها پاسپۆرتی جۆری (A)دەردەکرێت، پێتانوانییە لەداهاتوودا پاسپۆرتی جۆری (G) هەمان چارەنووسی پاسپۆرتی (S)ی هەبێت؟

**لـیـوا مـوحـسـیـن:** نەخێر، پاسپۆرتی (A) بەهەمان شێوەی پاسپۆرتی (G)یە، تەنها زمانی کوردی بۆ زیادکراوەو لەهەمانکاتدا تا هەشت ساڵی دیکە پاسپۆرتی (G) کـــاری پـێـدەکـرێـتو ڕەتناکرێتەوە، ئەگەر ژمارەی سەردانەکان لەپاسپۆرتی کەسەکە تەواو بوو، لەکاتی تازە کردنەوەدا پاسپۆرتی (A)ی بۆ دەردەکەن.

**دەستوور:** پێشتر زۆر لێدوان دراوە لەبارەی دەرکردنی پاسپۆرتی (A)، بەڵام تائێستا هاووڵاتیان لەم پاسپۆرتە بێبەشن؟

**لیوا موحسین:** ئێمە داوای لـێـبـوردن لەخەڵکی هەرێمی کـوردسـتـان دەکـەیـن لەبارەی ئەو لێدوانانەی پێشتر دراون، ئـەوەش هـۆکـاری خـۆی هەیە، چونکە سیستمی دانانی ئامێری پاسپۆرتی (A) سیستمێکە بـەگـرێـبـەسـت کــراوە لەگەڵ کۆمپانیای (جیفیکا ئۆن دیفرینت)ی ئەڵمانی بۆ سەرجەم شارەکانی عێراق، سەرجەمیان دەبەسترێتەوە بەسێرڤەری مـەرکـەزی لەبەغدا بـەهـۆی مانگی دەسـتـکـرد کە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام سەرجەم کارەکانی بیناو خولی ڕاهێنانی کارمەندانو دابینکردنی کەلوپەلی پێویست دابینکراوە، بەڵام کۆمپانیاکە نایەت ئامێرەکە ببەستێتەوە بەسێرڤەری مەرکەزییەوە، چونکە لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە، ئیستیمارەی پاسپۆرت دەنێردرێتە بەغداو دوای وەڵامدانەوە دواتر دەتوانی بەئامێری دووەم چاپی بکەیت، چاوەڕوانی کۆمپانیاکەینو ڕۆژانە پەیوەندییان پێوەدەکەین، بەبیانووی بەستنی سێرڤەری شـارەکـانـی دیکەوە نایەنە هەرێمی کوردستان، بۆیە ناتوانرێت کاتێکی ڕوونو گونجاو بڵێین بۆ دەرکردنی پاسپۆرتی (A) لەشاری سلێمانی.

**دەستوور:** پارساڵ بڕیارێک دەرچوو کە ئافرەت دەتوانێت بەبێ ڕەزامەندی بەخێوکەر (وەلی ئەمر) پاسپۆرت دەربکات، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە لەهەرێمی کوردستانو عێراقدا کاری پێناکرێت؟

**لیوا موحسین:** لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئافرەت هەمیشە مەغدورەو بەهاووڵاتی پلە سێ هەژمارکراون، چونکە دەبێت لەکاتی گەشتکردندا مەحرەمی لەگەڵ بێت، لەتەمەنی (٤٥) ساڵیدا پاسپۆرت دەربکات ئەگەر بەخێوکەر نەهێنێت، پارساڵ ڕاپـۆرتـمـان داوەتـە پـەرلـەمـانی عێراق بۆئەوەی ئەو بڕیارەی کە دەرکردنی پاسپۆرت بۆ ئافرەتان پێویستی بەڕەزامەندی بەخێوکەر نەبێت، لەهەمانکاتدا داوامـان لەڕێکخراوەکانی ژنانو لیژنەی ژنان لەپەرلەمان کرد کاری بۆ بکەن، لەکۆتاییدا توانرا سەفەرکردن بەبێ بەخێوکەر لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بڕیاری لەسەر بـدرێـت، بـەڵام جێگەی داخـە ئەگەر ژن پاسپۆرتی نەبێت چۆن دەتوانێت گەشت بکات، بەبڕوای من ئەوە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، چونکە ئەو ئافرەتە یاساکانی باری کەسێتیو شارستانی دەیگرێتەوە، بۆچی نەتوانێت بەبێ ڕەزامەندی بـەخـێـوکـەر ببیتە خـاوەنـی پاسپۆرت، ئێمە زۆر فشارمان کرد، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەهەمانکاتدا ڕاستە بڕیاری لابردنی بەخێوکەر لەپەرلەمانو حکومەتی هەرێم دەرچووە، بەڵام دەرکردنی پاسپۆرت پەیوەندی بەحکومەتی ناوەندەوە هەیەو حکومەتی هەرێم بـەرپـرس نییە، چونکە ئەگەر مامەڵەی پاسپۆرتەکە لەهەرێم ببەینە بەغدا، حکومەتی بەغدا بەبێ بەخێوکەر نایکات، چونکە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیـرانـی عێراقە، پێویستبوو حکومەتی هەرێم لەجێگەی ئەوەی بڕیار دەربکات بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاسپۆرت لەهەرێم، داوای لەحکومەتی ناوەند بکردایە بڕیارەکەی خۆی بۆ نەمانی بەخێوکەرهەڵبوەشێنێتەوە، ئەگەر لەداهاتوودا پاسپۆرت لەسلێمانیو پارێزگاکانی دیکەی هەرێمیش دەربچێت، بەهۆی ئەوەی فۆرمی پاسپۆرتی (A) بەهەمان شێوە دەچێتەوە بەغدا، بەخێوکەر هەر دەمێنێت.

**دەسـتـــوور:** هاووڵاتییانی هەرێم پێویستیان بەڤیزایە لەکاتی گەشتکردنیان بۆ وڵاتێکی دراوسێ، بـەڵام هـاووڵاتـیـیـانـی دراوســێ لەکاتی هاتنەناوەوەیان بۆ هەرێم پێویستیان بەڤیزا نییە، بۆچی؟

**لـیـوا مـوحـسـیـن:** هەموو کەسێک ئەگەر بێتە عێراق، دەبێت مـۆری هاتنەناوەوەی لێبدرێت بەهەمانشێوە لەکاتی دەرچوونی لەعێراق، بۆ هەر هاووڵاتییەکی عێراقی بیەوێت بچێتە وڵاتێکی دراوسێ دەبێت ڤیزای ئەو وڵاتە لـێـبـدات، بەهەمانشێوە هەر هاووڵاتییەکی بیانی بێتە هەرێم ئێمە ڤیزای دەدەینێ، بەڵام لەمەرزە ڕەسمییەکانی سەر سنوور مۆرێکی هاتنەناوەوە لەپاسپۆرتەکانیان دەدرێتو دواتر لەبەڕێوەبەرایەتی نشینگەدا ڤیزایان پێدەدرێت، پێویست ناکات زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەین.

**دەستوور:** دەنگۆی ئەوە هەیە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی ڕەگـەزنـامـەو پـاسـپـۆرتو نشینگە لـەشـارەکـانـی هەرێم هەڵبوەشێتەوە؟

**لیوا موحسین:** پەیوەستین بەحکومەتی نـاوەنـدی، چونکە ناوەند داوای ئەوە دەکات سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان بکرێنە لقێکی ڕەگەزنامەی گشتی بەغدا، بەڵام ئێمە داوامـان کـردووە لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەبێتو تائێستا قبوڵییان نەکردووە.



لیوا موحسین عوسمان



بۆ بیانییەکان بەپێی یاسا دوای مانەوەی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ پاش لێکۆڵینەوەی یاسایی ڕەگەزنامەی پێدەدرێت

داوامان کردووە زمانی کوردی بۆ دۆکۆمێنتەکان زیاد بکرێت، بەڵام گرفتمان بۆ دروست دەکەن

سەرجەم هەڵگرانی دۆکۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان هی پێش ڕووخانی ڕژێم، لەناوەو دەرەوە تووشی کێشە بوونەتەوە

# سێکسی مەحرەم رووی شاراوەی دەردەخات

## بەپێی یاسای عێراقی ئەو کەسەی سێکسی مەحرەم ئەنجامبدات سزاکەی لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتاهەتاییە

کانی کەمال لەکەرکوک

دیاردەی سێکسی مەحرەم لەناو هەندێ لەخێزانەکاندا روولەزیادبوونەو بەتاوانی پلە سێ دادەنرێت لەو سکالاَیانەی بەرزکراونەتەوە، پسپۆرانی بواری دەروونیش ئاماژە بەوەدەکەن زۆربەی ئەم حاڵەتانە ئەو پیاوانەی کە لەتەمەنی بێئومێدین یاخود ئەو مێرمندالاَنەی لەتەمەنێکی هەستەوەردان وەک قۆناغی هەرزەکاری، ئەنجامی دەدەن.

بەپێی وتەکانی پارێزەر مەسرور ئەسوەد دیاردەی "سێکسی مەحرەم لەکەرکوک لەساڵی ٢٠٠٩دا رووی لەزیادبوونە"، چەندین سکالاَ لەسەر ئەم دیاردەیە بەرزکراونەتەوە بۆ بنکەکانی پۆلیس لەناوچە جیاجیاکانی کەرکوک.

سێکسی مەحرەم، واتە سێکسکردنی برا لەگەڵ خوشکی خۆی، باوک لەگەڵ کچی، یاخود مام لەگەڵ برازای خۆی، هەموو ئەو کەسانەی بەمەحرەم دادەنرێن لەرووی ئایینیو کۆمەلاَیەتیو یاساییەوە.

تائێستا ئامارێکی روون لەبەردەست دانیە بۆ دەستنیشانکردنی دیاردەی سێکسی مەحرەم لەبەرنەبوونی سەنتەرێکی تایبەت بەم دیاردەیە، بەلاَم بەپێی تۆمارگەی دادگای لێکۆڵینەوە لەکەرکوک لەساڵی ٢٠٠٩دا ٧ حاڵەت روویداوە، هەر حەوت حاڵەتەکەش لە عەرەبە دەهەزاریەکانن کە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە بەهۆی پرۆسە تەعریبەکەی رژێمی بەعس بۆشارەکە لەخوارووی عێراقەوە هاتوونەتە کەرکوک.

بەپێی یاسای سزادانی عێراقی مادەی ٣٩٣ ژمارە ١١١ برگەی (٢ ب)ی ساڵی ١٩٦٩ ئاماژە بەوە دەکات زینای مەحرەم لەپلە سێ سزای لەسێدارەدان یاخود زیندانیکردنی هەتاهەتاییە، هەمان بەندی ئەم یاسایە برگەی (١) ئاماژە بەوە دەکات هەر کەسێک هەوڵی ئیغراکردنو سەرنجراکێشانی کچێکی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی بدات بەبێ رەزامەندی خۆی، ئەوا زیندانیکردنی هەتاهەتایی یاخود گرتنی کاتی سزایەتی. تائێستا ئەو ٧ حاڵەتە لەژێر لێکۆڵینەوەدایەو بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەساڵی ٢٠٠٤دا حاڵەتێکی سێکسی مەحرەم رووبەرووی لەسێدارەدان بۆتەوە.

سەبارەت بەهۆکارەکانی ئەنجامدانی سێکسی مەحرەم پارێزەر مەسرور وتی "بۆ بوونی کەناڵە ئاسمانییە جۆراجۆرەکان دەگەرێتەوە، هەروەها بوونی مۆبایل کەبەشێوازی هەڵە ئەم تەکنەلۆژیایە بەکارهێنراوە بۆ ئەم مەبەستە هەلاَنە، هەروەها ئەو کەبتکردنە کۆمەلاَیەتییەی باوە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە لەم رووەوە، پەروەردەی هەڵەی خێزانیو داخراوەییو نارۆشنبیری خێزانەکان وادەکات ئەم هەلاَنە سەرهەڵبدات".

بەپێی قسەکانی پارێزەر مەسرور ئەسوەد بۆ دڵنیابوون لەرووداوەکە دادگا پشت بەو ئیفادانە دەبەستی کەپۆلیسی لێکۆڵینەوە تۆماریانی کردوە، بەپێی وتەکانی ئەو کەسەی تاوانەکەی دەرهەق کراوە، یاخود بەپێی ئەو ئیفادانەی لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوە خاوەن کەیسەکە وتویەتی، پاشتر ئەم کەیسە دەچێتە قۆناغی کەشفکردنی هێماکانی رووداوەکە، واتە تەمسیلکردنی ئەو رووداوە وەک ئەوەی چۆن روویدابێ لەسەر ئەرزی واقیع لەلایەن خاوەن کەیسەکە بەشێوەیەکی ناراستەخۆ، هەروەها هەردوو تاوانبارو خاوەن کەیسەکە پشکنینیان بۆدەکرێ لەیەکەی پزیشکی دادوەریو پاش دەرچوونی راپۆرتی پزیشک ئاسەواری ئەو کردارە پیشاندەدا گوایە ئەو رووداوە بووە یان نا، جاریوایە پشکنینی جلی ناوەوەی تاوانبارو خاوەن کەیسەکە دەکرێ ئەگەر بێتو لەکاتی ئەو کردارە پۆلیسی لێ ئاگادارکرابێتەوە.



> تەنها لەناو خوێندنگایەکی کچان سێ حاڵەتی لە سیکسی مەحرەم هەبووە لە لایەن مامو باوکیانەوە دەستدرێژییان کرابووسەر.

بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ئەگەر بێتو تاوانبار لەکاتی سەرخۆشی یاخود بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان ئەو کردارەی کردبێت هەمان ئەو سزایەی برگەی (٢ب) بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. پارێزەر مەسرور وتی "هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە تاوانبار هۆشدار بووبێت یان بێهۆش، گرنگ ئەوەیە ئەو کردارەی کردووەو سزاکەی لەسێدارەدان یان گرتنی تاهەتاییە بەپێی یاسای عێراقی کەهەمان ئەو یاسایەیە کە لەسەردەمی رژێم کاری پێدەکرا.

د. عەبدولکەریم خەلیفە پسپۆر لەبواری دەروونی ئاماژەی بەوەدا ساڵی پار تەنها لەناو یەک خوێندنگەی ئامادەیی کچان ٣ حاڵەت لەسێکسی مەحرەم هەبووە کە ئەو سێ کچە دەستدرێژی سێکسیان کرابووە سەر لەلایەن مامو باوکەوە، ئەم سێ حاڵەتەش لەلایەن بەرێوەبەری خوێندنگەکە داپۆشرابوو پارێزرابوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەحاڵەتێکی شەرمەزاری بۆ ئەو کەسانە دروستدەبێو نایانەوێ کۆمەڵگە پێی بزانێ.

ئەو پسپۆرە دەروونییە باس لەوەدەکات قەبارەی ئەم دیاردەیە گەورەترە لەوەی کەدەردەکەوێت، وتی "رەنگە لە شوێنیتر هەمان شت روویدابێو کەس پێی نەزانیبێ یاخود خاوەن کەیسەکە بەهۆی هەر هۆکارێکی دیکە نەیتوانیبێ بیگەیەنێتە پۆلیسو دادگا".

د.عەبدولکەریم وتیشی "زۆربەی ئەم حاڵەتانە رووبەرووی ئەو پیاوانە دەبێتەوە کە لەتەمەنی بێئومێدین یاخود ئەو مێردمندالاَنەی لەتەمەنێکی هەستەوەردان.

لەرووی ئاینییەوە سێکسی مەحرەم حەرامەو ئەم دیاردەیە بەگوناهی گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت، شیخ عەلی وەک پیاوێکی ئایینی سەبارەت بەمرووداوە وتی "لەئاینی ئیسلامدا ئەم حاڵەتە حەرامەو بەیەکێک لەگوناهە گەورەکان دانراوە کەزینایە، ئیتر ئەم جۆرە زینایەی مەحرەم لە زینای نامەحرەم گوناهترە لەبەرئەوەی بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز خودا فەرموویەتی نزیک مەبنەوە لەمەحرەمەکانتان وەک کچو خوشکو دایکو پورو ئامۆژنو کچی خوشکو برا، نە ئاکاری کۆمەڵگەکەمان هەڵیدەگرێو نە قابیلی قبوڵە لەشەریعەتی ئیسلام".

عەقید خورشید مەجید "لێپرسراوی بنکەی گرتنو گواستنەوەی کەرکوک بەدەستووری راگەیاند "حاڵەتێکمان بۆ هات لەمجۆرە کە ئەویش پیاوێک بوو دەستدرێژی کردبووە سەر کچەزاکەیو بەهۆیەوە سزای ١٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا".

# شۆفێران لەیەکتر توورەن

## رۆژانە دەیان شۆفێر رووبەرووی قسەی ناشیرینو شەرکردن دەبنەوە لەلایەن یەکتریەوە

بیلال جەعفەر لە سلێمانی

بەهۆی توورەبوونو هاوکارینەکردنو گوێنەدان بەرێنماییەکانی هاتوچۆ لەلایەن زۆربەی شۆفێرانەوە، رۆژانە چەندین حاڵەتی شەرکردنو جنێودان بەیەکتری لەناو شۆفێراندا روودەداتو پسپۆرانی بواری دەروونیش ئاماژە بەوەدەکەن کێشەو گرفتە کۆمەلاَیەتیو دەروونییەکان کاریگەری هەیە لەسەر توڕەبوونی شۆفێران.

شۆفێران دروستبوونی کێشەو توڕەبوونەکانیان لەیەکتری بۆ هۆکاری جیاجیا دەگێڕنەوە، لەوانە ئاستی هۆشیاری شۆفێرەکانو خراپی رێگاوبانو زۆربوونی رێژەی ئۆتۆمبێل لەکوردستاندا.

مەریوان عومەر تەمەن ٣٧ ساڵ، ماوەی پێنج ساڵە شۆفێری تەکسییە لەشاری سلێمانی، رووداوێکی خۆی گێڕایەوەو باسی لەوەکرد لەشەقامی مەولەوی کەچەند قەرەباڵغە، شۆفێرێکی تەکسی بۆ ئەوەی رێگەی بکەم، چەند جارێک هۆرنی بەروومدا لێدا، بەلاَم رێگەم نەبوو لەبەر قەرەباڵغی خەڵکو ئۆتۆمبێل لەشەقامەکەدا رێگەی بکەمو پاش ئەوەی بەهۆرنەکانی زۆر بێزاربوومو دوای توورەبوونێکی زۆر بۆی دابەزیمو بوو بەدەنگەدەنگمان.

مەریوان وتی "رۆژانە دەیان حاڵەتی شەرکردن بەهۆی هۆرن لێدانو توورەبوونو بێئارامی شۆفێران لەرێگەنەدانی شۆفێرێکی دیکە لەشەقامەکاندا دروستدەبن".

زۆرجار کۆمەڵێک کەرەستەی وەک دەمانچەو چەقۆو تالیبەرو دەرنافیس بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکتری بەکاردەهێندرێتو هەندێجاریش رووداوی گەورەی وەک بریندداربوونو تەنانەت مردنیشی لێکەوتۆتەوە.

توورەبوونی شۆفێرانو رووبەرووبوونەوەی یەکتری تەنها بەهۆی قەرەباڵغی شەقامەکانەوە نییە، بەڵکو بەوتەی بەختیار محەمەد عەلی شۆفێری تەکسی لەرێگەی عەربەت-سلێمانی لەلایەن شۆفێری ئۆتۆمبێلێکی بەرپرسێکی حزبییەوە تووشی هەرەشەو جنێوبووەتەوە بەبیانووی ئەوەی "کەسێکی بەرپرسەو دەبێت رێگەکەی بۆ چۆڵبکرێت، لەکاتێکدا شۆفێرەکەو بەرپرسەکە سەرخۆشبوونو بەپێچەوانەی سایدی شەقامەکە ئۆتۆمبێلەکەیان لێدەخوڕی".

بەپێی قسەی شۆفێران کێشەکانو توڕەبوونەکان زیاتر لەنێوان شۆفێرانی پاسەکانو شۆفێرانی تەکسیدا روودەدات.

مەریوان عومەر باسی لەوەکرد، تا ئێستا زیاتر لە (١٠) جار تووشی ئەو حاڵەتانە بووە، وتی "زیاتر لەنێوان شۆفێرانی پاسو تەکسیدا رووئەدەن کە کێبڕکێ دەکەن بۆ هەڵگرتنی نەفەرێک".

حەسەن قادر حەمە عەلی تەمەن ٥١ ساڵ، ماوەی چوار ساڵە شۆفێری پاسە لەهێڵی رزگاری ناوشاری سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد لەنێوان شۆفێراندا بەتایبەت شۆفێری پاسو تەکسی توورەبوونو بەرەنگاربوونەوە زۆر زیاترە وەک لەوانیتر، بەهۆی نزمی ئاستی رۆشنبیریو کێشەی کەمدەرامەتی شۆفێرانو هەڵپەکردن بۆ هەڵگرتنی نەفەرێک زۆرجار ئەو کێشەیە دروستبووەو "بەبریندداربوون یاخود کوشتنی شۆفێرەکە" کۆتاییهاتووە.

ئەو شۆفێرە خاوەن ئەزمونە دەڵێت "شۆفێریی مانای رەوشتە، پێویستە سەرجەم شۆفێران بەرامبەر شۆفێرەکانی دیکەو ئەو هاوولاَتیانەی وەک پیادە لەشەقامەکان دەپەڕنەوە یارمەتی یەکتر بدەنو هەڵسوکەوتیان بەرامبەر یەکتر جوان بێت نەوەک جنێودان بەهۆی ئەوەی رێگەی گرتووە یاخود نەفەرێکی هەڵگرتووە".

شێخ حەسەنیش شۆفێرێکی ترە، باس لەوەدەکات رۆژانە چەندین حاڵەتی لەو جۆرەی تووش دەبێت، ئەو هێمای بەوەکرد، توورەبوونو بەرەنگاربوونەوە تەنها لەناو شۆفێرانی پیاودا نییە، بەڵکو رۆژێکیان لەبەردەم سۆپەرمارکێتی زارا ئۆتۆمبێلێک کە شۆفێرەکەی ئافرەت بووە، لەشەقامی لاوەکییەوە بەرەو رووم هاتووەو بەئۆتۆمبێلەکەی کێشاوم، بەلاَم لەگەڵ ئەوەی کەئەو خۆی سەرپێچیکەربوو، چەندین جوێنی ناشیرینو سوکی پێداوم".

مەریوان هۆکاری ئەو رووداوانەی بۆ خێرایی لێخوڕینی شۆفێرانو گوێنەدان بەرێنماییەکانی هاتوچۆو شۆفێریکردنی هەندێک گەنج کە لەیاساکانی هاتوچۆ نازاننو دەبنە مایەی دروستکردنی گرفت، هەروەها قەرەباڵغیو زۆری ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکان گێڕایەوە، وتی "شەقامەکانی کوردستان توانای هەڵگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێلی نییەو رۆژانە چەندین رووداوی هاتوچۆو شەڕکردن دروستبووەو لەلایەن خودی شۆفێرانەوە شۆفێرەکەی دیکە لەسەر ئەو حاڵەتە کەرێگەی پێنەداوە تووشی هەڕەشەو جنێودان بووەتەوەو بەدەمانچەو چەقۆ برینددارکراوە".

بۆ زیاتر شیکردنەوەی هۆکارەکانی ئەو دیاردەیەو رێگەچارەکانی، د. دانیاڵ سەعدی پسپۆڕی دەروونی لەنەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی بەدەستووری راگەیاند، هۆکارەکانی "پەلەکردن بۆ گەیشتن بەشوێنی مەبەستو پاپەندنەبوون بەیاساکانی هاتوچۆو بەکارهێنانی شەقامەکان وەک وەسیلەیەکی ژیانو نان پەیداکردن، بەتایبەت بۆ شۆفێرانی تەکسیو پاسو لۆری" دەبێتە هۆی دروستبوونی توندوتیژیو شەڕکردن لەنێوان شۆفێراندا لەکاتی حاڵەتی نەشیاودا.

ئەو پسپۆڕە دەروونییە ئاماژەی بەوەدا کێشەی کۆمەلاَیەتیو دەروونی، زیاتر کاردەکاتە سەر شۆفێران بۆئەوەی توورەبوونیان بۆ دروستببێت لەکاتی سەرپێچی هاتوچۆ یاخود پێشڕەویی، لەهەمانکاتدا رۆژانی باران کاریگەری دەکاتە سەر دروستبوونی رووداوەکانی هاتوچۆو دواتر کاردەکاتە سەر زهنی شۆفێرەکەو لەئەنجامدا شەرکردن لەنێوان شۆفێراندا دروستدەبێت.

بەوتەی د. دانیاڵ بەپێی لێکۆڵینەوەیەک دەرکەوتووە توورەبوونی شۆفێران لەو ئۆتۆمبێلانەی کە (تەبرید)یان تێدایە جیاوازترەو کەمترەو ئەو شۆفێرانەی لەناوچە گەرمەکاندا دەژین زیاتر توورەدەبنو هیچ جیاوازییەک لەنێوان شۆفێرانی ژنو پیاودا نییە، باشترین رێگەچارە ئەوەیە کە شۆفێران ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە بەتوورەبوون هیچ شتێک چارەسەر ناکرێتو بەخۆیاندا بچنەوە کەتوورەبوون زیاتر بەنزین بەسەر کێشەکانیدا دەکات.

www.arsivakurd.org

# زانکۆکان قۆرخکراون

## تەنها (ی.ق.ک)و (ک.خ.ک) لەزانکۆکاندا بارەگایان هەیەو لەدوای (٦)ساڵ هەڵبژاردن خۆیان بەنوێنەر دەزانن




ڕێکخراوەکان نیگەرانن لەقۆرخکردنی زانکۆ. فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد

موعاز فەرحان لەسلێمانی

کۆمەڵەی خوێنکارانو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەناو زانکۆکانی هەرێمدا بنکەی نوێنەرایەتیان هەیە بەبیانوی ئەوەی ئەوان نوێنەری سەرجەم ڕێکخراوە خوێندکاریو قوتابیەکانن، ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی تر ئەمە بەپێشێلکردنی مافەکانی خۆیان دەزانن و دەڵێن "نوێنەرایەتییان شەرعیەتی نەماوە".

لەئێستادا سەرجەم کارو چالاکیە ڕێکخراویەکان لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستانو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە لەناو زانکۆکاندا ئەنجام دەدرێنو ڕێکخراوەکانی دیکە لەچالاکیەکان بێبەش دەکرێنو دەبێت پرس بەو دوو ڕێکخراوە بکەن.

کۆمەڵەی خوێندکاران لەسنوری پارێزگای سلێمانی چالاکی ئەنجام دەداتو یەکێتی قوتابیانیش لەسنوری هەولێرو دهۆکدا چالاکی ئەنجام دەدەنو ڕێگری لەیەکتریش دەکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکی لەسنوری قەڵەمڕەوی یەکتردا.

بونی بارەگای ئەم دوو ڕێکخراوە لەناو زانکۆکاندا پێچەوانەی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانە لەو نوسراوەدا کەکۆپیەکی بەدەستوور گەیشتوە بەمەبەستی تەدەخول نەکردنی حزب لەکاری حکومەتدا کە بۆ گشت وەزارەتەکان نێردراوەو لەگشت کۆلێژو بەشەکانی زانکۆش بڵاوکراوەتەوە لەیەکێک لەبڕگەکاندا هاتووە"بۆنەکانی حزبی لەوەزارەتەکانو دامودەزگاکان ئاهەنگو بەرنامەی بۆدانانرێت".

بیانوی بونی بارەگای ئەم دوو ڕێکخراوە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە دەڵێن ئێمە شەرعیەتمان لەفیدراسیۆنەوە وەرگرتووەو بەهەڵبژاردن دەرچوین، لەکاتێک لەساڵی ٢٠٠٣دا هەڵبژاردن ئەنجام دراوەو ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی دیکەش دەڵێن ئێمە چۆن بەنوێنەرایەتی کردنیان رازی دەبین لەکاتێکدا "فیدراسیۆن شەرعیەتی نەماوە".

توانا خەسرەو ئەندامی سکرتاریەتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان وتی "هەرگیز رازی نابین ئەوان نوێنەری ئێمە بن بەهەموو دەرئەنجامێکی هەڵبژاردنیش رازین، بەڵام هەڵبژاردنێک لە٢٠٠٣دا کراوە ئێستا ٢٠٠٩ یە ئەوە قسەیەکە هیچ مانایەکی لۆژیکی لای ئێمە نیە بیانویەکە بۆرێگرتن لەکاری ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەسەڵات".

ڕێبوار محەمەد سکرتێری ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان

> هەرگیز رازی نابین ئەوان نوێنەری ئێمە بن بەهەموو دەرئەنجامێکی هەڵبژاردنیش رازین

بەدەستوری وت "سروشتی کاری ڕێکخراوەکان لەزانکۆکاندا بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکنەخراوە ئەو نوێنەرایەتیەی ئێستا هەیە بەسەرچووە".

دابەشکردنی زانکۆکانی هەرێم لەنێوان یەکێتی قوتابیانو کۆمەڵەی خوێندکاران دیاردەیەکە کە خودی ئەودوو ڕێکخراوەش تەئکیدی لەسەردەکەنەوە.

سەفین فاروق لێپرسراوی لقی زانکۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەهەولێر وتی "لەهەولێر ئەگەر چالاکیەک ئەنجامبدرێت دەبێت پرس بەوان بکرێت، ئەوەی لەهەولێر ئەمان دەیکەن ئێمە قەت لەسلێمانی نایکەین، هەر کۆلێژێک ژورێکی هەیە نوێنەری گشتی خوێندکارانی تێدایە کە ئەندامەکانیان سەر بەیەکێتی قوتابیانیانن".

نەژاد ئەحمەد بەرپرسی ناوەندی یەکێتی قوتابیان لەسلێمانی بە دەستوری وت "بەتەئکید زانکۆی سلێمانیو سەرۆکایەتی زانکۆ لەخزمەتی برادەرانی یەکێتیدایەو ڕێگرییەکی زۆر دەکرێت لەئەنجامدانی چالاکیەکانمان لەسلێمانی".

سامان سدیق لێپرسراوی نوێنەرایەتی گشتی کۆمەڵەی خوێندکاران لەزانکۆی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا کە زانکۆو پەیمانگاکانی سنوری سلێمانی کۆمەڵەی خوێندکارانو ئەوانەی هەولێرو دهۆکیش یەکێتی قوتابیان بەڕێوەیان دەبەن، ئەو وتی "بەراشکاوانە دەڵێم کە زانکۆو پەیمانگاکانی سنوری پارێزگای سلێمانی ئێمە بەڕێوەیان دەبەینو ئەوانەی هەولێرو دهۆکیش یەکێتی قوتابیان، هەر ئێمە نوێنەر دیاریدەکەینو زۆرێک لەچالاکیەکان ئەنجام دەدەین".

هەرمان محەمەد سەلیم سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لەهەمان کاتدا سەرۆکی فیدراسیۆنە لەوەڵامی قسەی ئەو ڕێکخراوانەی کە دەڵێن بەنوێنەرایەتی کردنی ئەوان رازی نابین وتی" ئەو قسەیە خۆی لەخۆیدا فەوزا دروستدەکات تۆ پێتوایە ئەو بەنوێنەری من ڕازی نەبێت ئەی من بەنوێنەری ئەو رازی دەبم ئەگەر ڕێکخراوەکان بیانەوێت خزمەتی خوێندکارانو قوتابیان بکەن دەبێت لیژنەکانی ئێمە ئاگادار بکەنەوە لەناو زانکۆکانی سنوری خۆماندا".

بەهۆی ئەوەی کە ئەو دوو ڕێکخراوە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٣دا دەرچوون تائێستاش لەناو زانکۆکاندا چالاکیەکانیان بەئازادانە ئەنجام دەدەنو ڕێکخراوەکانی دیکەش بۆ ئەنجامدانی چالاکی دەبێت پرس بەوان بکرێتو زۆرجاریش ڕێگرییان لێدەکرێتو ناتوانن چالاکیەکانیان ئەنجامبدەن.

توانا خەسرەو ئەندامی سکرتاریەتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان وتی " هەرچالاکیەکی جەماوەریمان هەبێت کە پێویستی بەگرتنی هۆڵ بێت دەچینە لای سەرۆکایەتی زانکۆ ئەوانیش راستەوخۆ ناماندەنێو دەماننێرن بۆلای کۆمەڵەی خوێندکاران، ئەوانیش ڕێگریمان لێدەکەنو بەوهۆیەشەوە چالاکیەکانمان پەکیان کەوتووە، بەهەموو شێوەیەک لەلایەن ئەو دوو زانکۆیەوە ئیشی ئێمە حەسرکراو".

سکرتێری ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان وتی "بەڕاستی دەرگای زانکۆکان بەوشێوەیەی کە بەڕووی ئەو دوو ڕێکخراوەدا والآیە بۆ ئێمە بەوشێوەیە نیە".

سەبارەت بەدەستێوەردانی حیزبی لەکاری زانکۆو پەیمانگاکاندا سکرتێری ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان وتی "دەستێوەردانی حیزبی نەک لەئاستی ڕێکخراوەیی، بەڵکو لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان بەناخی زانکۆو پەیمانگاکاندا ڕۆچووەو هەیمەنەی حزبی لەزانکۆکاندا زاڵە. کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆو ناوچەی ڕێکخستنی زانکۆ هەیە کەزۆرجار لەلایەن راگرێکەوە سەرۆکایەتی کراون".

هەرمان محەمەد سەلیم سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی "هەموومان سەر بەحیزبەکانین ئەگەر هەر ڕێکخراوێک بیەوێت ململانێو قۆچانێ لەگەڵ پارتیدا بکات زەرەر دەکات گەر بیانەوێت ئەو فەوزایە کاریگەری لەئێمە بکات بەپێچەوانەوە کاریگەری لەخۆیان دەکات".

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

## وەزارەتی پەروەردە چی پێویستە؟

لەساتی هەڵبژاردنەکانەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی ٥ مانگ تێپەر بووە بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی نەوعی نوێ لەبواری پەروەردەدا وەرگیرابێت، لەلایەکی دیکەوە هەر لەو ساتانەدا کەسانێک هەبوون کەدڵیان بەگۆڕانی حکومەت خۆش بوو، بەڵکو ئەمە خوایە پەشیمانبوونەوەیەک لەو ریفۆرمە بێتە ئاراوە کەلە ٢٠٠٧ وە دەستپێکرد. لەهەمووشی ناخۆشتر بێدەنگی وەزارەتی پەروەردەیە کەرەنگە پەیوەندی بەبێدەنگیو لاوازی جیهانبینی کەسانی دیکەوە هەبێت لەدەرەوەی وەزارەتی پەروەردە، بۆیە بەپێویستی دەزانم لەداهاتوودا لەسەر جیهانبینی ئەو کەسانەو گاریگەری ئەوان لەسەر پێشکەوتن یا دواکەوتنی پەروەردە کەمێک رابوەستم. بەڵام هەرچۆنێک بێت پرۆسەیەک بەئاڕاستەیەکی زۆر تەندروستدا دەستپێکردو ئەرکی هەموومانە پشیوانی لەوەزارەتی پەروەردە بکەین، بێگومان مەبەست لەو پشتیوانیکردنە شاردنەوەی رەخنەکان نیە بەئەندازەی ئەوەی مەبەست کارکردنە لەسەر ئەو رەخنانە، بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە لەچوار ساڵی داهاتوودا لەکارەکانیدا سەرکەوتوو بێت پێویستە بەوریاییەوە کار لەسێ پرۆژەی گرنگو هاوچەرخدا بکات.

یەکەم: بەهەند وەرگرتنی سەرجەمی ئەو رەخنانەیە کەلەکارەکانی وەزارەتی پەروەردە دەگیرێتو چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەیە کەتا ئێستا بەرەوڕوومان بۆتەوە. ئەوەی دەبینرێت چەندینجار توشی هەمان هەڵە دەبینەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کەئێمە بەجدی ئەو رەخنانە بەهەند وەرناگرینو کاریان لەسەر ناکەین، من پێموایە بەردەوامبوونی ناڕەزایی مامۆستایان دەبێتە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکەدا، چونکە ناکرێت ئێمە کاری ریفۆرم بەوان بسپێرین بەبێ ئەوەی لێیان بپرسین گرفتەکانتان چیە؟. یەکێک لەگرفتەکان لێرەدا پێگەیاندنی مامۆستاو توێژەرەکانە کە تاوەکو ئێستا تەمبەڵ بووین لەئاستیاندا.

دووەم: گرفتی سەرەکی لەهەر وڵاتێکدا پلانی فێرکارییە، ئەو پلانە وەکو دەستوری سیستمی پەروەردەیی وایەو بەبێ ئەم پلانە کارەکان ئاوەژوو دەبنەوە، تاوەکو تەنها ئێستا منو هۆمەر قەرەداخی لەسەر ئەم بابەتەمان نووسیوەو تا ئەم ساتەوەختەش گوێیەکمان نەبینیوەتەوە کەرادێر بووبێت، هەر لە ٢٠٠٧دا ئەوەم نووسی پیادەکردنی هەر ریفۆرمێک بەبێ بوونی پلانی فێرکاری مانای وایە ئێمە پارەیەکی زۆر خەرج دەکەین بەبێ ئەوەی بزانین چۆنو کام پرۆژەیە دەبێ پاش یا پێش پرۆژەکەیەکی دیکە بکەوێت، بەڵام هەر کاتێک ئەو پلانە هاتە ئاراوە ئێمە بەناچاری دەبێ بەشێک لەو کارانەی کردوومانە هەڵیبوەشێنینەوە یا بیانگۆرین، بەشێوەیەکی دی هەموو ئەو هەوڵانەی کەدامان دەبێ دووبارە بەشێوەیەکی دیکە دایان بڕێژینەوەو تەحەمولی ئەو رەخنەیەش بکەین کەدەڵێت وەزارەتی پەروەردە هەر ڕۆژەی بڕیارێک دەردەکات. لەکاتی کۆنگرەوە پێشبینی بەشێکی زۆری ئەم ناڕەزاییانەم کردبوو کە ئەمڕۆ هەیەو لەداهاتووشدا زۆری دیکە دێنە ئاراوە. لەم پرۆسەیەشدا کە لەباشترین حاڵەتدا بەبێ مەبەستە، کەسانێک لەدەرەوەی وەزارەتی پەروەردە پارەیەکی زۆر قازانج دەکەن، ئاگاداری هەندێ هەوڵیش هەم کە بەناوی پلانی فێرکارییەوە دەدرێت، بەڵام لەبنەرەتدا پلانی فێرکاری نیەو من لەداهاتوودا لەسەری رادەوەستم.

سێیەم: بەرێز هۆمەر قەرەداغی لەمن زیاتر لەسەر بایەخی یاسای قوتابخانەکان راوەستاوەو باسیکردووە، چونکە زیاتر دەکەوێتە بواری کارکردنی ئەوەوە، ئەم یاسایە پرۆسەی پەروەردەو کاری قوتابخانەکان دەباتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووەو لەزۆر گرفت رزگارمان دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەری ئاساییش لەگەڵماندا بێت من بەم شێوەیە روونی دەکەمەوە: ئێستا لەزۆر بواردا هاووڵاتیان نارەزاییان هەیەو هەست بەغەدرو کەمتەرخەمی دەکەنو رەخنەکانیان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەو حکومەتیش دەکەن، چونکە لەزۆر بواردا ئێمە خاوەنی یاسای تایبەتی نینو لەبەردەم هەر حاڵەتێکدا نازانین چۆنو بەپێی چ یاسایەک چارەسەری بکەین، نەبوونی بەشێک لەیاساکانیش پەیوەندییەکی زۆری بەنەبوونی دەستوری هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەبواری پەروەردەدا، پلانی فێرکاری رۆڵی دەستور دەبینێتو یاسای قوتابخانەکانیش چارەسەری هەموو ئەو گرفتانە دەکات کەپەیوەندییان بەژیانی رۆژانەی قوتابخانەکانو هەموو ئەوانەی لەناو قوتابخانەکاندا کار دەکەن هەیە، بۆیە دانانی یاسا گەلێکی لەم بابەتە چارەسەری زۆر گرفتمان بۆ دەکاتو لەلایەکی دیکەشەوە هەنگاوێک لەوڵاتە پێشکەوتووەکان نزیکمان دەکاتەوە.

پرسیاری کۆتایی لێرەدا ئەوەیە ئێمە کام لەم پرۆژانە پێش ئەوی دیکە بخەین، لەراستیدا ئێمە دەتوانین کار لەهەر سێ پرۆژەکەدا بەشێوەیەکی هاوتەریب بکەین، بەڵام هەنگاوی تەندروست لەڕووی ستانداردی جیهانەوە ئەوەیە پرۆژەی پلانی فێرکاری دەبێ پێش هەموو هەنگاوەکانی دیکە بکەوێت، بەڵام ئەم سێ پرۆژەیە پێویستی بەکادیری بەتوانا هەیە لەهەر سێ بوارەکەدا، ئەوەی بەلای منیشەوە روون بێت ئەوەیە ئێمە کادری بەتوانامان زۆر دەگمەنە یا هەر نیە بەتایبەت لەبواری پلانی فێرکاریو یاسای قوتابخانەکاندا، چونکە تاوەکو ئێستا ئەو دوو پرۆژەیە بەلای کادیرەکانی ئێمەوە نامۆیە، ئەم پرۆژانە دەستەجەمعینو پێویستیان بەوە هەیە هەموو لایەنەکان لەم کارانەدا پشتیوانو هاوکاری وەزارەتی پەروەردە ببن، نەک ئەوە بڵێن وەزارەت بەدەستی پارتیەوەیە ئیدی باخۆیان چارەسەری گرفتەکان بکەن.

> پلانی فێرکاری رۆڵی دەستوور دەبینێت

faiekk@hotmail.com

# پیاوان حەزیان لە کچی منداڵو ژنی دووەمە

## بۆ مارەبڕینی کچانی مێرمنداڵو هێنانی ژنی دووەم پیاوان رێگەچارەیتر دەدۆزنەوە

○ فەرمان خێلانی لەجەلەولا

دوای قەدەغەکردنی مارەبڕینی کچانی خوار تەمەنی ١٦ ساڵو دانانی مەرج بۆ هێنانی ژنی دووەم لەهەرێمی کوردستان، پیاوان روو لەدادگاکانی ئەو ناوچە کوردیانە دەکەن کە بەم یاسایانە کارناکەن، چالاکوانانی مافەکانی ژنان ئەم دیاردەیە بەهۆکاری زیادبوونی جیابوونەوە دادەنێن.

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەموارکراوی باری کەسێتی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی دەرکردو لەچەند ماددەو برگەیەکیدا مارەبڕینی کچانی خوار تەمەنی ١٧ ساڵی قەدەغەکردو بڕێک غەرامەو چەند مانگێک بەندکردنی بۆ دانا، هەر لەو یاسایەدا هێنانی ژنی دووەمیشی بەبێ رەزامەندی ژنی یەکەم قەدەغەکردو سزای بۆ دانا، کەرکوکو جەلەولاو خانەقین دیارترین ئەو شوێنانەن کەپیاوان پەنای بۆ دەبەن بۆ مارەکردنی کچێکی خوار تەمەنی ١٦ ساڵو هێنانی ژنی دووەم بەپێی یاسا.

کاروان ئیبراهیم دانیشتووی قەزای کەلارەو چەند مانگێکە کچێکی تەمەن ١٤ سالانی لەدادگای جەلەولا مارەبڕیوەو بەدەستووری وت "ئێمە نەمانوێرا بڕۆینە دادگای کەلار، لەبەرئەوەی رێگەی پێنەدەداین ئەو هاوسەرگیرییە بکەینو ئەگەر نەڕۆشتینایەتە دادگایەکی عێراقیش ئەوا منالەکانمان بێبەش دەبن لەخوێندنو کۆبونی خۆراکیشمان بۆ ناکەن، لەکاتێکدا ئێستا بەبێ کۆبوونی خۆراک هیچ مامەڵەیەکی ژیانی رۆژانەت بەڕێوەناچێت".

لەدادگاکانی خواروی عێراقو ناوچە کوردیە جێناکۆکەکان تائێستا بەیاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٦٩ی باری کەسێتی عێراق کار دەکەن، ئەو یاسایەش رێگە بەکچی منال دەدات بۆ شووکردن بەمەرجێک بەخێوکەر رەزامەندی دەرببڕێت لەبەردەم دادگادا، هەروەک رێگە بەهێنانی ژنی دووەمو سێیەمیش دەدات.

سەرچاوەیەکی بەرپرس کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بۆ دەستووری ئاشکرا کرد، تەنها لەماوەی هەردوو مانگی ٩و ١٠ی ٢٠٠٩دا لەدادگای جەلەولا ٨٠ کچی منال کە دانیشتووی شارە جیاجیاکانی گەرمیانن مارەبڕاون، هەر لەماوەی ئەو ٢ مانگەدا ٢٠ حاڵەتی مارەبڕینی ژنی دووەم لەدادگای جەلەولا تۆمار کراوە.

بەپێی یاسای هەموارکراوی جێبەجێکراو یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان لەماددەی یەکەم برگەی (ا)دا هاتووە "دەبێت لەبەردەم دادگا رەزامەندی هاوسەری یەکەم لەسەر هێنانی ژنی دووەم وەربگیررێت".

لەبرگەی (و)دا هاتووە "هەرکەسێک گرێبەندی هاوسەرگیری بۆ زیاتر لەژنێک بەپێچەوانەی هەریەک لەبرگەکانی (ا، ب، ج، د، ە)ەوە ئەنجامدا، ئەوا بەبەندکردن بۆ ماوەیەک کە لەشەش مانگ کەمترو لەساڵێک زیاترنەبێتو بەغەرامەیەکی ١٠ملیۆن دیناریش سزا دەدرێت".

لەبرگەی (ز)دا هاتووە "نابێ دادوەر جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی کە لەبرگەی (و)دا هاتوون رابگرێت"، لەبرگەی یەکەمی ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە "هەر کەسێک شانزە ساڵی تەمەنی تەواوکردو داوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە رێگەی پێبدات، ئەگەر دەرکەوت شایستەیی‌و توانای جەستەیی هەیە، ئەمیش دوای رەزامەندی بەخێوکەری شەرعی دەبێت".

پارێزەر بێستون وتی "ئەگەر کەسێک کچێکی خوار تەمەن ١٦ساڵ مارە ببڕێت ئەوا بەغەرامەیەک سزا


راوی کچانی منداڵ بەیاساکانی بەعس دەکرێت

دەدرێت کە لەملیۆنێک کەمترو لە٢ ملیۆن زیاتر نەبێت، جگە لەوەش بەندکردنیشی تێدایە، بەڵام لەدادگاکاندا بەندکردنەکەشی هەر بۆ دەکەن بەغەرامە".

ئاسکە محەمەد شووی بەپیاوێکی خێزاندار کردووەو لەجەلەولا مارەبڕاوە لەبەرئەوەی بووە بەژنی دووەم، باس لەکێشەکانی ئەو هاوسەرگیریە دەکاتو دەڵێت "بەڕاستی دادگاکانی کوردستان زوڵم لەئێمەی ژنان دەکەن بەم یاسایە، لەبەرئەوەی ئێستا ئەگەر بچوکترین مامەڵەی خۆمو منالەکانم هەبێت دەبێت بڕۆمە

> ئێمە نەمانوێرا بڕۆینە دادگای کەلار، لەبەرئەوەی رێگەی هاوسەرگیریی پێنەدەداین

جەلەولاو لەدامودەزگاکانی ئەوێوە مامەڵەکەم تەواو بکەم".

ئاسکە وتی "ئەگەر خزمو کەسوکاریش نەبونایە، ئێستا ژنی یەکەمی مێردەکەم داوای لەسەر تۆمار دەکردین لەدادگای دەربەندیخان، جگەلەوەش ئەگەر ئەو ژنەی یەکەمی مێردەکەم داوای جیابوونەوەی منو مێردەکەم بکات ئەوا دادگای کوردستان ئێمە لەیەکتر جیادەکاتەوە بەپێی ئەو یاسایەی کە لێرە هەیە".

بێریڤان سەرهەنگ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەو بارەیەوە بەدەستووری راگەیاند "من وەک ئەندام پەرلەمانێک ئاگام لەکێشەی لەوجۆرە نەبووەو ئێستا ئێوە باسی دەکەن، بەڵام بەڵێن بەژنانی کوردستان دەدەم کە لەگەڵ پەرلەمانتارانی هاوڕێم باسی بکەمو لەپەرلەمان شتێک لەو بارەیەوە بوروژێنین".

ئەو ئەندام پەرلەمانە پێیوایە چارەسەری ئەو کێشەیە بەوە دەکرێت کە پەرلەمانی کوردستان داوا لەپەرلەمانی عێراقی بکات کە ئەوانیش دەستکاری ئەو یاسایە بکەنو دەڵێت "ئێمە ناتوانین داوا لەدادگاکانی خوارووی عێراق بکەین کە هەر هاووڵاتیەک دانیشتووی کوردستان بێت مامەڵەی هاوسەرگیری بۆ ئەنجامنەدەن، لەبەرئەوەی هەر تاکێک لەچوارچێوەی عێراقدا بژییێت، دەتوانێت لەهەر ناوچەو دادگایەکی عێراقی بیەوێت هاوسەرگیریی بکات، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە داوای شتی لەوجۆرە بکەین، ئەوانیش داوا دەکەن کەڕێگە نەدرێت کورد لەناوچەکانی خوارووی عێراق موڵک بکرێت یان نیشتەجێ ببێتو بەمەش دووبەرەکی دروستدەبێت، بەڵام ئێمە دەتوانین داوا لەپەرلەمانی عێراق بکەین کە ئەوانیش دەستکاری ئەو یاسایەی ساڵی ١٩٦٩ی جێبەجێکردنی باری کەسێتی بکەن، وەک چۆن ئێمە دەستکاریمان کردووە".

لەگەڵ ئەوەی رێکخراوەکانی ژنان لەکاتی پەسەندکردنی یاساکانی فرەژنیدا نارەزاییان دەبڕی کەدەبێت "فرەژنی قەدەغە بکرێت "ئێستاش داوا دەکەن رێکخراوەکانی بەرگری لەمافەکانی ژنان فشار بخەنەسەر دەسەڵات بۆ کۆتاییهێنان بەدیاردەی مارەکردنی کچانی خوار تەمەنی ١٦ساڵو مارەکردنی ژنی دووەم لەو ناوچانەی ئەم یاسایانەی تیادا جێبەجێ ناکرێت.

هانا شوان وتەبێژی رەسمی سەنتەری راگەیاندنو رووناکبیری ژنان ئاماژەی بەوەدا "ئەو کچەی تەمەنی لە١٦ ساڵ کەمترەو بەشوودەدرێت لەقۆناغێکدایە کە نازانێت بڕیارێکی دروستبدات سەبارەت بەهەڵبژاردنی کەسێکی گونجاو بۆ هاوسەری ژیانی، بۆیە هاوسەرگیرییەکەیان چەند خێرایە، تەڵاقەکەشیان هەروا بەخێراییە، بۆیە ئێستا دەبینین رێژەی تەڵاق بەوشێوە نائاساییە بەرزبۆتەوە".

ئەو چالاکوانەی بواری مافەکانی ژنان باسی لەوەکرد ساڵی پار (پرۆژەی رێگەگرتن لەهێنانی ژنی دووەمو مارەبڕینی لەدادگاکانی خوارووی عێراقەوە) خستۆتە بەردەم پەرلەمان کەچی تائێستا ئەم خولەی پەرلەمان تەنانەت باسێکیشیان لێوە نەکردووە.

وتەبێژەکەی سەنتەری راگەیاندنی ژنان وتی "ئێمە ئەزموونی تاڵمان هەیە لەگەڵ پەرلەماندا لەبەرامبەر هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنانو نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان.

هانا شوان دەڵێت "پێویستە رێکخراوە پەیوەندیدارەکان هەوڵبدەن بۆ فشار دروستکردن لەسەر حکومەت بۆئەوەی رێگەنەدات ٢ کەس لەسلێمانیەوە بڕۆن لەدادگای کەرکوک یان جەلەولا مامەڵەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن".

# "مامم فێری کاری لەشفرۆشی کردم"

## سوهام لەزیندانەوە چیرۆکی تێکەڵبوونی بەباندە لەشفرۆشەکان دەگێڕێتەوە

○ فەرهاد قادر لەسلێمانی

دوای کەمئەندامبوونی باوکیو کۆچیدوایی دایکی، سوهام لەلایەن مامیەوە لەتەمەنی ١٤ساڵیدا بەشوودەدرێت، دوایئەوەی بەزۆر لەمێردەکەی جیادەکاتەوە لەگەڵ ئامۆژنیدا رەوانەی سلێمانییان دەکات بۆ کاری لەشفرۆشی.

سوهام ئێستا تەمەنی ١٧ ساڵانەو خەڵکی بەغدادە، ماوەی ساڵێکە لەسلێمانی دەژی لەگەڵ مامیو ئامۆژنی، لەلای یەکێک لەسەرۆک باندەکانی لەشفرۆشیی بەناوی (سارا) کاردەکەن.

### سوهام لە١٤ساڵیدا شوودەکات

ماڵمان لەبەسرەبوو، من تاقانەی باوکمو دایکم بوومو ژیانمان زۆرخۆشبوو، بەهۆی رووداوێکەوە باوکم کەمئەندامبوو، دواتر تەمەنم (١٢) ساڵانبوو دایکم مرد، بەهۆی کەمئەندامی باوکمەوە، باری بژێوی ژیانمان زۆر خراپبووبوو، پاش چەند مانگێک لەمردنی دایکم، مامم هات بۆ بەسرەو منی برد بۆ بەغداو لەسەرەتای تەمەنی (١٤) ساڵیدا شوومکرد بەکوڕێکی دراوسێی ماڵی ماممو پاش کەمتر لەساڵێک مامم بەزۆر جیایکردمەوە لەمێردەکەم.

### تەنها دەیویست ببم بەژن

بەپێی قسەکانی سوهام مامی هەموو کارەکانی بەبەرنامەرێژی کردبوو، سوهام وتی "مامم کاتێک هات بەدوامدا دەیزانی چ بەرنامەیەکی بۆ داهاتووی من دارشتووە کاتێکیش منی دابەشوو تەنها لەبەرئەوەبوو کەمێک چاوم بکرێتەوەو کچێنیم لەدەستبدەم، دوایئەوەی بەتەڵاقدانیشی دام رۆژێکیان ژنێک هات بۆ ماڵی مامم لەگەڵ ئامۆژنم زۆریان قسەکرد، شەو ئامۆژنم بانگیکردم وتی "خەریکە گەورە دەبیت دەتوانی بەهۆی جوانییەکەتەوە دەوڵەمەندبیتو یارمەتی باوکیشت بدەیت" منیش وتم "چیبکەم تێناگەم جوانی حەقی چییە بەدەوڵەمەندییەوە" وتی "ئەو ژنەی ئەمرۆ هات بۆ ماڵمان هاوڕێمەو دەمانبات بۆ سلێمانی، لەوێ کەس ناماننناسێتو دەتوانین هەموو کارێک بکەینو دەوڵەمەندبین".

من لەقسەکانی ئامۆژنم تێنەدەگەیشتم، بەڵام کاتێک وتی دەتوانی هاوکاری باوکت بکەیت لام گرنگ نەبوو مەبەستی چییە، تەنها دەمویست پارە پەیدابکەم تایارمەتی باوکم بدەم، لەبەرئەوە وتم باشە هەرچۆن تۆو مامم پێتان خۆشە باوابێت".

### سوهام لەزەرگەتە

سوهام لەچاوەڕوانی هاتنی بوو بۆ سلێمانی، پاش چەند رۆژێک دوای قسەکانی ئامۆژنی شەوێکیان مامی سوهام بانگ دەکاتو پێی دەڵێت سوهام سبەینێ لەگەڵ ئامۆژنتو سارا دەچن بۆ سلێمانی دەمەوێت لەقسەی ئامۆژنت دەرنەچیتو منیش چەند هەفتەیەکیتر دێمە لاتان، سوهام وتی "مامم وتی بڕۆ


سوهام لەناو زینداندا
فۆتۆگراف: فەرهاد قادر

لەگەڵ ئامۆژنت خۆت بشۆ بەیانی زوو دەڕۆن" خۆشۆردنی ئەو شەوەم جیاوزا بوو، چونکە ئامۆژنم پێوتم دەبێت خۆمان چاک بکەین تا لەسلێمانی گلەییمان لێنەکرێت، ئیتر ئەو شەوەمان بەسەربردو بەیانی زوو سارا هاتوو بەرێکەوتین بۆ سلێمانی، پاش چەند سەعاتێک گەیشتینە سلێمانیو چوینە ماڵی سارا لەگەرەکی زەرگەتەو ئەو رۆژە وەک پشوودان بوو بۆ ئێمە، چونکە سارا وتی "ئەمرۆ پشووبدەن بەیانی کارمان زۆرە".

### لەسالۆنێکەوە دەبرێن بۆ ماڵێک

سوهام لەگەڵ ئەوەی منداڵبوو، بەڵام زۆر بەبڕوابەخۆبوونەوە قسەکانی دەکردو وتی "رۆژی دووەم چووین بۆ سالۆنێک لەشەقامێکی گشتی بوو، لەوێ (٣) کچی تریشی لێبوو، سارا لەگەڵ کچێکیتردا منو ئامۆژنمو سێ کچەکەیان جوانکردو ئارایشتیان بۆکردینو جلی تازەیان لەبەرکردین، پاش کەمێک سارا تەلەفۆنیکرد بۆ کەسێک وتی "وەرە بەدوایاندا حازرن" ئامۆژنم وتی "سوهام ئێستا دەڕۆین ئەمەوێت دڵی موشتەرییەکان رازیبکەیت، تا سارا لێمان عاجز نەبێت" پاش کەمێک سارا وتی "تۆو ئامۆژنت بڕۆن سواری ئەو تەکسییەبن لەدەرەوە "ئیتر رۆیشتین چوینە گەڕەکێک لەوێ شۆفێرەکە بەئامۆژنمی وت "تۆ بڕۆ سواری ئەو ئۆتۆمبێلە سپییەببەو خۆم دێمەوە بەدواتدا" ئەو رۆیشتو منیشی برد بۆ شوێنێکی چۆڵ کەمێک دووربوو لەوێ وتی "بچۆ لەدەرگای ئەو ماڵە بدە، پیاوێک دێت بڵێ من سارا ناردوومی پاش سەعاتێکیتر دێمەوە بەدواتداو حەقی پارەوەرگرتنت نەبێت". کاتێک لەدەرگامدا پیاوێکی کەمێک بەتەمەن هاتو بردمیە ژوورەوەو کاتێک بردمیە ژوورەوە چوینە ژووری نوستنەوە، ئیتر زانیم بۆ هاتووم وەک ئاژەڵێک کەوتە گیانمو لەماوەی ئەو سەعاتەدا بەردەوام پەلاماری دەدامو کاری سێکسی دەکرد کە وەک نێچیرێکی لەراودا گرتبێ، ئەوە سەرەتای تێکەڵبوونم بوو بەکاری لەشفرۆشی".

### مامی دەبێتە شۆفێری لەشفرۆشەکان

سوهام ماوەی زیاتر لەحەوت مانگ لەسلێمانی ئەو کارە دەکاتو دەڵێت رۆژانە چەند جارێک دەبراین بۆ ماڵانو بۆ هەر موشتەرییەک (٣٠) هەزارمان وەردەگرت لەسارا، بەڵام ئەو زۆر زیاتری وەردەگرت، ئێمە پێنج ژن بووین لای سارا، پاش مانگێک مامم هاتو بووە شۆفێر لای ساراو هاتوچۆی بەئێمە دەکرد بۆ موشتەرییەکانو مانگی (٥٠٠) دۆلاری وەردەگرت لەساراو شوێنی خەوو خواردنیشی هەبوو، رۆژانە زیاتر لە (١٥ بۆ ٢٠) موشتەریم بەڕێدەکردو پارەم بۆ باوکم دەناردەوە.

### سوهام لەزیندان

سوهام وتی "بەیانییەکیان لەگەڵ مامم چوینە دەرەوە تا بمبات بۆ یەکێک لەئوتێلەکانی ناوشاری سلێمانی بۆ موشتەرییەک، لەڕێگا مەفرەزەیەکی پۆلیس رایانگرتینو مامم هەڵهاتو من دەستگیرکرام لەگەڵ کوڕە بچوکەکەی مامم کە تەمەنی (٥) ساڵانبوو، ئیتر براینە بنکەی پۆلیسو دواتر ئامۆژنم لەبەرخاتری کوڕەکەی هاتو ئەویش دواتر لەگەڵ من دەستگیرکراو کوڕەکەی مامم لەلایەن دراوسێیەکی ماڵی سارا بردیانەوە ماڵی خۆیان کە ئامۆژنم دەیناسین، ماوەی دە رۆژە لەزیندانینو مامم هەڵهاتوە بۆ بەغداو نازانین سارا چی بەسەرهاتوە، بەڵام دەڵێن کەفالەتتان بۆ کراوە نازانین کێ کردویەتی، بڕیارە ئازاد بکرێین".

www.arsivakurd.org

# ٢٠٠٩ ساڵی ڕووداوەکانی هاتوچۆ

## تەنها لەهەولێرو سلێمانی (٤٤٨) کەس گیانیان لەدەستداوەو (٧٢٨٢)کەسیش بریندار بوون

محەمەد حەمەنەجیب لەسلێمانی

ڕووداوی هاتووچۆ لەسنوری پارێزگای هەولێرو سلێمانی روو لەزیادبوونەو بەرپرسانی هاتووچۆش دەڵێن، شەقامەکان فراوان نین‌و هاووڵاتیانیش پابەندی ڕێنماییەکانی هاتووچۆ نابن.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست دەستوور کەوتووە بەهۆی ڕووداوی جۆراوجۆری هاتوچۆوە، تەنها لەهەولێرو سلێمانی (٤٤٨)کەس گیانیان لەدەستداوەو (٧٢٨٢) کەسیش بریندار بوون.

بەپێی ئامارێک کەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بڵاویکردووەتەوە لەساڵی ٢٠٠٩دا (٢٣٢)کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوەو (٤٣١١) کەسیش بریندار بوون، هەروەها بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی لەسنوری پارێزگای سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٨ دا ٧٩٩ ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویداوە تێیدا ٢٠٠ هاووڵاتی گیانیان لە دەستداوەو ٢١٩٩کەسیش بریندارببوون، ئەم ساڵ واتا ساڵی ٢٠٠٩ ڕووداوەکانی هاتووچۆ زیادیکردووە، لە٦٩٠ ڕووداودا ٢٥٦ کەس گیانیان لەدەستداوەو ٢٩٧١کەسیش برینداربون لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەک ڕووداوی هاتووچۆ تۆمارنەکراون.

ئەفسەری هاتووچۆ قادر عەبدوڵا ئەحمەد لەیەکێک لەفولکەکانی شاری سلێمانی سەرقاڵی ڕێکخستنی هاتووچۆی ئەو ئۆتۆمبێلە زۆرانەبوو کە لەسەر شەقامەکان هاتووچۆیان دەکرد، وتی "ڕۆژانە بەهۆی نەبوونی هۆشیاری هاتوچۆوەو تەسکی ڕێگەو بانەکانەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبینەوە، زۆرجاریش کارەساتی دڵ تەزێنی لێدەکەوێتەوە".

ئەو کەسانەی کە لەسەر شەقامەکان ئۆتۆمبێل لێیان دەدات بەهۆی پابەندنەبوونیانەوەیە بەڕێنمایەکانی هاتوچۆوە کە دەبنە گرفت بۆ خاوەن ئۆتۆمبێلەکان، ئەو پۆلیسە وتی "ڕێنمایەکانی هاتووچۆ تەنها بۆ شۆفێران نییە، بەڵکو بۆ هاووڵاتیانیشە بۆیە دەبێت هەردوولا هاوکاریمان بکەن، چارەسەریش بۆ ئەم کێشەییە دروستکردنی پردی پەڕینەوەیە بۆ هاووڵاتیان".

زیدان زاهیر تەمەن ٢٥ساڵ شۆفێری پاسە وتی "دەتوانم بڵێم لەسەدا هەشتا پابەندم بەڕێنمایەکانی هاتووچۆوە هەندێک جاریش سەرپێچی دەکەم".

زەیدان ئاماژەی بەوەدا کە لەماوەی ٧ساڵی شۆفێریدا توشی سێ ڕووداوی هاتووچۆ بووە، ئەگەر ڕێنمایەکان لەلایەن شۆفێرانەوە جێبەجێکرێن زۆر بەکەمی ڕووداوی هاتوچۆ ڕوودەدات.

شۆفێرانو هاووڵاتیانیش پێیانوایە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕووداوەکان تەنها پەیوەندی بە هۆشیارییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەخراپی ڕێگاوبانو نەبوونی نیشانەی هاتووچۆوە هەیە.

لوقمان محەمەد خوێندکاری زانکۆ سلێمانی وتی "هەموو شتەکانیش پەیوەندی بە هۆشیاری خەڵکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەسیستمی ڕێگاوبانی ئەم وڵاتەوە هەیە کەسیستمێکی سەقەتەو تا ئێستاش زۆربەی جادەکان هی سەردەمی بەعسن، سیستمێکی ترافیکی بەهێز بوونی نییەو نیشانەکانی هاتووچۆ بەپێی پێویست نییە".

مولازم بەختیار محمد بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی، وتی" ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەی ڕووداوەکان لەبەرزبوونەوەدایە، نەبوونی هۆشیاری هاتووچۆو هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی ڕووداوەکان".

مولازم بەختیار پێیوایە کە زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل بەبەردەوامیو تەسکی جادەو بانەکانو فراوان نەکردنیانو سستی لە بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانو تەواو نەبوونیان لەکاتی خۆیداو نەبوونی بەرزەپرد لەشوێنە قەرەباڵغەکان هۆکارێکی ترن بۆ زیادبوونی ڕووداوەکان.

دەبێت لەناو شاردا خێرایی شەقامەکان دەستنیشان بکرێنو کامێرای چاودێری هەبێت

بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی وتی "چەندین جار بەنووسراوی ڕەسمیی داوامان لەشارەوانی کردەوە بۆ دانانی بەرزەپردو دانانی تاسە، بەڵام ئەوان کەمترخەمبوونو وەڵامیان نەداوینەتەوە، سەرەڕای ئەوەش ژمارەی ئەو تاسانەش کە هەبوون کەمیان کردنەوە".

عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، وتی "ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەشاردا ڕوودەدەن پەیوەندی بەخێرایی هاتووچۆوە هەیە، نەک نەبونی بەرزە پردو تاسەکانەوە".

عومەر مەحوی ئاماژەی بەوەدا "دەبێت لەناو شاردا خێرایی شەقامەکان دەستنیشان بکرێنو کامێرای چاودێری هەبێت کە تۆ ئەو یاسایەت دانا بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو تاسە پلاستیکە بەرزانە دانێیت".

سەرۆکی شارەوانی ئاماژەبەوە دەکات "شارەوانی مەنەعە بۆ ئەو شتانە دادەنێت، بەڵام هەندێک گەڕەک کە پێویست بووبێت بەتاسە خۆمان تاسەی سێ مەتریمان بە کۆنکرێت بۆ کردون، لە بەرنامەی کارماندایە کە بۆ ٢٠١٠ بیست پردی تر دروست بکەین کەناوەوەی سلێمانیو ڕێگای عەربەتو تاسڵوجەش دەگرێتەوە".



شۆفێران، شەقامەکان، فەرمانگەی هاتوچۆ، هاووڵاتیان هۆکاری ڕووداوەکانن.

# نزیکەی ١٠ فەرمانگەو دامەزراوەی حکومی کرێچینو چەند بینایەکیش لەلایەن حیزبەکانەوە داگیرکراوە

سەنگەر تاوگۆزی لەشارەزوور

زۆربەی فەرمانگەکانی قەزای شارەزوو لەبینای کرێدان، سەرەڕای بچوکیو نەگونجاوی بیناکان، بەوهۆیەوە کارمەندانو هاووڵاتیانی ناوچەکە توشی کێشەوگرفت بوونو بەرپرسانی ناوچەکەش ئەمە بەکەمتەرخەمی لایەنو وەزارەتە حکومیەکانی تر دەزانن.

هەریەکە لەفەرمانگەی تاپۆ، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، بانکی شارەزوور، بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو باری شارستانی، فەرمانگەکانی دارایی، دادگا، قائیمقامیەت، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەزوور، فەرمانگەی چالاکیو دیدەوانی سەر بەوەزارەتی پەروەروەردە، باخچەی ساوایان لەبینای کرێدان یان بینای تایبەت بەخۆیان نیە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی قوتابخانەکانی ئەم قەزایە زیاتر لەسێ دەوامی تێدادەکرێت.

کامەران حەمە×اڵح هاووڵاتیەکی قەزای شارەزوورە، وتی "ئەگەر هەرکەسێک جارێک ئیشی بکەوێتە یەکێک لەفەرمانگەکانی ئەم شارە ئەوەندە دەیهێننو دەیبەن هەراسانی دەکەن". دواخستنی ئیش‌وکاری هاووڵاتیانو بەڕێوەنەچونی کارەکانیان بووەتە دیاردەو هاووڵاتیانی ناوچەکەی بێزارکردووە، هاووڵاتیانیش هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیەش بۆ نەبونی بینای تایبەت بەو فەرمانگانە دەگێڕنەوە.

لەقەزای شارەزوور چوار مەحکەمەوفەرمانگەی جێبەجێکردنو فەرمانگەی لێکۆڵینەوەو دەزگای داواکاری گشتی لەدوو ژوری بینای شارەوانیدان.

کامەران وتی "بەراستی ئەمە جێگای شەرمەزارییە بۆحکومەت".

مریەم عەبدوڵا ئافرەتێکی تەمەن ٣٠ساڵە، وتی "ئەم مامەڵەیەی کە ئێستا بەدەستمەوەیە ماوەی چوار ڕۆژ مێردەکەم پێوەی سەر قاڵبووەو فەرمانگە فەرمانگە گەڕاوە، بەڵام بۆیان تەواو نەکردوە لەترسی دەرکردنی لەوەزیفەکەشی دەستی لێهەڵگرت بۆیە بەناچاری ماوەی هەفتەیەکە هەموو ڕۆژێک ماڵو منداڵ بەجێدێڵم دوای ئەم مامەڵەیەم دەکەوم".

مریەم وتی"ئەگەر ئەمە حکومەتو شارو وڵات بێت خوابیبڕێت".

بەپێی زانیاریەکانی دەستوور حیزبەکان چەند بینایەکی فەرمانگە حکومیەکانیان داگیرکردوەو تاوەکو ئێستا چۆڵیان نەکردووە.

کۆمیتەی زەڕایەنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بینای قوتابخانەیەکی داگیرکردوە هەروەها ئەو بینایەی کەئێستا مەڵبەندی ٩ی شارەزور داگیری کردوە بینای حکومیە، لەهەمانتکاتدا بینای پۆستەو گەیاندنو بینایەکی تری حکومی کە بە (شوعبەکە) ناسراوە لەلایەن حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستانەوە داگیرکراوە.

دادگای شارەزوور لەژورێکی ٤مەتریدا کارەکانی بەڕیوەدەبات، لەم ژوورەدا دادوەرێکو پارێزەرێکو دوو کاتبو چەند هاووڵاتیەک لەناو ژوورەکەدا بوون بۆ جێبەجێکردنی مامەڵەکانیان.

دادوەر کاروان وریا دادوەری دادگای بەرایی شارەزوور وتی"بەڕاستی جێگاکەمان زۆر بچوکەو ناتوانین وەک پێویست مامەڵەی هاووڵاتیان بەڕێبخەین".

ئەو دادوەرە ئاماژەی بەوەدا، لەدوو ژوردا هەموو بەشەکانی دادگاو داواکاری گشتیو دەزگاکانی سەر بەوەزارەتی داد کۆکراونەتەوە.

کاروان وریا باسیلەوەکرد بەو هەموو کەمو کوڕیانەوە بەردەوامبوین لەخزمەت، ئەو دادوەری دادگای بەرایی داواکارە بینایەکی تایبەت بەدادگا دروستبکرێت چونکە "پێویستیەکی زۆر زەرورە بۆشارەکە".

ئەکبەر فەتاح ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شارەزوور هۆکاری نەبونی بینای فەرمانگەکانی لەم سنورەدا گێڕایەوە بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسانی قەزاکەو داگیرکردنی هەندێک بینای حکومی لەلایەن حیزبەکانەوە.

ئەکبەر وتی"قەزای شارەزوور تەنها قەزایەکە لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا کە کۆمەڵگای فەرمانگەکانی نیە، ناحیەی عەربەت کە ناحیەشە کۆمەڵگای فەرمانگەکانی هەیە، چونکە لێپرسراوەکانی کەسانی خەمخۆرن، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی ئەم شارە بێخەمن لەگلەیی‌و داواکاری هاووڵاتیانو بێئاگان لەوەی کە لەودیو دیواری ژورەکانیانەوە چی رودەدات". ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی شارەوانی شارەزوور ئاماژەی بەوەدا ئەم قەزایە لەسەردەمی حکومەتی هەرێمدا لەساڵی ١٩٩١هیچ بینایەکی حکومی تێدا دروستنەکراوە ئەوانەشی کە ئێستا کراون بەفەرمانگە لەسەردەمی بەعسدا دروستکراون.

ئەکبەر ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەم کێشەیە تاچەند ساڵێکیتر چارەسەر ناکرێت، چونکە ئەنجومەنی شارەوانی چەندینجار بەنوسراو داوای لەبەرپرسانی وەزارەتو لایەنە بەرپرسەکان کردوە بۆ دروستکردنی بینای فەرمانگەکان، بەڵێنیان پێداوین بەڵام دواتر بەڵێنەکانیان نەبردووەتە سەرو هەربۆیەش هیچ بڕوایەکمان بەحکومەت نەماوە، چونکە "ئەم قەزایە بەتەواوەتی فەرامۆشکراوە".

سۆران ڕەباتی قائیمقامی قەزای شارەزوور وتی"بەڕاستی کێشەیە ئەگەر هاووڵاتی کرێچی بێت، بەڵام کێشەی زۆر لەوەگەورەتر ئەوەیە کەحکومەت کرێچی بێت".

قائیمقامی قەزای شارەزوور ئاماژە بەوەدەکات ئەوە لەدەسەڵاتی ئێمەدا نیە، ئێمە خۆشمان بینامان نیە ئەوەی ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە کەزەوی بۆ ئەو فەرمانگانە تەرخان بکەین، تەحەداش دەکەم یەک فەرمانگە هەبێت ئێمە زەویمان بۆ تەرخان نەکردبێت، بەڵام تائێستا بینایان بۆ دروستنەکراوە ئەوە کەمتەرخەمی ئێمە نیە، بەڵکو کەمتەرخەمی وەزارەتو لایەنە بەرپرسەکانیترە، چونکە پێویستە ئەوان ئەو پرۆژانە جێبەجێبکەن.

چوار مەحکەمەو فەرمانگەی جێبەجێکردنو فەرمانگەی لێکۆڵینەوەو دەزگای داواکاری گشتی لەدوو ژوری بینای شارەوانیدان

www.arsivakurd.org




پۆلیسەکانی هاتوچۆ سەرمایانە. فۆتۆگراف: زیاد ئیسماعیل

# کارمەندانی هاتوچۆ رووبەڕووی مەترسی گیانی دەبنەوە

## کابینەکانی سەرشەقامەکان کارمەندانی هاتوچۆ لەمەترسییەکانی ئۆتۆمبێلو سەرما ناپارێزن

زیاد ئیسماعیل لەهەولێر

لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما هادی سالح لەلایەکی شۆستەیەکی یەکێک لەشەقامەکانی هەولێر کابینەیەکی لەدارو شوشە دروستکردوەو کارەبای بۆ راکێشاوەو گڵۆپو هیتەری بۆ دابینکردوە. ئەو کابینەیەی هادی دروستی کردووە ١٠٠ هەزار دیناری تێچووەو "لەسەر ئەرکی خۆی پارەکەی داوە"، نایگۆڕێتەوە بەو کابینانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شارەکەیەوە بۆیان دروستدەکرێت، چونکە کابینەکەی خۆی "گیانی ئەو دەپارێزێت" لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا وەک پۆلیسێکی هاتوچۆ.

هادی وتی "بۆیە ئەم کابینەیەم دروستکرد لەترسی گیانی خۆم، چونکە ئەو شوێنەی کابینەی هاتوچۆی لێدروستکراوە تاریکەو دیارنیە، ئەگەری زۆری هەیە شوفێر خۆی پێدابکێشێت".

پۆلیسەکانی هاتوچۆ رووبەڕووی مەترسی گیانی بونەتەوە بەهۆی ئەو کابینانەی لەسەر شەقامەکان بۆیان دانراون، دەڵێن مەرجەکانی پاراستنی گیانیی تێدا نییەو بەپرسانی هاتوچۆش هۆکارەکان دەگێڕنەوە بۆ پابەندنەبوونی شۆفێران بەڕێنماییەکانی هاتوچۆوە.

هادی ئاماژەی بەوەدا تا ئێستا چەند هاورێیەک توشی ئەو خۆپێداکێشانە بونەتەوەو "منیش نامەوێت توشی هەمان حاڵەتی ئەوان ببمەوە".

لەچەند مانگی رابردوودا لەشاری هەولێردا بەهۆی پێداکێشانی ئۆتۆمبێل بەچەند کابینەیەکدا پۆلیسێکی هاتوچۆ گیانی لەدەستداو یەکێکی دیکەش بریندار بوو.

کێشەیەکی تری پۆلیسەکانی هاتوچۆ لەگەڵ ئەو کابینانەدا ئەوەیە بارانو سەرما دەچێتە ناویەوەو بەشێک لەو پۆلیسانە بەنایلۆن تەواوی کابینەکەیان داپۆشیوە بۆ خۆپاراستن لەسەرما.

کارمەندێکی تری هاتوچۆ کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، لەنێو کابینە شکاوەکەی وەستابوو، هەر چوار دەوری بەنایلۆنێک پێچابوو لەترسی بای ساردو دڵۆپەی باران، ئەم کارمەندە لەوەرزی سەرماو سۆڵی زستان، بەلایەوە "سەختە" ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، ئەگەر کابینەیەکی باشی بۆ دابین نەکرێت.

هەروەها دەڵێت "کابینەکەی ئێمە ئۆتۆمبێل خۆی پێداکێشاوە، شکاوەو چەند دڵۆپ باران ببارێت هەمووی بەر ئێمەدەکەوێتو تەڕدەبین، بەکورتی وەک ئەوە وایە کە لەدەرەوە لەبەر بارانبم".

بەوتەی ئەم کارمەندە تائێستا زیاتر لەجارێک داوای بۆ سەرووی خۆی بەرزکردۆتەوە، بەڵام تائێستا بۆیان نەگۆڕیوە "چەند جارێک داوای کابینەیەکیترم کردووە، بەڵام هەر دەڵێن ئەمڕۆ سبەی، تائێستاش هیچ نەکراوە".

رێپێدراو دیاری، بەهەمانشێوە کارمەندی هاتوچۆیە، رۆژانە ٨ کاتژمێر لەسەر شەقام دەوەستێت، وتی "زۆربەی ترافیکلایتەکان کابینەی بۆ دانراوەو تەنها یەک گڵۆپی تێدایەو جامیشی نییە".

رێپێدراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر کارەبا نەبێت، نابێت کارمەندی هاتوچۆ لەناو کابینەکە دانیشێت، چونکە کارەباکەمان جێگیر نییە. ئەو کارمەندانە داوادەکەن ئاوڕیان لێبدرێتەوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆوە، کێشەی کابینەکان چارەسەر بکرێتو مەترسییەکانیان لەسەر کەمبێتەوە.

عەمید قادر بەڕێوەبەری راگەیاندنو پەیوەندییەکانی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان وتی "بەراشکاوانە دەیڵێم کەمتەرخەمی نەکراوە لەدابینکردنی کابینە بۆ کارمەندانی هاتوچۆ بۆئەوەی پارێزگاری لەکارمەندانمان بکەین لە سەرماو گەرما".

> چەند دڵۆپ باران ببارێت ئەوەندەش بەر ئێمەدەکەوێتو تەڕدەبین

بەڕێوەبەری راگەیاندنو پەیوەندییەکانی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا ئەو کۆشکانەی کراوە لە ناوەڕاستی شەقامەکان کراوە بۆ ئەوەی کۆنترۆلی هاتوچۆبکات، بەڵام بەداخەوە "هەندێک لەشۆفێرەکان بەشێوەیەکی لاسارانە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن، ئەمەش بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی چەندین کارمەندی هاتوچۆ، ئەمەش بەهۆی پابەندنەبوونیان بەیاساو رێساکانی هاتوچۆ".

عەمید قادر ئەوەشی نەشاردەوە کەهەندێجار ئەو کابینانە مەترسیدارنو زۆرجار شۆفێرەکان خۆیانی پێدادەکێشن، بۆیە زۆرێک لەکابینەکان رووخاون، زۆر بەداخەوە هەندێک لەشۆفێران سەرپێچی لەیاسا دەکەن، یەکێک لەو سەرپێچیانەی کێشەی گەورە بۆ ئێمە دروستکردوە تیژ لێخوڕنە، شۆفێران خۆیان بەو کابینانە دەکێشن، بەمەش کارمەندانی هاتوچۆ رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە.

بەپێی قسەکانی بەڕێوەبەری راگەیاندنو پەیوەندییەکانی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان لەچەند مانگی رابردوودا تەنها لەشاری هەولێردا کارمەندێک لەناو کابینەکەی گیانی لەدەستداو یەکێکیتریش بریندار بوو.

دەربارەی ئەوەی تاچەند ئەو کابینانەی بۆ کارمەندانی هاتوچۆ دروستکراون، شێوەیەکی ستانداردی لەخۆگرتوە عەمید قادر وتی "رێژەیەکی زۆر لەو کابینانەی بەشێوازێکی مۆدێرن دروستکراون".

عەمید قادر ئاماژە بۆئەوەدەکات کەمتەرخەمی نەکراوە لەدروستکردنی کابینەو ئەو شوێنەی گرنگبێتو هاتوچۆی زۆر لەسەربێت کابینەمان تیا داناوە، ئەمەش لەباران دەیانپارێزێت، بەڵام ناتوانین لەهەموو شوێنێک کابینە دروستبکەین، چونکە لەهەندێک شوێن دەبێتە هۆکارێک بۆ تەسککردنەوەی شەقامەکە.

# یاساکان رێگەیان پێنادات ببنە مەسیحی

## مەسیحیە کوردزمانەکان دەیانەوێت پێناسی باری شارستانیان لە"مسلم"ەوە بۆ "مەسیحی" بگۆڕن

فەرمانو عومەر لەرانیە

ئەو کوردانەی بونەتە مەسیحی دەیانەوێت لەڕووی یاساییەوە ئایینی خۆیان لەئیسلامەوە بکەن بەمەسیحیو بەپرسانیش ئاماژە بەوەدەکەن لەبەرئەوەی یەکەم سەرچاوە لەدانانی هەر یاسایەک لەپەرلەمان شەریعەتی ئیسلامەو لەئیسلامیشدا گۆڕینی دینی ئیسلام بۆ دینەکانیتر رێگەپێنەدراوە.

مەسیحیە کوردزمانەکان دەیانەوێت ناسنامەی باری شارستانیان کەلێی نوسراوە (مسلم) بگۆڕن بۆ مەسیحی، بەڵام بەهۆی نەبوونی برگەیەکی تایبەت لەدەستووری هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕینی ئایین، رووبەڕووی بەربەستی یاسایی دەبنەوە.

شوان کەریم خزمەتکاری مەسیحی خوداوەند لەمەسیحییە کوردزمانەکان لەرانیە وتی "من داواکاریم پێشکەش بەدادگای رانیە کردووە، سەبارەت بە برگەکانی (دیانە) لەمسلمەوە بیگۆڕن بۆ مەسیحی، بەڵام لەوەڵامدا هەردوو دادوەرانی دادگای رانیە وتیان داواکاریەکەت قبوڵ نییە، لەبەرئەوەی لە دەستووری عێراقی رێگەپێنەدراوە".

ئەو خزمەتکارەی مەسیح ئاماژە بەوەدەکات لەکوردستاندا کێشەی ئێمە نوسینی مسلمە لەسەر پێناسی باری‌شارستانی، چونکە منداڵەکانمان بەناچاری دەبێ لەقوتابخانە وانەی دین بخوێننو بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی پەروەردەم کردووە، بەڵام ئەوان دەڵێن "ئێمە بەپێی پێناسەی تاکەکان مامەڵە دەکەین".

شوان باسی لەوەش کرد هەموو ئەوانەی باوەڕدارن بەمەسیح، ئارەزوو دەکەن ناسنامەکەیان لەمسلمەوە بگۆڕێ بۆ مەسیحی.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەی دەستوور تەنها لەڕانیەدا نزیکەی ٥٥ خێزانی مەسیحی کوردزمان هەیە، لەورێژەیەش ٣٠ خێزانیان داوادەکەن کەناسنامەکانیان بگۆڕن بۆ مەسیحی.

بەپێی قسەکانی شوان هەندێ لەخێزانە مەسیحییەکان ناتوانن ئەو داوایە پێشکەش بکەن "لەترسی کۆمەڵگاو کلتوری ئیسلامی ناتوانن رایبگەیێنن کە ناسنامەکەیان بگۆڕن".

مەسیحییە کوردزمانەکان داوادەکەن کە مافەکانیان پێشێلنەکرێتو لەڕووی دەستوورییەوە کێشە یاساییەکانیان بۆچارەسەربکرێت بۆ گۆڕینی ئایینی خۆیان لە موسڵمانەوە بکەن بەمەسیحی.

شەماڵ رەسول پیشەی خزمەتکاری مەسیحە لەکلێسای مەسیحی کوردزمان بەدەستووری وت "لەراستیدا ئەو دەستوورەی ئێستا هەیە دەنگی زۆرینە پەسەندی کردووەو کاری پێدەکرێتو مەسیحیش فێرمان دەکات ملکەچی یاسا بین، بەڵام ئێمەی باوەڕدارانی مەسیح هەمیشە داوامانکردووە کەناسنامەی باری کەسێتی گۆڕانکاری بەسەردابێتو مرۆڤ ئازاد بێت لەهەڵبژاردنی ئایینەکەی".

شوانیش داواکارە دەستووری کوردستان گۆڕانکاری تێدا بکرێتو خانەی دیانە لەسەر پێناسو وانەی ئایینیش لەپرۆگرامی خوێندن لاببرێ، چونکە منداڵ نازانێ دین چییەو بۆچی دەبێ بەزۆری بیخوێنێت.

> ئێمەی باوەڕدارانی مەسیح داوامانکردووە کەناسنامەی باری کەسێتی گۆڕانکاری بەسەردابێتو مرۆڤ ئازاد بێت لەهەڵبژاردنی ئایینەکەی

بەپێی یاسای باری شارستانی ژمارە ٦٥ی ساڵی ١٩٧٢ هەموارکراوی ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٧٤ لەماددەی ٢١ برگەی ٣ هاتووە کە منداڵان لەئاییندا شوێن دایکو باوک دەکەون کە باوەڕیان بەئایینی ئیسلام هێناوەو دوای ئەوان دەکەون لەکاتی وەرگرتنی ئایین لەئیسلامدا.

غەریب تۆفیق بەڕێوەبەری بەشی پێناسی باری شارستانی لەفەرمانگەی رەگەزنامەو باری شارستانی رانیە بەدەستوری راگەیاند "گۆڕینی ئایین لەئایینەکانیتر بۆ ئاینی ئیسلام رێگەپێدراوە، چونکە ئایینی ئیسلام کۆتا ئایینو تەواوکەری ئایینەکانیترە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلامو دەستووری وڵاتەکەمان ناگونجێت، لەبەرئەوەی یەکەم سەرچاوە لەدانانی هەر یاسایەک لەپەرلەمان شەریعەتی ئیسلامەو لەئیسلامیشدا گۆڕینی دینی ئیسلام بۆ دینەکانیتر رێگەپێنەدراوە".

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بەداواکەیان دەستوور سەردانی دادگای رانیەی کرد، بەڵام بەبیانووی رێگەپێنەدانیان لە سەرووی خۆیان هیچ لێدوانێکیان نەدا.




لەناو دەزگاکاندا هێشتا مەسیحییە کوردزمانەکان موسڵمانن.

# شارەوانی گەڕەكێك لەلای خۆی دەسڕێتەوە

## ئەو گەڕەکەی لە ٢٠٠٤دا دروستکرا، ئێستا زیادەڕۆیە



گەڕەکی حەسەن ئاوا داوای خزمەتگوزاریی دەکەن. فۆتۆگراف: سەنگەر

**سەنگەر تاوگۆزی لەشارەزوور**

گەڕەکێکی قەزای شارەزوور ماوەی پێنج ساڵە بێبەشن لەپرۆژەی خزمەتگوزاریو سەرۆکی شارەوانی قەزای شارەزوور ئاماژە بەوەدەکات ئێمە هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریمان بۆ ئەنجام نەداونو هیچ کاتێکیش پرۆژەیان بۆ ئەنجام نادەین، لەبەرئەوەی بەزیادەڕەوی دروستکراوە.

گەڕەکی حەسەن ئاوا دەوکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەی تازە لەساڵی٢٠٠٤ ئاوەدانکراوەتەوە دانیشتوانەکەی خەڵکێکی هەژارو کەم درامەتن کە ژمارەیان ٥٠ ماڵە لەماوەی پێنج ساڵدا ئەم گەڕەکە هیچ جۆرە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریان بۆ ئەنجام نەدراوە.

هەورامان حەسەن تەمەن ٢٥ساڵ وتی"نەک شارەوانی بەتەواوەتی ئەم گەڕەکەی پشتگوێ خستوە، بەڵکو ڕێگریش دەکات لەوەی وەزارەتو لایەنە بەرپرسەکانیش پرۆژە لێرە ئەنجام بدەن". هەورامان ئاماژە بەوەدەکات ماوەی ساڵێکە پرۆژەی ئاومان بۆ دەرچووە، بەڵام سەرۆکی شارەوانی دەستیگرتووە بەسەریداو ڕێگە نادات کە ئەم پرۆژەیە جێبەجێبکرێت.

دانیشتوانی ئەو گەڕەکە ئاماژە بەوەدەکەن چەندجارێک شارەوانی ویستویەتی ئەو گەڕەکە تێکبدات بەبیانوی زیادەڕەویەوە.

دڵسۆز عەلی ژنێکی تەمەن٣٠ساڵ، وتی"ماوەی چوارساڵە ئەو خانوەمان دروستکردوە، تائێستا سێجار لەلایەن شارەوانیەوە ڕوخاوە، هەموو جارێک بەقەرزو بەهاوکاری خێرخوازان دروستی دەکەینەوە".

سالار ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی شارەزوور دەربارەی نەبوونی خزمەتگوزاری لەوگەڕەکەدا وتی"لەلای من هیچ گەڕەکێک نیە بەو ناوەوە، ئەو خانوانە لەسنوری قەزای شارەزوردانین لەدەرەوەی نەخشەی بنەرەتی شاردان لەساڵی ٢٠٠٤دا بەشێوەی زیادەڕەوی ئەوخانوانە دروستکراون".

سەرۆکی شارەوانی شارەزوور دەڵێت لەوکاتەوەی من بوم بوسەرۆکی شارەوانی بەهیچ جۆرێک پرۆژەمان بۆ ئەنجامنەداونو هیچ کاتێکیش پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ جێبەجێناکرێت دەبێت خانووەکانیان بڕوخێنن، چونکە بەشێوەی زیادەڕۆیی خانوویان دروستکردووە".

سەرۆکی شارەوانی وتی "ئەو پرۆژانەی کە تائێستا ئەنجامدراون لەو گەڕەکەدا بەڕای من کارێکی نایاساییە".

# گەنجانو خوێنەرانی چوارقوڕنە داوای دروستکردنی کتێبخانەیەك دەکەن

**هاوژین محەمەد لەچوارقوڕنە**

خوێنەرانو گەنجانی شارۆچکەی چوارقورنە نارەزایی دەردەبڕن لەبچوکی کتێبخانەکەیانو نەشیاوی جێگاکەیو بەرپرسی کتێبخانەکەش پشتگیری لەداواکەیان دەکات.

کتێبخانەی گشتی چوارقوڕنە لە١٥/١١/٢٠٠٦ دامەزراوەو لەدوو ژوورو هەیوانێک پێکهاتووە، رۆژانە نزیکەی (٢٥ تا ٤٠) کەس سەردانی دەکەن، کتێبخانە کەوتۆتە سەرجادەی گشتی شار، بەپێی قسەی خوێنەرانو بەرپرسانی کتێبخانەکە دەنگی ئۆتۆمبێلو هۆرنەکانیان خوێنەرانیان بێزارکردووە.

کتێبخانەکە نزیکەی (٣٠٠٠) سەرچاوەی لەبوارەکانی (زانست، ئەدەبوهونەر، مێژوو، فەلسەفە، سیاسی، کلتوری)، لەگەڵ (٢٠٠٠) گۆڤارو بەشێک لەڕۆژنامەکانی لەخۆگرتووە.

ڕێبوار عەبدولڕەحمان مامۆستا لەشارۆچکەی چوارقوڕنە وتی "کتێبخانەکەمان زۆر بچوکە، شوێنێکی نەگونجاوەو کەوتۆتە سەرشەقامی گشتی چوارقوڕنە لەناوبازاڕدا، ئەمەش وایکردوە جەوێکی پڕ لەدەنگە دەنگو ژاوەژاو بەهۆی هۆڕنی ئۆتۆمبێلەوە دروستببێت، بەمهۆیەشەوە نەخوێندکاران دەتوانن راپۆرتی خۆیان ئامادەبکەن نە خوێنەران دەتوانن بەتەواوی سود وەرگرن".

ناحیەی چوارقوڕنە ژمارەی دانیشتوانی (٤٧) هەزارکەسە، لەم ناحیەیەدا تەنها ئەو کتێبخانە بچوکە هەیەو خوێنەران داوادەکەن کتێبخانەکەیان گەورە بکرێتو سەرچاوەی زیاتری بۆ بهێنرێت.

مامۆستا ڕێبوار وتی "مانەوەی ئەم کتێبخانەیە بەو بچوکیەی بۆماوەی چەند ساڵێک، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی هەموو لایەنەکان هەر لەڕۆشەنبیرانی شارو خوێنەرەکان تا دەگاتە بەرپرسانی شار".

محەمەد خدر لێپرسراوی کتێبخانەی گشتی چوارقوڕنە دەڵێت "بچوکی کتێبخانەکەمان لەگەڵ زۆری ئاستی دانیشتواندا نییە".

بەرپرسی کتێبخانەکە وتی ئێمە داوامان کردوەو سەرۆکی شارەوانی زەوی بۆ دابینکردوین، وەزارەتیش پەیمانیان پێداوین، لاموایە سەرۆکی شارەوانیو بەڕێوەبەری ناحیە کەمتەرخەمیان کردبێ هەربۆیە دەبینین لەزۆربەی ناحیەکان کتێبخانەی تازەیان بۆکراوە جگە لەناحیەکەی ئێمە.

# کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ٥٠ هەزار هاووڵاتی لەخۆی توڕەدەکات

**زانیار لەداقوق**

دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەری قەزای داقوق کێشەی پەیوەندیکردنیان هەیە لەڕێگەی ئاسیا سێڵەوەو ناتوانن بەئاسانی پەیوەندی بەیەکترەوە بکەنو بەرپرسانی ئاسیاسێڵیش بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکان بەخەڵکی ناوچەکە دەدەن.

بەهۆی خراپیو کەمی بورجەکانی ئاسیاسێڵەوە لەناوچەی داقوق دانیشتوانی گوندەکان زۆربەی کات لەسەربان تەلەفون دەکەن ئەویش بە"پچڕپچڕی".

٩٨ گوند کەژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٥٦ هەزارکەس دەبێت لەسنوری قەزای داقوقدا داوادەکەن کۆمپانیای ئاسیاسێڵ کێشەکانی پەیوەندیکردنیان بۆ چارەسەر بکات. حەسەن باباعەلی دانیشتوی گوندی حەوتەغار ئاماژە بەوەدەکات نزیکەی ٧ گوند دەبین کەزۆربەی گوندەکانمان نزیکی یەکترە، هەرچەندە بورجێکی ئاسیا لەگوندەکەمانە، بەڵام "زۆر ماندووەبین بەپەیوەندیکردن لەرێی ئاسیاوە".

محەمەد شەریف گلی ئەندامی ئەنجومەنی قەزای داقوق ئاماژە بەوەدەدات کەزۆربەی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە خاوەنی مۆبایلی ئاسیاسێڵن، وتی "نزیکەی ٥٠ هەزار هاووڵاتی لەداقوق گلەیی لەکۆمپانیای ئاسیا سێڵ دەکەن".

ئەنەس مەجیدیش دانیشتوی گوندی کلیسەی سەر بەقەزای داقوقە باسی لەوەکرد گوندەکەیان ٢ کیلۆمەتر لەبورجی ئاسیاوە دوورە، بەڵام گەیاندنی ئاسیاسێڵ پەیوەندی نییە، ئەنەس وتی "تۆڕی ئاسیا هەیە، بەڵام دەنگی بەرامبەرەکەت گوێ لێنابێت".

نەسرەدین مەجید ئاماژە بۆ ئەوەدەکات نزیکەی ٢٥٠ ژمارەی مۆبایلی دانیشتووانی ئەو گوندەم کۆکردوە، بەڵام تائێستا کۆمپانیای ئاسیاسێڵ وەڵامی دابینکردنی ئەو بورجەیان نەداوەتەوە کە بەڵێنیان پێدابووین بۆمان دابنێن.

ئەمیر خواکەرەم سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق سەبارەت بەنەبوونی هێڵی ئاسیاسێڵ لەقەزاکە بەدەستوری راگەیاند "هەموو ڕێگایەک دەگرینەبەر بۆ چارەسەررکدنی کێشەی پەیوەندیکردن لەو سنورە".

بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری دانیشتوانی ئەو گوندانە دەستوور پەیوەندیکرد بەسەنتەری کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، کارمەندی ئەو سەنتەرە رایگەیاند "لەکێشەو گرفتەکانی سنوری داقوق ئاگادار کراوینەتەوەو سەنتەری ئاسیا بەزووترین کات چارەسەری ئەوکێشانە دەکات".




# دەردەدڵ

## چارەنووسی خوێندکارانی کوردی رۆژهەڵات لەزانکوکانی هەرێم بەرەو کوێیە؟

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣و رزگاربونی کوردەکانی باشوور لەدەستی دێوەزمەی بەعسو بەدەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشیوەیەکی فەرمی لەناوچەکەو دەرچونو پەسەندکردنی یاسای فیدراڵی بۆ عێراق، ئەم پارچەیە لەکوردستانی گەورە بوو بەجێی دڵخوشی بەواتایەکیتر شارو وڵاتی خەونەکان بۆ کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانی گەورە، دوابەدوای ئەم رووداوانە، وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیارێکی بۆ وەرگرتنی خوێندکاری بەشەکانی تری کوردستان لەنێو زانکۆکانی هەرێمدا دەرکرد، دوابەدوای دەرچونی ئەم بڕیارە، زیاتر لەسەدان خوێندکار لەهەموو بەشەکانی کوردستانەوە روویان لەزانکوکانی هەرێم کرد، بەهیوای خوێندن بەزمانی دایک لەکوردستانێکی ئازاددا.

نەبوونی سەرەتاییترین مافی خوێندن کەخوێندنە بەزمانی دایک، یاخود ئەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن، دەسەڵاتدارانی رێگرن لەبەردەم خوێندنیانداو ئەو هەلومەرجەی کە حکومەتی هەرێم بۆ خوێندکارانی دابینکرد وەک هۆکارێکی هاندەر بووە هۆی هاتنی بەلێشاوی خوێندکاران بەتایبەت خوێندکارانی روژهەڵاتی کوردستان بۆ زانکوکانی هەرێم، هەروەها بەهۆی ئەو سنووورە بەربڵاوەی هەرێم لەگەڵ کوردستانی روژهەڵاتدا هەیەتی وای کردوە هاتووچۆ ئاسانترو زیاتریش بێت.

ژمارەیەکی زۆر لەم خوێندکارانە وەرگیرانو دەستیان بەخوێندن لەزانکۆکانی هەرێمدا کرد، لەسەرەتادا حکومەت بەهەموو توانایەکەوە کەوتە ئامادەکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەم خوێندکارانە وەک دابەشکردنی بەشە ناوخۆییەکانو دابینکردنی کارتی مانەوەو بڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆ هەر خوێندکارێکیان کەجێگەی سوپاسو پێزانینە.

بەڵام بەداخەوە ئەمە ماوەی دوو ساڵە بەشێکی زۆر لەم خوێندکارانە کوتاییان بەخوێندن هێناوەو هیچ چارەنووسێکی دیاریان نیە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەم خوێندکارانە چەند ساڵە بەهیوای تەواوکردنی خوێندنو دامەزراندنیان لەدەزگاکانی هەرێمدا، بەڵام حکومەتی هەرێم پلانێکی ئەوتۆی بۆ داهاتوی ئەوان نیەو بەواتایەکیتر جۆرێک لەسەرلێشێواوی بۆ ئەم خوێندکارانە دروست بووەو هەر ئەم هۆکارەش بووەتە هۆی وازهێنانی بەشێکی زوریان لەخوێندنو گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی ئێرانو بێهیوابونیان لەخوێندن وەک کورد وتەنی لەجەژنەکەی هەردوولا بوون.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی ئێران هەر لەسەرەتاوە رایگەیاند کەباوەڕی بەبڕوانامەکانی زانکوکانی هەرێم نیەو دانیپێدا نانێت، ئەو خوێندکارانەشی کە کوتاییان بەخوێندن هێناوەو بەمەبەستی دامەزراندنیان روویان لەدەزگا حکومیەکان کردوە، هیچ وەڵامێکیان پێنەدراوەتەوەو داوای ناسنامەی عێراقیان لێکراوە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەوان باش دەزانن کەناسنامەیان نیە، ئەمەش دیسان ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی کاربەدەستانە کە ئەوانیش دان بەبڕوانامەی ئەم خوێندکارانەدا نانێن، تائێستاش حکومەتەتی هەرێم هیچ پلانو بەرنامەیەکی بۆ دامەزراندنی ئەم خوێندکارانە نیە.

لێرەدا ئەو پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت کە ئایا حکومەتی هەرێم ئەگەر باوەڕی بەبڕوانامەی ئەو خوێندکارانە نیە هۆکاری وەرگرتنی خوێندکاران بەتایبەت خوێندکارانی رۆژهەڵات تاوەکو ئێستاش لەزانکۆکانی هەریمدا بۆ چیە؟ هەروەها بۆچی لایەنە بەرپرسەکان هیچ بیریان لەچارەنووسی ئەوان نەکردووەتەوە، باشتروانیە کە ئەو خزمەتگوزاریەی بۆ خوێندکارە رۆژهەڵاتیەکانە بۆ خوێندکارانی باشوری کوردستان بێت چونکە هیچ نەبێت سودێکیان بوداهاتوی ولاتەکەیان دەبێت. بەپیچەوانەوە لەوڵاتە پیشکەوتوەکاندا بەئەو پەڕی خزمەتگوزاری بگرە زیاتریش خزمەتی خویندکارە بیانیەکان دەکەن، تا لەداهاتوودا بتوانن کەڵکیان لێوەربگرن بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەیان، بەدانانی پلانو رێوشوێنی زانستی بوونەتە جەمسەریک بۆ ئەو مێشکانەی کە لەوڵاتانی خویانەوە هەڵدین، هەر ئەم هۆکارەشە بووەتە هۆی پێشکەوتنی ئەم وڵاتانە بەڕێژەیەکی بەرزو ئەمرۆ چەندین وڵات وەک کوردستان پێویستی تەواوی پێیانە.

حکومەتی هەرێم ئەگەر باوەڕی بەبڕوانامەی ئەو خوێندکارانە نیە هۆکاری وەرگرتنی خوێندکاران بەتایبەت خوێندکارانی رۆژهەڵات تاوەکو ئێستاش لەزانکۆکانی هەریمدا بۆ چیە؟

**خوێندکارێکی کوردی روژهەڵات لەزانکوی سلیمانی**

www.arsivakurd.org

# گوڵی سروشتی.. بۆ هاوڕێو خۆشەویستان

## "ماوەی دوو ساڵە بۆ هەموو جێژوانەکانم گوڵی سروشتیم لەبیرنەکردوە"

سەریەست سالح لە سلیمانی

بۆدەربڕینی هەستو سۆزێکی زیاتر بۆ هاوڕێو خۆشەویستەکانیان لەبۆنەو یادەکاندا، هاووڵاتیان بەتایبەت گەنجان گوڵی سروشتی دەکەنە دیاری دەستیانو گوڵفرۆشەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن خوازیارانی گوڵی سر و شتی رووڵەزیادبوونە.

داركۆ عەزیز تەمەن ٢٤ ساڵ ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لەگەنجان بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ هاوڕێو خۆشەویستو دەزگیرانەکانیان گوڵی سروشتی پێشکەشدەکەن، پێیوایە ئەمەش سەرەتایەکە بۆکرانەوەی کلتوری کوردی کەخەڵک "خۆش ئاوازو زیندووتربێت".

داركۆ وتی "ماوەی ٢ ساڵە بۆ هەموو جێژوانەکانم گوڵی سرشتیم لەبیرنەکردوە".

جەمشید محەمەد بەڕەگەز فارسەو خەڵکی تارانە داوی ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٢دا بەسەردان دێتە سلێمانی هەست بەنەبوونی گوڵفرۆشی سروشتی دەکات هەربۆیە بڕیاری کردنەوەی دوکانێک بۆ فرۆشتنی گوڵی سروشتی دەدات، وەک محەمەد عزیمی برای ئاماژەی بۆ کرد هەر لەو ساڵەدا جیهانی گوڵی سروشتییان لەسلێمانی کردۆتەوە.

محەمەد وتی "سەرەتا پیشەکەمان پێشوازی لێنەکراو رۆژانە لە٥ تا ١٠ کەس دەهاتن بۆ گوڵ کڕین، بەڵام ئێستا تێڕوانینی خەڵک گۆڕاوە، بەجۆرێک رۆژانە لە٤٠ تا ١٠٠کەس دێن بۆکڕینی گوڵی سرشتیو لەبۆنەو یادەکاندا ئەم ژمارەیە تێدەپەڕێنێت".

ئێستا زیاتر لە١٠٠جۆری گوڵی جۆراوجۆر هەیە کە بۆ بۆنەو ئاهەنگەکان بەدیاری لەشێوەی جۆراوجۆردا دەڕازێنرێتەوە.

ڕەفیق قادری تەمەن ٣٢ ساڵ کە ماوەی ١٠ساڵە نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایە وتی "گوڵی سروشتی لای ئەوروپییەکان زۆر مانا هەڵدەگرێت، هەربۆیە گوڵی سروشتی بەشێکە لەدەستو دیارییەکانی هاووڵاتیانی ئەوروپا بەجۆرێک رۆژانە خەڵک گوڵی سروشتی بەکاردێنێت وەک بەشێک لەپێویستییەکانی وەک ئارایشتێک بەکاریدەهێنن".

گرانی نرخی گوڵی سروشتی کێشەیەکی سەرەکی خوازیارانی گوڵی سروشتیەو هیوادارن کە نرخەکەی کەمبکرێتەوە.

محەمەد عزیمی هۆکاری گرانی نرخی گوڵی سرشتی بۆئەوە گەڕاندەوە کە لەتارانی پایتەختی ئێرانەوە گوڵیان بۆ دێتو کرێی گواستنەوەش هۆکاری گرانییەکەیەتی.

محەمەد وتی "ئەو کەسانەی دێن بۆکڕینی گوڵی سروشتی زیاتر کەسانێکن کە دەوڵەمەندن".

بێجگە لەدیاری بۆنەو ئاهەنگەکان، لەئێستادا هەندێک لەوکەسانەی سەردانی نەخۆش دەکەن گوڵی سروشتی بۆ دەبەن، بەڵام بەهۆی گرانی نرخەکەیەوە بەبەراورد لەگەڵ گوڵی دروستکراوو شیرینی کەمتر دەکرێتە دیاری دەستیان بۆ نەخۆشەکان.

چەپکێک گوڵ نرخەکەی لە(١٥ بۆ ٣٠) هەزار دینارە، سەبەتەیەک گوڵ کە بەچەند جۆرێک گوڵ دەڕازێنرێتەوە نرخەکەی لە٤٠ بۆ ٦٠ هەزار دینارە.

ماوەی ٢ ساڵە دوکانێکی گوڵفرۆشی لەبەردەم دەرگای نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی کراوەتەوە کەژمارەیەکی کەم گوڵی هەبوو، رەئوف حەمەی سەرپەرشتیاری ئەم دوکانە وتی "بەداخەوە خەڵکی ئێمە هێشتا تێڕوانینی بۆ ژیان لەئاستی پێویستدا نییە، ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی دێن بۆلای نەخۆشەکان نزیکەی نیوەیان شیرینی یان گوڵی لاستیک دەبەن بۆ نەخۆشەکان لەبەر هەرزانی نرخەکەیو تێنەگەیشتن لەمانای گوڵی سروشتی، چونکە گوڵی سروشتی ئارامبەخشو شیفایە".

دیارترینی گوڵە سروشتیەکان وەک (شەوبۆ، گەڵابۆن، مەریەم، لیلۆم، گوڵەباخ، داودی، مێخەک، ژێرڤرا، زەنباق، ئەنتریۆم، رۆز، نێرگز).

ئامانج حەبیب خاوەنی گوڵفرۆشی سروشتی سلێمانی ماوەی ٢ ساڵە ئەو پێشانگایەی کردۆتەوە وتی سەرەتا لەئاستی پێویستدا نەبوو، بەڵام بەتێپەڕینی کات گوڵی سروشتی برەوی سەند کە لەم ساڵدا "رۆژانە کڕیارەکانمان زیاددەکات".

دەربارەی کڕیارەکانی ئامانج ئاماژە بۆ ئەوەدەکات زۆرترین ژمارەی گەنج لەهەردوو رەگەز دێن بۆ کڕینی گوڵی سروشتی، لەیادەکاندا کڕیار زۆرتر دەبێت، بۆنمونە لەم چەند رۆژەدا کە هاوکاتی یادی سەری ساڵی نوێ بوو ژمارەیەکی بەرچاو لەمەسیحییەکان هاتون بۆکڕینی گوڵ، هەروەها لەئاهەنگی دەرچووانی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکاندا ژمارەیەکی زۆر گوڵ دەفرۆشین.

بەوتەی ئامانج یادی ڤالانتاین پڕفرۆشترین رۆژی ساڵەو لەساڵی پاردا لەڕۆژی ڤالانتایندا ١٠٠٠ هەزار کەس سەردانی کردوون، لەوڕۆژەدا گوڵەباخ دەفرۆشرێت بەهۆی سوری رەنگەکەیەوە کەهێمایە بۆخۆشەویستی.



# نهێنییەکانی خواردن

## گرنگیدان بەڕێژەی خواردنو جۆرو چۆنیەتی خواردن بەشێوەیەکی تەندروست

خواردن چالاکییەکی رۆژانەیەو بەچێژوەرگرتن ئەو کارە ئەنجامدەدرێت تائاستی تێربوون، بەجۆرێک کە بمانپارێزێت لەنەخۆشی، پزیشکانی خۆراک پێیانوایە خواردنە باشو تەندروستەکان، کلیلی خۆپاراستنە لەنەخۆشیو خۆپاراستنە لەتووشبوون بەنەخۆشی، بەمەرجێک بەچێژوەرگرتن ئەو خواردنە بخۆینو بزانین چەند دەخۆینو چی دەخۆینو چۆن دەیخۆین، گەر ئەو خاڵانەمان جێبەجێکرد دەتوانین چێژ لەو خواردنەوەربگرینوتەندروستییەکی باشیشمان هەبێت.

**خواردنی تەندروست**

دەبێت لەسەر ئەوە یەکانگیربین کە مرۆڤ پێویستی بەخواردنی تەندروست هەیەو بۆ ئەوەش جیاوازی لەنێوان کەسێکی گەورەو بچوکدا نییە تەنانەت لەنێوان هەردوو رەگەزکەشدا، هەروەها جیاوازی لەنێوان کەسێکی تەندروستو کەسێکی ئالودە بەنەخۆشی نییە بۆ وەرگرتنی خواردنی تەندروست، واتە خواردنی تەندروست پێویستییەکی گرنگی هەموو مرۆڤەکانە،

خواردنی تەندروست چوار بنەمای سەرەکی هەیە:

یەکەم: رێژەی ئەو خواردنەی لەماوەی رۆژێکدا دەیخۆین.

دووەم: هەڵبژاردنی جۆری خواردنو پێکهاتەکانی ئەو خواردنە لەژەمەکاندا.

سێیەم: دابەشکردنی رێژەی خواردنەکانی رۆژانەمان بەچەند بەشێکەوە لەجۆرو جیاوازی خواردنەکان.

چوارەم: دەبێت چۆنیەتی خواردن بەپێی ئەو رێژەیەی لەشمان پێویستی پێیەتی لەهەر ژەمێکدا بزانرێت.

**ئامادەکارییەکان بۆ رێژەو جۆری خواردن**

دەبێت لەهەر بەشە خۆراکێکدا، ئامادەکاری بۆ ئەو رێژەیە بکرێت کە لەشی مرۆڤ پێویستی پێیەتی تا لەرێگای چالاکییەکانی لەشو مێشکەوە رۆژانە سوودی لێوەربگیرێت، ئەمەش پزیشکی تەندروست رێژەی وزەی چالاکی (کالۆری) ئەو خواردنە دیاری دەکات کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی بەپێی سێ مەرجی سەرکی ئەوانیش: پارێزگاری یان گەیشتن بە رێژەی ئاسایی ئەو (کالۆری)یەی پێویستە بەپێی کێشی مرۆڤەکە، دەستخستنی سەرچاوەی وزە بەپێی ئەو رێژە (کالۆری)یەی لەش رۆژانە بەکاریدەهێنێت، قۆناغی گەشەکردنی لەشولاری منداڵ یان مێردمنداڵ یان ژنێکی دووگیان.

بەگشتی مرۆڤەکان رۆژانە پێویستیان بەوەرگرتنی (١٧٠٠ بۆ ٢٢٠٠) وزەی چالاک (کالۆری) هەیە، بەپێی دیاریکردنی رێژەی (پرۆتینات‌وکاربۆهیدارت‌وچەوری‌و شەکر کە هەر یەک گرام پرۆتیناتو کاربۆهیدرات بڕی (٤, ٢) کالۆری تێدایەو هەریەک گرام لەچەوری بڕی (٨, ٤) کالۆری تێدایەو دابەشکردنی رێژەکانیش بەپێی دابەشکردنی رێژەی لەسەدا دەبێت کە کاربۆهیدارت نزیکەی (٥٥٪) رێژەی خواردنەکانی رۆژانەمان پێکدەهێنێتو چەوریش لە (٣٠٪) پێکدەهێنێتو پرۆتیناتیش لە (١٥٪) پێکدەهێنێت.

واتە ئەگەر کەسێک پێویستی بە (٢٠٠٠) کالۆری هەبێت دەبێت رێژەی ئەو خواردنەی دەیخوات رۆژانە کاربۆهیدارتی نزیکەی (١١٠٠) کالۆری بێتو چەوری نزیکەی (٦٠٠) کالۆری بێتو پرۆتیناتیش نزیکەی (٣٠٠) کالۆری بێت، واتە (٢٦٠) گرام کاربۆهیدارتو (٧٠) گرام چەوریو (٧٠) گرام پرۆتینات.

**سەرچاوە: رۆژنامەی (شرق الاوسط).**
**و: فەرهاد قادر**



# ئەتەوێت بەگەنجی بمێنیتەوە؟

بۆئەوەی پێستی دەموچاوت بەڕووگەشی بمێنێتەوەو بیپارێزیت لەچرچ‌ولۆچی‌دەتوانیت‌بەبەکارهێنانی کۆمەڵێک میوەو کەرەستەی سروشتی، روویەکی گەشو جوان بەدەموچاوت ببەخشیت.

**پاراستنی پێستی روو**

١- سەر توێژی ماستی سروشتیو ٤ دانە شیلک تێکەڵ بکەو ماسکێکی لێدروست بکەو بۆ ماوەی ١٥ خولەک بەکاریبهێنە، پاشان بەئاوی شلەتێن بیشۆ.

٢- کەوچکێکی چێشت مرەبای قەیسیو کەوچکێک خەیاری وردکراوو کەوچکێک هەنگوینی سروشتی تێکەڵ بکەو بیدە لەپێستی رووتو بۆ ماوەی ١٥ خولەک پاشان بەئاوی شلەتێن بیشۆ.

**پاراستنی پێست لە چرچ‌ولۆچی**

١- پارچەیەکی مامناوەندی کولەکەی سەوز لەگەڵ ٤ دانە شیلک تێکەڵ بکەو بۆماوەی ١٥ خولەک بەکاریبهێنە، پاشان بیشۆ.

٢- مۆز بەوردکراوی تێکەڵی چەند دڵۆپێک زەیتی گوێزی هندی بکەو رۆژانە بەکاریبهێنە.

٣- هەنگوین باشترین دەرمانی خۆ رزگارکردنە لەچرچبوونی پێست بەبەکارهێنانی هەنگوینی سروشتی، ٢ کەوچکی چێشت هەنگوین لەگەڵ کرێمی تایبەتی رووخسار تێکەڵ بکەو پاشان شوێنی چرچەکان بۆماوەی نیوکاتژمێر بشێلە، دوای ئەوە بیشۆ.

**لابردنی پەڵەو سپیکردنەوەی رووخسار**

(٣ دەنک بادام+زەردێنەی هێلکەیەک+کەوچکێکی بچوک گوشراوی لیمۆ)، بادامەکان لەئاودا بخوسێنەو پاشان بیکوتەو گوشراوی لیمۆکەی تێبکەو زەردێنەی هێلکەکەشی تێکەڵ بکەو بۆماوەی ١٥ خولەک لەپەڵەکانی بدەو پاشان بەئاوی شلەتێن بیشۆ، باشتروایە ئەم کارە رۆژانە ئەنجامبدرێت لەدوای پاککردنەوەی دەموچاو.



# پلیگرینی گیرۆدە بووە



مانوێل پلیگرینی راهێنەری یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی گیرۆدەی ئامادەنەبوونی یاریزانە سەرەکییەکانی یانەکەیەتیو بەناچاری گۆڕانکاری لەپێکهاتەکەی دەکات.

رۆژنامەی ئەی ئێسی ئیسپانی ئەوەی بڵاوکردەوە کە مانوێل پلیگرینی راهێنەری یانەی ریاڵ مەدریدی وڵاتەکەیان بەهۆی ئامادەنەبوونی چەند یاریزانێکی سەرەکی، گۆڕانکاری لەپێکهاتەکەیدا دەکاتو بەناچاری پلانەکانی دەشێوێنێت.

رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە کە ئامادەنەبوونی هەریەکە لە "لاسانا دیاراو سێرجیۆ رامۆس‌و پیپی‌و مامادۆ دیارا" کێشەی گەورەی لەبەردەم پلانەکانی پلیگرینی دروستکردووەو ئەو راهێنەرە بەناچاری شێوازی پێکهاتەکەی گۆڕییوە.

بەپێی زانیاریەکانی هەمان رۆژنامە پلیگرینی لەیاری داهاتووی یانەکەی کە بڕیارە بەرامبەر یانەی ریاڵ مایۆرکا ئەنجامیبدات، پەنا دەباتە بەر پێکهاتەی "٤ - ٢ - ١ -٣" ئەویش لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەبەهۆی ئامادەنەبوونی یاریزانانی سەرەوە دروستبووە.

بەپێی پێکهاتەکەی پلیگرینی هەریەکە لە "ئەلپیۆل‌و گارای‌و ئەربیلیۆو مارسیلۆ" لەهێڵی بەرگری‌و "ئەلۆنسۆو گاگۆ" لەهێڵی ناوەندو "کاکا" لەهێڵی پشت هێرشبەران‌و "رۆناڵدۆو هیگواین‌و بنزیما"ش لەهێڵی هێرشبردن دەبن.

# کارلۆس چووە پاڵ رۆناڵدۆ



رۆبێرتۆ کارلۆسی بەڕازیلی‌و بەرگریکاری یانەی فەنەرباخچەی تورکی گەڕایەوە وڵاتەکەی‌و پەیوەندی بەیانەکەی رۆناڵدۆی هاونیشتمانیەوە کرد.

ئاژانسە رۆژنامەوانیەکانی هەواڵ لەبەڕازیل ئەوەیان بڵاوکردەوە کە رۆبێرتۆ کارلۆسی بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان گەڕایەوە بەڕازیل‌و پەیوەندی بەریزەکانی یانەی کۆرەنتیانزەوە کرد، کە رۆناڵدۆی هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەکەیان یاری بۆ دەکات.

هەروەها ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە کارلۆس لەمەراسیمێکی گەورەدا کە لەلایەن ئیدارەی یانە نوێکەیەوە بۆی رێکخرابوون پێشوازییەکی گەورەی لێکراو جەماوەرو هاندەرانی یانەکە گەڕانەوەی ئەو یاریزانەیان بەمایەی بەهێزبوونی یانەکە لەقەڵەمدا.

کارلۆس لەگەڵ گەشتنی بە خاکی وڵاتەکەی‌و پێشوازیکردنی لەلایەن جەماوەری یانە نوێکەیەوە ئەوەی راگەیاند کە زۆر خۆشحاڵە بەوەی گەڕاوەتەوە خاکی وڵاتەکەی‌و لەپاڵ رۆناڵدۆی هاونیشتمانی یاری دەکات.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە هەوڵی ئەوە دەدات ئاستێکی بەرز پێشکەش بکاتو یانەکەی بەسەرکەوتن بگەیەنێت، تا لەلایەن کارلۆس دۆنگای راهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیەوە بانگێشتی بەڕازیل بکرێتەوە.

وتیشی "خوازیاری ئەوەم بۆ جارێکی تر درێسی هەڵبژاردەی بەڕازیل بپۆشم‌و لەمۆندیالی ئەفریقا بەشداری بکەم."

# تۆتی رقی لەسیاسەتە



فرانسیسکۆ تۆتی ئیتاڵی‌و ئەستێرەی دیاری یانەی رۆمای هەمان وڵات رقی لەسیاسەتەو نایەوێت لەو بوارەدا هیچ زانیاریەکی هەبێت.

لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ریبۆبلیکای وڵاتەکەی، فرانچیسکۆ تۆتی ئەوەی راگەیاند کە هیچ لەبارەی سیاسەتەوە نازانێتو نایەوێت لەو بوارەدا هیچ زانیاریەکی هەبێت.

یاریزانی ناوبراو کە خاوەنی زۆرترین جەماوەرە لەیانەی رۆما ئەوەشی راگەیاند کە رقی لەسیاسەتەو ئارەزوو ناکات لەو بوارەدا خۆی سەرقاڵبکات.

وتیشی "ئەگەرچی رقم لەسیاسەتەو خۆمی پێوە سەرقاڵ ناکەم، بەڵام هەمیشە پشتیگری چەپڕەوەکان دەکەم‌و لەتەواوی هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە لایەنە چەپڕەوەکان دەدەم."

تۆتی کە بەمدواییە بڕیاری ئەوەیدا بگەڕێتەوە ریزەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئەوەشی راگەیاند کە پاش وازهێنانی لەیاریکردن نایەوێت ببێتە راهێنەرو خوازیاری ئەوەیە پۆستێکی ئیدارەی لەیانەی رۆما وەربگرێت.

# فیدرەر، نادال بەهاوشانی خۆی نازانێت



رۆجێ فیدرەری سویسری‌و ریزبەندی یەکەمی باشترینەکانی تێنسی سەرزەوی جیهانی، رافایل نادالی رکابەری بەهاوشانی خۆی نازانێت.

لەپەراوێزی بەشداریکردن لەپاڵەوانێتی ئەکسون مۆبیل لەدەوحەی پایتەختی قەتەرو لەمیانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، رۆجێ فیدرەری سویسری‌و ریزبەندی یەکەمی باشترینەکانی تێنسی سەرزەوی لەجیهاندا، ئەوەی راگەیاند کە دەیەوێت لەساڵی نوێدا پارێزگاری لەپلەکەی بکاتو لەریزبەندی یەکەمیدا بمێنێتەوە.

ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە هەوڵ دەدات تەواوی نازناوی ئەو پاڵەوانێتیانە بەدەستبهێنێت کە بەشداری تێدا دەکات، ئەویش بەو هیوایەی لەریزبەندی یەکەمی بمێنێتەوەو رێ بەرکابەرەکانی نەدات جێ پێی لەق بکەن.

فیدەرەی تەمەن ٢٨ ساڵ ئاماژەی بەوەدا کە متمانەی بەخۆی هەیە تەواوی نازناوەکان بەدەستبهێنێت بەو مەرجەی پێکان بەرۆکی نەگرێتو لەیاریگاکان دووریبخاتەوە.

لەبارەی رافایل نادالی رکابەری، فیدرەر وتی "ئەو یاریزانێکی لێهاتووەو خاوەن تواناو ئاستێکی بەرزە، بەڵام بەتەمەن منداڵەو پێنج ساڵ لەمن بچوکترە، بۆیە ئێستا ئەو هاوشانی من نیەو زۆری لەپێشە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی من."

# دڕۆگبا: لەخۆمان بایی بووین



دیدی دڕۆگبای هێرشبەری کۆتدیڤوارو یانەی چێڵسی ئینگلیزی هۆکاری سەرنەکەوتنی هەڵبژاردەکەی لەجامی ئەفریقای پێشوو بۆ لەخۆبایی بونیان دەگێڕێتەوە.

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لەشاری ئەبیدجانی وڵاتەکەی سازیدابوو، دیدی دڕۆگبای هێرشبەری کۆتدیڤوارو یانەی چێڵسی ئینگلیزی ئەوەی راگەیاند کە بۆ جامی نەتەوەکانی ئەفریقا کە بڕیارە یەک شەممەی داهاتوو لەوڵاتی ئەنگۆلا بەڕێوەبچێت ئامادەکاری تەواویان کردووەو نیازی بەدەستهێنانی نازناوەکەیان هەیە.

هێرشبەرە رەشپێستەکەی چێڵسی ئەوەشی راگەیاند کە دەبوو لەپاڵەوانێتی پێشوو ئەو نازناوەیان بەدەستبهێنایە، بەڵام بەهۆی لەخۆبایی بونیان نەیانتوانی دڵی جەماوەری وڵاتەکەیان خۆشبکەن.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە خوازیاری ئەوەیە بۆ تەنها جارێک ئەو نازناوە بەرزبکاتەوەو بەدڵی خۆشەوە بگەڕێتەوە ریزەکانی یانەی چێڵسی لەئینگلتەرا.

وتیشی "ئاستمان بەرزەو بەگیانێکی خۆ بەکەمزانینەوە بەشداری پاڵەوانێتیەکە دەکەین، بەو هیوایەی بتوانین هاندەران خۆشحاڵو ئاسوودە بکەین."

# تۆرێس ئاگادارکرایەوە



فرناندۆ تۆرێسی ئیسپانیو هێرشبەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لەلایەن بەرگریکارێکی یانەی تۆتنهامی هەمان وڵات ئاگادارکرایەوە.

بەپێی هەواڵی رۆژنامە وەرزشیەکانی ئینگلتەرا، ئەمرۆ سپاستیان باسۆنگی فەرەنسیو بەرگریکاری یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی پەیامێکی ئاگادارکردنەوەی ئاراستەی فرناندۆ تۆرێسی ئیسپانیو هێرشبەری یانەی لیڤەرپوول کردووەو تێیدا ئەوەی پێ راگەیاندووە کە بەهیچ شێوەیەک ترسی لێی نیەو رێگری لێ دەکات لەو هەوڵانەی کە بۆ تۆمارکردنی گۆڵ دەیدات.

باسۆنگ لەو پەیامەدا ئەوەی بە تۆرێس راگەیاندووە کە لەو یاریەی بڕیارە هەفتەی داهاتوو لەمیانی کێبرکێکانی هەفتەی بیستو یەکی خولی پریمەرلیگ لەنێوان یانەکەیو یانەی لیڤەرپوول ئەنجامبدرێت، ناهێڵێت گۆڵ تۆماربکاتو بەهەموو شێوەیەک رێگری دەکات.

هەروەها ئەوەشی پێ راگەیاندووە کە ترسی لێی نیەو بەباشی خۆی بۆ رووبەڕووبونەوەو راگرتنی جموجۆڵەکانی ئامادەکردووە.

# داڤینپۆرت سووکایەتی پێکرا

لیندزی داڤینپۆرتی کچە یاریزانی تێنسی سەرزەوی ئەمریکی لەلایەن بات کاشی یاریزانی پێشووی تێنسی سەرزەوی ئوسترالییەوە سوکایەتی پێکرا.

لەمیانی لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا، بات کاشی ئەستێرەی پێشووی تێنسی سەرزەوی ئوسترالی بەتوندی رەخنەی لەکچە یاریزانەکانی تێنسی سەرزەوی گرتو سەرجەمیانی بە ئاستنزم لەقەڵەمدا.

ناوبراو لەمیانی ئەو لێدوانەیدا ئەوەی راگەیاند کە کچە یاریزانەکانی ئێستا پێچەوانەی ئەستێرەکانی پێشوو ئاستیان نیەو لەیاریەکاندا هیچ هونەرو بەهرەیەک نیشان نادەن کە ببێتە مایەی سەرسامی جەماوەر.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە جگە لەڤینۆسو سیرینا ولیامز تەواوی کچە یاریزانەکانی تێنسی سەرزەوی لەسەرانسەری جیهان بێئاستو کەمتوانان.

هەرلەدرێژەی لێدوانەکەیدا کاش رەخنەی توندی لەئاستی لیندزی داڤینپۆرتی کچە یاریزانی ئەمریکی گرتو بەیاریزانێکی بێکەڵک لەقەڵەمیدا.

وتیشی "داڤینپۆرت بەکەڵکی هیچ شتێک نایەت تەنها فرێدانی قورسایی نەبێت."



# راهێنەری سیروانی نوێ دەستلەکاردەکێشێتەوە





**سیروان عەبدوڵڵا لەسلێمانی**

راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی سیروانی نوێ لەکاتی بەدەستنەهێنانی ئەنجامی باش لەخولی نایابی یانەکانی کوردستان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رادەگەیەنێت.

لەمیانی لێدوانێکی تایبەت بۆ دەستوور سپۆرت رزگار عەلی راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی سیروانی نوێ رایگەیاند کە بەشداری نەکردنیان لەخولی نایابی یانەکانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کێشەی دارایی یانەکەو نەبوونی یاریزانی پێویست بۆ بەشداریکرن لەو خولەدا.

سەبارەت بەئەنجامە خراپەکانیان لەقۆناغی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، راهێنەرەکەی سیروانی نوێ رایگەیاند کە دابەزینی ئاستی گۆڵچی یانەکەیان لەم ساڵدا هۆکاری سەرەکیە.

ناوبراو بەدووریزانی یانەی کەرکوک کە ئێستا لەپێشەنگی خولەکەدایە بتوانێت لەقۆناغی دووەمدا بەو شێوە بەردەوام بێتو ململانێ لەسەر نازناوەکە بکات. ئەو راهێنەرە پێیوایە چەندین یانەی بەهێزترهەن بۆ کێبڕکێ لەسەر نازناوەکە، کە ئەمەش رێگر دەبێت لەبەردەم کەرکوک بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە.

لەکۆتایی لێدوانەکەیدا رزگار عەلی رایگەیاند کە هەموو هەوڵی خۆی لەگەڵ یانەکەی دەخاتەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش لەخولی یانەکانی کوردستان، ئەگەرنا دەست لەکار کێشانەوەی خۆی رادەگەیەنێت گەر کارگێڕی یانەکە رازیبوون بەبڕیارەکەی.

# هەلی بەشداریکردن لەجامی ئاسیا درایەوە هەولێرو نەجەف

**ئارام محەمەد، دەستوور سپۆرت**

لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئاسیاوە هەلێکی تری بەشداریکردن درایە هەردوو یانەی هەولێرو نەجەفی یەکەمو دوەمی خولی نایابی یانەکانی عێراق.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی دوا مۆڵەت بۆ پاشگەزبونەوەی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق لەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی تۆپی پێ، تا یانەکانی هەولێرو نەجەف رێیان پێبدرێت بەشداری جامی یانەکانی یەکێتی ئاسیا بکەن، یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ئەو مۆڵەتەی درێژکردەوەو هەلێکی تری خستە بەردەم لیژنەی ئۆلۆمپی تا لەبڕیارەکەی پاشگەزبێتەوەو هەردو یانەکە بەشداری ئەو پاڵەوانێتیە بکەن.

لەمبارەوە عەبدولخالق مەسعود ئەمینداری داراییو یەکێتی تۆپی پێی عێراق تایبەت بەدەستوور سپۆرت وتی "بەبڕیارێکی محەمەد بن همامی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا مۆڵەتەکە بۆ ئەمرۆ چوار شەممە درێژکرایەوەوگەربێتولیژنەیئۆلۆمپی لەبڕیارەکەی پاشگەزنەبێتەوە هەردو یانەی هەولێرو نەجەف بەشداری ئەو پاڵەوانێتیە ناکەن." ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە ئەستەمە رەعد حەمودی سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق لەو بڕیارەی پاشگەزبێتەوە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە هەردوو یانە عێراقیەکە نەتوانن بەشداری ئەو پاڵەوانێتیە بکەن.



www.avakurdi.org

# شێروانە، کەرکوک بەدەردەکەی بروسك دەبات

ئارام محەمەد

تیپی یانەی شێروانەی شاری کەلار دەیەوێت تیپی یانەی کەرکوکی پێشەنگی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەردەکەی تیپی یانەی بروسکی پاڵەوانی وەرزی پێشوو ببات.

بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە یاری دواخراوی هەفتەی سیازدەهەمی قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان لەنێوان تیپی هەردوو یانەی شێروانەی شاری کەلارو کەرکوک بەڕێوەبچێت.

ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەردوو یانە کە لەیاریگای شێروانەی کەلار بەڕێوەدەچێت، بەیارییەکی ئاستبەرز لەقەڵەمدەدرێت، بەتایبەت پاش ئەوەی تیپی یانەی خاوەن یاریگا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو تیپی یانەی بروسکی پاڵەوانی دوو وەرزی پێشووی دوچاری شکستکردو سەرکەوتنی بەسەردا تۆمارکرد.

تیپی یانەی شێروانە کە ئاستی وەک پێویست نییەو لەپلەکانی دواوەی ڕیزبەندی دێت، دەیەوێت لەم یاریەدا سیناریۆکەی تیپی یانەی بروسک دووبارە بکاتەوەو بەهەمانشێوە کەرکوک دوچاری شکست بکاتو شەربەتی دۆڕانی پێ بنۆشێت.

ڕیزبەندی خولەکە پاش کۆتاییهاتنی یارییەکانی قۆناغی یەکەم بەمجۆرەی لێهات:

کەرکوک ٢٦ خاڵ.
پێرس ٢٤ خاڵ.
بروسک ٢٢ خاڵ.
پێشمەرگەی سلێمانی ٢١ خاڵ.
هەولێر ٢١ خاڵ.
ئارارات ٢٠ خاڵ.
هەندرێن ٢٠ خاڵ.
دهۆک ١٩ خاڵ.
سیروانی نوێ ١٧ خاڵ.
پێشمەرگەی هەولێر ١٣ خاڵ.
نەورۆز ١٢ خاڵ.
خاک ٩ خاڵ.
شێروانە ٧ خاڵ.
سەورە ٦ خاڵ.



تیپی تۆپی پێی یانەی شێروانە. فۆتۆگراف: ئارام محەمەد

# کاراتێی خورماڵ بووە قوربانی تۆپی پێ

موعاز فەرحان لە خورماڵ

بەهۆی ئاستنزمی تیپی تۆپی پێی یانەکە، تیپی کاراتێی یانەی وەرزشی خورماڵ بووە قوربانی بڕیارێکی لیژنەی ئۆڵۆمپی هەرێمی کوردستان.

پاش ئەوەی بەبڕیارێکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان یانە پلە سێکانی هەرێم داخران، تیپی کاراتێی یانەی خورماڵ دوچاری گرفت بووەتەوەو لەنێوانی مانو نەماندا چالاکییەکانی ئەنجامدەدات.

بەپێی وتەی سەرۆکو ڕاهێنەرو یاریزانانی تیپی کاراتێی یانەی خورماڵ تایبەت بەدەستوور سپۆرت، ئەوان بەهۆی ئاستنزمی تیپی تۆپی پێی یانەکەیان بوونەتە قوربانیو بەر بڕیاری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان کەوتوون.

دیار حەسەن سەرۆکی یانەی وەرزشی خورماڵ بەدەستوور سپۆرتی وت "یانەکەمان نەتەواو داخراوە نەکەس دەزانێت چی بکرێت، بڕیاری داخستنی یانەکەمان دراوە، بەڵام شتەکانیان وەرنەگرتووەتەوەو مووچەکەیان بڕیوین".

سەبارەت بەنیگەرانییەکانی بەشی کاراتێی یانەکە وتی "حەقی خۆیانە نیگەران بن، چونکە وەک جموجوڵو چالاکی بەس ئەوان چالاکنو وەرزشی ناوچەکەیان بەزیندوویی هێشتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەخۆبەش کاردەکەن، ئێستا دووەمی کوردستانن".

هەمانکات سۆران زاهیر ڕاهێنەری گشتی یانەکە بەدەستوور سپۆرتی وت "بڕیارە لەکەرکوک پاڵەوانێتییەک سازبکرێت ناتوانین بەشداری بکەین، چونکە نازانین وەک یانە بەشداری بکەین یان وەک تیپێکی میللی، بەڕاستی بڕیارەکە نیگەرانی کردووین".

تیپی کاراتێی یانەی خورماڵ خاوەنی چەندین نازناوە لەپاڵەوانێتییە جۆربەجۆرەکانداو لەڕیزی نایابی یانەکانی کوردستاندا دێت لەیاریی کاراتێداو خاوەنی سێ گروپ یاریزانە کە هەرگروپەی پەنجا یاریزان لەخۆدەگرێتو بۆهەر سێ ئاستەکان لەیاری "کۆمێتو کاتادا".

# وەزیری ڕۆشنبیری، هاوکاری وەرزشی ئافرەتان دەکات

سامان عوسمان

وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ پێشکەشکردنی هەر جۆرە هاوکارییەک کە ببێتە هۆی گەشەکردنی وەرزشی ئافرەتان. ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو شاندی ئیدارەی یانەی نەورۆزو کچانی پایسکلسواری ئەو یانەیە سەردانی کاوە مەحمودی وەزیری ڕۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردو لەنزیکەوە بارودۆخی وەرزشی ئافرەتانو کچانی پایسکلسواری یانەکە تاوتوێکراو لەلایەن وەزیری ناوبراوەوە پشتگیریو هاوکاری وەرزشی کچان دوپاتکرایەوە.

لەمبارەیەوە هادی کەریم سکرتێری یانەی نەورۆز تایبەت بەدەستوور سپۆرت ڕایگەیاند، سەردانەکە بەئامانجی پشتگیریو هاوکاریکردنی کچانی پایسکلسواری یانەکەیانبووە بۆئەو پاڵەوانێتییەی کە بڕیارە مانگی داهاتوو لەوڵاتی تونس ئەنجامبدرێت. ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەسەردانەکەدا داوا لەوەزیری ڕۆشنبیری کرا هاوکاریی تیپەکە بکات بۆ ئەو پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتییە. وتیشی "لای خۆیەوە وەزیری ڕۆشنبیری ئەوەی ڕاگەیاند وەزارەتەکەی ئامادەیە هەر جۆرە هاوکارییەک لەدەستیبێت بیکاتو لەبەرەوپێشبردنی وەرزشی ئافرەتان دریغی نەکات".



وەزیری ڕۆشنبیریو لاوان لەگەڵ کچانی یانەی نەورۆز. فۆتۆگراف: ڕەزا کاکەیی

# ڕاهێنەرێکی نێودەوڵەتی چووە هەولێر

ئەحمەد مستەفا لە هەولێر

بەمەبەستی بەهێزکردنی تیپی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێر، دەستەی کارگێری یانەکە بۆندێکی لەگەڵ ڕاهێنەرێکی نێودەوڵەتی واژۆکرد.

دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بۆندێکی لەگەڵ عەدنان کازم واژۆکرد کە لەئۆڵۆمپیادی بەرشەلۆنەی ١٩٩٢ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بووە.

لەمبارەیەوە سوارە محەمەد، یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێر بەدەستوور سپۆرتی ڕاگەیاند "بێگومان هاتنی ئەو ڕاهێنەرە سودی زۆری هەیە، چونکە ئەزمونی نێودەوڵەتی هەیەو شارەزایە لەداڕشتنی بەرنامە بۆ یاریزانان"، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە یانەی هەولێر چەند یاریزانێکی نێودەوڵەتی هەیە لەسەرجەم ئاستەکانو ئێستا ئێمە هەفتانە سێ ڕۆژ بەیانیانو ئێواران مەشق دەکەین، سێ ڕۆژەکەی تریش تەنها ئێواران، ئەم ڕاهێنەرە بەنیازە لەم نزیکانە یاریەک لەنێوان ئێمەو هەڵبژاردەی تونس ڕێکبخات. وتیشی "هەروەها لەهەوڵی ئەوەدایە کە ساڵانە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی لەشاری هەولێر ڕێکبخرێتو چەند هەڵبژاردەیەکی بەهێز بەشداری تێدا بکەن".

# ڕاهێنەری زاخۆ دوورخرایەوە

هەژار دۆسکی لە دهۆک

بەهۆی ئەو ئەنجامە خراپەی کە لەیەکەمین یاری خولی نایابی عێراق بەسەرتیپەکە هات، ئەموری ئەحمەدی ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ لەپۆستەکەی دوورخرایەوە.

پاش ئەوەی لەیەکەمین یاریدا لەخولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی عێراق بەرامبەر تیپی یانەی هەولێر دووچاری شکست هات، ئەموری ئەحمەدی ڕاهێنەری تیپی یانەی زاخۆ لەلایەن ئیدارەی یانەکەیەوە دوورخرایەوەو ئەرکی ڕاهێنەرایەتی لێسەندرایەوە.

لەمبارەیەوە سەلاح عەلی سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ تایبەت بەدەستوور سپۆرت وتی "هۆکاری سەرەکی دۆڕانی یەکەمی یانەکەمان بەرامبەر یانەی هەولێر بۆ ڕاهێنەر دەگەڕێتەوە، بۆیە بڕیارماندا پۆستەکەی لێوەربگرینەوە." ناوبراو وتیشی لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەیەکی بەهێزیان بۆ ڕاهێنەر ئامادەکردبوو، هەروەها چەندین یەکەی مەشقو ڕاهێنانیان بۆ یاریزانان کردووەتەوە بەتایبەت لەلوبنان، بەڵام ئاستی ڕاهێنەر لەیەکەمین یارییدا وەک پێویست نەبوو، بۆیە دوورخستنەوەی بەگونجاو زانرا. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەجێی ئەموری، وەلید زەهەدی یاریدەدەر کراوەتە ڕاهێنەرو ئەو پۆستەی پێدراوە.

لەبەرامبەردا ئەموری ئەحمەدی ڕاهێنەری دورخراوە ئەم بڕیارەی ئیدارەی یانەی زاخۆ بەپیلان لەقەڵەمدەداتو تایبەت بەدەستوور سپۆرت وتی "سەرپەرشتیاری تۆپی پێ پیلانی دژی من گێڕا، بەتایبەت لەو کاتەی بێ پرسو ئاگاداری من وەلید زەهدی وەک یاریدەدەر دەستنیشانکرد.

ئەحمەد مستەفا

## شاور

## کێ لەئاژاوەکانی یاریگای هەولێر بەرپرسە؟

لەساڵی ١٩٩٧ەوە وەک بینەرو لە٢٠٠٤یشەوە وەک ڕاگەیاندنکار دەچمە نێو یاریگای هەولێر، لەوماوەیەدا هەرکاتێک یانەی هەولێر بەرامبەر یانەکانی کوردستان بەتایبەت دهۆک یاریی کردبێت، شەڕو ئاژاوە ڕوویانداوە، ساڵێک لەیادمە پاش ئەوەی بەرد نەما بیگرنە یەکتر، بوو بەشەڕی دیناری ئاسنو شتیتر، من لەم باسەمدا دەمەوێت هۆکاری ئەو شەڕو ئاژاوانە بخەمەڕوو کە ڕوویانداوە لەماوەی ڕابردوودا کە دواترینیان لەیەکەم یاریی یانەی هەولێر بوو لەبەرامبەر یانەی زاخۆو بەهۆیەوە دووکەس بەگوللەی پۆلیس زامداربوون.

لەمۆندیالی ئەڵمانیای ٢٠٠٦ لەلێپرسراوی پاراستنی یاریگایەکانی مۆندیالیان پرسی ئەو پۆلیسانەتان چۆن هەڵبژاردووە تا یاریگایەکان بپارێزن، لەوەڵامدا وتی ئەوانەمان هەڵبژاردووە کە ڕقیان لەیاریی تۆپی پێیە تا تەنها ئاگایان لەهاندەران بێت نەک سەیری یاری بکەن.

من دەپرسم لێپرسراوی پاراستنی یاریگای هەولێر ئەو پۆلیسانەت لەسەرچ بنەمایەک هەڵبژاردووە؟ دڵنیام کە خۆشت نازانیت وەڵام بدەیتەوە، باشە چ هێزێکی پۆلیسو ئاسایش هەیە لەدونیا نەتوانێت ٥٠ تا ٦٠ هاندەر ڕابگرێتو ڕێگەیان نەدات کە ئاژاوە دروستبکەن؟ لەیارییەکەی هەولێرو زاخۆ هاندەرانی زاخۆ بەیەک پاس هاتبوون کەچی نەتان توانی کۆنترۆڵیان بکەن، ئێوە تەنها زمانی دارو تەقە لێکردن دەزانن، کاتێک یاری هەولێر دەکرێت، یاریگا وەک سەربازگەی لێدێت لەگەڵ هێزەکانتان، زۆرجار ئێوەی پۆلیسو ئاسایش ئاژاوەتان دروستکردووە، جارێک لەیادمە یاری هەولێرو دهۆک بوو، هێزەکانی پاراستن دهۆکی بوون، بەکەیفی خۆیان شەقیان لەهاندەرانی هەولێر دەداو کێشەیان دروستدەکرد

هەر ئەوهێزانەی پاراستنی یاریگابوونو هێرشیان کردە سەر جەلال پەرێشانو بەسەختی برینداریان کرد، چەندان جاریش هەرئێوە سوکایەتیتان بەڕاگەیاندکاران کردووە.

من دەڵێم ئەوە بێنینە پێشچاوی خۆمان ئەگەر لەپاڵەوانێتیەک یان خولێکی نێودەوڵەتی هاندەر هێرش بکاتە سەر یاریزان هەروەک چۆن هاندەرانی زاخۆ لەیاریزانانی هەولێریان داو ئاسایشی یاریگا هیچی پێنەکرا، ئەوکات سزا دەدرێینو ڕوومان ڕەش دەبێت بەرامبەر تیپەکانیتر، چونکە زۆرجار لەکاتی یارییە نێودەوڵەتییەکاندا ٥٠ کەس ئامادە نابێت، بەڵکو ٥٠ هەزار هاندەر دەبێت.

www.arsivakurd.org

# ریاڵ مەدرید هەرادەنێتەوە

## یانەکانی کیشوەری ئەوروپا لەریاڵ مەدرید تورەن





**ئەستێرەکانی جیهان لە ریاڵ مەدرید کۆبوونەتەوە**

**دەستوور**

یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی کە یەکێکە لەیانە گەورەکانی ئەوروپاو جیهانو لەسەر ئاستی نێوخۆییو دەرەکی چەندین نازناوی گەورەی بەدەستهێناوەو لەو رووەوە پشکی شێری بەرکەوتووەو پێش تەواوی یانەکانی ئەوروپا کەوتووە، هەڵمەتەکانی بۆ راوکردنو پەلکێشکردنی ئەستێرەکانی جیهان، نیگەرانیو بێزارییەکی زۆری لای یانەکانی ئەوروپا دروستکردووەو زۆرێکیش لەراهێنەرانی یانەکانی ئەو کیشوەرەی داخو بێچارە کردووە. ریاڵ مەدرید کە بەیەکەمین یانەی ئەوروپی دادەنرێت زۆرترین نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەو کیشوەرەی بەدەستهێنابێت، ماوەی ٩ ساڵە لەبەدەستهێنانی نازناوی ئەو پاڵەوانێتییە بەدوورەو لەپێناو گەڕانەوە بۆ ئاستو توانای جارانو گرتنە باوەشی نازناوەکان بۆ جارێکی تر، هەڵپەو پەلەقاژەی زۆر دەکاتو لەو پێناوەشدا چەندین یانەو راهێنەری تری کردۆتە قوربانی.

ئەو یانە گەورەیەی ئەوروپاو جیهان کە بەیانەی خەونەکان ناسراوە، تاکە یانەی ئەوروپایە کە زۆرترین داهاتی خۆی لەکڕینی یاریزانانو پەلکێشکردنیان بۆ ریزەکانی خەرجدەکات، بەپێچەوانەی یانەکانی هاوشێوەی بەرشەلۆنەو ئەرسناڵو مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی کە تەنها پشت بە بەرهەمهێنانی یاریزانو فرۆشتنی دەبەستن.

لەگەڵ ئەوەی یانەی ریاڵ مەدرید لەساڵانی رابوردوودا بڕێکی زۆر لەداهاتی خۆی بۆ پەلکێشکردنی ئەستێرەکانی جیهانی تۆپی پێ خەرجکردوە، بەوێنەی رۆناڵدۆو بێکهامو فیگۆو چەندینی تر، بەڵام نەیتوانیوە ئاشنای بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ببێتەوەو کۆی نازناوی ئەو پاڵەوانێتییە زیادبکات کە لەمێژوودا بەدەستیهێناون. ریاڵ مەدرید پێچەوانەی تەواوی یانەکانی ئەوروپاو جیهان، بەزەبری پارەو ئەو بۆندە خەیاڵیو گرانبەهایانەی کە بۆ کڕینی یاریزانانی پێشکەشی دەکات، کام یاریزانو ئەستێرە ناودارەی جیهانە بیەوێت پەلکێشی دەکاتو لەو پێناوەشدا گوێ بەهیچ کۆسپو لەمپەرێک نادات کە راهێنەرانو ئیدارەی یانەکان دەیخەنە بەردەمی، هەروەک ئەوەی لەکڕینی کریستیانۆ رۆناڵدۆی پرتوگالیو ئەستێرەی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی دوچاری هات.

ئەو یانە گەورەیە کە لەلایەن ئەلێکس فێرگسۆنی راهێنەری مانچستەر یونایتدەوە لەمپەرو بەربەستێکی زۆری هاتەپێشو رێگری لێدەکرا لەکڕینی رۆناڵدۆ، بەڵام دواجار بەهێزی پارەو هەوڵە بەردەوامەکانی توانی ئەویاریزانە پەلکێشی ریزەکانی بکاتو فێرگسۆنی راهێنەر بەزەویدا کە ماوەی یەک ساڵ رکابەری دەکرد.

فێرگسۆن کە بەفرۆشتنی رۆناڵدۆ گورزێکی کوشندەی بەرکەوتو لەململانێکردنی ریاڵ مەدرید شکستیهێنا، یەکێکە لەو قوربانیانەی کە ئەو یانە ئیسپانیە زیانی لێداوە، هەروەک ئەوەی دەڵێت "ریاڵ مەدرید لەدەرەوەی رێساو یاساکانی تۆپی پێ رۆناڵدۆی پەلکێشی ریزەکانی کرد، ئەو یانەیە بەزەبری پارە بەرپرسانی یانەکەی ئێمەی ناچارکرد بەفرۆشتنی رۆناڵدۆ کە هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبووم ئەو یاریزانە ریزەکانی یانەکە جێبهێڵێتو بەرەو ئەو یانەیە هەنگاوبنێت."

ئەو راهێنەرە سکۆتلەندیە کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک دەبێت راهێنەرایەتی یانەی مانچستەریونایتدی لەئەستۆدایە، بەرۆیشتنی رۆناڵدۆ نیگەرانییەکی زۆر رووی تێکردووەو بەوهۆیەشەوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ یانە ئیسپانیەکە تێکچووە.

جگەلەوەش یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی قوربانیەکی تری دەستی یانەی ریاڵ مەدریدەو هەوڵە بەردەوامەکانی ئەو یانەیە بۆ پەلکێشکردنی ریکاردۆ کاکای بەڕازیلیو دواجار سەرکەوتنی هەوڵەکانی، نیگەرانیەکی زۆری لای جەماوەرو خودی بەرپرسانی ئەو یانە ئیتاڵیە دروستکردووەو تا هەنوکەش بەردەوامی هەیە، چونکە رۆیشتنی کاکا بۆ یانە ئیسپانیەکە شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، ئەوەش پاش ئەوەی کاکا ئەو بۆندە خەیاڵییەی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی رەتکردەوە کە لەوەرزی کرانەوەی کڕینو فرۆشتنی یاریزاناندا پێشکەشی یانە ئیتاڵییەکەی کردبوو.

یانەی ریاڵ مەدرید کە ئێستا زۆرترین ئەستێرەی جیهانی تۆپی پێی تێدا کۆبووەتەوەو تاکە یانەی جیهانە کە ئەو ژمارە زۆرە لەیاریزانانی دیاری لەخۆگرتووە، بەڵام هێشتا چاوی پڕنەبووەتەوەو لەهەوڵی ئەوەدایە ئەستێرەو یاریزانی دیاری تری تۆپی پێ پەلکێشی ریزەکانی بکاتو ئامانجی بەدەستهێنانی نازناوە گەورەکان لەپشت ئەو هەوڵانەدا خۆی مەڵاسداوە. بەپێی راپۆرتی رۆژنامە ئیسپانیو ئەڵمانییەکان، یانەی ریاڵ مەدرید لەهەوڵی ئەوەدایە بۆ وەرزی داهاتوو فرانک ریبێری فەرەنسیو ئەستێرەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی پەلکێشی ریزەکانی بکاتو هەمان ئەو سیناریۆیانە پەیڕەوبکاتەوە کە لەگەڵ یانەکانی مانچستەر یونایتدو لیڤەرپولی ئینگلیزیو ئەیسی میلانی ئیتاڵی ئەنجامیدا. بەپێی زانیارییەکان ئەو یانە ئیسپانیە لەئێستاوە خۆی بۆ پەلکێشکردنی ریبێری فەرەنسی مەڵاسداوەو نیازیوایە بۆندێکی خەیاڵی پێشکەشی یانە ئەڵمانییەکە بکات تا دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت، بەڵام یانەی بایرن میونخ جگەلەوەی لەم هەوڵە ژێربەژێریانەی یانەی ریاڵ مەدرید تورەو نیگەرانە، نایەوێت دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێتو بیداتە ئەو یانەیە. هەروەک ئەوەی ئۆلی هینیس سەرۆکی یانەی بایرن میونخ لەمیانی لێدوانێکیدا ئەوەی راگەیاند کە هەوڵەکانی یانەی ریاڵ مەدرید بۆ پەلکێشکردنی ریبێری پێشێلی یاسایەو پێویستە سنورێک بۆ ئەو یانەیە دابنرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە تەواوی ئەستێرەکانی جیهان لەو یانەیەدا کۆبووەتەوە، بەڵام هێشتا هەوڵی پەلکێشکردنی ئەستێرەی تر دەدەن.



# میامی هیت کۆتایی بەنەهامەتییەکانی هێنا

تیپی میامی هیتی ئەمریکی لەخولی باسکەی وڵاتەکەی دەست لەملانی سەرکەوتنو بردنەوە بووەوەو کۆتایی بەشکستو نەهامەتییە یەک لەدوایەکەکانی هێنا.



لەدرێژەی کێبڕکێکانی ئەم وەرزەی خولی باسکەی ئەمریکی ناسراو بەNBA تیپی میامی هیت لەنێو یاریگای خۆی رووبەڕووی تیپی ئەتڵەنتا هۆکس بووەوەو توانی سەرکەوتنی بەسەردا تۆماربکات.

رووبەڕووبونەوەی نێوان هەردوولا کە رکابەرییەکی توندی بەخۆوە بینی، بەئەنجامی ٩٢ خاڵ بەرامبەر ٧٥ لەبەرژەوەندی تیپی میامی هیت کۆتاییهاتو بەم سەرکەوتنەش میامی هیت جارێکیتر ئاشنای بردنەوە بووەوەو کۆتایی بەو نەهامەتیو شکستە یەک لەدوای یەکانە هێنا

# بێکهام بەمیسی سەرسامە

دێڤد بێکهامی ئینگلیزیو یاریزانی نوێی یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی، بەلیۆنێل میسی ئەرجەنتینیو ئەستێرەی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی سەرسامە.

لەمیانی لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا دێڤد بێکهامی ئینگلیزیو یاریزانی نوێی یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی سەرسامی خۆی بەلیۆنێل میسی ئەرجەنتینیو ئەستێرەی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی دەربڕیو بەباشترین یاریزانی جیهانی لەقەڵەمدا.

بێکهامی تەمەن ٣٤ ساڵ لەمیانی ئەو لێدوانەیدا ئەوەی راگەیاند کە میسی باشترین یاریزانی جیهانەو تاکە یاریزانی ئەرجەنتینە کە بەمارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێی ئەو وڵاتە دەچوێنرێت.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە میسی تاکە یاریزانی بەتواناو ئاستبەرزە رووبەڕووی بوبێتەوەو یاری لەگەڵدا ئەنجامدابێت.

لەبارەی بیرەوەرییەکانی دژی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، یاریزانەکەی ئینلگتەرا ئەوەی راگەیاند کە رووبەڕووبونەوەی لەگەڵ ئەرجەنتین لەمۆندیالی ٢٠٠٢ خۆشترین بیروەرییەتی بەتایبەت پاشئەوەی توانی گۆڵێک بەلێدانی سزا تۆماربکات.

وتیشی "ناخۆشترین بیرەوەریم لەگەڵ ئەرجەنتین، مۆندیالی ١٩٩٨ بوو کاتێک بەرێگەی لێدانی سزا لەسەر دەستی ئەرجەنتینییەکان لەمۆندیال کراینە دەرەوەی".

## هەفتە رووداوەکانی

ئامادەکردنی لاوە

**یانەی هەولێر یەکەم بردنەوەی تۆمارکرد**

لەهەفتەی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی عێراق، یانەی هەولێری پاڵەوانی سێ وەرزی پێشووی خولەکە توانی یانەی زاخۆ بدات بەزەویداو یەکەم بردنەوە تۆماربکات.



**سیروانی نوێ دڵی هاندەرانی دایەوە**

لەکۆتا هەفتەی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان دوای ئەنجامە خراپەکانی، یانەی سیروانی نوێ توانی بەبردنەوی لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی جارێکیتر لەگەڵ بردنەوە ئاشتبێتەوەو دڵی هاندەرانی بداتەوە.



**شەیتانە سوورەکان ماڵئاواییان کرد**

لەکێبڕکێکانی جامی ئینگلیزیو دوای ئەوەی لەنێو یاریگای خۆی لەسەردەستی یانەی لیدز یونایتیدی هاونیشتمانی تووشی شکست هات، یانەی مانچستەریونایتدی ئینگلیزی ماڵئاوایی لەپاڵەوانێتییەکە کرد.



**ریبێری دوورکەوتەوە**

لەمیانی یەکەیەکی مەشقو راهێنانی یانەکەی، فرانک ریبێری فەرەنسیو یاریزانی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی، پەنجەی قاچەکانی تووشی هەوکردن هاتو پێدەچێت بۆ ماوەی مانگێک لەیاریگاکان دووربکەوێتەوە.



**بینیتا سەرکەوت**

لەپاڵەوانێتی ئۆکلاند بۆ تێنسی سەرزەوی بۆ کچان، کچە یاریزانی ئیتاڵی فلافیا بینیتا دوای بردنەوەی لەکچە یاریزانی ئەمریکی جیل کرایباس، توانی خۆی بگەیەنێتە خولی دووەمی ئەو پاڵەوانێتییە.



دەستوور
رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
0770 862 81 81
لێپرسراوی بەشی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم، تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١
www.destur.net info@destur.net

No. 13,
Wednesday 06.01.2010
First Year


دەلاقە

خالدی حاجی ئەحمەد

## هەڵوەشاندنەوەی دەستور!

(مەرجەعیەتی ئێمە دەستـوورە) بووەتە بنێشتەخۆشەی سەردەمی هەموو سەرکردەو لێپرسراوێکی کورد. بەڵام هەمووشمان بەئاشکرا دەبینین ئەو دەستوورەی کورد بەشداربووە لەداڕشتنو نوسینەوەیدا تا ئەمڕۆ تەنها خاڵی (١٧٪)ی بودجەکە نەبێت، هیچێکی تری لای لێنەکراوەتەوە. بێگومان بودجەکەش هیچ ساڵێک وەک پێویست نەدراوەو جگە لەوەی کە زیاتر بۆ شکستپێهێنانی بوارەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا ئەوەی بە کورد بڕابێت، لە قوربانیو چەرمەسەرییەکانی کورد خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە مادەکانی دەستوورەوە، لێرەدا ناتەبایی گوتاری کوردیی جێی سەرنجە، لەکاتێکدا پێماندەوترێت بەگەرمی بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەین، لە لایەکی ترەوە دەوترێت کەمو زۆریی چەند کورسییەک گرنگ نییە، بەکورتی پەرلەمانی بەغدا بۆ کورد زیاتر لە مەتەڵ دەچێت تا سەکۆی ململانێی سیاسی.

لە دەرەوەی کێشمەکێشە سیاسییەکانیش ترسێکی کوشندە هەناوی زۆرێکی گرتۆتەوە بەوەی مادەی (١٤٢)ی دەستوور باس لەهەموارکردنەوەی دەستوور دەکاتو لایەنەکانی شیعەو سوننە لە دژی بەرژەوەندی کورد دایدەڕێژنەوە.

لە کاتێکدا کورد هیچی لەو دەستوورە نوسراوەیە بۆ سەوز نەبوو، کە ژمارەیەکی زۆرتری کورسی هەبوو، بەوتەی سەرکردەکانیش یەکدەنگیەکی کوردی هەبوو لە پەرلەماندا، دەبێت چۆنو بە چ لێکدانەوەیەک چاوەڕوانی سەلماندنی بەندەکانی دەستـوور بین، کاتێک دڵنیاین ئـەو ڕێژەیە بەدەستناهێنینەوە.

لەم کاتانەدا کە دەستمان لەبنی هەمانەکە دەرچووە، رەنگە بە پێچەوانەی زۆر لێکدانەوەوە تەنها ڕێگایەک لەبەردەمماندا مادەی (١٤٢) بێت، واتا هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستوورەی کە ماکی جێبەجێنەکردنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووەو کردنەوەی دەروازەیەک بێت بۆ دەستوورێک کە بنەماکەی لەسەر مافی نەتەوەیەکی بەشخوراو داڕێژرابێت، نەک لەسەر تەوافوقی سیاسی کە لایەنە تەوافوقکەرەکان پێی ڕازیبن.

لێرەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەستوورە نەزۆکە سەرەتای سەلماندنی مافەکانی کورد دەبێت.

## راگەیاندنێك لەکۆمپانیای سولی تێلیگراف STC

**کۆمپانیای سولی تێلیگراف بۆ رۆژنامەوانی چاپو بڵاوکردنەوە، کۆمپانیایەکی خۆماڵی کەرتی تایبەتەو کاری وەبەرهێنان لەبواری میدیا دەکات. لەئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی هەواڵیو کلتوریو دۆکۆمێنتاریی کوردیە، کە سەرمایەی پرۆژەکە بە شێوەی پشک لەلایەن چەند سەرمایەدارێکی کوردیو بیانیەوە دابینکراوەو بە شێوەیەکی بێلایەنانەو پیشەییانە رومالی روداوو پێشهاتەکان دەکات، بۆیە پێویستی بە ژمارەیەک کارمەندو رۆژنامەنوس هەیە بۆ چەند پۆستێکی دیاریکراو:**

پۆستەکان:

١) بەڕێوەبەری کارگێری
٢) لێپرسراوی ژمێریاری
٣) ژمێریار
٤) وردبین
٥) خەزنەدار
٦) ئەندازیاری کارەبایی
٧) ئەندازیاری ئەلەکترۆنی
٨) ئەندازیاری پەیوەندیو ئای تی
٩) وێنەگر
١٠) مۆنتێر
١١) پەخش
١٢) ئەرشیف
١٣) تەنسیق
١٤) هەواڵسازی سیاسی
١٥) هەواڵسازی وەرزشی
١٦) هەواڵسازی ئابوری
١٧) ریپۆرتێر
١٨) پەیامنێر لەشارو شارۆچکەکان
١٩) بەرهەمهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتاری
٢٠) دەرهێنەرو پرۆدیوسەر
٢١) بێژەر لەهەردوو رەگەزی نێرو مێ
٢٢) وەرگێڕی ئینگلیزی
٢٣) وەرگێڕی عەرەبی
٢٤) وەرگێڕی تورکی
٢٥) وەرگێڕی فارسی
٢٦) وەرگێڕی ئەڵمانی
٢٧) گرافیک
٢٨) کارمەندی ئیشپێکەری موەلیدە
٢٩) کارمەندی کارگوزار
٣٠) کارمەندی بەدالەو وەرگرتنی پەیوەندی
٣١) کارمەندی کتێبخانە
٣٢) کارمەندی چێشتلێنەر
٣٣) کارمەندی کافتریا
٣٤) سەرتاشو ئارایشت

STC
Suly Telegraph Company
Press-Print and Distribution
کۆمپانیای سولی تێلیگراف
رۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوە

**داواکار دەتوانێت تاکو ٢٠١٠/١/١٥ (CV) رەوانەی ئەم ناونیشانانە بکات:**

**ئۆفیسی سلێمانی: شارێی سالم- تەلاری میران- نهۆمی پێنج- بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی.**

Email: Suly__co@yahoo.com
Tel: (053)318 78 11 & 0748 017 46 06


ریکلام

کۆمپانیای بەڕێز

bareaz GROUP COMPANY

مژدەیەکی گرنگ بۆ دانیشتوانی شاری کۆیە

مژدە مژدە




کۆمپانیای بەڕێز مژدە دەدات بە دانیشتوانی شاری کۆیە، پرۆژەی (هامون سیتی) کە بەشێکە لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاسوودە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، خانووەکانی (هامون سیتی) لەسەر رووبەری 150م2 200م2 دروست دەکرێت بە قەرزی درێژخایەن و بە هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوون دەدرێت بە بەشداربووان

بۆ زانیاری زیاتر:
07705431744
07701558015

Bareaz Co.